



سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


**بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠ ............. ٥**

١- پێگەی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی لە بازنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا...

٢- بەرپرسایەتیی قانوونیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە...

٣- ڕێژیمی پاشایەتی بۆ ڕووخا؟...

٤- بەرپرسایەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە بەرابەر ڤیرووسی کرۆنادا...

٥- زیندانی و مافەکانی لە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیدا...

٦- زانستی شەڕ لە پێشەوەی چەکی پێشکەوتوو...

٧- مافی مرۆڤ، دێموکراسی و کۆماری ئیسلامی...

٨- کرۆنا و کەمتەرخەمیی دەسەڵات...

٩- کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی...

١٠- ڕێکەوتننامەی ئەلجزایر، پرسی کورد و چارەنووسی سیاسیی عێڕاق و ئێران...

١١- گەڕانی بەردەوام بەدووی ڕاستییەکاندا...

**بابەتی ساڵی ٢٠٢١ ............. ٤٧**

١٢- ئێعدام وەک ئامرازی سەرکوت لە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا...

١٣- جەلیل گادانی، قوتابخانەیەک بۆ فێر بوون و ئەرکوەخۆگری...

١٥- جلوبەرگ وەک یەکێک لە نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی...

١٦- پەروەندە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر دێ و قورستر دەبن...

١٧- ڕۆژی لەدایک بوونی پێشەوا بکەین بە ڕۆژی هاوپێوەندیی نەتەوەیی...

١٨- تێپەرینی کات و گۆڕانی ڕێژیمەکان جینایەت و قڕکردنی میللەتان لەبیر ناباتەوە...

١٩- هەڵبژاردنەکان لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا...

٢٠- لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئاو لە سەرچاوەڕا قوڕاوە...

٢١- ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، نیزامێکی سیاسیی تاوانبار...

٢٢- قانوون و ئیرادەی خەڵک، کامیان پیرۆز و لەپێشترن؟...

٢٣- بەرپرسایەتیی دەوڵەت و دەسەڵات لە بەرانبەر سڵامەتیی کۆمەڵگەدا...

٢٤- هۆکار و ئاکامی هەڕەشە و هێرشەکانی سپای پاسداران...

٢٥- وتووێژی "کوردستان" لەگەڵ بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب...

٢٦- زیندانیی سیاسی و ئەرکی کۆمەڵگە...

٢٧- ئاڵا وەک سیمبول و ناسنامەی نەتەوە...

**بابەتی ساڵی: ٢٠٢٢ ......... ١٠٣**

---

٢٨- بووژاندنەوەی بەرجام، هەناسەی مەسیح بۆ ئابووریی وڵات یان درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیم؟...

٢٩- میکۆنووس، جینایەتێک کە نابێ لەبیر بچێتەوە...

٣٠- عومەر باڵەکی: پێشەوا کەسایەتیی کاریزما و تابۆشکێنی سەردەمی خۆی بوو ....... وتووێژ: کاروان مێراوی...



سەرچاوە Serchawe

٣١- توندوتیژی و بەرهەمهێنانەوەی لە کۆمەڵگەدا...

٣٢- وتاری کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ناودێرکردنی ١٢ی جۆزەردان...

٣٣- خوێندنەوە بۆ لێکدانەوەیەکی سیاسی و ئاکامەکانی...

٣٤- کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گەشە کردنی هەستی نەتەوەیی...

٣٥- هەڤپەیڤین لەگەڵ ڕێگای کوردستان و سەبارەت بە یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکرات...

٣٦- مانگی خەرمانان و خەرمانی خەمان...

٣٧- توانای مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و پێگەی حیزبی دێموکرات!...

٣٨- چەواشەکارییەکانی ئێران بەڵگە بۆ ڕەوایی خەباتی میللەتێکن...

٣٩- شەهیدبوون لە پێناو ئازادیدا شانازی و جاشایەتی و نۆکەرییش سەرشۆرییە...

٤٠- جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەقامەکانی ئێراندا کۆمەڵکوژین...

٤١- دیمانەیەک لەگەڵ عومەر باڵەکی ئەندامی ڕێبەریی حدکا ..... دیمانە: شەهلا حاجیڕەحیمی...

**بابەتی ساڵی ٢٠٢٣ ............................ ١٦٥**

٤٢- حیزبی دێموکرات و پرسی نەتەوەیی

٤٣- بڕیاردان لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی سروشتی و یاساییی دانپێدانراو...

٤٤- جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و کاریگەریی لەسەر ڕاپەڕینی ژینا...

٤٥- خامنەیی و بڕیاری لێخۆشبوونەکەی!...



سەرچاوە Serchawe

## بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠

## پێگەی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی لە بازنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا بەرەو بەناو هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی دەچێ و، لە ئێستاوە دەرگای خۆ پاڵاوتنەکانی کردۆتەوە و، خەڵکانێکیش بە هەر هۆکارێک بێ ناونووسییان کردووە کە ئەگەر لە پاڵوێنی شۆڕای نیگەهبان دەر بچن لە کێبەرکێی هەڵبژاردندا بەشدار بن.

مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەپێی قانوونی ئەساسیی ئێران، ناوەندی یاسادانانی سیستمی کۆماری ئیسلامییە و ئەرکی چاودێری بەسەر بەڕێوەچوونی ئەو یاسایانەی لە ئەستۆیە کە لە لایەن دەوڵەتەوە جێبەجێ دەکرێ. بەڵام  بە لەبەرچاو گرتنی دەسەڵاتی ڕەهای ڕێبەر و ئاڵۆزیی سیستمی بەڕێوەبەریی ئەم وڵاتە، ئایا مەجلیس لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی وەک پارلمانێکی  یاسادانەر ئەو ئەرکە یاساییانەی خۆی بەڕێوە بەرێ؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە پێویستە ئاوڕێک لە مێژووی پێکهاتنی ئەم مەجلیسە بدەینەوە و، بزانین بە تێپەڕبوونی کات و درێژ بوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، چۆن مەجلیس بوو بە ئامرازی دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی لە ڕێگای پەسەندکردنی ئامانجەکانی خۆیان لە دووتوێی قانووندا شەرعییەت بە دەسەڵاتداریی خۆیان بدەن.

پێکهاتنی یەکەم خولی مەجلیس دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ڕێکەوتی ٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاویدا، دەیتوانی ڕۆڵێکی گرینگ لە ساختاری سیاسی و ئیداریی دوارۆژی ئێراندا بگێڕێ. هەر بەو هۆکارە زۆربەی لایەنە سیاسییەکان بەپێی کەشوهەوای ئەوکات هەوڵیان دەدا لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە کەسانی جێگای متمانەی خۆیان ڕەوانەی مەجلیس بکەن. بەڵام بێئاگا لەوەی کە خومەینی وەک ڕێبەری خاوەن دەسەڵات ناهێڵێ ئەم پێگە گرینگەی دەسەڵات لە دەستی دەر بچێ. هەر بۆیە لە پەیامێکدا کە بۆ یەکەم کۆبوونەوەی مەجلیس دەریکرد، ئامانجەکانی خۆی و نیزامەکەی دەستنیشان کرد و واجبی کرد کە پێویستە ئەندامانی مەجلیس ئەو خاڵانە کە لە پەیامەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، بۆ پێشڤەوەچوون و سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە کار و تێکۆشان و پەسەندکردنی بڕگە قانوونییەکاندا وەبەرچاو بگرن. لێرەدا بەشێک لە نامەکەی خومەینی



سەرچاوە
Serchawe

دێنین: «... لەو ڕۆژەدا مەجلیسی پیرۆزی شۆڕای ئیسلامی کە یەکەم مەجلیسی کۆماری ئیسلامییە کراوەتەوە، ئەم مەجلیسە لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی ئازاددا پێک هاتووە. من ئومێد دەخوازم مەجلیسێکی دادپەروەر و پێڕەوی ئیسلام و بە قازانجی موسوڵمانان و وڵاتی ئیسلامی بێ [...] پێویستە ئەو گەڵاڵە و تەرحانەی لە مەجلیس پەسەند دەکرێن دژایەتییان لەگەڵ قانوونە پیرۆزەکانی ئیسلام نەبێ و، بە هەموو تواناوە دژایەتیی ئەو پێشنەهادانە بکەن کە دژایەتییان لەگەڵ شەرع هەیە [...].» نێوەرۆکی پەیامەکەی خومەینی و هەڵبژاردنی ڕەفسنجانی بە سەرۆکی مەجلیس و گۆڕینی ناوی مەجلیس لە شۆڕای میللییەوە بۆ شۆڕای ئیسلامی، هەر لەسەرەتاوە دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ڕێگا و خەتی دیارە و بەو ئاقارەدا دەڕوا کە خومەینی و دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەیانهەوێ.

ویستی کۆمەڵگەی ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی ئەوە بوو، نیزامێکی دێموکراتیک و خەڵکی بێتە خاوەن دەسەڵات و پارلمانی ئەو نیزامە سیاسییە، نمادێک بێ لە جومهووریەت و دەسەڵاتداریی خەڵک، بەڵام بەپێچەوانەوەی ویستی خەڵک حکوومەتێکی خۆسەپێن و مەزهەبی دەسەڵاتی ئێرانی گرتە دەست و، مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئەو نیزامە نە خەڵکییە و نە لە بەرامبەر خەڵکیشدا خۆی بە بەرپرسیار زانیوە و دەزانێ. خەڵک چاوەڕوانیی ئەوەیان هەبووە ئەو قانوونانەی لە مەجلیس پەسەند دەکرێن لە ڕاستای بەرژەوەندیی ئەواندا بێ، بەڵام بە پێچەوانەوە مەجلیس تەنیا ئەو قانوونانەی پەسەند کردوە کە لە بەرژەوەندیی حکوومەتدا بووە.

دوای یەکەم هەڵبژاردن، خومەینی و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەستیان بەو مەترسییە کرد کە ئەگەر لە هەڵبژاردنی دواییدا بهێڵن نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان خۆیان بەربژێر بکەن، ڕەنگە مەجلیسیان لە دەست دەر بچێ و لە دواڕۆژدا نەتوانن ئەو پێگەیە هەروا بەئاسانی بخەنەوە بەردەستی خۆیان، هەر بۆیە کەوتنە خۆ بۆ پێکهێنانی مەجلیسێکی دیکەی هاوتەریبی مەجلیس شۆڕای ئیسلامی، بەڵام بە سەڵاحییەت و دەسەڵاتی زیاترەوە ئەویش مەجلیسی شۆڕای نیگەهبان بوو. لە ڕاستیدا و بەپێی یاسا شۆڕای نیگەهبان سەڵاحییەتی زۆر زیاترە لە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی کە بەرواڵەت لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و پێی دەڵێن «خانەی ملت». دواتر و لەگەڵ زیاتر خۆسەپاندنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەسەر گەلانی ئێراندا، بە چەندین دامودەزگای هاوشێوەی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی پێک هات کە دەتوانن قانوون دابڕێژن و بەڕێوەی بەرن، بۆ نموونە کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، شۆڕای بەرزی کولتووری، دادگای ڕۆحانیەت، شۆڕای ئەمنیەتی میللی و... کە لە هیچ نیزامێکی سیاسیی دنیادا ئەم جۆرە ساختارە لە یاسادانان نییە.

بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو نیزامەیە، واتا هەرکام لە دەزگاکانی یاسادانان (مەجلیس)، بەڕێوەبەری (دوڵەت)، دادوەری (قەزایی) سەربەخۆ کار

دەکەن و بۆ هەماهەنگییان، کۆمەڵێک یاسا و ڕێوشوێن دەسنیشان کراوە. بەڵام ئەوە هەر لەسەر کاغەزە و لە دنیای واقعدا دەسەڵات لەو نیزامەدا لەژێر دەستی یەک کەسدایە ئەویش ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە. ئەگەر وا نەبوایە و هەرکام لەو سێ دەزگایە لە ڕێگای قانوونەوە چاودێریی کار وتێکۆشانی یەکتریان کردبایە ڕەنگە سیستمی سیاسیی ئێران نیزامی کۆماری ئیسلامی نەبوایە. بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە و پێگەی مەجلیس لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بێجگە لەو نموونانەی سەرەوە، دەتوانین ئاماژە بە نێوەرۆکی ئەسڵەکانی قانوونی ئەساسی لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووریی خەڵک بکەین.

لە ئەسڵی ٧١دا هاتووە؛ «مەجلیس لە هەموو بوارێکدا لەو ڕادەیە کە لە قانوونی بنەڕەتیدا دیاری کراوە، دەتوانێ قانوون دابڕێژێ.» بەڵام هەر بەدوای ئەو ئەسڵەدا واتا لە ئەسڵی ٧٢دا باس لەوە دەکا کە «مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی، ناتوانێ قانوونێک دەر بکا کە پێچەوانەی ئوسوول و ئەحکامی مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بێ و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتە لە ئەستۆی شۆڕای نیگەهبانە» و، لە ئەسڵی ٩٣ دا باس لەوە دەکا کە «مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەبێ بوونی شۆڕای نیگەهبان ئێعتباری قانوونی نییە ...» لە ئەسڵی ٩٨یشدا باس لەوە دەکا «خوێندنەوە و لێکدانەوەی قانوونی ئەساسی لە ئەستۆی شۆڕای نیگەهبانە.» بەم جۆرە دەبینین بەپێی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، مەجلیس لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێراندا ناتوانێ هیچ قانوونێک پەسەند بکا و تەنیا کاری ئەوەیە پەسەندی ئەو گەڵاڵانە بکا کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بۆ قائیم کردنی پێگەی دەسەڵاتی خۆیان پێویستیان پێیە و، لە نوێترین نموونەدا دەتوانین باس لە ناڕەزایەتیدەربڕینی کۆمەڵێک نوێنەری مەجلیس بکەین کە ناڕازی بوون لەوە کە دەوڵەت بەبێ ئەوەی گەڵاڵەی بردنە سەری نرخی بێنزین بباتە مەجلیس، یەک لایەنە ئەو بڕیارەی دەرکردوە. کاتێک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەستی بەوە کرد کە ڕەنگە هەڵوێستی ئەندامانی مەجلیس ببێتە پاڵپشتی خۆپیشاندەران، هاتە مەیدان و گوتی من پاڵپشتی ئەو بڕیارە دەکەم و هەر ئەو قسەیە بوو بە هۆکاری ئەوە ئەندامانی مەجلیس لە گوتەی خۆیان پەژیوان ببنەوە و، لە ئاکامدا مەجلیس نەیتوانی هیچ دژکردەوەیەک بە قازانجی خەڵک لە خۆی نیشان بدا.

لە لایەکی دیکەوە هەر بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران سیستمی دەسەڵاتدارەتی بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ داڕشتنی قانوون و چاودێریی بەڕێوەچوونەکەی، مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ئەو دەسەڵات و توانایەی نییە کە بتوانێ هەم قانوون پەسەند بکا و هەم چاودێری بەڕێوەچوونی ئەو قانوونە بێ، چونکە هەر وەکی لە سەرەوە وترا مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەبێ بوونی شۆڕای نیگەهبان ئێعتباری قانوونیی نییە، لە حاڵێکدا دەبوایە پێچەوانەکەی بوایە چونکە لە ڕواڵەتدا مەجلیس لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتییەوە پێک دێ؛ بەڵام ئەندامانی شۆڕای نیگەهبان لەلایەن ڕێبەرەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دیاری دەکرێن.

بێجگە لە شۆڕای نیگەهبان کە چاوەدێری بەسەر کارەکانی مەجلیسدا دەکا، ئۆرگانێکی دیکەش بەناوی کۆڕی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام چاودێریی بڕیار و قانوونەکانی مەجلیس دەکا و، هەر وەکی لە ناوەکەیەوە دیارە هەر قانوونێک کە لە بەرژەوەندیی نیزامدا نەبوو ئەو کۆڕە ماف و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە قانوونەکە ڕەد بکاتەوە بەبێ ئەوەی مەجلیس توانای دیفاع کردن لە خۆی هەبێ. بۆیە دەبینین لە ماوەی نزیک بە چل ساڵی ڕابردوودا مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی نەیتوانیوە وەک دەزگایەکی سەربەخۆ و یاسادانەر دەر بکەوێ و، هەر کاتێکیش بەشێک لە نوێنەرانی مەجلیس بە پێی هەلومەرج و داوکاریی خەڵک هەوڵیان داوە هەڵوێستیان هەبێ و، لە بەرامبەر شۆڕای نیگەهبان و یا هەیئەتی دەوڵەت و یا دەزگای دادوەری وەستاونەوە، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هاتۆتە مەیدان و بە حوکمی حکوومەتی ئەو بەشەی لە مەجلیس دەمکوت کردوە.

لە کۆتاییدا دەتوانین ئاوا ئاکام لەم باسە وەربگرین:

* مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی، لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ناوەندێک بووە بۆ شەرعیەت دان بە کار و کردەوە نامرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامی.

* لەماوەی تەمەنی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیدا دەر کەوتووە کە حوکمی حکوومەتیی ڕێبەر بەهێزتر و بەتواناترە لە قانوونەکانی مەجلیس.

* بوونی چەندین دامودەزگا و ناوەندی یاسادانانی هاوتەریب لەگەڵ مەجلیس، ئەو ئێعتبارە قانوونییەی لە مەجلیس ئەستاندۆتەوە کە وەک تاکە ناوەندی قانوون دانان لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا چاو لێ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێویری ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## بەرپرسایەتیی قانوونیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە

بابەتی بەرپرسایەتیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ خستنەخوارەوەی فڕۆکەی نەفەرهەڵگری ئۆکراینی لە زۆر لایەنەوە ھاڵۆزیی خۆی هەیە کە، لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێ بەشێک لەو لایەنە قانوونییانە کە بەرپرسایەتی دەخەنە سەر کۆماری ئیسلامی باس بکرێ.

پێش لەوە بچینە سەر ئەو باسە، پێویستە بەکورتیش بووبێ باسێک لە ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکەوتننامەی شیکاگۆ کە لە ساڵی ١٩٤٤دا بەسترا، بکەین. ئەو ڕێکەوتننامەیە باس لە شێوازی هاتوچۆی هەموو ئەو فڕۆکانە دەکا کە کاری بازرگانی و گواستنەوەی موسافیر لە سەرانسەری دنیادا دەکەن، بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە هەتا ئەو کاتە کە فڕۆکەی بازرگانی و موسافیرهەڵگری خاریجی لە ئاسمانی هەر وڵاتێکدا بن، وەزیفەی پاراستنی ئەو فڕۆکانە لە ئەستۆی وڵاتی میواندارە. لە مادەی ٩ی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەڕوونی باس لە بابەتی ناوچە فرینە قەدەغەکراوەکان دەکا و تەنانەت لە بەندی (ب)ێی ئەو مادەدا بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکا هەر دەوڵەتێکی ئەندام ئەو مافەی هەیە لەو کاتەدا کە هەست بە بوونی مەترسی لەسەر فرینی فڕۆکەکان بکا و یا پاراستنی سڵامەتیی گشتی لە گۆڕێدا بێ، لە فرینی ئەو فڕۆکانە پێشگیری بکا و لەلایەکی دیکەوە بەپێی قانوون و عورفی نێودەوڵەتی هەر فڕۆکەیەک چ فڕۆکەی شەڕکەر بێ یا موسافیری، بە هەر بیانوویەک سنووری ئاسمانیی وڵاتێکی دیکە ببەزێنێ، تەنانەت ئەگەر شەڕکەریش بێ بەڵام هەلومەرجی شەڕ نەبێ پێش لەوە هێرشی بکرێتە سەر پێویستە فڕۆکەوانی ئەو فڕۆکەیە ئاگادار بکرێتەوە لە بەزاندنی سنووری ئاسمانیی ئەو وڵاتە، جا ئەو کات یا ناچاری بکەن بە نیشتنەوە یان ئاسمانی ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ.

زۆر جار لە هەواڵەکاندا گوێمان لێ دەبێ کە کەرەسە گشتییەکانی وەک فڕۆکە، شەمەندەفەر و... تووشی ڕووداوی نەخوازراو دەبن و خەڵکانێکیش لە ئاکامدا یا گیانیان لە دەست دەدەن یا بریندار دەبن، بەڵام بەردانەوەی فڕۆکەی موسافیرهەڵگر لەلایەن سپای وڵاتێکەوە ڕووداوێکی کەموێنەیە و ئەم ڕووداوە بەرپرسایەتیی زۆر دەخاتە سەر کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا. بە واتایەکی دیکە تایبەتمەندیی ئەو کارەساتە بە جۆرێکە کە هەموو بەرپرسایەتیی سیاسی و قانوونی و مەعنەوی و ئابوورییەکەی دەخاتە ئەستۆی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی.

ئەو بەرپرسایەتییانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانین بەکورتی بەو شێوەی خوارەوە باسیان بکەین.

**یەکەم**. سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشی مووشەکیی کردۆتە سەر فڕۆکەیەکی موسافیرهەڵگری وڵاتێکی دیکە لە حاڵێکدا لە فڕۆکەخانەیەکی نێو خاکی ئێران هەستاوە و شوێنی هەستانی فڕۆکەکە و سەکۆی مووشەکیی بەرگریی ئاسمانیی سپا لەیەک ناوچەی بەرتەسکی لێک نزیک هەڵکەوتوون.

**دووهەم**. لەو کاتەدا کە فڕۆکە ئۆکرانیییەکە لە فڕۆکەخانەی "ئیمام خومەینی" خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ فڕین بووە، ئێران لە هەلومەرجی شەڕدا بووە و هێزە نیزامییەکانی لە حاڵەتی ئامادەباشدا بوون و بەپێی ڕێکەوتننامەی شیکاگۆ سازمانی فڕۆکەوانی مەدەنیی ئێران نەدەبوو ئێزنی هەستان بەو فڕۆکە ئۆکرانیییە بدا.

**سێهەم**. هەرچەند سندووقی ڕەشی فڕۆکەکە هێشتا لای ئێرانییەکانە و زانیارییەکانی ئاشکرا نەکراوە بەڵام هەموو بەڵگەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە چ پێش فڕین و چ دوای فڕین هیچ هۆشدارییەک نەدراوە بە فڕۆکەوانی ئەو فڕۆکەیە.

**چوارەم**. بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان فڕۆکەی هەر وڵاتێک بە بەشێک لە خاکی ئەو وڵاتە هەژمار دەکرێ و هەر جۆرە هەڕەشە و هێرشێک بۆ سەر فڕۆکەکە هێرشکردنە بۆ سەر خاکی ئەو وڵاتە.

**پێنجەم**. بە پێی هەموو زانستە نیزامییەکانی سەردەم هەموو سیستمی بەرگریی ئاسمانیی وڵات دەبێ و پێویستە پێکەوە گرێ درابن بەیەک، واتا پێوەندییەکانیان ئەوەندە چڕوپڕ بێ کە فەرماندەیی بەرگریی ئاسمانی بەوردی ئاگای لە هەموو جموجۆڵێکی بێ، بەڵام بەپێی قسە و لێدوانی بەرپرسانی پلەبەرزی سپای پاسداران و فەرماندەیی بەرگریی ئاسمانی، بە سیستمی سەرانسەریی ڕاداری بەرگریی ئاسمانی نەبەستراوەتەوە و یا شێوەی پێوەندییەکەی بەپێی ئوسوولی بەرگریی ئاسمانی نەبووە و، لە هەمان حاڵدا هەر ئەو فەرماندانەی سپا ڕادەگەیەنن کە ئەفسەری فەرماندەیی ئەو سیستمە مووشەکییە خەتای کردوە و فڕۆکەکەی لەگەڵ مووشەکی کرووزی سپای ئەمریکا لێ تێک چووە و، ئەو دانپێدانانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دامەزراندنی ئەو سیستمە زۆر بەپەلە بووە و کەسانی بەرپرس لەو سیستمە بێتەجروبە و لە هەمان کاتدا ناشارەزا بوون. دەنا ماوەی شەش دەقیقە بووە لە فرگەی "ئیمام خومەینی" لە زەوییەوە هەستاوە و لە حاڵی بەرزبوونەوەدا بووە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە لە بەرزی کە بکەوێتە سەر خەتی فڕین، بەڵام مووشەکی کرووز بەپێی

قسەی شارەزایانی بواری نیزامی لە بەرزییەکی دیاری کراودا دەفڕێ و پێویستی بە بەرزبوونەوە نییە و، بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەرەو پێشەوە بۆ لای ئامانجەکە دەفڕێ و؛ جیاوازییەکی دیکەی مووشەکی کرووز لەگەڵ فڕۆکەی موسافیرهەڵگر ئەوەیە کە لە بواری درێژایی و پانایی بە هیچ شێوەیەک وەک یەک ناچن.

**شەشەم**. لە ڕوانگەی خاوەن نەزەرانی نیزامییەوە ئەو پرسیارە هاتۆتە ئاراوە کە فەرماندەیی سپای پاسداران و یا فەرماندەی هێزی بەرگریی ئاسمانی، لەبەر چ پێویستییەک ئەو سیستمە بەرگرییە ئاسمانییەیان وا بەپەلە لە نزیک فڕۆکەخانەیەکی مەدەنی دامەزراندوە و لە هەمان کاتدا بۆچی پێشگیرییان نەکردوە لە فڕینی فڕۆکەکان.

بە پێی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسمان کردن بەو ئاکامە دەگەین کە بەردانەوەی ئەو فڕۆکەیە چ خەتای ئینسانی بێ و چ خەتای تکنیکی، دەچێتە خانەی جەنایەت و کوشتاری بە ئانقەستی خەڵکی بێتاوان و لە هەمان کاتدا هەروەکی پێشتر باس کرا فڕۆکەی موسافیری یا بازرگانی هەر وڵاتێک بەپێی قانوونە نێودەوڵەتییەکان خاکی ئەو وڵاتەیە، هەر بۆیە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بێجگە لەوەی جینایەتی خولقاندوە، لە هەمان کاتدا بە بەردانەوەی ئەو فڕۆکەیە هێرشی کردۆتە سەر خاکی دەوڵەتی ئۆکراین. هەر دووی ئەو بابەتانە بەرپرسایەتیی قانوونی و دادوەری دەخاتە سەر شانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەو مانایە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بنەماڵەی قوربانییانی ئەو کارەساتە بەرپرسە و لەسەریەتی قەرەبووی مادی و مەعنەوییان بکاتەوە، لەبەر ئەوەی موسافیرەکانی ئەو فڕۆکەیە خەڵکی چەندین وڵاتی جیاوازن، کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە لەگەڵ قانوونی چەند وڵات بەرەوڕوو دەکاتەوە، بەو مانایە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە ئێران لە گەڵ ئەو وڵاتانە تووشی "تعارض قانون" دەبێ و لە ئاکامدا ناچار دەبێ بە پێی قانوونی نێودەوڵەتی قەرەبووی مادیی ئەو بنەماڵانە بکاتەوە، کە ڕادەکەی زۆرە.

هەر ئەوەشە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پەنا دەبەنە بەر ئەو ئەسڵە لە قانوونەکانی خۆیاندا کە "دو تابعیتی" قەبووڵ ناکەن، دەشزانین ڕادەیەکی بەرچاو لە کوژراوەکان "دو تابعیتی"- ی بوون و، کۆماری ئیسلامی ئەگەر بەپێی قانوونەکانی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوە دوو وڵاتییەکان ڕەفتار بکا، تەنیا خوێنبایی (دیە)یان پێ دەدا کە بڕە پارەیەکی کەمە لە چاو ئەو قەرەبووەی قانوونی نێودەوڵەتی دیاریی کردوە. بێجگە لەوە کۆماری ئیسلامی لە بواری سیاسییەوە دەبێ بەفەرمی لە هەموو ئەو وڵاتانە کە لەو کارەساتەدا زیانبار بوون عوزر بێنێتەوە و، لە بواری مادییەوە دەبێ قەرەبووی دەوڵەتی ئۆکراین و شیرکەتی خاوەنی فڕۆکەکە بکاتەوە کە، ئەوەش خۆی هەم لە بواری قانوونییەوە و هەم لە بواری مادییەوە تێچوویەکی زۆر بۆ کۆماری ئیسلامی هەڵدەگرێ.

سەرەڕای ئەوانە بەردانەوەی ئەو فڕۆکەیە زیانێکی گەورەی لە هێڵی ئاسمانیی ئێران داوە و، ئەگەر کۆماری ئیسلامی پێبەند نەبێ بە قەبووڵی بەرپرسایەتی و قەرەبووی بنەماڵەی قوربانییان و دەوڵەتانی زیان وێکەوتوو، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی باش هێڵی فڕۆکەوانیی موسافیری ڕاستەوخۆ ڕوو لە ئێران نەکا و خەتی فڕۆکەوانیی جیهانیش بە ڕادەیەکی بەرچاو هاتوچۆیان کەم بکەنەوە، کە ئەوەش بۆخۆی زیانێکی گەورە بە کەرتی فڕۆکەوانی و گەشتیاری و بازرگانی ئێران دەگەیەنێ و؛ لە ڕاستیدا هەزینەکەی دەبێ وەک هەموو گێرەشێوێنییەکانی دیکەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە سەر شانی گەلانی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

---

## ڕێژیمی پاشایەتی بۆ ڕووخا؟

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ هاوکات بوو لەگەڵ ٤١ ساڵەی تەمەنی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتیدا. شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ڕیزی گرینگترین شۆڕشەکانی سەدەی بیستەمە کە بە شێوەیەکی چاوەڕاننەکراو ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لێکەوتەوە. بەڵام ئێستا و لە دوای ٤١ ساڵ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە جێگیر بوو، دۆخەکە پێچەوانە بووەتەوە و خەڵک و هەموو لایەنە سیاسییەکان چاوەڕوانی ڕووخانی ئەم ڕێژیمەن و، نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ئەمساڵ شایەدی ئەم ئیدیعایەیە.

لەم نووسینەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک لە هۆکارەکانی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی دەکەین و لێکەوت و ئاکامی ئەم شۆڕشە، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە و دەبێ. ئەم شۆڕشە بە یەکێک لە ئامانجەکانی کە ڕووخانی ڕێژیمی شا بوو گەیشت، بەڵام ئامانجەکانی تر کە ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی خۆشبژیوانە و... بوو هێشتاکەش هەر دەستەبەر نەبوون کە هیچ، زیاتریش پشتگوێ خراون و، هەر بۆیە ئەم هەوڵ و خەباتانە هەر بەردەوامە.

## کۆمەڵێک لە هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان

### هۆکارە نێوخۆییەکان:

گەندەڵیی ئابووری و ئەخلاقی یەکێک لەو هۆکارانە بوو؛ کە هەموو تانوپۆی سیستمی ئیداریی وڵاتی داگرتبوو و، ئەم گەندەڵییانە بە شێوەیەکی بەرچاو و زەق خودی دەربار و بە تایبەت بنەماڵەی شای گرتبۆوە. هەر ئەمەش ببوە هۆی سەرهەڵدان و پەرەگرتنی جیاوازیی چینایەتی لە ئێران. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پڕۆپاگاندای شا و دەربار باسیان لە هێنانی شارستانیەت و پێشکەوتن بۆ ئەم وڵاتە دەکرد و؛ بۆمان دەرکەوت هێنانی شارستانیەت نەک پیشەسازی و پێشکەوتنی مادی بەڵکوو هێنانی بێبەرنامەی کولتووری ڕۆژاوا بۆ کۆمەڵگەی سوننەتی و مەزهەبیی ئێران بوو، کە خۆی یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش بوو.

گەشەی مەزهەب: دەسەڵات و دەزگا ئەمنییەکانی مەترسیی گەشەی مەزهەبیان بەهەند نەدەگرت و تەنانەت زۆر جاران ئەگەر ڕێگەی بۆ خۆش نەدەکردن لانیکەم کەمترین کێشە و لەمپەریشیان بۆ دروست نەدەکرد؛ لە ڕاستیدا نووکی پەیکانی سەرکوتی ڕێژیم بۆ پێکانی ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان، نەتەوەییەکان بوو.

لەم بەشەدا بۆ ئەوەی هەندێک لە وردەکارییەکان گەشەی مەزهەب لەو کاتەدا بێتە بەرچاو، ئامارێکی ئاماری بە بڕێک لەو ڕووداو و دیاردانەی ئەو سەردەمە دەکەین کە لە کتێبی "دەنگێک کە نەبیسترا" لە نووسینی نووسەران: "عەباس عەبدی، عەلی ئەسەدی، مەجید تارانیان، موحسین گوودەرزی" دا هاتوە. مزگەوت یەکێک لە پێگە گرینگەکانی ئیسلامییەکان بوو، بە پێی ئامارەکانی ساڵی ١٣٤١ی ئیدارەی ئەوقاف، ٣٦٥٣ مزگەوت لە هەموو ئێراندا بووە کە پاش ١١ ساڵ و تەنیا لە بژاردنی ٢٣٣ شاردا ٥٣٨٩ مزگەوت دروست کراوە. لەسەر چاپی کتێبی مەزهەبی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٣ - ١٣٤٢ ڕادەی ٥٦٧ کتێبی مەزهەبی لە ئێران چاپ و بڵاو بوونەتەوە و ساڵ بە ساڵیش ڕووی لە زیادبوون بووە. بە جۆرێک کە لە ساڵەکانی ١٣٥١ - ١٣٥٣ ئەو ڕادەیە گەیشتۆتە ١٦٩٥ کتێب. بەم جۆرە پەرەگرتنی هەستی مەزهەبیی خەڵک کە دژکردەوەیەک لە بەرامبەر هاوردەی کولتووری ڕۆژاوا بوو، توانی ڕێخۆشکەر بێ بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی ڕۆحانیەت.

سەربەخۆ نەبوونی شا: دژبەرانی ڕێژیمی پاشایەتی لەسەر ئەوە کۆک بوون کە شا، مۆرەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و لە سەرووی هەمووانەوە ئەمریکای چاودێریەتی. کۆمۆنیستەکان خەبات بەدژی ڕێژیمیان لە سەنگەری خەبات بەدژی ئێمپریالیزم دادەنا و میللیبیەکان بە دوای سەربەخۆیی سیاسی و ئابوورییەوە بوون و، ئیسلامییە شێعەکانیش خوازیاری دابەزاندنی

شەریعەت ئیسلام لە کۆمەڵگەدا بوون. دیارە ئیسلامییەکان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران کێشەیان هەبوو، بۆ نموونە کاتێک شای ئێران لە ساڵی ١٣٤١دا مافی دەنگدانی بۆ ژنان لەبەرچاو گرت؛ بەرەوڕووی دژایەتیی خومەینی بووەوە و خومەینی بە نیشانەی ناڕەزایەتیدەربڕین نەورۆزی ئەو ساڵەی بە نەورۆزی ماتەمین ڕاگەیاند. لە گۆڕانی ڕۆژژمێریش لە کۆچی هەتاوییەوە بۆ شاهەنشاهی، دیسان ئەم هەڵایانە دروست بوو. لە ڕاستیدا گەورەترین کێشەی ئیسلامییەکان لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن و هێرشی کولتووریی ڕۆژاوایی بوو.

نەبوونی ئازادیی سیاسی: محەممەد ڕەزاشا هەستی بەو ڕاستییە کردبوو بوونی حیزب لەنێو کۆمەڵگەدا پێویستە، بەڵام بە جێگای ئەوە ئیزنی کێبەرکێیەکی ئازادانە بدا، لە ڕێگای دامودەزگای دەسەڵاتداریی خۆیەوە بە تایبەتی ساواک هەوڵی ئەوەی دەدا خەڵکی ئێران لە یەک حیزبدا بە ناوی حیزبی "رستاخیز" ڕێک بخا و، کۆمەڵگە بەرەو یەک حیزبی بەرێ، ئەوە بوو بە هۆکارێک کەسانێک بە تایبەتی بازاڕیان و توێژی بازرگانان کە هیچ پێشینەیەکی سیاسییان نەبوو لەژێر فشاری ساواک ببنە ئەندامی حیزبی "رستاخیز". ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ئەم چینەش بکەونە بەرەی دوژمنانی ڕێژیمەوە و لە سەرهەڵدانەکاندا ڕۆڵی چالاکیان هەبێ.

## هۆکارە دەرەکییەکان:

**تایبەتمەندیی جوغرافیایی**: لە دنیای دووجەمسەریدا وڵاتی ئێران بە هۆی هەڵکەوتەی جوغرافیاییەکەی گرینگییەکی تایبەتی هەبوو، بەرەی ڕۆژهەڵات بە سەرکردایەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت هەوڵی دەدا لە ڕێگای هەناردەکردنی بیری کۆمۆنیستی و پاڵپشتی لە چەپەکان جێ پێی خۆی لە ئێران بکاتەوە و، بەرەی ڕۆژاواش لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە پێش بە نفوزی ئەوان بگرێ. بۆیە هەر هەڵسوکەوتێکی شا و دەوڵەتەکەی لەبەرچاوی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ون نەدەبوو. لە دەیەی پەنجادا شای ئێران بۆ ئەوەی نیشان بدا کە لە بڕیاردان و سیاسەتدا سەربەخۆیە هێندێک مامەڵەی ئابووریی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت کرد کە ئەمە بۆ ئەمریکا و، بەرەی ڕۆژئاوا نیشانەیەکی باش نەبوو، بۆیە کەوتنە کارشکێنیی لەسەر ڕێی حکوومەتی پاشایەتی و بەتایبەتی لەژێر بە بیانووی نەبوونی کەشی ئازادیی سیاسی؛ شایان خستە ژێر فشارەوە.

**ئاڵوگۆڕی سیاسیی ناوچە**: لە بەرەبەری شکڵگرتنی ناڕەزایەتییەکانی گەلانی ئێران لە وڵاتی دراوسێی ڕۆژهەڵاتی ئێران واتا ئەفغانستان، حیزبی کۆمۆنیستی لایەنگری یەکیەتیی سۆڤیەت دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی بەدەستەوە گرت و، دوای ماوەیەک بۆ سەقامگیرکردنی ئەو حکوومەتە یەکیەتیی سۆڤیەت سنوورە نێودەوڵەتییەکانی بڕیو بە لەشکر و جبەخانەوە هاتە نێو خاکی ئەفغانستان چوو و، ئەوەش هۆکارێکی دیکە بوو کە ئەمریکا و بەرەی ڕۆژئاوا ترسیان ڕێنیشت، لەوەی ئێرانیش بە مەرەدی



سەرچاوە Serchawe

ئەفغانستان بچێ.

**نەخۆشیی شا**: ماوەی چەند ساڵێک بوو شا تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو و ئەوەشی شاردبۆوە لە هەموو دەوروبەرییەکانیشی، بەڵام ڕوخسارێکی زەردهەڵگەڕاو و ماندوو ئەم ڕاستیییەی دەردەخست و کەمتر دەرکەوتنەکەی و لەو لاشەوە سەردانی شاژن بۆ زۆربەی شوێنەکان و، هەروەها هەندێک زانیاریی ئیتلاعاتی ئەمریکا گومانی نەخۆشیی شای بەهێزتر کرد و، هەر بۆیەش ئامادە نەبوون لەسەر کەسێک کە ئەگەری مردنی هەیە حیساب بکەن.

**پێوەندیی خومەینی و کێنێدی**: بە پێی بەڵگەکانی "سیا"ی ئەمریکا، خومەینی لە خەرمانانی ساڵی ١٣٤٢دا لە ڕێگای ئاخوندێکەوە لە سەردەمی سەرکۆماریی جان‌ئێف کێنێدی، پێوەندیی بە سازمانی ئەمنیەتی ئەمریکاوە گرتوە و، لەوێدا باسی لەوە کردوە کە دژبە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەنگاو نانێ. خومەینی درێژەی بەم سیاسەتەی خۆی دا هەتا گەیشتن بە دەسەڵات. بەم کارەش دوو مەبەستی دەپێکا، یەک ئەمریکا وەکوو هێزێکی یەکلاکەرەوە نەبووە دوژمنی و دواتریش ئەرتەشی ئێران کە لەژێر کاریگەریی فەرماندە ئەمریکاییەکان بوو؛ دیسان وەک دوژمنێک چاویان لە خومەینی نەکرد و، خۆی وەک کەسێک ناساند کە دژایەتیی لەگەڵ بەرەی ڕۆژاوادا نییە و سەربە بلووکی کۆمۆنیزمیش نییە.

**ڕۆڵی ژێنێراڵ هایزێر**: بە پێی هەندێک بەڵگە لەو سەردەمەدا کە شاپوور بەختیار بووە سەرۆک وەزیران، ژێنەراڵ هایزێر وەک نێردراوی جیمی کارتێر، سەرۆک کۆماری ئەمریکا چووەتە ئێران ئەرتەشی ئێران هان بدا یا پشتیوانی لە بەختیار بکا و یا کوودەتا بکەن و شا لە سەر تەخت لابەرن و خۆیان دەسەڵات بگرنەدەست. بەڵام نوێنەرانی خۆپیشاندەران کە بە هایزێریان گوتوە ئەگەر دەیانهەوێ ئەمریکاییەکانی نیشتەجێی ئێران کە بە ٦٠ هەزار کەس مەزەندە دەکران زیان نەبینن، وا باشە ئەرتەش هان بدرێ خۆی ڕادەستی خەڵکی ناڕازی بکا. لە ئاکامدا دەبینین ئەرتەشێک کە بە ژاندارمی ناوچە دەناسرا و یەکێک لە ئەرتەشە بەهێزەکانی جیهان بوو؛ بە پێی بەرژەوەندیی ئەمریکاییەکان تەسلیم بوو.

بەو خوێندنەوەی سەرەوە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی، یەکیان گرتەوە و ئەم دەسەڵاتەیان تێکەوە پێچا. بەڵام نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و یەک ئامانج ڕەوتی شۆڕشی گەلانی ئێرانی گۆڕی و بە جێگای هاتنە سەر دەسەڵاتی نیزامێکی دێموکراتیک کە ماف و کەرامەتی ئینسانی و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتی تێدا پارێزراو بێ، دەستەیەکی پاوانخواز و بەدوور لە بەها ئینسانییەکان سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بوون و، لە نێوەڕۆکدا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ سیستمی پێشوو نەبوو و نییە. هۆکارەکەشی هەروەکی پێشتریش باس کرا نەبوونی یەکگوتاری و یەکهەڵوێستیی ئۆپۆزیسیۆنی

پێشکەوتنخواز بوو کە ئەوە باشترین مەجالی بۆ لایەنگرانی خومەینی خولقاندبوو کە هەم فەزای خۆپیشاندانەکانی خەڵک بە شوعارەکانی خۆیان پڕ بکەن و هەم ئارام ئەو بیروباوەڕە لەنێو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە و بیکەن بە ئەمری واقع، کە ئەوە تەنیا خومەینییەکە ڕێبەریی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی دەسەڵاتی شا دەکا.

ئێستای ئێرانیش ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخواز و دێموکرات و باوەڕدار بە مافی مرۆڤ و نەتەوەکانی ئێران یەک نەگرن و یەکگوتار و یەکهەڵویست نەبن بە مەرەدی شۆڕشی ساڵی ٥٧ دەچن و لایەنی هەلپەرست بە پاساوی ئێرانچییەتی لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٠

## بەرپرسایەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە بەرابەر ڤیرووسی کرۆنادا

ماوەی چەند حەوتوویەک دەبێ نەخۆشییەکی کوشندە و گشتگیر بەرۆکی زۆربەی وڵاتانی دنیا یەک لەوان ئێرانیشی گرتۆتەوە و، ئەوی لەم نێوەدا جێگەی سەرنجە ئەم وڵاتە لە ڕیزبەندی پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە بە دەست ئەم ڤایرۆسەوە دەناڵێنن. وەکی ئامارەکان نیشان دەدەن بەداخەوە ڕەنگە بە هۆی کەمتەرخەمیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەتوانرێ بەمزووانە پێشگیری لە زیاتر تەشەنەکردنەکەی بگیرێ.

تەندروستی و سڵامەتیی گشتی یەکێک لە مافە سەرەتایی و گرینگەکانی مرۆڤە، بە واتایەکی دیکە پرسی تەندروستیی مرۆڤەکان پرسێکە پێوەندیی بە هەموو کۆمەڵگەی جیهانییەوە هەیە و، سنوور و جیاوازییەکان ناناسێ. هەر بۆیەشە قانوونە نێودەوڵەتییەکان گرینگیی تایبەتیان داوە بە سڵامەتیی گشتیی مرۆڤەکان. لە مادەی ٢٥ی بەندی یەکەمی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، مافی سڵامەتی و دەستڕاگەیشتن بە پێداویستیی دەرمانی و پزشکی بۆ هەمووان بە پێویست زانراوە. هەروەها لە بەشێک لە مادەی ١٢ی پەیماننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان پەسەندکراوی ساڵی ١٩٦٦، پێشگیری لە نەخۆشییە گشتگیرەکان، ناوچەییەکان یا نێودەوڵەتییەکان و؛ هەروەها دۆزینەوەی چارەسەری ئەو نەخۆشییانەی بە ئەرکی سەرەکیی دەوڵەتەکان داناوە.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە دەوڵەتی چین بە هەموو هێزی مادی و مرۆییەوە بەرەو شەڕی ئەو ڤایرۆسە ڕۆیشت. ڕێگای هاتوچۆی ئەو شارانەیان داخست و لە شارەکانیشدا هەموو هاموشۆ ناپێویستەکانیان ڕاگرت و، داوایان لە خەڵک کرد کە پێبەندی ڕێنماییەکان بن بۆ پاراستنی سڵامەتیی خۆیان و ڕایانگەیاند سەرپێچیکار ڕووبەڕووی قانوون دەبێتەوە. لە بریتانیاش دەوڵەتی ئەم وڵاتە لەم پێوەندییەدا قانوونێکی پەسەند کرد و، لەوێدا دەسەڵاتی تەواو بە نەخۆشخانە و ناوەندە دەرمانییەکان دراوە، کەسانی تووشبوو بەم ڤیرووسە ڕابگرن و بە هیچ شێوەیەک نەهێڵن بەبێ ئیزنی کادری دەرمانی ئەم شوێنانە بەجێ بێڵن.

بەڵام کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی قانوونە نێونەتەوەییەکان و عورفی نێودەوڵەتی بەرەو پیلی ئەو نەخۆشییە گشتگیرەوە چووە. بۆ نموونە سایتی "بولتن نیوز" کە سەربە سپای پاسدارانە، ڕۆژی سێشەممە ١٥ی ڕێبەندان هەواڵێک بەم سەردێڕە بڵاو دەکاتەوە: "شایعەی مضحک شیوع کرونا در استان کردستان توسط ضد انقلاب" و لە درێژەی هەواڵەکەدا لە زمانی

جێگری سەرۆکی تەندروستیی زانستگەی علووم پزشکی کوردستانەوە دەڵێ: "هەموو ئەو بابەتانەی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی کرۆنا لەو پارێزگایە بڵاو بۆتەوە دوورن لە ڕاستی." ئەو کاتەش کە لە سەرەتای مانگی ڕەشەمەدا هەواڵی گیانلەدەستدانی دوو کەس لە شاری قوم بڵاو بۆوە، دامودەزگای تەندروستیی ئێران و چالاکانی مەدەنی و کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی، فەرهەنگی و هونەری داوایان کرد کە ئەم شارە بە مەبەستی پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەم نەخۆشییە قەرەنتینە بکرێ. بەڵام محەممەد سەعیدی، نوێنەری ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە قوم ڕۆژی ٣ی ڕەشەمە لە لێدوانێکدا گوتی: "ترامپ دوژمنی کۆماری ئیسلامییە و بۆ ئەوەی تۆڵە لە شاری قوم بکاتەوە ئەم جۆرە هەواڵانە بڵاو دەکاتەوە کە نیشان بدا ئەم شارە نائەمنە و جێگایەکی پڕمەترسییە، بەڵام ترامپ ئەو ئاواتە دەباتە ژێر گڵ." هەر لەم پێوەندییەدا خامنەییش لە لێدوانێکدا گاڵتەی بە هەواڵی بڵاو بوونەوەی نەخۆشیی کرۆنا کرد و گوتی: "ئەوە هەوڵی دوژمنە بۆ ئەوەی خەڵک لە هاتن بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بترسێنن." لە هەمان کاتدا حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماریش بە پڕوپاگاندای دوژمنی دانا.

لەم ماوە کورتەدا ڤیرووسی کرۆنا بە هۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ڕووی لە ئێران کرد و خێرا بڵاو بۆوە، کە بەپێی ئامارە دەوڵەتییەکان بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی زیاتر لە ٧٥٠ کەس و لە هەمان کاتدا تووشبوونی ١٥ هەزار کەس (هەتا ٢٥ی ڕەشەمە) و خولقانی کەشی نائومێدی و ترس و دڵەڕاوکێ لە ئێران؛ کە ئەم دۆخە زیاتر لە جاران ناکارامەیی و بێمودیریەتیی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامەی دەرخستوە.

لەسەر ئەم پەتایە ئەو ڕاستییە هەیە کە هیچ کەس بە شێوەیەکی گشتی پارێزراو نییە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆمەڵێک ڕێکاری تەندروستی و خۆپاریزی نەتوانێ کۆمەڵگە لە تووشبوون بپارێزێ. ئەوی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە هەروەکی پێشتر باس کرا دەوڵەتەکان دەبێ لە ڕیزی پێشەوەی پاراستنی تەندروستیی کۆمەڵگەدا بن. بەڵام بە پێی هەموو بەڵگەکان لەم ماوەیەدا دەبینین دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەروەکی لە ماوەی ٤١ ساڵی ڕابردوودا بۆ مانەوەی خۆیان دەستیان لە هیچ جینایەتێک بە پاساوی پاراستنی ئەمنیەتی وڵات نەپاراستوە و، دژبەران و نەیارانی خۆیان بە توندترین شێوە سەرکوت کردوە؛ ئەم جاریش دەیانهەوێ ناکارامەیی و بێدەسەڵاتیی خۆیان لە کۆنترۆڵی کرۆنادا بخەنە پاڵ دوژمنە خەیاڵییەکان و بەو شێوەیە پاکانە بۆ دەستەوەستانیی خۆیان بکەن. کۆماری ئیسلامی ئەگەر وەک نیزامێکی خەڵکی و دەوڵەتێکی بەرپرسیار لە کاتی قەیرانی وادا هەڵسوکەوتی کردبا دەبوایە لانیکەم ئەم چەند خاڵەی خوارەوەی ڕەچاو کردبایە:

**یەکەم**، دەوڵەتی بەرپرسیار لە کاتی ڕوودانی هەر ڕووداو یا کارەساتێک کە پێوەندیی بە گشت کۆمەڵگەوە بێ، زوو خەڵک

ئاگادار دەکاتەوە و بە دانانی ڕێوشوێنی گونجاو و زانستی تێدەکۆشێ بە یارمەتیی خەڵکی وڵاتەکە بەسەر کارەسات یا قەیرانەکەدا زاڵ بێ. بەڵام دیتمان کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پێشوو کە لە کاتی قەیرانەکاندا خەڵکی هەژار بوونەتە قوربانی، دەیانهەوێ ئەم جاریش سەرپۆشی لەسەر دانێن و ڕاستییەکان لە خەڵک بشارنەوە؛ چونکە دەزانن دەرکەوتنی ڕاستییەکان سەلماندنی ناکارامەیی ئەو نیزامەیە.

**دووهەم**: دەوڵەت دەبوایە هەموو هاتوچۆ ئاسمانی و دەریایی و ویشکانییەکانی بۆ وڵاتی چین ڕاگرتبایە و هەرکەس لەو وڵاتەوە هاتباوە نێو خاکی ئێران، دەبوایە قەرەنتینە کرابا. بەڵام بە پێچەوانەوە لە کۆی هەموو گەشتە ئاسمانییەکانی فڕۆکەوانیی ئێران بۆ گواستنەوەی موسافیر و کەلوپەلی بازرگانی، دوای ئاشکرابوونی ڤیرووسی کرۆنا ٣٤ گەشتی فڕۆکەوانی لە ئێرانەوە بۆ وڵاتی چین کراوە.

**سێهەم**: دەبوایە بە مەبەستی پێشگیری لە بڵاوبوونەوە شاری قوم و هەموو ناوەندە مەزهەبییەکان لە ئێران بۆ ماوەیەکی کاتی قەرەنتینە کرابایە.

**چوارەم**. دەوڵەتی بەرپرسیار لە کاتی قەیرانی وادا هەوڵ دەدا هەموو توانای مادی و ئینسانیی خۆی بەکار بێنێ بۆ ئەوە بە کەمترین خەسار و زیانی گیانی، قەیرانەکە تێپەڕ بکا. بەڵام نەک دەسەڵاتدارانی تاران پێداویستیی مادییان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڤیرووسە ماڵوێرانکەرە تەرخان نەکرد، بەڵکوو باس لەوە دەکرێ کە مافیای سپای پاسداران دەستی بەسەر هەموو ئەو کەرەسانەدا کە بۆ خۆپاریزی لە ڤیرووسی کرۆنا پێویستە گرتوە وبازاڕی بۆ خۆی قۆرغ کردوە.

لە کۆتاییدا، ڕوانگەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ ڤیرووسی کرۆنا وەک هەموو بابەتەکانی دیکە لەجیات ئەوە ڕاونگەیەکی زانستی و چارەسەرییانە بێ، ڕوانگەیەکی ئەمنیەتی و مەزهەبی و نابەرپرسانەیە و ئەم ڕوانگەیە ماوەی ٤١ ساڵە بەرۆکی گەلانی ئێرانی گرتوە و بەری نادا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## زیندانی و مافەکانی لە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیدا

ماوەی نزیک بە چوار مانگە ڤیرووسی کۆرۆنا سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان بێجگە لە مردنەکان لەو سۆنگەیەوە، کاریگەریی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ لە هەموو وڵاتانی سەر گۆی زەوی داناوە و دەوڵەتەکان هەر کامیان بە پێی توانای زانستی پزشکی و ئابووری و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیی خۆیانەوە خەریکی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڤیرووسەن. کاریگەریی ئەو ڤیرووسە بە چەشنێکی خێرا خۆی دەرخستوە و بڵاو بۆتەوە کە وڵاتانی زلهێزی ئابووری و نیزامیی جیهانیش لە چارەسەری خێرایدا هەتا ئێستا دەستەوەستانن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە دەوڵەتانی دێموکراتیک خۆیان لە ئاستی بەرپرسیارەتییدا بدزنەوە و لە فکری کۆمەڵگەی خۆیاندا نەبن و لە هەوڵی ئەوەدا نەبن کە ڕێگاکانی پێشگیری و بەربەرەکانی دەستنیشان نەکەن. لەو بێنەوبەرەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنادا هێندێک شوێن لە هێندێک شوێنی دیکە مەترسیی زیاتریان لەسەرە ئەگەر ئەو ڤیرووسەیان لێ بڵاو بێتەوە، جا ئەو شوێنە لە ئەمریکا بێ یا لە ئێران هیچ جیاوازیی نییە. ئەوەی جیاوازی دروست دەکا شێوەی تێڕوانینی بەرپرسانی حاکمییەت و دەوڵەتەکانە کە لەو شوێنانە چۆن دەڕواننە مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ؛ زیندانەکان یەک لەو شوێنانەن.

لە ڕوانگەی زانایانی قانوونەوە زیندانی کردنی تاوانبار یەکێک لە قورسترین و دژوارترین سزاکانە کە بەسەر کەسی تاوانباردا دەسەپێ. چونکە ئەو سزایە لە ڕاستییدا ئەسڵی ئازادی لە کەسەکە دەستێنێتەوە و لە هەمان کاتدا کاریگەریی ڕاستەوخۆشی دەبێ لەسەر بنەماڵەکەی چ لە بواری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یان لەڕووی ئابوورییەوە. بۆیە هەموو دەوڵەتەکان هەوڵیان داوە لە بواری داڕشتنی قانوونەوە گرینگی بەو بابەتە بدەن و تەنانەت لە بواری نێودەوڵەتییشەوە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای پەسەندکراو هەن. نیزامی کۆماری ئیسلامیش بەدەر نییە لەو یاسایە و بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک قانوون و ئاییننامەی لەبارەی زیندان، زیندانی و بەندیخانەکاندا پەسند کردوە، بەڵام لە هەمووی ماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەدا نەک کار بەو قانوونانە نەکراوە کە پەسەندکراوی خۆیانە، بەڵکوو بە قانوونی نەنوسراوەش هەموو مافەکانی زیندانی پێشێل دەکەن.

مافی زیندانی لە دوو لایەنی مادی و مەعنەوییەوە دەبێ سەرنجی بدرێتێ. لایەنی مادی پێوەندیی بە ژیانی کەسی زیندانییەوە هەیە وەک دەستڕاگەیشتن بە خواردن و خواردنەوەی سلامەت، هەبوونی جێوڕێی گونجاو بە ڕەچاوکردنی پاکوخاوێنی، دەستڕاگەیشتنی بە خزمەتە پزشکی و دەرمانییەکان؛ بەم جۆرەی کە زیندانی لە ماوەی کێشانی سزاکەیدا



سەرچاوە Serchawe

سڵامەتی و لەشساغیی لە زیندان پارێزراو بێ. لایەنی مەعنەویی زیندانییش کە پێویستە لەگەڵ پێوانە نێودەوڵەتییەکان بگونجێ، بریتییە لە دەستڕاگەیشتنی زیندانی بە بنەماڵەکەی و ڕاگرتنی پێوەندییەکانی لە ڕێگەی تەلەفوون، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، ناردنی نامە و نووسراوە و هتد.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا بە هۆی سیاسەتی هەڵەی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیی حکوومەت و توندوتیژیی دەزگا و ئیدارەکانی ئەو نیزامە ڕادەی زیندانی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زیادی کردوە و لە هەمان کاتدا کە زیندانی زیادی کردوە بەو ڕادەیەش مافەکانی زیندانی لە لایەن کاربەدەستانی زیندانەوە پێشێل کراوە و لە سەرەتاییترین مافی ئینسانی بێبەشیان کردوون. بە کورتی دەتوانین بڵێین لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییدا زیندانی بە چاوی مرۆڤ سەیر ناکرێ، هەربۆیە شتێک بە ناوی دادپەروەری لە نێوەرۆکی ئەو نیزامەدا نییە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو نیزامە باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ نییە و لە ڕوانگەی ئەو نیزامەوە مرۆڤی باش ئەو کەسەیە کە ملکەچی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بێ.

"تۆلستۆی" نووسەری ڕووس دەڵێ: "ئەگەر دەتانهەوێ بزانن لە وڵاتێکدا دادپەروەری هەیە یان نا، سەردانی زیندانەکانی بکەن." ئەگەر ئەو قسەیە وەک پێوانەیەک دابنێین بۆ دادپەرەوریی کۆماری ئیسلامی بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ ئەو نیزامە نەک دادپەرەوەر نییە بەڵکوو دوژمنی هەموو ئەو کەس و لایەنانەشە کە باس لە دادپەروەری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن. با چەند مادە لە قانوونەکانی نێونەتەوەیی و هەروەها قانوونی سازمانی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی وەک نموونە بە فاکت بێنینەوە.

مادەی ١٠ی بەندی یەک لە میساقی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان بەم جۆرە باس لە پاراستنی حورمەتی ئینسانی زیندانی دەکا: "هەموو ئەو کەسانەی بە هۆی زیندانیبوون لە ئازادی بێبەش کراون، دەبێ بە ئینسانیەت و ڕاگرتنی حورمەتی ئینسانی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ".

مادەی ١٠ و ١١ی کۆنڤانسیۆنی حقووقی زیندانی لەسەر شوێنی زیندانی و ئیمکاناتی ئەو شوێنە بەم جۆرە باس دەکا:

"تەواوی ژوورەکان و شوێنی زیندانی بە تایبەتی شوێنی نووستن دەبێ ڕووناکیی پێویست و هەموو کەرەسەکانی تەندروستی و دەرمانی بە لە بەرچاو گرتنی کەشوهەوای ناوچەکە و، ئیمکاناتی ئاڵوگۆڕکردنی هەوا و؛ ساردکەرەوە و گەرمکەرەوەی بە پێی وەرزەکانی ساڵ هەبێ. "هەروەها" شوێنی مانەوەی زیندانی پێویستە نووری سروشتیی هەبێ و هەوای تازەی پێبگا.

بەندیخانەکان دەبێ بەشی لەشساغی و دەرمانی و خۆشوشتنی بەندییەکان بە ئاوی گەرم و ساردی هەبێ هەروەها شوێنی مانەوەی بەندییەکان بە شێوەی بەردەوام پاکوخاوێن ڕابگیرێ و بە دژە ڤیرووس بپرژێندرێ".

ئەوانە چەند نموونەیەک بوون لە قانوونە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی پاراستنی مافی زیندانی لە بواری سلامەتی و پاراستنیاندا. ئێستا باس لە چەند نموونەیەک لە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەین کە باس لە مافی زیندانی دەکا و لە دواییدا بە کورتی ڕوونی دەکەینەوە کە بەداخەوە ئەو قانوونانە بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تەنیا لەسەر کاغەزن و کردەوەکان جۆرێکی تر و پێچەوانەن.

مادەکانی ٧٠ هەتا ١٢١ی ئاییننامەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی تایبەت کراوە بە کاروباری نێوخۆی زیندانەکان وەک بەرنامەڕێژیی ڕۆژانە، دەرمان، خواردن و لەشساغیی زیندانییان. مادەکانی ١٠٢، ١٠٣، ١١١، ١١٢، ١١٣، ١١٥ ئاییننامەی ئیجرایی سازمانی زیندانەکان بەرپرسانی زیندان ئەرکدار دەکا کە بۆ سلامەتی و لەشساغیی زیندانییان کەرەسە و فەزای پێویست دابین بکەن و لە کاتی پێویستدا زیندانیی نەخۆش چ لە نێو زیندان یان لە دەرەوەی زیندان دەستی بە دوکتور و دەرمان ڕابگا و چارەسەری پێویست وەربگرێ. کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران وەک نیزامێکی سیاسی کە ئەندامە لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ پێبەند بێ بە پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و نەزمی جیهانی بۆ ئاشتی، کەچی زیاتر لە چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بە بەرچاوی هەموو کۆمەڵگەی جیهانی پاشکێنی دەکا و لە هەمان کاتدا کە ڕێز لە قانوونە نێونەتەوەییەکان ناگرێ، ڕێز لەو قانوونانەش ناگرێ کە قانووندارێژەرانی خۆی دایانڕشتوە و بە پەسەندی ناوەندەکانی دەسەڵات گەیشتوە. دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو ڕووداوانەی لە زیندانەکانی ئێران ڕوو دەدەن سەرچاوە گرتوو لەو ڕەفتارە نابەرپرسانەیە کە بەرپرسان و کاربەدەستانی زیندان دەرحەق بە زیندانی دەیکەن کە لەگەڵ نێوەرۆکی هیچ کام لەو یاسا و ڕێسایانە یەک ناگرێتەوە کە ئاماژەیان پێکرا.

کاتێک هەواڵی بڵاو بوونەوەی ڤیرووسی کۆرۆنا لە ئێران گەیشتە نێو زیندانەکانی ئەو وڵاتە، ترسێکی گەورە لە نێو زیندانییەکاندا بڵاو بووە و بوو بە هۆی نارەزایەتی و نیمچە ڕاپەڕینێک و لە هێندێک لە زیندانەکاندا کۆمەڵێک زیندانی توانیان ڕابکەن و چەند کەسێکی تریش بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی نێو زیندان گیانیان لەدەست دا. لەو بارودۆخەدا ئەو ترسە گەیشتە نێو بنەماڵەی ئەو زیندانییانە و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی هاتە سەر خەت و داواکار بوو لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە بە بڕیارێک زیندانییەکان لە زیندان ئازاد بکەن بۆ ئەوەی ڤیرووسی کۆرۆنا زەفەریان پێ نەبا و تووشی نەخۆشیی ناعیلاج نەبن. ئەو ترس و نیگەرانییە زۆرە سەرچاوە گرتوو لە دوو بابەت بوو، یەکەم نەبوونی ئیمکاناتی پێویستی دەرمانی لە زیندانەکان و، دووهەم ڕێژەی زۆری زیندانییان، کە

هەر دوو ئەو بابەتانە زەمینە خۆشکەرن بۆ بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی کۆرونا و هەر نەخۆشییەکی دیکە. زۆربەی دوکتورەکان و زانایانی بواری تەندروستی لەسەر ئەو بابەتە پێکەوە هاوڕان کە ڤیرووسی کۆرۆنا لە شوێنی داخراو و پڕ حەشیمەت زووتر و خێراتر لە شوێنەکانی دیکە بڵاو دەبێتەوە و ئەوە مەترسیی تووشبوونی زیندانییەکان بەو نەخۆشییە زیاتر دەکا.

نیگەرانیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەموو ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە بەرپرسانی زیندان گرینگی بە پاکوخاوێنی و بابەتە تەندروستییەکان لە زیندانەکاندا نادەن و لەو بارودۆخەشدا بەندیخانەکان پێداویستیی وەک دەمامک و دەستەوانە و سابوون و کەرەسەی خاوێنکردنەوەیان هەر نییە. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەروەکی پێشتر گوترا نەک بایەخ بە یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی و خۆیان نادەن بەڵکوو هەموو هەوڵیان ئەوەیە بە خولقاندنی ترس و پڕ کردنی زیندانەکان تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی خۆیان درێژ بکەنەوە و ئەوەی لایان گرینگ نییە گیانی ئینسانەکان و فەلسەفەی زیندانە.

سروشتییە نیزامێک کە هەڵقوڵاو لە ناخی کۆمەڵگە بێ خۆی لە بەرابەر تاک تاکی ئەو کۆمەڵگەیەدا بە بەرپرسیار دەزانێ و پێش ئەوەی بیر لە پڕ کردنەوەی زیندانەکان بکا، لە هەوڵی ئەوەدا دەبێ سەرچاوەی تاوانەکان بدۆزێتەوە و زیندان تەنیا بە چاوی شوێنی دووبارە بونیادنانەوەی ئەو مرۆڤەی کە تاوانی کردوە چاو لێ دەکا. بەداخەوە بە هۆی داخراویی نیزامی کۆماری ئیسلامی ناکرێ زانیاریی تەواو و دروست لە هەلومەرجی زیندانەکان وەدەست بێ، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی تاڵە ئەگەر نەخۆشیی کۆرۆنا ڕووی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی کردبێ، لەبەر نەبوونی ئیمکانات و پێڕانەگەیشتن بە سڵامەتیی زیندانی، زیندانەکان لە هەموو شوێنێکی ئێران زیاتر تەلەفاتی ئینسانییان بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠

---

## زانستی شەڕ لە پێشەوەی چەکی پێشکەوتوو

لەم ڕۆژانەدا بەهۆی تەقەی مووشەکیی پاپۆری نیزامیی جەماران لە بەلەمێکی نیزامیی ئەرتەشی ئێران بە ناوی "کنارک"، ١٩ کەس کوژران و ١٥ کەسی دیکەش برینندار بوون. ئەوە لە حاڵێکدا ڕووی داوە کە جیهان سەرقاڵی بەربەرەکانی لەگەڵ ڤیرووسی کرۆنایە، کە کاریگەریی لەسەر هەموو جومگە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەم ڕۆژانەی جیهان داناوە و، لەم کاتەدا تاقیکردنەوەی مووشەک زۆر ناپێویست دەنوێنی؛ مەگەر ئەوەی شتی وا هەر لە کۆماری ئیسلامی چاوەڕوان بکرێ. ئەم ڕووداوە سەرەڕای ئەوەی کە خەساری ماڵی و گیانیی زۆری هەبوو، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزیی لە ڕادە بەدەری دۆخی جیهان و بە تایبەت ناوچە و، ئاسایی‌بوونی ڕوودانی ئەم هەڵە نیزامییانە و ئەگەری دووپات بوونەوەشیان، ڕەنگە تەنیا وەک هەواڵێک گرینگیی پێ بدرێ. بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئەم بابەتە گرینگیی تایبەتی هەیە و وەبیرهێنەوەی بەردانەوەی فڕۆکەی ئوکراینییە کە ئەویش هەر بەهۆی مووشەکەکانی سپای پاسدارانەوە بوو.

پرسیار ئەمەیە بۆچی هێزی سپای پاسداران لە ماوەی تەنیا چوار مانگدا دوو کارەساتی لەم چەشنەی خولقاند؟ ئایا ناکارامەیی پێرسێنێلی نیزامییە یا سیستمی ڕێکخستنی ئەو هێزانە کەموکورتیی تێدایە؟ بۆ ڕوونکردنەوەی وڵامی ئەو پرسیارانە و گەلێک پرسیاری دیکە پێویستە سووکە ئاوڕێک لە کارنامەی ئەم هێزانە بدەینەوە کە لە سەرەتای دامەزرانیانەوە بە دەیان کارەساتی وایان خولقاندوە و، زۆر جار خەساری مرۆیی و مادیی ئەو ڕووداوانە - بە پێی سەرچاوەکانی سەردەمی شەڕی هەشت ساڵە - زۆر زیاتر لە بەرەی شەڕ لەگەڵ دوژمنیان بووە.

لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین، کە پێمانوایە ئەم تەقە لەخۆ کردنانە لە ئاستی هەڵە و نەزانین تێپەڕیوە و تەنانەت دەکرێ مەبەستی کوشتن و لابردنی جیابیرانی تێدا بێ.

ئەگەر چاو بە مێژووی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییدا بخشێنین پڕە لە کارەساتی سەیر وسەمەرەی لەم چەشنە، بۆ نموونە لە ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٥٩ی هەتاوی فڕۆکەیەکی جۆری فانتۆمی ئێران لە ئاوەکانی کەنداوی فارس، تەقە لە کەشتی بچووکی شەڕکەری ئێرانی بە ناوی "مهران" دەکا کە لە ئاکامدا نوقم دەبێ و ٣١ کەس لە پێرسێنێلەکەی دەکوژرێن. هەر لەو کاتەدا کەشتییەکی شەڕکەری دیکەی ئێرانی بە ناوی "تیران" دەیهەوێ یارمەتیی کەشتیی "مهران" بدا کە ئەویش دەکەوێتە بەر هێرشی مووشەکیی فڕۆکەیەکی دیکە و لە ئاکامدا لەکار دەکەوێ.

لە ١٥ی گەلاوێـژی ٦٦ یشـدا فڕۆکەیەکـی ئێـف ٥ لە حاڵێکـدا لە عەمەلیـاتی شناسـایی لە قـووڵایی خـاکی عێـراقەوە دەگەڕێتەوە، دەکەوێتە بەر ئـاوری دژە ئاسمانیی سپای ئێران و لە نـاوچەی سەردەشت بەردەبێتەوە و فڕۆکەوانەکەشی بە نـاوی عەبـاس بابـایی دەکـوژرێ. حـاڵەتێکی دیـکە بەربـوونەوەی فـرۆکەی سـی - ١٣٠ کە هەڵگـری فەرمانـدە پـلەبەرزە نیزامییەکـان بـوو کە لە ٧ی ڕەزبەری ١٣٦٠ دا بە هـۆی مووشـەکی دژە ئاسـمانیی هێزەکـانی ئێـران بەربـووەوە کە هەڵگـری کەسانێک لە پلەی وەزیـر و فەرمانـدەهیی ئەرشـەدی سپای پاسداران بـوو، هەرچەنـد ئەو کـات دەزگـای ڕاگەیانـدنی کۆمـاری ئیسلامی بەربـوونەوەی ئەو فـڕۆکەی هێنـا بەسـەر هێـزە عێراقییەکانـدا، بەڵام هێنـدێک لە فەرمانـدە نیزامییەکـانی ئێـران لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەو فڕۆکەیە بە هـۆی تەقەی هێـزە خۆییەکـان بـووە و لە سـاڵانی دواییـدا ئەو ڕاستییە ئاشکرا بوو، بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەنگیان لێوە نەهێنا.

هەروەها فڕۆکەیەکی شەڕکەری ئێف ١٤ کە بە قسەی فەرمانده نیزامییەکانی ئێران لەو کاتدا یەکێک لە باشترین فڕۆکەکـان بوو، بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی نیزامی لە ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٦٦ بە هۆی مووشەکی دژە فڕۆکە لە لایەن هێزەکانی ئێـرانەوە خرایە خـوارەوە. خـاڵە سەرنجڕاکێشەکە ئەوەیە لە مێـژووی نووسـراوی شـەڕی ئێـران و عێراقـدا زۆر کەم بەر چاو دەکەوێ باسێک لە هەڵە و کەموکورتی کرابێ. ئەم ڕاستییـانە زیـاتر لە بیرەوەریـی فەرمانـدەکان و کەسـانێک کەوا شـایەدی ئەو ڕووداوانە بوون بەرچاو دەکەوێ. ئەمەش خـۆی سـەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە دەسـەڵاتدارانی نیزامیـی کۆمـاری ئیسلامی کەسانی بەرپرس و وەڵامدەر نین و هەموو کات بە شاردنەوەی ڕاستییەکان هەوڵیان داوە، خۆیـان لە بەرپرسیـارەتی بـدزنەوە بۆ ئەوەی ئامانجی سەرەکییان کە پاراستنی نیزامە خەوش هەڵنەگرێ.

ئەگەر بمانهەوێ باس لە هەموو ئەو ڕووداوانە بکەیـن کە بە هـۆی تەقەی هێـزە خۆییەکـان لە مـاوەی چل سـاڵی ڕابـردوودا ڕووی داوە، دەبێ پێرستێکی دوور و درێژ ئامادە بکرێ کە لە تواناى ئەم نووسینەدا نییە، بەڵام لە هەمـان کاتـدا ئەگەر وا دابنێین چەند نموونەی دوایی کە باس کرا لە کـاتی شەڕدا بـووە و، ئەگەری ڕوودانـی ڕووداوی لەم چەشنە زۆرە؛ کە ئەویش دەگەڕێتەوە بـۆ ڕادەی زانیـاریی فەرمانـدەیانی نیزامـی لە زانسـتی شـەڕ و بە ئاگاییـان لە شـێوەی بەکارهێنـانی چەک و تەقەمەنی لە کاتی خۆی و شوێنی خۆیدا. بەڵام دوایین نموونەکان خۆ لە کـاتی شـەڕدا نییە و پاساوێک هەڵنـاگرێ بێجگە لە ئاستی نزمی زانیاریی نیزامیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی.

ئەم ڕووداوانە ڕەنگە لە هەر شوێنێکی دنیا ڕوو بدەن و کەسـانی سڤیلیش ببنە قوربـانیی شـەڕ، بەڵام ئەوەی لێرەدا گـرینگە دوو بابەتە: یەکەم چۆن بتـوانرێ ئەم ڕووداوانە بگـاتە کەمترین ڕادە و دووهەم لێکۆڵینەوەی ڕوون و ئاشکرا بکرێ لەسـەر چۆنیەتیی ڕوو دانەکەی. چونکە کەسوکاری کوژراوەکان لە هۆکارەکـان دەپرسن و کەمترین خواستی ئەوان زانینـی چۆنیەتیی

پێشهاتەکەیە. ئایا هەر تەنیا هەڵەیەک بووە و یا دەستی ئەنقەستی تێدا بووە؟ ئەگەر هەڵە بووە دەسەڵاتداران چ ڕێکارێک دەگرنە بەر بۆ ڕێگری لە دووپات بوونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانە. بەڵام دەبینین لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە تەنیشت ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕیون و هیچ ڕوونکردنەوەیەکی ئاشکرایان نەبووە و هەوڵیان داوە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو ڕووداوانە پەردەپۆش بکەن، لە حاڵێکدا کە هەم تەلەفاتی گیانی هەم زیانی ماڵییان هەبووە و تەنانەت کەسانی ئاگادار ئەگەر بێدەنگ نەبوون بە جۆرێک لە جۆرەکان بێدەنگیان کردوون. بۆ نموونە دەتوانین باس لە پەروەندەی بەربوونەوەی فرۆکەی ئوکراینی بکەین کە هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی هیچ ڕوونکردنەوەیەکی مەحکەمە پەسەندی ڕوو بە بیروڕای گشتی نەداوە و؛ تەنانەت هەتا ئێستا لە دانی سەندووقی ڕەش بە وڵاتانی حەقدار لەو پەروەندەیەدا خۆی بواردوە.

دەوڵەت و دەسەڵاتداریی بەرپرس لە ڕوودانی ڕووداوی لەم چەشنەدا یەکەم کارێک کە دەیکەن ئەوەیە کە چۆنیەتیی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆیان باس دەکەن بۆ ئەوەی متمانە لەدەست نەدەن و، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەن لە هۆکاری خولقانی ڕووداوەکە بکۆڵنەوە و بیکەن بە تەجروبە بۆ ئەوە پێشگیری بکەن لە دووپات بوونەوەی.

وێدەچێ دەسەڵاتی تاران ڕووداوی ئەم جارەش پەردەپۆش بکا، بەڵام دەبێ گەلانی ئێران ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەگەر ئەم ڕووداوە بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتبایە ڕەنگە کارەساتی گەورەی بۆ گەلانی ئێران بە دواوە بوایە، چونکە بە هۆی سیاسەتە هەڵە و توندئاژۆکانی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە، ئەو ناوچەیە بۆتە ناوچەیەکی بە تەواوی نیزامی و ئاوەکانی دەریای عەمان و کەنداوی فارس پڕە لە کەشتیی گەورەی نیزامیی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی و، هەر وەکی پێشتر باسمان کرد ئەگەر ئەو مووشەک پێوەنانە بە هەڵەش بووبێ ڕووی لە یەکێک لەو کەشتییانە کردبایە، دەیتوانی ببێتە هۆکار و پڕیشکی ئاوری شەڕێکی ماڵوێرانکەرکە لەو نێوەدا هەر خەڵکی ئێرانن زەرەرمەندی ڕاستەقینە دەبن.

چەک و تێکنۆلۆژیی نیزامی بەو ڕادەیە کە لە مەیدانی شەڕ بەدژی دوژمن یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتن، بەو ڕادەیەش پێویستیان بە لێزانی و شێوازی کەلک لێوەرگرتن هەیە، بەڵام مێژووی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئەندامانی ئەو هێزانە بە تایبەتی لە چەکە پێشکەوتووەکاندا هیچ شارەزاییەکیان نییە و، لە کاتی پێویستدا ناتوانن لە نێوان هێزەکانیان لە کاتی مانۆڕ یا مەیدانی شەڕدا ئەو هەماهەنگییە پێک بێنن و، بەو ڕابردووەی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی هەیانە دەتوانین بڵێین لە هەر هەڵەیەکیاندا کارەساتێکی ئینسانی دەخولقێ.

بۆیە دنیا لەسەری کۆکە کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە چەکی ناوکی ڕانەگا، چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان لە شێواندنی ناوچە و دنیادا دەبینن، هەناردە کردنی شۆڕش و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە تەواوکەری پێناسەی شەڕەنگێزی ئەو نیزامەیە و لەو حاڵەتەدا ئەگەر ئەو جۆرە چەکانە لە دەستی کەسانی بەرپرس و ئەرکوەخۆگردا نەبێ هەڕەشەیەکی گەورە دەبێ بۆ سەر ئاسایشی جیهان و دەوڵەتان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## مافی مرۆڤ، دێموکراسی و کۆماری ئیسلامی

مافی مرۆڤ هەروەکی لە ناوەکەی دەردەکەوێ تایبەت بە مرۆڤە، واتا مرۆڤەکان لە سەرانسەری دنیا ناتوانێ ئەم مافە خەوشدار، یا بە هۆکاری جۆراوجۆر جیاوازی بخاتە نێوان مرۆڤەکان و مافەکانیان پێشێل بکا. بە پێناسەیەکی دیکە مافی مرۆڤ، مافێکە نە دەستێندرێتەوە و نە دەبخشرێ بە کەسانی دیکە، ئەم مافە لەگەڵ مرۆڤ لەدایک دەبێ و لێی جیا نابێتەوە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین دەوڵەتەکان، پەیماننامەکان و قانوونە نێونەتەوەیی و نێوخۆیی وڵاتەکان، ناتوانن هۆکار بن بۆ دەسنیشان کردنی، بەڵکوو تەنیا دەتوانن هۆکارێکی گرینگ بن بۆ پاراستن و ڕێگری لە پێشێلکردنی ئەو مافانە. لە هەر وڵات و سیستمێکدا ڕەچاوی پاراستنیان نەکرێ، هاووڵاتیی پلە یەکی و دووی لێ دەکەوێتەوە و، قانوونەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ فەلسەفەی مافی مرۆڤ هاوسەنگ نابێ و ئەو کۆمەڵگەیە قەت ڕووی ئارامی و ئاشتی بە خۆیەوە نابینێ.

دێموکراسی تەواوکەری مافی مرۆڤە و لە بەستێنی ژیاندا یەکتر بەهێز دەکەن. بە واتایەکی دیکە دێموکراسی بناغەیەکە کە لەسەر بنەمای ئەو، مافی مرۆڤ بە باشترین شێوە بەڕێوە دەچێ و دەپارێزرێ. لە سەردەمی ئێستادا ئەو دەوڵەت و نیزامە سیاسییانەی بە شێوەی دێموکراتیک بەڕێوە دەچن توانای پاراستن و بەڕێوەبردنی مافی مرۆڤیان هەیە و، دەتوانن ئاشتیی ڕاستەقینە دەستەبەر بکەن.

لە نیزامە دێموکراتیکەکاندا، خەڵک لەچوارچێوەی سیاسی و قانوونییدا یەکسانن. لەو نیزامانەی کە لەڕێگای دێموکراسییەوە دەسەڵات دەستاودەست دەکا، دەسەڵاتداران هەست بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر خەڵکدا بە ئەرکی خۆیان دەزانن و حکوومەت لەو جۆرە نیزامانەدا بەردەوام سەرچاوەکانی دێموکراتیک بوونی خۆی نوێ دەکاتەوە. بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامییدا کە سەرچاوەی دەسەڵاتی خۆی دەبەستێتەوە بە ئاسمان و خۆی بە نوێنەری خوا دەزانێ، هیچ بایەخێک بە مرۆڤ و مافەکانی دانانێ و بە هەموو شێوەیەک پێشێلی ئەو مافانە دەکا.

لە کۆماری ئیسلامییدا باوەڕی دامەزرێنەرانی ڕێژیم، ئەسڵ و مادە و بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئەو نیزامەیە. ئەگەر چاو بە بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتی و مەدەنیی سزادانی ئیسلامیی ئێراندا بگێڕین بە زەقی و ئاشکرا ئەو دژایەتییە لەگەڵ پێوانەکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ دەبیندرێ. بە پێی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی مافەکان و ئیمتازاتی نێو

دامودەزگای ئیداریی ئێران بە پێی دین و مەزهەب دیاری کراوە، واتا ئەگەر کەسێک موسوڵمان بێ بە چەند هەنگاو لە پێشترە لە کەسێکی ناموسوڵمان و، ئەگەر شێعەی دوازدە ئیمامی و باوەڕمەند بە ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ بێ ئەوە لە برا موسوڵمانە ناشێعەکەی خۆی لە پێشترە.

ئەوەش دژایەتییەکی ئاشکرایە لەگەڵ جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ کە نزیک بە تەواوی وڵاتان کە کۆماری ئیسلامییش یەک لەوانە قەبووڵیان کردوە و، پێبەندیی خۆیان بە بەڕێوەبردن و پاراستنی ئەم مافانە دەربڕیوە.

بۆ نموونە لە مادەکانی (١، ٢، ٣ و ٧)ی ئەم جاڕنامەیەدا هاتوە: "هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن و لە کەرامەت و مافەکانیان لەگەڵ یەکتر بەرابەرن." "هەرکەس دەتوانێ بەبێ هیچ جیاوازی دانانێک بە تایبەتی لە باری نژاد، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، دین و بیروڕای سیاسی و هەر باوەڕێکی دیکە، هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی هەبێ کە لەو بەیاننامەیەدا هاتوون." "هەر مرۆڤێک مافی ژیان، ئازدی و ئەمنیەتی تایبەتی خۆی هەیە." "ئینسانەکان لە بەرامبەر قانوونەکاندا یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە وەک یەک لە لایەن قانوونەوە پشگیرییان لێ بکرێ." بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا مرۆڤ لەو مافانە بەهرەمەند نییە، بەڵکوو ئەوی لە پێش پاراستنی مافی مرۆڤە، دین و مەزهەب و باوەڕ بەو نیزامەیە؛ دەتوانین بڵێین لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامییدا مافەکان بە پێوانەی دین و مەزهەب و توانەوە لە ویلایەتی ڕێبەردا دەسنیشان دەکرێن.

لە ڕوانگەی ڕەگەزییشەوە قانوونەکانی ئێران بە تەواوی دژایەتییان لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤدا هەیە، بۆ نموونە بە پێی ئەسڵەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، ژن ناتوانێ ئەو پۆستە گرینگانەی حکوومەت بەدەستەوە بگرێ. پۆستی ڕێبەری، سەرکۆماری، لەشکری و دادوەری، لەو پۆستانەن. لە حاڵێکدا لە سەردەمی ئێستادا دەبینین بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی دنیا کە هەندێکیان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان هەیە، لە لایەن ژنانەوە بەڕێوە دەچن. ئەو هەڵاواردنانە بە نیسبەتی ژنان تەنیا لەو چەند بابەتەدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو لە بەرچاو نەگرتنی مافەکانی ژنان وەک ڕەگەزی بەرامبەری پیاوان هەموو تانوپۆی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی گرتۆتەوە؛ لە گرێبەستی هاوسەرییەوە بگرە هەتا خوێنبایی و شایەدی و میرات و...

لە بەشی یەکەمی پێشەکیی ئەم قانوونەدا هاتوە "اصول و ضوابط اسلامی" وەک بنەمای قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و، لە ئەسڵی چواریشدا دووپاتی ئەو بابەتە دەکاتەوە و دەڵێ: "هەموو قانوون و ڕێوشوێنەکان لە کۆماری ئیسلامییدا دەبێ لەسەر ئەساسی ڕێوشوێنی ئیسلامی بن" و لە بەشی سێهەمی ئەو قانوونەدا کە تایبەت کراوە بە مافی



سەرچاوە Serchawe

میللەت دیسان پێداگری دەکاتەوە لەسەر ئەو پێبەندییە و، لە کۆتایی زۆربەی ئەسڵەکاندا مەرجی دژایەتی نەکردن لەگەڵ ئەو بنەمایە دێنێتەوە.

هەر ئەو بەستنەوەیە بە بنەمای ئایین و مەزهەبێکی تایبەت، پێچەوانەی ڕۆحی جاڕنامەی مافی مرۆڤە، لە هەمان کاتیشدا ئەو بنەما و ڕێوشوێنانە ئیسلامییانە کە باسی لێ دەکرێ ڕوون نەکراونەتەوە. بۆیە دەبینین لە دادگاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دادوەرەکان بە تێگەیشتنی خۆیان بڕیار دەردەکەن و، بەم شێوەیە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بە هەزاران کەسی جیابیر بە تاوانی "محاربە" و "مفسد فی الارض" ئێعدام کراون؛ بەبێ ئەوەی ڕوون بێتەوە ئەو تاوانانە چۆن خراوەتە پاڵیان و مەبەستی دادوەر و قانووندانەری کۆماری ئیسلامی لە موحارەبە چییە؟

نموونەیەکی دیکە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ تەفسیری قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییە کە بەرپرسایەتیی کەوتۆتە سەر شانی شۆڕای نیگەهبان، لە دوازدە ئەندامی ئەو شۆڕایە شەش کەسیان ڕاستەوخۆ ڕێبەر دایاندەنێ و، هەر کاتێک چوار لەو شەش کەسەش لەسەر تەفسیری بابەتێکی قانوونی ساغ ببنەوە، حوکمی قانوون وەردەگرێ و لەسەر هەموو دامودەزگاکانی دیکەی کۆماری ئیسلامییە کە بەبێ ئەملا و ئەولا ئەو قانوونە بەڕێوە بەرن. ئەوە لە حاڵێکدایە لە وڵاتانی دێموکراتیک، ناوەندی قانوون دانان پارلمانی ئەو وڵاتانەیە کە ئەندامەکانی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و پەسەندی قانوونەکانیش لەو پارلمانانە لە بەرژەوەندیی خەڵکدایە. لە ئەسڵی ٩٣ی قانوونی بنەڕەتییدا هاتوە: "مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەبێ بوونی شۆڕای نیگەهبان ئێعتباری قانوونیی نییە".

لەم سەردەمەدا کە سەردەمی وشیاریی خەڵکە، نیزامی سیاسیی وڵاتێک سەر دەکەوێ کە بتوانێ خۆی لەگەڵ وەزعی سەردەم بگونجێنێ و، قانوونەکانی هاوتەراز بکا لەگەڵ قانوونە نێونەتەوەییەکان بۆ ئەوە پێشگیری بکا لە سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسیی، ئابووری و ئینسانی. یەکێک لە پێناسەکانی حکوومەتی نادێموکراتیک، بوونی قەیرانی جۆراوجۆر لە نێوخۆی وڵاتەکەیە. کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو نیزامە سیاسییانەیە کە قەیرانی جۆراوجۆری بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاندوە. کۆمەڵێک لەو قەیرانانە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی هەناردەکردنی شۆڕش و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و، پشتیوانی لە گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان لە سەرانسەری دنیا، داننەنان بە بوونی نەتەوەکان وەک نەتەوە و چارەسەرنەکردنی پرسی ئەو نەتەوانە و، تەنانەت سەپاندنی شەڕ بەسەریاندا، سەریان هەڵداوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە و هەیە لەسەر سەرهەڵدانی قەیرانە نێوخۆییەکان و، ئەوە بێجگە لەو قەیرانانەیە کە بە هۆی قانوونە پەسەندکراوەکانی کۆماری ئیسلامی بەرۆکی خەڵکی ئێرانیان گرتوە.

ئەوقەیرانانە کاتێک بەرۆکی کۆمەڵگەی ئێران بەر دەدەن کە دەسەڵات و سیستمی سیاسی، مل بۆ دێموکراسی و مافی مرۆڤ ڕابکێشن و نیزامی بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر بنەماکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بونیاد بندرێ و، دەسەڵاتداران قەبووڵی ئەو ڕاستییە بکەن کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئائین و مەزهەبە و، تەنیا یەک نەتەوە و یەک دین و یەک مەزهەب مافی ئەوەی نییە دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەریی ئێران بە دەستەوە بگرێ؛ بەڵکوو هەموو نەتەوە و دین و مەزهەبەکان پێویستە بەقانوون دانیان پێدا بندرێ و بەشدارییان پێ بکرێ.

بەواتایەکی دیکە بە سەرنجدان بە پێکهاتەی چەند نەتەوەیی ئێران، دێموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ یەکێک لە ڕێکارە دروستەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی ئەو نەتەوانەیە، بە پێچەوانەی ئەوە ئەگەر تەنانەت دەسەڵات قەیرانە دەرەکییەکانیش بۆ ماوەیەکی کاتییش بووبێ چارەسەر بکا، قەیرانە نێوخۆیەکان زیاتر گەشەدەکەن و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران زیاتر توشی هاڵۆزی وکێشە دەکەن. هەر بۆیە نیزامی سیاسی کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ئێران دەگرێتە ئەستۆ، دەبێ توانای دابینکردنی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی هەبێ کە مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## کرۆنا و کەمتەرخەمیی دەسەڵات

ماوەی زیاتر لە شەش مانگە نەخۆشیی کرۆنا بڵاو بۆتەوە و بۆتە هۆی مەرگی هەزاران کەس لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیا و، لە هەمان کاتدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بوارەکانی ئابووری و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان داناوە و دەتوانین بڵێین هەتا ڕادەیەکی زۆریش گۆڕانی بەسەر شێوەی ژیانی مرۆڤدا هێناوە. زیانێکی زۆری بە کەرتە جیاوازەکانی ئابووری (گەشت، پیشەسازی، کشتوکاڵ، هاتوچۆ و...) گەیاندوە و، هەموو ئەوانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر توانای کڕینی تاک تاکی کۆمەڵ. لەم ماوەیەدا بۆمان دەرکەوتوە کرۆنا سنوور ناناسێ و سنووری هەموو وڵاتانی بەزاندوە؛ بەڵام ئاستی پێڕاگەیشتن و فریای خەڵک کەوتن لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە.

ئێرانیش یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە هێرشی ئەم پەتایە لە ئەماندا نەبووە و، بە پێی ئامارەکان لە دوای چین و ئەمریکا و ئیتالیا ناوی لە پلەی سێ و چواری تووشبوون و ئاستی بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە لە نێو وڵاتانی دنیادا دێ. بە پێی ئامارە فەرمییەکان ڕێژەی گیانلەدەسچوو لە دە هەزار کەس تێپەڕیوە. هەرچەند وەکی باسمان کرد بڵاوبوونەوەی پەتای کرۆنا بە هۆی تێکچڕژاویی پێوەندییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان، بە ئاسانی هەموو سنوورەکانی بڕیوە؛ بەڵام ڕادەی هەست بە بەرپرسایەتیی دەوڵەتان جیاوازە و، ئەمەش لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییدا بە تەواوی هەست پێ دەکرێ. بەو مانایە کە بێمەسئوولیییەتیی داموودەزگای کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی کرۆناوە دەرکەوت و بووە هۆی بڵاوبوونەوەی زیاتر و خێرای لە ئاستی ئێراندا.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە بەردەستدا هەیە کۆماری ئیسلامی دەیتوانی پێش بە بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە بگرێ، بەڵام بە هۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و خیبرەگانی ڕێبەرییەوە بێدەنگیی لێ هێنا و، هەر ئەمەش پەرەسەندنی بڵاوبوونەوەکەی لێ کەوتەوە. دوای ئەوەش بە هۆی ناکارامەیی دەزگای تەندروستیی کۆماری ئیسلامی قووڵایی کارەساتەکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و زیاتر خۆی دەرخست. لەگەڵ ئەوەدا کە کادری دەرمانیی کەرتی تەندروستی بە هەموو توانای خۆیانەوە هاتنە مەیدان، بەڵام بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی دەرمانی و پێڕانەگەیشتن و گرینگی نەدان، زەحمەت و ماندوو بوونی کادری دەرمانی و دوکتورەکان دادی ئەو نەخۆشییەی نەدا و بەداخەوە ئەوانیش لە تووش بوون بەو پەتایە پارێزراو نەبوون.

ئەم کارەساتە لە حاڵێکدا لە ئێران ڕوو دەدا کە ئەم وڵاتە بە هۆی بوونی سەرچاوەی جۆراوجۆری زەوینی و ژێرزەوی وەک وڵاتێکی دەوڵەمەند دەناسرێ، بێجگە لەوەش لە بواری پزشکییدا خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەندە، بەڵام بە هۆی سیاسەتی هەڵە و دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و بە هەدەردانی سامانە مادی و مەعنەوییەکانی ئێران بۆ تەیارکردنی گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە و، ئابلۆقەکانی ئەمریکا وای کردوە بایەخی دراوی ئێران -بە چەشنێک دابەزێ کە لانیکەم لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا بێوێنەیە- و، لە هەمان کاتدا بێکاری، کەمبوونەوەی توانای کڕینی خەڵک -لەوانە کەرەسەی تەندروستی وەک دەمامک و مادەی دژە ڤیرووس - و... لە حاڵێکدا لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا دەوڵەتەکان بە پەلە ڕێکاری بەربەرەکانیی کرۆنایان لە سەرەوەی کارەکانی خۆیان داناوە.

لە کاتی قەیرانەکاندا دەوڵەتەکان دەبێ زیاتر لە هەر کاتێکی تر بەرپرسایەتی لە ئەستۆ بگرن، زۆربەی دەوڵەتان بە دروستکردنی نەخۆشخانەی کاتیی تایبەت بە نەخۆشانی کرۆنا و، بانگهێشتی کەسانی خۆبەخش بۆ بەشی چاودێری و، دابینکردنی کەرەسەی هەناسەدان و دەرمانی پێویست و، قەرەنتینەی شار و گوند و، کەمکردنەوەی هاتوچۆ و هاندانی خەڵک بە مانەوە لە ماڵەکانیان؛ هەوڵیان دا بەرگری لە تەشەنەکردنی زیاتری ئەم نەخۆشییە و کەمکردنەوەی خەساری مرۆیی بکەن. بەڵام ئەوەی دەتوانێ جێگەی سەرنجی زیارتری ئەم نووسینە بێ، ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانە بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە خەڵک و ناوەندەکانی بازرگانی و پیشەسازی بە هۆی ڕێکارەکانی خۆپاریزی، زیانی مادیی زۆریان بەرکەوتوە و بۆ قەرەبووکردنەوە و یا یارمەتیدان بوودجەیەکی تایبەتیان بۆ خەڵکی خۆیان و ناوەندەکانی کار و خزمەتگوزاری لە وڵاتەکانیان دابین کردوە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا پێش سەرهەڵدان و پەرەگرتنی نەخۆشیی کرۆنا هەروەکی لە پێشدا گوترا، سیاسەتی هەڵەی هەناردەکردنی شۆڕش و دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان و خۆنەگونجان لەگەڵ نەزمی جیهانی، هۆکاری سەرەکی بوو بۆ دارمانی ئابووریی ئەم وڵاتە و خولقانی قەیرانە نێوخۆییەکان و بە سەرهەڵدان و پەرەگرتنی پەتای کرۆنا و گرتنەبەری ڕێکاری قەرەنتینەی وڵاتان و پچڕانی ڕایەڵکەی بازرگانیی جیهانی، ڕاستەوخۆ و خێرا کاریگەرییە ئابوورییەکان لەسەر کۆمەڵگەی ئێران بەدەر کەوت و ئەوەندەی دیکە خەڵکی ئێرانی خستە ژێر قورسایی دابین نەکردنی پێویستیی ڕۆژانەیان.

هەروەکی ئێران بە گشتی لە پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کرۆنا پلەی یەکەمی لە ناوچەکەدا بۆ خۆی دەستەبەر کرد، بەداخەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە چاو چڕیی حەشیمەت و پانتایی خاک لە نێو ئێراندا ئەگەر پلەی یەکەمی لە ئێران لە تووشبوون وەبەر نەکەوتبێ، لە ڕیزبەندی دووهەم و لە دۆخی سووردا بەسەر دەبا.



سەرچاوە
Serchawe

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ماوەی چل ساڵە بە چاوی ئەمنیەتییەوە دەڕواننە کوردستان و بە هەموو توانای مادی و مرۆییەوە هەوڵی پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام، سنە و ورمێ)ـیان داوە و بە هاتنی ئەم دۆخەش، ئەم بەشە لە ئێران لە بواری ئابووری و تەندروستی و پیشەسازییەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە چەند قات لە چاو پێشووتر زیادی کردوە. لە هیچ کام لە شارە گەورە و بچووکەکانی ئەو هەرێمە نەخۆشخانە و کەرەسەی دەرمانی بەو ڕادە لە بەردەستدا نییە کە بتوانێ دادی ئەو هەموو نەخۆشە بدا و، لە هەمان کاتدا بە هۆی هەژاری و دەستکورتی، خەڵک ڕێنوێنییە تەندروستییەکان لە بەرچاو ناگرن و بۆ بژێوی ژیان ڕوو لە دەرەوەی ماڵەکانیان دەکەن و هەر ئەوە وای کردوە کە ئەو ڤیرووسە زۆر خێراتر لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو بێتەوە و ببێتە هۆی نەخۆش کەوتن و مردنی سەدان کەس لە خەڵکی کوردستان.

لەو هەلومەرجەدا خەڵکی کوردستان بە چاوی خۆیان بێموبالاتی و کەمتەرخەمیی دەسەڵاتدارانی تاران دەرحەق بە خۆیان دەبینن، بۆیە لە گەڵ ئەو ڕاستییە کە وەزعیەتی بەرێچوونی ژیان لە ئێرانی ئێستادا گەلێک چەتوونە بەو حاڵەش خەڵکی کوردستان بە گشتی و ڕێکخراوە مەدەنی و کەسایەتیی زانستی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی ئەرکی قورسیان بۆ ڕۆشنگەری و ڕێنمایی لە نێو کۆمەڵگەدا بۆ خۆپاریزی لە نەخۆشیی کرۆنا دەکەوێتە سەر شان و لە هەمان کاتدا یارمەتی دان و بە هاناوە چوونی هاونیشتمانییان لە بواری دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان کە فەرهەنگی جوان و جوامێریی کوردەوارییە لەو ئان و ساتەدا بەربەرینتر بکرێتەوە، بۆ ئەوە وەک هەموو جارێ کە نیشانتان داوە لە کاتی تووشبوونی نیشتمان بە کارەساتێکی خولقاوی دەستی سروشت یا مرۆڤ، پشت و پەنای یەکتر بوون و بەسەر کۆسپ و نەهامەتییەکاندا زاڵ بوون؛ ئەم جاریش پێویستە بە هاوکاری و هاوبیریی هەموو لایەک بەسەر ئەو تەنگەژەش کە بە هۆی کرۆنا و کەمتەرخەمیی دەسەڵات بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتوە، سەرکەوتن دەستەبەر بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی

ئەگەر بمانهەوێ ئەم باسە شی بکەینەوە وا باشە لەو ڕستەیەوە دەست پێ بکەین کە دەڵێن: "دروستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستییەکی مێژوویی بوو"، ئەوە تەنیا دەربڕینێکی سادە نییە بەڵکوو ئەنجامی لێکدانەوەیەکی دروستە لەو هەلومەرجەی حیزبی دێموکراتی تێدا دروست بوو و لە هەمان کاتدا دەرخەری کاریگەریی ئەم حیزبە لە قۆستنەوەی هەلومەرجەکە بە قازانجی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد. با بزانین بۆچی پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستیی مێژوویی بووە و چۆن کاریگەریی هەبووە لە سەر گەشەی هەستی نەتەوەیی.

١- ئەو سەردەمەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی خۆی لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف ڕاگەیاند و بە کردار هاتە مەیدانی سیاسیی کوردستان، سەردەمێک بوو کە دەسەڵاتی قاجار ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ بوو بۆ پەهلەوی بە بیرێکی نوێ‌ترەوە گۆڕابوو. ڕێژیمی نوێ سیاسەتەکانی لە ڕاستای پێکهێنانی دەوڵەت - نەتەوە لەسەر بنەمای سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دانابوو و، ئەوە هۆکارێکی بەهێز بوو کە کەلێن بکەوێتە نێو دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ گەلانی پێکهێنەری ئێران. قووڵبوونەوەی ئەو کەلێنە و پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا کارکردن بۆ وەدەست هێنانەوەی مافە نەتەواتییەکان، پێویستی بە سازمان دان و ڕێکخستنێک هەبوو کە کاریگەریی هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەو پێویستییە خۆی لە پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سەردەمییانە لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دیتەوە. واتە دامەزرانی ئەم حیزبە لەگەڵ پێویستییەکەی، پەرچەکردارێک بوو بەرامبەر بە هێژمۆنیی دەسەڵاتی ناوەند. بۆیە دەتوانین بڵێین دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا نوختە گۆڕانێکی بەهێزە لە چۆنیەتیی پارێزگاریی شوناسی نەتەوەیی. ئەم حیزبە لە ماوەیەکی کورتدا توانی ساختارێکی دەوڵەتداری - هەرچەند لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا - لەژێر ناوی کۆماری کوردستان دا بمەزرێنێ، بەڵام ناوبانگی وای کرد زۆر زوو ببێتە ڕوانگە و جێگای ئومێدی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان. هەر بۆیە دەتوانین بەشانازییەوە بڵێین لە مێژووی هاوچەرخماندا گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە یەکەم گوتاری نەتەوەیی و دەسپێکی خەباتێکی هەمەلایەنەی نەتەوەیی دا دەندرێ.

٢- لەو سەردەمەدا دەنگی جووڵانەوە ئازادیخوازییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان سەرکوت کرابوون و، ئەوەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تاکی کورد دا نابوو. بۆیە سەر هەڵدانی حیزبی دێموکرات لەو هەلومەرجەدا زۆر بە خێرایی لە نێو دڵی هەموو ئازدیخوازانی کوردستانی گەورەدا جێی خۆی کردەوە و، هەر زوو بیر و ئەندێشەی ئەم حیزبە بوو بە نموونە

و وێنەیەکی کاریگەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان. بۆ زیاتر نیشان دانی کاریگەریی حیزبی دێموکرات لەم بارەوە، لە پێشدا پێناسەیەکمان بۆ چەمکی نەتەوە هەبێ.

لە پێناسەیەکی گشتییدا، نەتەوە بەو دەستە لە مرۆڤەکان دەگوترێ کە خاوەنی خاک، زمان، کولتوور ومێژووی هاوبەشن. بە پێی ئەو پێناسەیە گەلی کورد یەک نەتەوەیە و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بەو تێڕوانینە ڕوانیویەتی بۆ پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و، لە یەکەم بەیاننامەی حیزبدا خۆی وەک حیزبێکی نەتەوەیی دەناسێنێ و داوا لە خەڵکی کوردستان دەکا لە پێناوی بەدیهێنانی مافی ڕەوای نەتەوایەتییدا لە دەوری حیزب کۆ ببنەوە و فیداکاری بنوێنن. ئەو تێڕاونینە دوای تێپەڕبوونی ٧٥ساڵ، ئێستاش لە بەرنامەی حیزبدا لە فەسڵی شەشەم (پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٧)دا ڕەنگی داوەتەوە: "گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و کورد لە هەر شوێنێک بێت، بە ئەندامی یەک نەتەوە دەناسێ." لە هەمان کاتدا لە پێشەکیی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا، دابەشکردنی کوردستان دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و بێبەشکردنی نەتەوەی کورد لە بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە غەدرێکی مێژوویی و هۆکاری هەموو خوێنڕشتنەکانی ئەم ناوچەیە دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە بایەخی داوە بە پاراستنی خاکی کوردستان و هەوڵی داوە هەستی خۆشەویستیی خاک لە ناخی تاکی کورددا بە چەشنێک جێگیر بکا کە بۆ پاراستنی ئەو خاکە گیانی خۆی بەخت بکا (شانۆی دایکی نیشتمان لە سەردەمی کۆماری کوردستان). وێڕای گرینگی دان بە پاراستنی خاک، بایەخ بە زمانی کوردی وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی دراوە، هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاودا لەگەڵ کرانەوەی قوتابخانەی کوردی، زمانی فەرمیی کۆمار لە ئیدارەکان و بلاڤۆکەکاندا کوردی بوو. حێزبی دێموکرات لەم ڕێگایەوە جگە لەوە ویستوویەتی کورد وەک نەتەوە لە نەتەوەی فارس جیا بکاتەوە، هەوڵی داوە زمانێکی ستانداردیش لە ڕێی دەسەڵات و ئیلزامیکردنی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دروست بکا. هەروەها لەم پێوەندییەدا ڕا دەگەیەندرێ خوتبەی نوێژی هەینی بە کوردی بێ، ئەم هەوڵانە تەنیا تایبەت بە سەردەمی کۆمار نەبوو. لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، حیزبی دێموکرات کتێبی دەرسیی کوردیی چاپ کرد و مامۆستایانی شۆڕشی بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان دیاری کرد.

ئەگەر لە قۆناغی کۆماری کوردستان تێپەڕین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خولقێنەریەتی و ڕێبەرانی سەریان لەسەر ئامانجەکانی دانا، دەبینین دوای نەمانی کۆماریش، خەڵکی کوردستان بە پیر بانگەوازەکانی حیزبی دێموکراتەوە چوون و هەر زوو توانیویەتی بە پشتیوانیی خەڵک خۆی بگرێتەوە و دەست بە خەبات بکاتەوە. حیزبی دێموکرات لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە وەک دوژمنێکی سەرەکی سەیر کراوە و، هەوڵی لە نێو بردنی دراوە بەڵام هەر

لە خەباتی خۆی بەردەوام بووە و؛ بە پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان چووەتە ئاستێکی بەربڵاوتریش و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ویست و داواکاریی ئەم حیزبە هەمان ویست و داوای خەڵکەکەیەتی.

جووڵانەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی دەتوانێ نموونەیەکی دیکە بێ لە دژکردەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سیاسەتی تواندنەوەی کورد. ڕاستە ئەو جووڵانەوەیە تەنیا ١٨ مانگی خایاند، بەڵام کاریگەرییەکەی وەک تەکانێکی دیکەیە لە دوای کۆمار بۆ زیاتر پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتی و ئاشنابوونی تاکی کورد بە مافەکانی.

لە بەرەبەری کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی پاشایەتی، حیزبی دێموکرات لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا دوای چەندین ساڵ خەباتی نهێنی و ئاوارەیی تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند، لە دوای ئەوە هێزی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا خۆی نواند و وەک یەکەم هێزی سیاسی، ڕێبەریی وەدەست خستنی مافەکانی خەڵکی کوردستانی کەوتە سەر شان و لەگەڵ ئەوەی دەبوو لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ بکەوێتە وتوویژەوە، لە کوردستانیش ئیدارەی بەشێکی بەرچاو لەم ناوچەیەی وە ئەستۆ گرتبوو. حیزبی دێموکرات لەو هەلومەرجەدا بە هەموو توانای خۆیەوە تێ دەکۆشا کە کوردستان تووشی شەڕ و ماڵوێرانی نەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، دوو سیاسەتی کوردستانی بوون و ئێرانی بوونی پێکەوە پێڕەو کردوە و بە ڕادەی پێویست هەوڵی داوە گرینگی بە دووکیان بدا. فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای کوردستانی بوون دامەزراوە، بەڵام بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە خاکی کوردستان بێ‌ڕەزایەتی کوردان دابەش بووە، بەڵام بە ڕەچاو کردنی هەلومەرجی ناوچەیی، سیاسی و ئابووریی کوردستان؛ باشترین ڕێگا چارەی پرسی کوردی لە بەشە جیاجیاکاندا زانیوە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا پشتیوانیی ماددی و مەعنەویی خۆی لە بەشەکانی تری کوردستان دریغ نەکردوە و دەتوانین بە کورتی بڵێین بە هەر جۆرێک کە بۆی لوابێ لە بچووکترین خۆشی و ناخۆشییەکانیاندا بەشدار بووە. لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە وزە و هێزی بخاتە گەڕ بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران.

### کۆمەڵێک لە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە کورتی:

- دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێکهێنانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەو حیزبە بێجگە لەوە دەسکەوتێکی سیاسیی گرینگی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو، لە هەمان کاتدا نیشاندەری گەشەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردییش بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

- بەشداریی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی باشووری کوردستان لە کۆماری کوردستان و ڕۆڵگێڕانیان لە ئیدارەی کوردستاندا، یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی پەرەئەستاندنی هەستی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەژێر کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

- حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بایەخی زۆری داوە بە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و خوێندن بە زمانی کوردی بۆ توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ نموونە: گۆڤاری هاواری نیشتمان بڵاوکراوەی بیری لاوان بوو، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان تایبەت کرابوو بە منداڵان (لای چەپی ئەو گۆڤارە نووسراوە بژی کورد و کوردستانی مەزن) و، گۆڤاری کوردستان کە لە دواییدا گۆڕا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکرات بوو و ئێستاش بەردەوامە.

- پێکهاتنی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمدا هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەگەڵ یەکتر و لاوازبوونی ئینتیمای عەشیرەیی و خێڵەکی و بەهێزبوونی ئینتیمای نەتەوەیی. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار توانی عەشیرە و خێڵ و تایەفەکان لە دەوری کورد بوون کۆ بکاتەوە.

- حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فاکتەری هێزی چەکدار لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەتا ئەمڕۆی لەگەڵدا بێ قەت غافڵ نەبووە، بە دوو هۆکار: یەکەم، بەرگری لە خاک و نیشتمان و دەسکەوتەکانی گەلی کورد. دووهەم، هێزی چەکدار فاکتەرێکی گرینگە لە پێکهێنانی کولتووری نەتەوەیی. سپای میللی لە گەشەی هەستی نەتەوایەتی و هۆگریی نیشتمانییدا لە نێو تاکەکانی کۆمەڵ ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ.

- حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جیاکردنەوەی گەلی کورد لە گەلانی دیکە هەوڵی دا کوردیش بکاتە خاوەنی هێمای تایبەت بە خۆی، بۆیە بەم مەبەستە پێش لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ئاڵای کوردستان (٢٦ـی سەرماوەزی ١٣٢٤) بۆ یەکەم جار بە ڕەسمی و لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا بەرز دەکاتەوە و، لە ڕاستییدا ئەو ئاڵایە تەنیا ئاڵای حیزبی دێموکرات یا کۆماری کوردستان نەبوو بەڵکوو ئاڵای نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد بوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە پێشتر لە کۆبوونەوەی ناسراو بە کۆبوونەوەی سێ سنوور لە نێوان نوێنەرانی ( کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی هیوا و نوێنەرانی کوردەکانی تورکیە و سووریە) بڕیاری لە سەر درابوو، کە ئێستاش لە باشووری کوردستان ئاڵای فەرمیی حکوومەتی هەرێمە.

- حیزبی دێموکرات شێعری ئەی ڕەقیبی کردە سروودی نیشتمانی و ئێستا پاش ٧٥ ساڵ ئەو سرووده بۆتە سروودی نەتەوایەتیی گەلی کورد و، لە زۆربەی کوردستانی گەورەدا لە بۆنە و ڕێورەسمە سیاسی و نەتەوەییەکاندا هەم ئاڵا هەڵ

دەدرێ و هەم سروودی نیشتمانیی ئەی ڕەقیب دەخوێندرێ.

- لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشانەیەکی بەهێز بووە بۆ پێناسە کردنی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو ٧٥ ساڵەدا بە هۆکاری جیاواز نەیتوانیوە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بگەیەنێتە لووتکەی سەرکەوتن، بەڵام لە درێژەدانی خەبات پشوودرێژ بووە و هەر ئەو پشوودرێژییە لە درێژە پێدان بە خەبات هۆکارێکی گرینگ بووە.

- حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ئەم هەمووە ساڵە ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕێبازەیە کە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بونیاد نرا و د. قاسملوو گەشەی پێ دا و د. شەرەفکەندی درێژەدەری بوو. گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستاش پێداگری دەکا لە سەر یەکیەتیی نەتەوەیی، دانی سەنگ و قورسایی بە خەباتی مەدەنی، باوەڕمەند بوون بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد، ئامادە بوون بۆ پاریزگاری لە سەروەرییە نیشتمانییەکان، هان دانی خەڵک بۆ پاریزگاری لە ژینگە و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی، بە کورتی هەر بابەتێک و ڕێکارێک کە بتوانێ هەست و سۆزی نەتەوایەتی پەرە پێبدا و تاکی کورد لە ڕاستای بەرەو پێش چوونی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی یەکگرتوو بکا، حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی و پشتگیریی دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---



سەرچاوە Serchawe

## ڕێکەوتننامەی ئەلجزایر، پرسی کورد و چارەنووسی سیاسیی عێراق و ئێران

٣١ی خەرمانان ساڵرۆژی هەڵگیرسانی ئاوری شەڕی ماڵ وێرانکەری عێراق - ئێرانە. لەو ڕۆژەدا سپای عێراق لە پەلامارێکی بەربەریندا هێرشی کردە سەر ئێران و ئەوە بوو بە دەسپێکی شەڕێک کە ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵی خایاند و هەر دوو لای شەڕەکە زیانێکی زۆری ماددی و ئینسانیان لێ کەوت بێ ئەوە هیچ لایەنێکیان سەرکەوتووی شەڕەکە بن و ئامانجەکانی خۆیان لەو شەڕە بەدەست هێنابێ.

بێگومان هەڵگیرسانی ئاوری شەڕ لە نێوان دوو وڵات یا دوو لایەندا ناتوانی بێ هۆکار بێ. ئەگەر چاو بە مێژووی پێوەندییەکانی ئێران - عێراقدا بخشێنین چ ئەو سەردەم کە عێراق بەشێک بووە لە ئیمپراتوری عوسمانی و چ لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە وەک وڵاتێکی سەربەخۆ لەسەر نەخشەی نوێ جیهان جێی بۆ کراوەتەوە، دەبینین پێوەندی ئەو دوو دەوڵەتە پڕە لە کێشە و ئاژاوەیە لەسەر دوو بابەت بووە: یەکەم دیاری کردنی خەتی سنووریی نێوان ئەو دوو وڵاتە و دووهەم وەدەست هێنانی پێگەی یەکەم لە ناوچەکەدا.

کێشەی سنووریی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٩٣م کە هەر دوو لایەن داوای خاوەندارەتیی "شط العرب"یان دەکرد کە دواجار ڕێککەوتننامەی "زەهاو"ی لێ کەوتەوە. دوای ئەو ڕێککەوتننامەیە و لە قۆناخی جۆراوجۆردا کێشە و ناکۆکییە سنوورییەکان سەریان هەڵداوەتەوە و هەتا ساڵی ١٩٧٥م و ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر چەندین ڕێککەوتننامەی دیکەش لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا بەستراوە، بەڵام ئەو ڕێککەوتننامانە نەبوونە چارەسەری کێشەکان؛ بگرە زۆر جار بوونەتە هۆی هەڵەسوون هێنانەوەی ناکۆکییەکان و تەنانەت تێکهەڵچوونی سەربازی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٤٨ هەتاوییەوە هەتا دەستپێکی شەڕی هەشت ساڵە بە پێی ئامارەکان ١٠٤جار لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا و لەسەر سنوورەکان تێکهەڵچوونی نیزامی ڕوویان داوە. ئەگەرچی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر کۆتایی بەو تێکهەڵچوونانە هێنا، بەڵام ئەمە لەسەر حسێبی بزووتنەوەی کورد بوو کە وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بووە قوربانیی سیاسەت و بەرژەوەندیی وڵاتان. ئەگەر ڕێککەوتننامەیەک لە قۆناغێک لە مێژوودا دەتوانی ئاشتی و ئارامی لە نێوان دوو دەوڵەت، یا لایەنەکانی دژبەردا پێکبێنێ ئیمکانی هەیە لە قۆناغێکی دیکەدا ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە نێوان دەوڵەتەکاندا. چونکە لە هەر ڕێککەوتننامەیەکدا کەمتر وایە سەرکەوتنی ٥٠/٥٠ی تێدا بێ و لایەنێک بە هۆکارێک حەتمەن خۆی بە غەدرلێکراو دەزانێ، بەڵام هەلومەرجەکەی وایە دەبێ قەبوولی ئەو ڕێککەوتننامەیە بکا؛ جا بۆیە لە هەل دەگەڕێ قەرەبووی ئەو

غەدرەی کە پێی وایە لێی کراوە، بکاتەوە. ڕێککەوتننامەی ١٩٧٥م ئەلجزائیر لەنێوان ئێران و عێراق ئەو چارەنووسەی هەبوو. ئەو ڕێککەوتننامەیە توانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ جۆرێک لە ئارامی لە نێوان دوو وڵاتی ئێران و عێراقدا دروست بکا، بەڵام بە ڕووخانی نیزامی پاشایەتی لە ئێران و هاتنەسەر کاری نیزامی کۆماری ئیسلامی و بە هۆی سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییە سنوورییەکان و مەزنخوازی لایەنەکان؛ ئەو ئارامییە جێگای خۆی دا بە شەڕ ململانێی توندی نێوان ئێران و عێراقدا کە دواجار شەڕی هەشت ساڵەی بەسەر خەڵکی ئەم دوو وڵاتەدا سەپاند.

لە دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی لە ئێران و هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی، سەددام حوسێن، سەرۆککۆماری عێراق پێی وابوو حکوومەتی نوێی تاران چ لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی و چ لە بواری نیزامی و ئابوورییەوە پێگەی لاوازە و هەڵومەرجەکە لەبارە بۆ دەوڵەتی عێراق کە بە قسەی خۆیان قەرەبووی ئەو غەدرە بکەنەوە کە لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئەلجزائیردا لێیان کراوە. ئەو غدرەش ئەو بوو کە عێراق خۆی بە خاوەنی بێ ئەملاولای "شط العرب"دەزانی و کە بەپێی ڕێککەوتننامەی ١٩٧٥م ئەلجزائیر بە ئێران بڕابوو.

ئێران لە کاتی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایردا بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی جێگای سەرنجی دنیای ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا بوو. ئەوەش هەلێکی باشی بۆ ڕێژیمی پاشایەتی خوڵقاندبوو کە بتوانی بە پاڵپشتی ئەمریکا و داهاتی فرۆشی نەوت خۆی وەک زلهێزی ناوچەی کەنداوی فارس دەربخا و ئەو مەزنخوازییەی نیزامی پاشایەتیی ئێران لە ١٣٥٠ی هەتاویدا بەتەواوی خۆی دەرخست، کاتێک لەو ساڵەدا بریتانیا بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک کورتیهێنانی بودجە پاشەکشەی بە هێزەکانی خۆی لە ناوچەکەدا کرد و دەوڵەتی ئەوکاتی ئێران بە دابەزاندنی هێزی نیزامی دەستی بەسەر هەر سێ دوڕگەی "تونبی گەورە"، "تونبی گچکە" و "ابوموسا" دا گرت و خستنیە سەر خاکی خۆی. ئەو کارە ئێران لەوکاتدا عێراقی تەنگەتاو کرد، بەڵام لەسەروبەندەدا عێراق بە دەست شۆڕشی کوردەوە دەیناڵاند و توانا و هێزی دەبەردا نەمابوو کە بەرهەڵستی ئێران بێتەوە و لە ڕۆچنەیەک دەگەڕا بۆ ڕزگار بوون لەو دۆخەی تێی کەوتبوو. ئەمریکا و ئێرانیش ئەم هەلەیان قۆستەوە و کەوتنە یارمەتیدانی شۆڕشی کوردستان بۆ ئەوەی حکوومەتی عێراق ناچار بکەن تەسلیمی داواکانیان بێت.

ئەمریکا نەیدەویست عێراق ببێتە هاوپەیمانی یەکیەتیی سۆڤییەت و ئێرانیش دەیهەویست عێراق دان بە بەشێک لە خاوەندارەتیی ئەو لە "شط العرب" دابنێ و بە چۆڵکردنی پشتی شۆڕشی کوردستان هەر کام لەو سێ دەوڵەتە بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت بە ئامانجەکانی خۆیان گەیشتن. بەڵام دوای ڕووخانی حکومەتی پاشایەتی عێراق هەوڵی دا ئەم هەلە بقۆزێتەوە و جێگە و پێگەی خۆی لە کەنداوی فارسدا بەهێز بکا و ڕۆڵی زلهێزی ناوچەکە بگێڕێ. هاوکات سەددام حوسین هەوڵی دەدا دنیای عەرەب و ڕۆژئاوا بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە حکوومەتی عێراق دەتوانی پێشی مەزنیخوازیی حکوومەتی

تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی بگرێ و ئیزن نەدا هەناردە کردنی شۆرشی ئیسلامیی ئێران بچێتە خانەی جێبەجێ کردن.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینی هەر لە سەرەتاوە دروشمی هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیان بەرز کردەوە و بۆ ئەو مەبەستە بە ئاشکرا کەوتنە دژایەتی کردنی حکوومەتی عێراق و پشتیوانی کردن لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی ئەم وڵاتە بەتایبەتی هێزە شیعەکان کە هاوبیری دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی بوون. بۆنموونە لە ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی لە وتارێکدا بۆ لایەنگرانی خۆی هێرشی توند دەکاتە سەر سەدام حوسین و بە کافر و دوژمنی ئیسلام و پیرۆزییەکانی شیعەی دادەنێ و لە خوێنخۆریدا بە مەغول و ڕەزاشا و محەممەد ڕەزاشای دەشوبهێنێ.

هەر لەو مانگ و ساڵە دا (٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی)بۆ جارێکی دیکە خۆمەینی لە کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندەرانی بەسیج داوا لە ئەفسەرانی پلەبەرزی سوپای عێراق دەکا بە دژی حکوومەتی سەدام کودیتا بکەن و ئەو جۆرە لێدوان و دنەدانەی خومەینی و ڕێبەرانی ڕێژیم هەتا دەستپێکی شەڕی عێراق -ئێران درێژەی هەبوو. دیارە سەدام حوسێنیش لەو ماوەیەدا بێدەنگ دانانیشێ و بە بیانووی جۆراجۆر دژبەرە شیعەکانی خۆی سەرکوت دەکرد و لەنێوی دەبردن، لوتکەی ئەو پەرچە کردارەش کوشتنی ئایەتوڵڵا سەید مەحەمەد باقر سەدر بوو کە بوو بە هۆی تووڕەیی لە ڕادەبەدەری خومەینی و ڕێژیمەکەی. بێجگە لەوانە سەدام بە ئاشکرا هەر وەکی گوترا داوای خاوەندارەتیی هەموو "شط العرب"ی دەکرد و دەیگوت کاتی خۆی بە هۆی لاوازی لەبەرامبەر شۆڕشی کورددا ناچار بووە ئەو ڕێککەوتننامەیە ئیمزا بکا و ئیستا کە هۆکارەکە نەماوە و سیستمی سیاسیی ئێران ئالوگۆڕی بەسەردا هاتوە ئەو ڕێککەوتننامەیەش ئیعتباری نییە و ئێران دەبێ ئەو مافە بۆ عێراق بگەڕێنێتەوە. عێراق لە هەمان کاتدا باسی لە خاوەندارەتیی بەشێک لە خاکی ئێرانی دەکرد، وەک پارێزگاکانی خوزستان و ئەهواز کە خەڵکەکەی عەرەبن.

بەو شێوەیە ڕەوتی ڕووداوەکان بەو ئاقارەدا ڕۆیشت کە شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتە لە ڕۆژی ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی دەست پێ بکا و هەتا ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاوی بۆ ماوەی هەشت ساڵ درێژەی کیشا و دواتر دوو لایەن بە ملدان بە بڕیارنامەی ٥٩٨ی شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان تەقەیان وەستاند. ئەو شەڕە بۆ هەر دوو وڵات خەساری گەورەی ماددی وئینسانیی بەدواوە بوو، بە جۆرێک کە زیانی گیانی هەر دوو لا لە بەرەکانی شەر خۆی لە نیو میلیون سەرباز داوە و کۆی زیانەکانی ماددی عێراق بە ٤٥٢ میلیارد دولار و کۆی زیانەکانی ماددی ئێران بە ٦٤٥میلیارد دۆلار خەملێندراوە. لەو شەڕەدا کوردستان لە هەر دوو بەشی سنوور پشکی گەورەی لە زیانەکان بەر کەوت، چونکە بە درێژایی سنوور لە لایەن هەر

دوو دەوڵەتەوە کرابوو بە بەرەی شەڕ و هەموو چەکێکیان لە سەر یەکتر لێ بە تاقی دەکردەوە و بیجگە لە هێزە نیزامییەکان زەرەرمەندی سەرەکی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان لە هەر دوو دیوی سنوور بوون. کار گەیشتە جێیەک کە تەنانەت چەکە قەدەغەکراوەکانییش لە شارەکانی سەردەشت، هەڵەبجە و چەندین ئاوایی وگوند و ناوچەی دیکەی کوردستان لەسەر کورد بە تاقی کرانەوە کە ئاسەوارە زیانبارەکەی ئێستاش دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ کۆتایی شەڕ بەرۆکی خەڵکی کوردستانی بەرنەداوە.

بەمجۆرە ڕێککەوتننامەی (ئەلجزائیر ١٩٧٥) نەک نەیتوانی دەستەبەری ئاشتی لە نێوان ئێران و عێراق بێ، ئاکامەکەی بوو بە شەڕی نێوان ئەم دوو وڵاتەش، هەروەها جووڵانەوەی کوردیشی پێ لەبار نەبرا و، کورد بۆ جارێکی دیکە لە باشووری کوردستان توانی خەبات و ڕاپەڕینی خۆی بکاتەوە و سەرکەوتنی گەورەش وەدەست بێنی. لە بەرامبەردا ئەوە سەدام بوو سەری خۆی و حوکمڕانییەکەی لەسەر دانا و نیزامی کۆماری ئیسلامیش بە خواردنەوەی جامی ژەهر لە لایەن ڕێبەری ئەو ڕێژیمەوە سەرەتای ڕەوتی شکانی خۆی لە سیاسەتی هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی لە ڕێگای هێزەوە دەست پێکرد، شکانێک کە لە ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک لێکەوتەکانی دیار و بەرچاون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئوکتۆبەری ٢٠٢٠

## گەڕانی بەردەوام بەدووی ڕاستییەکاندا

(بە بیانووی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی دیسایت - ئاڵمان)

ڕۆژنامەی دیسایت کە ڕۆژنامەیەکی پڕ خوێنەری ئاڵمانییە ڕاپۆرتە وتارێکی لە ڕۆژی ٥ی نوامبری ٢٠٢٠ لەژێر سەردێڕی "سیخوڕی تێرۆری دژبەران لە ڕێستورانەتی میکۆنوس کێ بوو؟" بڵاو کردەوە. بە دوای بڵاو بوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە شەپۆلێکی دیکە لە باس و خواست لەنێو کۆڕی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لەسەر تێرۆری میکۆنووس و خاڵی ونبووی ئەو تێرۆرە کە چ کەسێک ئاگاداری وردەکاریی سەفەری د.شەرەفکەندی، سکرتێری حیزبی دێموکرات بۆ بێرلین بووە، هاتەوە گۆڕێ و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە سەر نێوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە بوو بە ڕۆژەڤی ڕاگەیەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی. ئەوانەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر چۆنیەتیی تێرۆری مێکونوس و پاشان دادگای میکۆنووس کردووە، دەزانن کە ئەو پرسیارە لە ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەی پۆلیسی جینایی ئاڵمان و هەتا حوکمی کۆتایی دادگا بۆ هەموو دامودەزگای پۆلیس و قەزایی ئاڵمان جێگای سەرنج و تێڕامان بووە. بەڵام هیچ سەرەداوێک یا دەستی پۆلیس نەکەوتووە، یا ئەگەر دەستیان کەوتووە جێگای پرسیارە کە چۆنە پۆلیس و دەزگای قەزایی بۆ بیروڕایی گشتی یا لانیکەم بۆ بنەماڵەی شەهیدانی دەستی ئەو تێرۆرەیان ڕوون نەکردۆتەوە.

بێجگە لە ڕاپۆرتی ئەو ڕۆژنامەیە (دیسایت)کە بەتازەیی بڵاو بۆتەوە و لەکاتی پێکهاتنی دادگای میکۆنووس دادخوازی داواکاری گشتیی ئاڵمان پاڵپشت بە ڕاپۆرتی ئیدارەی گشتی دژە ئیتلاعاتی ئاڵمان BND لە پەروەندەی تێرۆری میکۆنووس ئەو بابەتە دەورووژێنن کە لە کاتی بەڕێوەچوونی تێرۆرەکە لە ڕێستورانتی میکۆنووس سەرچاوەیەکی زانیاری هەبووە کە پێوەندی لەگەڵ تێرۆریستەکان هەبووە و بەبێ ئەو سەرچاوەیە ئەو کردەوە تێرۆریستیە بەو شێوە ورد و بێ کەموکورتییە بەڕێوە نەدەچوو. بۆیە بۆ دەزگای قەزایی ئاڵمان گرینگ بوو بزانن ئەو کەسە کێیە؟ بەڵام بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ئەو ڕۆژنامەیە ئەو جیاوازییە دروست دەکا ئەویش ئەوەیە کە نووسەری ئەو بابەتە لە ڕۆژنامەی ناوبراودا بە هێنانەوە بەرباسی چەندین پرسیار لە سەر کەسێک بە ناوی "عەزیزی غەفاری" کە لەکاتی کارەساتی تێرۆری میکۆنووسدا خاوەنی ڕێستورانەتەکە بووە و شەوی تێرۆرەکە هەم میواندار بووە و هەم لە کاتی تێرۆرەکەدا بە توندی بریندار بووە، وەک ئەو کەسە دەناسێنی کە لەو شەوەدا هاوکار و جاسووسی تیمی تێرۆر بووە و هەوڵی داوە هەموو ئاسانکارییەک بکا بۆ بەڕێوەچوونی کردەوە تێرۆریستییەکە. دیارە لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی دادگاشدا ناوبراو هەم وەک شاهید لە دادگا بانگ

کراوە و هەم وەک تۆمەتبارێک کەوتووەتە بەر لێکۆڵینەوەی دەزگای قەزایی ئاڵمان.

وەک باس کرا لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە و دادگادا ئەو بابەتە لەبەر چاوی کاربەڕێوەبەرانی دەزگای قەزایی ئاڵمان شاراوە نەبووە. بۆ وێنە لە ڕاپۆرتی ٤ی ئاوریلی ١٩٩٥کە بۆ دادئەستێن (یوست) لە دیوانی بەرزی ئاڵمان نێردراوە، باس لەوە دەکرێ کە تیمی تێرۆر بە چاوساغیی سەرچاوەیەک لە وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی ئێران شوێنی کۆبوونەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیان بە دەقیقی زانیوە و ئەو سەرچاوەیەش لە پێوەندیی ڕاستەوخۆدا بوو لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و لە کاتی بەڕێوەچوونی تێرۆرەکەشدا لە شوێنەکە بووە. بەڵام بەداخەوە لە ڕەوتی بەڕێوە چوونی لێکۆڵینەوە و تەنانەت بۆ دادگاش ڕوون نەبووە کە ئەو کەسە کێ بوو کە ئاگاداری وردەکارییەکانی سەفەری د. شەرەفکەندی بووە و بە قازانجی کۆماری ئیسلامی ئەو زانیارییانەی بەکارهێناوە.

پەروەندەی تێرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ڕاستە خاڵی ونبووی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە چ کەسێک شەوی تێرۆرەکە هاودەست وهاوکار و ڕێنیشاندەری تێرۆریستەکان بووە، بەڵام لێرەدا پێویستە لەبیرمان نەچێ کە هەڵوێست و کردارەی دەزگای قەزایی ئاڵمان و دادگای میکۆنووس لەسەردەمی ئێستادا کە سەردەمی پاراستنی بەرژەوەندییەکانە ئەوەندە ئازایانە و بوێرانە بوو کە هەموو کات بۆ گەلی کورد و حیزبی دێموکرات دەبێ جێگای ڕێز و پێزانین بێ. چونکە حوکمی ئەو دادگایە توانیی لە ڕێگای قانوونەوە پەردە لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵداتەوە و هەم نیزامی ئەو نیزامە بە "سیستمی جینایتکار" بە دنیای بناسێنێ و هەر ئەو دادگایە ئیزنی نەدا خوێنی بەناحەق ڕژاوی ئەو تێرۆرکراوانە وەک باقی جینایەتەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بکەوێتە ژێر ساتوسەودای سیاسی و بازرگانی دەوڵەتەکان لەگەڵ نیزامی حاکم بەسەر ئێراندا؛ لە هەمان کاتدا بوو بە هۆکارێکی گرینگ بۆ پەکخستنی ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لانیکەم لە ئورووپادا. ئێمە دوای حەوت مانگ لە کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕێستورانتی میکۆنووس، دادئەستێن ئیدیعانامەی خۆی بە ڕەسمی پێشکەش بە دادگای بەرزی بێرلین دەکا. لەو ئیدعانامەیەدا دادئەستێن بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکا کە تێرۆری میکۆنووس دەستی کۆماری ئیسلامی تێدایە و هەر لەو ئیدعانامەیەدا دادئەستێن بە ڕوونی ڕایگەیاندبوو کە دەیسەلمێنی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی و خودی "علی فلاحیان" لە پشت ئەو تێرۆرەن. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو بابەتە کۆمیسیۆنێک پێکهات بە ناوی کۆمیسیۆنی میکۆنووس کە ٨٩ ئەندامی هەبوو کە کارەکەیان ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک بوو لە سەر تێرۆری میکۆنووس. دادگای بەرزی بێرلین دوای سێ حەوتوو باس و لێکدانەوە ئیدعانامەی دادئەستێنی قەبوول کرد و ٢٨ی ئۆکتوبری ١٩٩٣ وەک یەکەم ڕۆژی دانیشتنی دادگای میکۆنووس دیاری کرا کە پرۆسەی ئەم دادگایە زیاتر لە سێ ساڵ و نیوی خایاند و لەو ماوەیەدا ٢٤٧ کۆبوونەوەی دادگا بەڕێوە چوون.



سەرچاوە
Serchawe

ڕاستە هەتا ئێستاش ڕوون نییە کە چ کەسێک زانیاریی لەسەر شوێن و چۆنیەتی کۆبوونەوەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەگەڵ بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی گەیاندووەتە دەست تیمی تێرۆریستەکان و کارئاسانیی بۆ کردوون بۆ ئەنجامدانی کردەوەکەیان، بەڵام پێویستە و گرینگە بە بەردەوامی کار بکرێ بۆ ڕوونبوونەوەی ئەو بابەتە و دەستی یارمەتی بۆ هەموو ئەوکەس و لایەنانە درێژ بکەین کە دەتوانن کاریگەریان هەبێ لە ئاشکراکردنی ئەوکەسە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاشکرابوونی ئەم نهێنییە گرینگە، بەڵام هەروەک باس کرا حوکمی دادگای بێرلین "میکۆنووس" بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازی ئێران بە گشتی و گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بەتایبەتی گرینگیی زۆری هەیە و بە بڕیارێکی مێژوویی دادەنرێ.

لەو پێوەندییەدا ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشانی تێکۆشەران و هەموو ئازادیخوازان ئەوەیە کە نابێ ئێزن بدەن، تێرۆری میکۆنووس و هەموو کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بچنە خانەی لەبیرچوونەوە، هەر بۆیە پێویستە بە دایمە کار بۆ ئەوە بکرێ ئەو کردەوە تێرۆریستییانەی دەسەڵاتدارانی تاران لە بیروزەینی گەلانی ئێران و خەڵکی کوردستان و بیروڕای جیهانیدا بە زیندوویی بمێنێتەوە. پێویستە بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەک سیاسەتی تێرۆریزمپەروەری کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قاو بدرێ، چونکە هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەستیان لە تێرۆری جیابیران و دژبەرانی خۆیان هەڵ نەگرتووە و لە پەروەردە و بارهێنان و هەناردەکردنی تێرۆریست بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران خۆی نە پاراستووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی ساڵی ٢٠٢١

### ئێعدام وەک ئامرازی سەرکوت لە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

بەپێی کۆکراوەی ئامارێک کە "بنیاتی برومەند" بڵاوی کردووەتەوە، لە ماوەی چل ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییدا ژمارەی ئێعدامکراوان لە ئێران خۆی لە ٢٥ هەزار و٤٠٠ کەس دەدا. ئەم پرسیارە هەمیشە بەرۆژە کە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ سزای ئێعدام چییە و بە سووربوونی لەسەر بەردەوامیی ئێعدامەکان چ ئامانجێک دەپێکێ؟ ئایا مەبەستی کۆماری ئیسلامی لەو سزایە سەقامگیریی ئەمنیەت و بەربەرەکانی لەگەڵ تاوان و تاوانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە لە وڵاتدا؟ ئەگەر وایە ئێعدام چەندە کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی تاوان لە کۆمەڵگەی ئێراندا داناوە؟ یاخود تەنیا مەبەستیان خوڵقاندنی کەشی ترس و تۆقاندنە لە کۆمەڵگەدا؟

ئەزموونی پتر لە چوار دەیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی جێی هیچ شک و گومانێکی نەهێشتۆتەوە کە ئێعدام وەک ئەوپەڕی توندوتیژی، یەک لە هەرە ئامراز و چەکە کاریگەرەکانی دەستی ڕێژیم بووە بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگە و ڕێگەگرتن و نەهێشتنی هیچ نارەزایەتییەک. پەرەسەندنی بەردەوامی تاوان لە کۆمەڵگە و زۆربوونی زیاتر لە پازدە هێندەی ژمارەی بەندکراوان (لە ماوەی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا) پێمان دەڵێن کە ئێعدام و توندوتیژی نەیتوانیوە گەرەنتیی نەزم و یاسامەندی و ئەمنییەت لە کۆمەڵگەدا بکا، دەمێنێتەوە ئەوە کە کۆماری ئیسلامی کە لە بەردەوامیی ئێعدامەدا بەشوێن ئامانجەکانی خۆیدا دەگەڕێ.

ڕابردووی بەکارهێنانی ئامرازی ئێعدام بە مەبەستی سەرکوت و ئەوپەڕی زەبروزەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە مێژووی کۆماری ئیسلامییەوە گرێ دراوە. یەکەمین پێشێلکاری زەقی مافەکانی مرۆڤ تەنیا چوار ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە سەربانی "مەدرەسەی ڕیفاە"ی تاران بە ئێعدامکردنی کاربەدەستانی پێشووی ڕێژیمی پێشوو دەستی پێ کرد، دەسپێکی کوشتار و نەهێشتنی دژبەر و نەیار کە لە کەشی شۆڕشگێریی ئەوکاتدا کەم کەس نارەزایەتیی لە دژی دەربڕی. ڕەوتێک کە بە ئێعدامی زیندانییانی سیاسی درێژەی پێدرا و کۆماری ئیسلامی بۆ تۆقاندنی کۆمەڵگە تەناف و



سەرچاوە
Serchawe

دارەکانی ئێعدامی کێشایە شەقامەکان و بەرچاوی خەڵک؛ کە ئەم ڕەوتە ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

ئێعدام قورسترین سزایە کە گیانی کەسی حوکم لەسەردراو دەستێنێ و لەدوای جێبەجێ کردنی سزاکە هیچ گەڕانەوەیەکی تێدا نییە، واتە ئەگەر دواتر دەرکەوت کە کەسی ئێعدامکراو بێتاوان بووە، کار لە کار ترازاوە و هیچ قەرەبوویەک ناتوانێ جێگەی ئەو گیان لێئەستاندنە بگرێتەوە. کاریگەرنەبوونی سزای ئێعدام لە پاراستنی نۆرمەکانی کۆمەڵگەش وایکردووە کە ئەم جۆرە لە سزادانە ڕۆژ بە ڕۆژ دژبەرانی زیاد ببن و لە قانوونی سزادانی زۆربەی وڵاتانیش هەڵگیرێ، یان ئەگەر لە چەند وڵاتێکیش مابێ بە دەگمەن جێبەجێ بکرێ. لە ئێستادا بەپێی هێندێک ئامار لە ١٩٥ وڵاتی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٥٣ وڵاتدا سزای ئێعدام هەڵگیراوە. لەبری ئەوە و بۆ کەمکردنەوە یان نەهێشتنی تاوان لە کۆمەڵگەدا ڕێکاری دیکە و سزای جێگرەوەی دی لەبەرچاو گیراوە و دەرکەوتووە کە ئەم بڕیارە شوێنی ئەرێنیی زۆر پتری لەسەر کۆمەڵگە داناوە. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا حیکایەت جۆرێکی دیکەیە.

لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامییدا ڕۆژ نییە بەئاشکرا لە سووچێکی ئەم وڵاتە و نائاشکرا لە دەیان حەوشەی بەندیخانەکانی وڵاتدا پەتی ئێعدام هەڵنەخرێ، بەڵام لەو سۆنگەیەوە نە ئەمنییەت بۆ خەڵک بەدیاری هاتووە و نە بەها و بایەخەکانی کۆمەڵگەشی پێ پارێزراو بووە، ئیللا ئەوە نەبێ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ ترساندنی کۆمەڵگە لە سەرپزێویی سیاسی و ناڕەزایەتیی گشتی کەلکی لێ وەرگرتووە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا سزای ئێعدام لە قانووندا گونجێندراوە و پاڵپشتیی شرعی و فتوای ئایەتوڵڵاکانی شیعەی دەسەڵاتداری نیزامی لە پشتە و تەنانەت بەڕێوەچوونی سزای ئێعدام ڕێ پێدراوە کە لەسەر شەقام و بەبەر چاوی خەڵکەوە جێبەجێ بکرێن. ئەوەش هەموو بۆ ئەوەیە کە بڵێن و پیشانی بدەن هەر کەس و کاربەدەست و ڕەخنەگرێک بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی قسە بکا، سزاکەی ئێعدامە.

لە دادگاکانی کۆماری ئیسلامییدا دژبەران، نەیاران و ڕەخنەگران بە تاوانی فەساد لەسەر عەرز و شەڕ لەگەڵ خودا (محاربە با خدا) دادگایی دەکرێن. چونکە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی خۆیان پێ نوێنەری خوا لەسەر عەرزە و دژایەتی لەگەڵ خۆیان و نیزامەکەیان لە ڕیزی دژایەتی لەگەڵ خوا دادەنێن و بە حوکمی ئەوەی کە کەسی تاوانبارکراو شەری لەگەڵ خوا ڕاگەیاندوە، دەبێ بە زیندوویی لەسەر زەوی نەمێنێ و بۆ ئەوەش حوکمی ئێعدامی لەسەر بەڕێوە دەچێ. ئێعدامی ڕوحوڵڵا زەم، ڕۆژنامەنووس و میدیاکار یەکێک لە تازەترین نموونەکانە کە لە سۆنگەی دژایەتیکردنی ڕێژیم و لەقاودانی جینایەت و گەندەڵیی کاربەدەستان بە فێڵ و تەڵەکە لە داو خرا، ڕفێندرا و لە دادگادا بە تاوانی "فەساد لەسەر عەرز" مەحکووم بە

ئێعدام کرا، بەو واتایە لە ڕوانگەی دەزگای دادی ڕێژیمەوە بێتوو کەسێک ڕەخنە لە نیزامی بەڕێوەبەریی وڵات بگرێ، دزی و گەندەڵیی کاربەدەستان لەقاو بدا، سیاسەتە بیانییەکانی حکوومەت بباتە ژێر پرسیار و لەسەر دەرد و مەرگ و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگە بنووسێ، لەسەر عەرز فەسادی بەرپا کردوە و سزاکەی مردنە!

کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو ا هەموو کات لە دوای وڵاتی چین پلەی دووهەمی لە جێبەجێ کردنی سزای ئیعدامدا بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، بە لەبەرچاو گرتنی ڕێژەی حەشیمەتی ئێران و چینیش، دەکرێ بڵێین پلەی یەکەمی لە ئێعدام لە دنیادا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ماوەبەماوە لە لایەن دامەزراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ بەڕێوەچوونی سزای ئێعدام لە ئیران مەحکوم کراوە و بە بەردەوامی لەگەڵ دژایەتیی کۆمەڵگەی جیهانییش ڕووبەڕوو بۆتەوە و لەو سۆنگەیەوە ڕاگەیەندراو و بڕیارنامەی لە دژی دەرکراوە؛ بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی وازیان لە سزای ئیعدام نەهێناوە و بێگوێدان بەو نارەزایەتی و مەحکوومکردنانە لە سەر جێبەجێکردنی سزای ئێعدام هەروا پێداگرن، چونکە هەروەک باسمان کرد سزای ئێعدام بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئامرازێکی گرینگە بۆ نەهیشتن و حەزفی فیزیکیی جیابیرانی خۆیان و خوڵقاندن و سەپاندنی کەشی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگەدا.

نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی هێژمونیی خۆی بە سەر گەلانی ئێراندا نەک هەر دەستبەرداری سزای ئێعدام نابێ، بەڵکوو لە بەڕێوەبردنی ئەو سزایەشدا قانوون و نەریتەکانی پێوەندیدار بەو بابەتەش لەبەر چاو ناگرێ، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو شیوە ئێعدامانەی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەڕێوە دەچن، خۆیان جۆرێک لە کوشتنی بەئانقەست یا شێوە تیرۆرکردنێکە کە لەلایەن حکومەتەوە دەکرێن. بۆ نموونە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامییدا کەم نین ئەو جیابیر و دژبەرانەی نیزام کە حوکمی کوشتنیان لە لایەن ڕێبەری نیزامەوە دراوە و ئەو حوکمەیان لەسەر جێ بەجێ کراوە و لە کارنامەی ئەو نیزامەدا وەک تێرۆری جیابیرانی نیزام تۆمار کراوە. زۆر جارانیش دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم هەوڵیان داوە کەسی مەحکووم بە مەرگ بە شێوازی جۆراوجۆر لە داو بخا و، ئەگەر لە دەرەوەی ئێرانە بیهێنێتەوە و لە دادگایەکی ڕواڵەتیدا حوکمی کوشتنەکەی بەسەردا بسەپێنێ کە ئەوە لەگەڵ تێرۆر هیچ جیاوازییەکی نییە. چونکە ئەو کەسە پێشتر بڕیاری کوشتنەکەی دراوە و تەنیا دەزگای ئەمنییەتی ڕێژیم کاری کردووە بۆ ئەوەی ئەو کەسە لە دەرەوی سنوورەکانی ئێران تێرۆر نەکرێ، بەڵکوو پەلکێشی وڵاتی بکەنەوە و لە نێوخۆدا بکوژرێ و گیانی لێ بستێنن.

ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەتا ئیستا کردوویانە دەتوانی دوو ئامانجی لە پشت بێ. ئامانجی یەکەم ئەوەیە کە دژبەرانی خۆیان بە هەر شێوەیەک دەست بدا لەسەر ڕێگا لا دەبن و دووهەم ئامانجیان ئەوەیە کە دژبەرانی خۆیان لە نێوخۆی وڵات لە هەر جیگایەکی جیهان بن، چاوترسێن بکا؛ ئەمەش کەشێکی خوڵقاندووە کە تیغی سەرکوت و هەڕەشەی

ناوەندە ئەمنیەتییەکان بە بەردەوامی لەسەر، سەر و ملی جیابیران و ڕەخنەگرانی ڕێژیم - تەنانەت بنەماڵەکانیان- بمێنێ و هەست پی بکرێ.

هەتا باس لە ئێعدام دەکرێ، کۆماری ئیسلامی بیانووی بەشێک لە ئێعدامەکان بۆ "ماف"ی خەڵک دەگەڕێنێتەوە. کوشتنەوە (قصاص) کە بەپێی نۆڕمە دینییەکان بە مافی خوێنگران دادەنرێ، یەک لەو مافانە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ خەڵکی بە ڕوا! دەزانێ و هەموو هەوڵێک دەدا بۆوەی ئەو مافە! بۆ خەڵکەکەی دەستەبەر بێ. بەڵام گاڵتەی بە هەموو مافە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکەی خەڵک دێ، وەک مافە نەتەوایەتییەکان، مافە کۆمەڵایەتییەکان، مافی ئازادیی دەربڕین، ئازادیی هەڵبژاردن و....

ئەزموونی کۆمەڵە مرۆییەکان پێشانی داوە کە نالێکی و ناتەباییە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەکی زەوینین و چارەسەرکردنیان لە گرەوی پەروەردە و دانانی قانوونە؛ بەڵام دەسەڵاتە دیکتاتۆر و توتالیتێرەکان بە پەنا بردنە ئامرازەکانی توندوتیژی - ئێعدام بۆ نموونە - لە هەوڵی سەپاندن و هێشتنەوەی ئیرادە و دەسەڵاتی دژیگەلیی خۆیانن و بەس.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## جەلیل گادانی، قوتابخانەیەک بۆ فێر بوون و ئەرکوەخۆگری

دەست بردن بۆ پێنووس بۆ ئەوەی لەسەر کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی بنووسی کارێکی گەلێک سەخت و دژوارە، چونکە کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی هەڵگری زیاتر لە ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانە لە ڕێی وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە ٧٠ ساڵ وەک پێشمەرگەیەک مانەوە لە سەنگەری دیفاع لە خاک و نیشتمان و زمان و کولتووری نەتەوەیەک، زیاتر لە ٧٠ ساڵ وەک سیاسییەک تێکۆشاوە لە ڕیزی ڕێبەرانی سیاسیی گەلی کورد بۆ بردنە پێشی پرسی کورد و ئازادی و دێموکراسی لە کوردستان و ئێران، هەر بۆیە زەحمەتە بتوانرێ بە وشەکان سەنگ و قورسایی ئەو ماوە دوورودرێژە لەخەبات و تێکۆشانی ڕەوانشاد کاک جەلیل و کاریگەریی ئەو لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی دەربخرێ و حەقی خۆی پێ بدرێ.

لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییە منیش بەو چەند دێرە هەرچەند بە لەنگ‌ولۆری بێت دەمهەوێ ڕێز و وەفاداریی خۆم بۆ ئەو ماوە دوورودرێژە لە خەبات و تێکۆشان و ماندووبوونی ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی دەرببڕم.

سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو کە لە نزیکەوە کاک جەلیل گادانیم ناسی. هەر لە یەکەم دیداردا بۆ من کە لە هەرەتی لاویەتیدا بووم و هەڵسووڕان و قسەکردن و کاریگەریی کاک جەلیل لەسەر دەوروبەری جێگای سەرنج و تێڕامان بوو. کاک جەلیل بە هەڵسوکەوتی جوان و دڵسۆزانە و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی کە هەیبوو زۆر زوو خەڵکی دەوروبەری دەخستە ژێر کاریگەریی خۆی و ئەو هەستەت لا دروست دەبوو کە لە دڵەوە خۆشت بوێ و لەخۆتی بە نیزیک بزانی. بە داخەوە ئەو دەورانە بۆ من بە هۆی داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان زۆر کەم‌وکورت بوو.

شەڕ لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بەسەر کوردستاندا سەپا و منیش وەک لاوێکی تینووی ئازادی و پاراستنی نیشتمان شانازیی پێشمەرگایەتیم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێ بڕا. وەک پێشمەرگەیەکی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو جار بە دائیم لە بۆنە و کاری جۆراوجۆری حیزبیدا گوێبیستی ناوی کاک جەلیل گادانی دەبووم. کات بە خێرایی تێپەڕ دەبوو و ئێمە بە هۆی سەرقاڵبوونمان بە خەباتی پێشمەرگانە هەستمان بە تێپەڕبوونی کات بەو خێراییە نەکردبوو دوای نیزیک بە بیست ساڵ بەهۆی کار و بەرپرسایەتیی حیزبی شانازی ئەوم پێ بڕاوە کە بۆ جارێکی دیکە ببمەوە هاوکاری نیزیکی کاک جەلیل، بەو جیاوازییە لەگەڵ ئەوەدا کاک جەلیل تەمەنی هەڵکشابوو و منیش

هەروا، بەڵام کاک جەلیل هەمان گوڕوتینی جارانی هەبوو، بەڵام من هەستم بە شەکەتی دەکرد.

کاک جەلیل بێجگە لەوە کە وەک ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب ئەرکەکانی ڕادەپەڕاند، لەهەمان کاتدا ئەرکی ئۆرگانێکی پڕ کاری وەک کۆمیسیۆنی ماڵیی لە ئەستۆ بوو و ڕۆژانە لەگەڵ ئێمە خەریکی ڕاپەڕاندنی کارە جۆراوجۆرەکانی خەدەماتی و تەدارۆکاتیی ئەو ئۆرگانە بوو، لەهەموو بەشەکانی دەپرسییەوە و ڕاسپاردەکانی دەسپارد، لەگەڵ هەموو ئەو پڕکارییە لە بچووکترین فورسەت کە هاتبا پێش لە خوێندنەوە و نووسین غافڵ نەدەبوو، و لەهەمان کاتدا بە دایمە هاندەری ئێمەمانان بوو، بۆ نووسین و خوێندنەوە و گەلێک جاران هاندانەکانی تێکەڵ دەبوون بە گلەیی وگازندە لە ئێمە و کەسانی وەک ئێمە کە بۆچی دەست بۆ قەڵەم نابەن و ئەگەر لەسەر پرسە سیاسییەکان نانووسن لانیکەم بیرەوەرییەکانتان بنووسن، ژیانی پێشمەرگایەتی ئێوە پڕە لە خۆشی و ناخۆشی، کارەسات و خوێن و قوربانیدان، ماندوویی و برسیەتی، شەکەت و هیلاکی، بۆیە پێویستە ئەو ژیانە بنووسرێتەوە و چ کەسێک باشتر لەخۆتان هەیە بۆ نووسینەوەی.

هەموو کات ڕەوانشاد کاک جەلیل ئەوەی وەبیر دەهێنایەنەوە و دەیگوت کەم نەتەوە هەیە ڕۆڵەی وەک پێشمەرگەی کوردستانی فیداکار و لەخۆبوردووی هەبێ حەیفە ئەو هەموو تیکۆشانە بەخۆشی و ناخۆشییەوە نەیەتە سەر لاپەڕەکانی کاغەز و بەدیکۆمینت نەکرێ. هەر بۆیە یەکیک لە ئەرکەکانی کە بۆ خۆی دیاریی کردبوو کۆکردنەوەی ئەو ڕووداوانە بوو کە لە زەمانی پێشمەرگە و فەرماندەرانی پێشمەرگە باسیان لێوە دەکرا، باشم لە بیرە من یەکێک لەو کەسانە بووم کە کاک جەلیل بانگهێشتی کردم بۆ نووسینی یادەوەرییەکانی پێشمەرگایەتی لەبەر ئەوە لە هەلومەرجی ئێستاماندا باوەڕم بە نووسینی بیرەوەرییەکان نەبووە و نییە خۆم لە داوای کاک جەلیل بوارد و ئەویش زۆرم لێ بە گلەیی بوو. هەر بۆیە کاتێک کۆبەندی کۆمەڵێک بیرەوەریی دوژمن شکێنی پێشمەرگە لە دووتوێی کتێبێک لە ژێر ناوی کەشکۆڵی پێشمەرگە بە هیمەتی کاک جەلیل چاپ و بڵاو بۆوە بۆخۆی بۆی هێنام و گوتی بۆیە بۆم هێناوی ئەوە جاری پێشوو نییە دەبێ ئەو جار بنووسی. ئیدی دەستم کورت و بێدەسەڵات مامەوە و هەر تەنیا ئەوەندەم گوت: بە چاوان کاک جەلیل و بۆ بەرگی دووهەمی کەشکۆڵی پێشمەرگە بابەتێکم لەژێر سەردێڕی بیرەوەریی یەکشەو لە ژیانی پێشمەرگایەتی نووسی. مەبەستم لەو باسە ئەوەیە کە بڵێم کاک جەلیل لە هەمان کاتدا کە خۆی نوسەر و وەرگێڕێکی بەتوانا بوو، هەموو کات هەوڵی ئەوە بوو کە کادر وپێشمەرگە و ئەندام و منداڵانی بنەماڵەکانی حیزب لە خەتی نووسین و وەرگێڕان وداهێنانی نوێدا بن بۆ دوو مەبەست هەم لەو ڕێگایەوە خزمەت بە دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی بکرێ وهەم ئەو ڕابردووە پڕ لە شانازی و لە خۆبوردووییە بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتووی کوردستان و لە فەوتان ڕزگاریان بکا.

نموونەیەکی دیکە هەر لە بواری هاندانی کاک جەلیل بۆ نووسین و دەست بۆ قەڵەم بردن بۆ کەسانی وەک ئێمە کە لەبەر



سەرچاوە
Serchawe

ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی کەمتر پڕژابووینە سەر نووسین و وەرگێڕان. کاتێک ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤م) لە شوێنی کار سەردانی کاک جەلیلم کرد و باسی ئەوەم کرد کە کۆمەڵێک ڕووداوی مێژووی نیزیک بە چوارسەد ساڵەی ڕابردووی شاری مەهابادم بە کەڵک وەرگرتن لەو سەرچاوانەی بەردەستن گوڵبژێرم کردوون و کۆم کردوونەتەوە و دەمهەوێ لە دووتویی کتێبێکدا لەژێر ناوی "مەهاباد و کورتە مێژوویەک"دا چاپی بکەم، داواکارم بە چاوی ڕەخنەگرانەوە چاوی لێ بکەی و ئەگەر پێت باش بوو وەک پێشەکی هەرچەند کورتیش بێت شتێکی لەسەر بنووسی. کاک جەلیل بەپێی تایبەتمەندی خۆی بەو جۆرەی باس کرا بە دڵئاوەڵەییەوە لێی وەرگرتم ولە ماوەی نیزیک بە دوو حەتوودا نەک بە کتێبەکەدا هاتەوە و چەندین ڕێنوێنیی بەنرخی لەسەر نێوەڕۆکی کتێبە کردم و پێشەکییەکی جوانیشی بۆ نووسی، کە ئەو کارەی کاک جەلیل لەو سەردەمەدا بۆ من پاڵپشتی و دڵگەرمییەکی زۆر بوو، بۆ ئەوەی ئارام ئارام لەو بوارەشدا متمانە بە خۆم بکەم.

هەر سەبارەت بە هۆگریی ڕەوانشاد کاک جەلیل بە زانستی فێربوون و خوێندنەوەی کتێب و ناساندنی خەباتگێڕان بە نەوەی ئێستا و داهاتوو هەتا ئاخری ڕۆژەکانی تەمەنی و دواهەناسەی ژیان وەک ئامانجی پیرۆز دەستی لێ هەڵنەگرت. دوو ڕۆژ پێش گیانلەدەستدانی کە لەسەر تەختی نەخۆشخانە بەدەست نەخۆشیی ماڵوێرانکەری کۆرۆناوە دەیناڵاند، بەپێی وەزیفە بە تەلەفوون ڕۆژانە چەند جار هەواڵم دەپرسی، ئەو جارەیان دەتگوت خۆی دەزانێ دوا سەفەریەتی، لەگەڵ ئەوەدا لە وەزعی هەموو هاوڕێیانی لە حیزب کە تووشی هەمان نەخۆشی ببوون پرسیاری کرد و داوای ئەوەی ڕایسپارد کە هەموو هەوڵی خۆمان بدەین بۆ ئەوە خەڵکی زۆرترمان تووش نەبێ، فەرمووی ٥٠ بەرگ کتێب کە باس لە ژیان بەسەرهاتی شەهیدی فەرماندە چرچەی بارام میرزا دەکا و تازە چاپ بووە لە فڵان شوێنی ماڵی دانراون تکایە بڵاویان بکەنەوە با ئەو گەنج و لاوانە بیخوێننەوە. دەبوایە زۆتر بڵاویان بکەمەوە بەڵام نەخۆشی مەودای نەدا ئێوە ئەوکارم لەجیاتییان بکەن. ئەو جارەش هەر وەک یەکەم جار کە چاوم بە کاک جەلیل کەوت بەو شێوە بیرکردنەوە و لە فکرداببوونەی بە بابەتەکانی دەوروبەری بە تەواوی سەرسام بووم کە دەبێ ئەو مرۆڤە چەندەی ئیمان بەخۆی و ڕێبازەکەی هەبێ کە لە کۆتا هەناسەکانیدا بەجێگای باسکردن لە بابەتی دیکە هەر لە بیر و فکری ئەوەدایە ئەو ڕێبازەی بەخوێنی شەهیدان پاراو کراوە چۆن هەتا سەر لووتکەی سەرکەوتن درێژەی پێ بدرێ و ڕێز لەوانە بگیرێ کە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون.

ئەو چەند نموونەیە سەرەوە تەنیا دڵۆپێک بوون لە دەریای بیروباوەڕی ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی بە پەروەردە و بارهێنان لە ڕەهەندی نووسین و خوێندن و خوێندنەوە. ئەگەر بمانهەوێ کەسایەتیی کاک جەلیل باش بناسین و بزانین لە ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵ چۆن توانیویەتی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد دەوام بێنێ و هەموو ناخۆشی و ئاوارەیی و زیندان و چەرمەسەریی ڕۆژگار لە ڕێگای ڕێبازی کوردایەتی تەحەمول بکا و قەت بۆ

جارێکیش کەس لێی نەبیست کە بڵێ ماندوو بووم و یا گلەیی لە ژیان هەبێ، بەڵکوو هەمووکات ڕووی لەو کەسانە دەکرد کە کاریان لەدەست دێ بەڵام مەسئوولیيەت و بەرپرسایەتی قەبووڵ ناکەن، ئەرک و بەرپرسایەتی لە بەرامبەر جووڵانەوەی وەبیر دێنانەوە و هانی دەدان بۆ کارکردن و مەسئوولیيەت قەبووڵ کردن.

پێویستە و دەخوازێ لە بوارەکانی لایەنی سیاسی و نەتەوایەتی، ئەدەبی و فەرهەنگی، مرۆڤدۆستی و کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوە لە ژیان و سەربوردەی کاک جلیل بکرێ و تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیل لە بوارە جیاوازەکان بخرێتە بەردەستی نەوەی داهاتووی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو هەمووە فیداکاری و لەخۆبوردوویيەی کاک جەلیل ببێتە ڕێنیشاندەری ڕێی خەباتی ئەوان.

یاد و ناوی کاک جەلیل گادانی هەروا بەزیندوویی بمێنێتەوە و ڕێگا و ڕێبازی خەباتی پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠٢١

## جلوبەرگ وەک یەکێک لە نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی

جۆر و شێوەی جلوبەرگ لەنێو هەموو نەتەوەکاندا بە یەکێک لە نیشانەکانی شوناسی فەرهەنگی و نەتەوەیی ئەو نەتەوەیە دادەنرێ. واتا لەنێوان فەرهەنگ و شوناس و جلوبەرگی هەر نەتەوەیەکدا پێوەندییەکی نەپچڕاو هەیە، هەر ئەوەشە وا دەکا نەتەوەکان تەنانەت بە هۆی جلوبەرگیانەوە بە ئاسانی لێک بکرێنەوە، یان نەتەوەیەکی پێ بناسرێتەوە.

بێگومان هەر نەتەوەیەک بەپێی هەلومەرجی جوغرافیایی و ڕەوتی مێژوویی کە پێیدا تێپەڕیوە و پێداویستییەکانی ژیانی، جۆرێک جلوبەرگی تایبەتیی بۆ خۆی دابین کردووە و ئەو جلوبەرگە بە تێپەڕبوونی زەمان و نیازی سەردەم ئەگەر ئاڵوگۆڕێکیشی بەسەردا هاتبێ، بەو ڕادەیە نەبووە کە ڕەسەنایەتیی خۆی لەدەست بدا. بە واتایەکی دی جلوبەرگ یەکێک لە گرینگترین هێماکانی شوناسی نەتەوەیی هەر گەلێکە و پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە فاکتۆر و بنەماکانی دیکەی پێکهێنەری ئەو گەلە، بۆیە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە دەکرێ و دەتوانرێ لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لەسەر جلوبەرگی هەر نەتەوەیەک، بە هاسانی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی شوناسی ئەو نەتەوەیە دەربخرێ و دەتوانێ سەرچاوەیەکی گرینگ بێ بۆ ئەوەی مێژوو و تەنانەت خاڵی شاراوەی ئەو نەتەوەیە دەستنیشان و ئاشکرا بکرێ.

لە سەردەمی ئێستادا نەتەوە باڵادەستەکان بە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان لە خۆیاندا و زاڵبوون بەسەریاندا، لە تەنیشت سەرکوت و زەبروزەنگ، پلان و پیلانیان بۆ ئەوەیە فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە بەتایبەتی جلوبەرگ و نەریت و بۆنەکانیان بکەنە ئامانج، چونکە بە گۆڕینی فەرهەنگ و شێوەی جلوبەرگی هەر نەتەوەیەک جۆری ژیان و تەنانەت بەرهەمهێنانیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و بەرە بەرە ئەو ئاڵوگۆڕە کاریگەریی خۆی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو نەتەوەیە دادەنێ.

لە مێژووی نیزیک بە سەد ساڵی ڕابردووی ئێراندا هەر دوو سیستمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بە هەموو ڕێگایەکدا هەوڵیان داوە لەژێر ناوی "ئێران یەک وڵات و یەک نەتەوە"دا، کولتوور و زمانی نەتەوەی فارس بەسەر گەلانی دیکەی ئەم وڵاتەدا بسەپێنن. ئەو ڕەوتە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاشای پەهلەویدا دەستی پی کرد و کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا وەک میراتگرێکی بەئەمەگ درێژەی بەم پروسەیە داوە. بەڵام هەر ئەوکات کە ڕەزاخان دەستی بەو پرۆسەیە کرد، ئەوە کوردستان بوو کە بوو بە پێشەنگی خۆڕاگری و بەرەنگاری لە دژی پیلانەکانی ناوەند، کە دیارترینیان

شۆڕشی مەلا خەلیل لە ناوچەکانی سەردەشت، پیرانشار و مەهاباد بوو. کۆبوونەوەی هێز لە دەوری مەلا خەلیل ترسی وەبەر دەسەڵاتی ڕەزاشا نا کە نەکا ئەو بزووتنەوەیە کە بە دژایەتیی سیاسەتی یەکدەستکردنی جلوبەرگ وەڕێ کەوتووە، ڕێچکەی خۆی بگۆڕێ و ببێتە جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیی بەربەرینی نەتەوەیی و لەو ناوچەیەوە تەشەنە بکا بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان. بۆیە ڕێژیمی پاشایەتی بە هەموو هێزی نیزامیی خۆیەوە سەرکوتی کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کورد بەهۆی بەرگریی لە شوناسی نەتەوەیی و خۆڕاگریی ئازایانەی نەیهێشت سیاسەتی هێرشی فەرهەنگیی ڕێژیم لە کوردستان سەرکەوتوو بێ.

بە ڕووخانی سیستمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ستراتیژیی "ئێران یەک وڵات و یەک میللەت" نەک هیچ ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهات، بەڵکوو زیاتر تۆکمە کرا و کۆماری ئیسلامی بە سیستماتێککردنی ئەو ستراتیژییە بەتایبەتی لەژێر ناوی پێڕەوی لە قانوونەکانی دین و مەزهەب زیاتر لە دەسەڵاتی پاشایەتی کاری بۆ کردووە. ئەگەر ڕێژیمی پاشایەتی لە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەت - نەتەوە لەسەر بنەمای فەرهەنگ و زمانی فارسدا بوو، کۆماری ئیسلامی هەنگاوێک زیاتر لە نیزامی پاشایەتی هەوڵی بۆ ئەو یەکدەستکردنەی گەلانی ئێران داوە و لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو ئیمکاناتی ماددی و تەبلیغی لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە دەوڵەت-نەتەوەیەک لەسەر بنەماکانی فەرهەنگ و زمانی فارسدا بنیات بنێ کە لە هەمان کاتدا بنەماکانی مەزهەبی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییشی تێدا بەرجەستە بکرێتەوە. زۆر جاران کردار و ڕەفتارەی کاربەدەستانی ڕێژیم دەرحەق بە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران ئەوەندە زەق و بەرچاو بوون کە ناڕەزایەتیی بەرینی ئەو نەتەوانەی لێ کەوتووەتەوە.

لەو وڵاتانەی چەندین نەتەوەی تێدا دەژین و بە سیستمی دێموکراتیک ئیدارە دەکرێن، دەوڵەت هەوڵ دەدا و بەستێنی ئەوە دەخوڵقێنێ کە نەتەوەی زۆرینەی ئەو وڵاتە جگە لە زمانی خۆیان فێری زمانی کەمینەکان و ئاشنا بە کولتووری ئەو نەتەوانەش بن، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە هەستی پێکەوەژیان و تەبایی کۆمەڵایەتی لەنێو ئەو نەتەوانەدا دروست ببێ و بەدوور لە هەستی دوژمنکارانە و دمارگرژی نەتەوەیی، ڕێگا خۆش بکرێ کە وڵات لە ئەمنییەت و لە ئارامیدا ڕەوتی گەشە و پێشکەوتنی خۆی بپێوێ. بەڵام لە وڵاتانی وەک ئێران کە بە سیستمێکی خۆسەپێن و دیکتاتۆری بەڕێوە دەچن، بە پێچەوانەی وڵاتانی دێموکراتک دەجووڵێنەوە و هەموو هەوڵیان ئەوەیە زمان و فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەکانی دیکە لە پێکهاتەی نەتەوەی باڵادەستدا بتوێننەوە و بە باوەڕی خۆیان بەوکارە یەک نەتەوە دروست بکەن. بەڵام دەبینین لە ئێران بە درێژایی لانیکەم سەدەیەک نەیانتوانیوە لەو پرۆژەیەدا سەربکەون و لە هەمان کاتیشدا ئەو سیاسەتە بۆتە هۆی لێکترازانی زیاتر و دوورکەتنەوەی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و ئەوەش کاریگەریی خراپی هەبووە لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵگەی ئێران لە هەموو بوارەکاندا.

**پـوختەی مەبەسـت**: جلوبەرگ و نەریتەکـانی هەر گەلێک ڕەگی لە مێـژووی ئەو گەلەدایە، بـۆیە بێـحورمەتی بە جلوبەرگی کوردی لەژێر هەر ناو و مەبەستێکدا بێ ڕاستەوخۆ دەچێتە خـانەی دژایەتیکردنی ئەو نەتەوەیە و ئەوەی کۆمـاری ئیسلامیی ئێرانیش بۆ ئاسیمیلەکردنی کورد دەیکا، ئاسنی ساردکوتـانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠٢١

## پەروەندە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر دێ و قورستر دەبن

ڕۆژی ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی دادگای جنایی شاری ئەنتوورپ لە وڵاتی بلژیک ئەسدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆماتکاری کۆماری ئیسلامیی بە هۆکاری پلاندانان بۆ کردەوەی تیرۆریستی و دانانەوەی بۆمب بە مەبەستی تەقاندنەوەی لە کۆبوونەوەی بەربەرینی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق لە دەوروبەری پاریس لە پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، بە ٢٠ساڵ زیندانی حوکم دا. بێجگە لە ناوبراو سێ کەسی دیکەش لە هاودستەکانی، ئەمیر سەعدوونی بە ١٥ساڵ، نەسیمە نعامی بە ١٨ساڵ و مێهرداد عارفانی بە ١٧ساڵ زیندان حوکم دران.

لە دوای ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە بەهۆی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا و نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ئێران جومگەکانی دەسەڵاتی گرتە دەست، زۆری نەخایاند ڕاگەیەندرا کە نیزامی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو، واتە کۆماری ئیسلامی دەستی لەو ڕەشەکوژی و کردەوە تیرۆریستیانەدا هەبووە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران ڕوویان داوە. ئەوە سەرەتایەک بوو کە کۆمەڵگەی جیهانی بزانێ کە لەگەڵ سیستمێکی حکومەتی و دەوڵەتداری لە ئێران تەڕەفن کە بنەماکانی خۆی لەسەر قبووڵنەکردنی لایەنی دژ داڕشتووە و بۆ سەرکەوتن بە سەریاندا زۆر ئاسان و بەربڵاو لە کەرەسەی قێزەونی تیرۆر و ڕەشەکوژی کەلک وەردەگرێ. لە گەڵ تێپەڕبوونی ساڵەکان و درێژبوونەوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی زیاتر و زیاتر نێوەرۆکی ئەو نیزامە بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆوە، واتە لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵەکان و مانەوەی پتری ڕێژیم لەسەر دەسەڵات ئەو ڕاستییە زیاتر خۆی سەلماند کە نیزامی کۆماری ئیسلامی نەک پشتیوانی ڕاستەوخۆی تاقم و گرووپە تیرۆریستیەکانە، بەڵکوو تیرۆر و پەروردەکردنی تیرۆریست بۆتە بنەمایەکی دانەبڕاو لە مودیرییەتی ئەو نیزامە.

بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئەو کردەوە تیرۆریستیانە بە ئەمر و دەستووری ڕێبەرانی باڵای ئەو نیزامە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە دژی دژبەران دەکرێن، بەڵام ئەگەر هەر ئەو کردەوە لە لایەن دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بەدژی بەڕێوەبەرانی ئەو نیزامەوە بەڕێوە بچن، واتە ڕووی لە نیزام و کاربەدەستانی ڕێژیم حوکمەکەی (محاربە باخدا) یا (فساد فی‌الارض) دەبێ. لێرەدا دەبینین بۆ یەک کردەوە دوو ڕوانگەی جیاواز و دژ بەیەک حوکم دەدەن بەو مانایە، کردەوەیەک ئەگەر ڕووی لە نیزامی کۆماری ئیسلامی بێت بە پێچەوانەی قانوون و شەرع دادەندرێ، بەڵام هەر هەمان کردەوە لە لایەن دەست‌پەروەردەکانی کۆماری ئیسلامی بکرێ بە قانوونی وشەرعی دادەنرێ و تەنانەت شانازیشی پێوە دەکەن. ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە لە سەردەمی ئێستادا کە پێوندییە نێودەوڵەتییەکان نەزمی جیهانیان ڕێکخستووە و سەرەوەری

هەموو وڵاتان بە قانوون و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ڕێکخراوە، نیزامی کۆماری ئیسلامی پابەندی هیچ یاسا و ڕیسایەک نییە و قانوون و سەرەوەریی وڵاتانی دیکەی لا گرینگ نییە. بەو مانایە کە ئەوەی ڕوو بە خۆی بە تاوان و حەرامی دەزانێ ڕوو بە خەڵک و لایەنی دیکە بە شەرعی و "مباح"ی دادەنێ و بەپێی ئەو ڕوانگەیە بۆ لەنێوبردنی نەیارانی خۆی لە هەر جێگایەکی ئەو دنیا پان و بەرینەدا هەلی بۆ هەڵکەوێ لە هەموو کەرەسەکانی بەردەستی کەلک وەردەگرێ ودەستی خۆی لێ دەوەشێنێ.

کارنامەی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی پڕە لە کردەوەی تێرۆریستی. لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا دەتوانین بە دەیان نموونە باس بکەین کە دیپڵۆماتەکانی ئێران لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان بە هۆی دەستهەبوونیان لە کردەوەی تێرۆریستی یا کردەوەی نەشیاو لە شوێنی مەئموورییەتی خۆیان لە لایەن دەوڵەتی خانەخوێ‌وە دەرکراون، لە حاڵێکدا بە پێی پرۆتۆکۆلە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان بەرپرسانی دیپلۆماتیک لە هەموو وڵاتانی دنیا پارێزبەندییان هەیە و ئەو پارێزبەندییە ئەوەیە کە دیپڵۆماتکارەکان ئەگەر تووشی خیلاف یا تاوان هاتن لە شوێنی مەئمورییەتی خۆیان لە لایەن پۆلیس و دەزگای قەزایی ئەو شوێنە ناکەونە بەر لێپرسینەوەی قەزایی. بەڵام هەروەک پێشتر باسمان کرد نیزامی کۆماری ئیسلامی پابەندی هیچ یاسا و ڕێسایەک نییە بۆیە لە پارێزبەندیی دیپڵۆماتیک کەلکی وەرگرتووە و کردەوە تێرۆریستیەکانی خۆی بەڕێوە بردوون. کۆتا نموونە دەتوانین ئیشارە بە گیران و حوکمدانی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، دیپڵۆماتکاری کۆماری ئیسلامی لە بلژیک بکەین کە هەر وەک پێشتر باس کرا بە تاوانی گەڵاڵەی بۆمبدانانەوە و کردەوەی تێرۆریستی لە دژی کۆبوونەوەیەکی دژبەرانی ڕێژیم دەسبەسەر و لەگەڵ هاودەستەکانی دادگایی کرا و لە لایەن دادگاوە بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم درا.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دادگا ئەو بۆمبەی کە ئەسەدی دەیەویست لەو کۆبوونەوەیەدا بیتەقێنێتەوە لە ئێران دروست کراوە و لە جانتایەکی دیپڵۆماسیدا و لە ڕێگای فڕۆکەوە گواستراوتەوە بۆ ئورووپا. هەروەها بەپێی حوکمی دادگا ئەگەر ئەو تەقینەوەیە لەو کۆبوونەوەدا ڕووی دابا، دەبوو بە کوشتاری بەکۆمەڵ کە خۆی یەکێک لە تاوانە قەدەغەکراوەکانە و بەپێی ڕێککەوتننامە و قانوونە نێونەتەوەییەکان دەچێتە خانەی جینایەتی شەڕییەوە. لە هەمان کاتدا کەلکوەرگرتن لە پارێزبەندیی دیپڵۆماسی بۆ ئەنجامی تاوانێکی تێرۆریستی و گواستنەوەی بۆمب لە ڕێگای فڕۆکەوە کە نزیک بە ٢٤٠ موسافیری تێدایە خۆی تاوانێکی دیکەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی پارێزبەندیی دیپڵۆماسی کردوویانە. سەیر لەوەدایە کە هەر کات مۆرە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن دەزگای پۆلیسی ئەو وڵاتەی کە کردەوەی تێرۆریستیان تێدا ئەنجام داوە یا خەریکی ئەنجامدانی بوون، دەگیرێن و دەسبەسەر دەکرێن؛ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو نیزامە لە دوو لاوە دێنە سەر خەت. هەم بە ئاشکرا و لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە ڕادەگەیەنن کە ئەوە دەستی "استکباری جهانی" و ئەمریکا و ئیسرائیل و دژبەرانی ئێرانی تێدایە و دەست دەکەن بە بێتاوان

نیشاندانی کۆماری ئیسلامی، و هەم لە لایەکی دیکەوە ڕاست بە پێچەوانەوە بە نهێنی و ژێربەژێر لەگەڵ ئەو دەوڵەتە کە تیمە تێرۆریستییەکەی لێ دەسبەسەر کراوە دەکەوێتە وتوویژ و هەوڵ دەدن لە ڕێگای تەماحوەبەرنان و ئەگەر نەبوو هەڕەشە و تەنانەت بە بارمتەگرتنی خەڵکی ئەو وڵاتە لە لایەن تاقم و دەستەی لایەنگری خۆی، ئەو دەوڵەتە ڕازی بکەن بە دادگایینەکردن و ئازادکردنی تێرۆریستە دەسبەسەرکراوەکان، یا بێبەری کردنی ئێران لە کردەوە تێرۆریستییەکە. هەڵبەت بەداخەوە ئەو ڕێکارەی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی کردەوە تێرۆریستیەکانی بەتایبەتی لە خاکی ئوروپا لە نێوان ساڵەکانی "١٩٧٩ی زایینی هەتا حوکمی دادگای میکۆنووس ١٩٩٧" کاریگەریی لەسەر دەوڵەتەکان هەبووە، و ئەوە هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ ئەوەی تێرۆریستەکان بەئاسانی بتوانن لە دەستی قانوون و دادگا دەرباز بن، بەڵام بە گرتن و دەسبەسەرکردنی تاوانبارانی کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕێستورانی میکۆنووس ودەستبەکاربوونی دادگای ئەو تێرۆریستانە کە بە دادگای میکۆنووس ناوی دەرکرد، ئەو شێوازە لە مامەڵە لە لایەن دەوڵەتانی ئورووپایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گۆڕا و بەخۆشییەوە داوای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکانیان لە دادگا لەسەریان بوو بە بەڵگەی تاوان کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ڕەدەی سەرەوەی دەسەڵاتدا دەستیان هەبووە لە ئەنجامدانی کردەوە تێرۆریستیەکە و نیزامی کۆماری ئیسلامیی بە "سیستمی جینایتکار" بە دنیا ناساند، بە جۆرێک کە لە دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا هاودەنگ و هاوهەڵویست بوون لەگەڵ حوکمی دادگای میکۆنووس و بۆ ماوەیەکی باش پێوەندیی دیپلۆماسییان لەگەڵ تاران ڕاگرت. دواجاریش بەو مەرجە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران ئاسایی بۆوە کە لە خاکی ئورووپادا کردەوەی تێرۆریستی نەکا، کەچی دەبینین دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە بیست ساڵ لە دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس و ئەو تەوافوقە، ماوەی چەند ساڵێک دەبێ بێ سڵ کردنەوە ماشێنی تێرۆر و ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەست بەکار بۆتەوە. بۆیە دەوڵەتانی ئورووپایی لە لایەک و کۆمەڵگەی جیهانی لە لایەکی دیکەوە دەنگیان بەدژی کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی لێ بەرز بۆتەوە و لە دوای دەرچوونی حوکمی دادگای ئەنتورپ لە بلژیک حەڕەکەتێکی ناڕەزایەتیدەربڕین بە کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی هاوچەشنی دوای حوکمی دادگای میکۆنووس لە نێوان دیپلۆماتکارانی ئورووپایی دەستی پێ کردووە کە داواکارن ئەوانەی کاربەدەستی ئەمنییەتیی ئێرانن لە وڵاتانی ئورووپایی دەربکرێن. لەو ڕاستایەدا دەتوانین ئاماژە بە نامەی ٤٠ ئەندامی پارلەمانی ئورووپا و ٢٠ بەرپرس و دیپلۆماتکاری پێشووی ئورووپا بکەین کە ویستیاری ئەوەن کەسانی سەر بە دامودەزگای ئەمنی وئیتلاعاتیی کۆماری ئیسلامی لەژێر هەر ناوێکدا بن لە ئورووپا دەربکرێن و ئەوە دەرخەری پێگەی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییە لە دنیای دەرەوەی سنوورەکانی ئێران.

ئەگەر سەردەمانێک بە هۆی پێوەندی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان ئەو کردەوە تێرۆریستیانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن هێندێک وڵاتی وەک ئوتریش پەردەپۆش دەکران، لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی تەریکمانەوەی کۆماری

ئیسلامی لە بوارە جیاوازەکانەوە و قەیرانی ئابووریی ئێران بە هۆی گەمارۆکان ئیدی ئێران ئەو سفرە ڕەنگینە نییە بۆ وڵاتانی ئورووپایی، بۆیە بازنەی بەرژەوەندیی ئابووری لە حاڵی ئێستادا ئەو کاریگەرییەی نەماوە کە ببێتە هۆکاری فشار بۆ سەر لایەنی خاریجی و لە هەمان کاتدا بەهۆی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و بەتایبەتی لە بواری ڕاگەیاندنەوە ئەو دەوڵەتانە ناتوانن وەک ٣٠ ساڵ لەوە پێش تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاو نەگرن و پەردەپۆشی بکەن؛ بۆیە دەبینین وازنەهێنانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆر و تێرۆریستپەروەری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەروەندەی تاوانەکانی ئەو نیزامە ئەستوور و ئەستوورتر دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢١

## ڕۆژی لەدایک بوونی پێشەوا بکەین بە ڕۆژی هاوپێوەندیی نەتەوەیی

یازدەی بانەمەری ساڵی ١٢٧٩ی هەتاوی (١٩٠٠م)، واتا ١٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە بنەماڵەی قازی عەلی لە شاری سابلاغ (مەهاباد)کوڕێک لەدایک دەبێ و بە محەممەد ناودێر دەکرێ. محەممەد لە باوەشی بنەماڵەیەکی خوێندەوار و دەستڕۆیشتوو، و پێگەیشتووی ئەو سەردەمدا گەورە دەبێ و گەشە دەکا و فێری بە خوێندن و خوێندنەوە دەبێ. لەتەمەنی لاوەتیدا تێکەڵ بە کاروباری دادوەری و قەزاوەت دەبێ و لەو ڕێگایەوە زیاتر ئاشنا بە دەرد و بەشمەینەتیی گەلەکەی دەبێ و دەبینین دواتر بیروهزری دەبێ بە ئیلهام و سەرچاوەی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد و لە ڕەوتی کار و تێکۆشانی نەتەوەییدا بەحەق نازناوی پێشەوای گەلی پێ دەدرێ. پێشەوا لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە لای باوکی کە قازیی شاری سابلاغ بوو، وەبەر خوێندن دەنرێ و بەپێی هەلومەرجی ئەوکات بۆ درێژەدانی خوێندن دەچێتە خانەقای شێخی بورهان و لە حوجرەی فەقێیان دەمێنێتەوە و لەو سەردەمە دایە ژیری و بلیمەتیی پێشەوا بۆ دەوروبەرەکەی دەر دەکەوێ. تەنانەت لەگەڵ ئەوەدا کە تەمەنی لەو خوێندکارە دینییانەی لەگەڵیان دەخوێند کەمتر بوو، بەڵام لە بەر تواناکانی وەک سەرپەرستی خۆیان هەڵیانبژاردووە.

پێشەوا هەم بە هۆی ژینگەی بنەماڵەیی و هەم ئەو ڕووداوانەی لە دەوروبەری روویان دابوو، بەتایبەتی دوای مەرگی باوکی کە ئەرکی دادوەری لە مەحکەمەی شاری کەوتبووە سەر شان، ببوو بە مرۆڤێکی لە کڵ دەرهاتوو، واتا کەسایەتیی پێشەوا بە چەشنێک پوختە ببوو کە کردار و گوفتاری کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە دادەنا. ئەو کەسایەتییە ئەوکاتە بە باشی خۆی دەردەخا کە ڕێبەریی کۆمەڵەی ژێکاف داوای لێ دەکەن بێتە نێو ئەو ڕێکخراوەیە، نەک تەنیا وەک ئەندام بەڵکوو وەک پێویستیی ڕێکخراوەیی. چونکە ڕێبەریی ژێکاف بەپێی هەلومەرجی ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردستان هەستیان بەوە کردبوو کە بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە دەوری ژێکاف کۆ ببنەوە، پێویستیان بەوە بوو کە کەسایەتییەکی وەک پێشەوا ڕێبەریی ئەو ڕیکخراوە وەئەستۆ بگرێ.

پێشەوا بە هۆی خوێندنەوەی مێژووی جووڵانەوەکانی کورد و گەلانی دیکە و ڕووداوەکانی دوای شەری یەکەمی جیهانی و کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی نەتەوەی کورد بە تەواوی هەستی بەوە کردبوو کە گەلی کورد کاتێک ڕزگار دەبێ کە دەروازەکانی زانستی سەردەمی بە ڕوودا بکرێتەوە و بۆ ئەو کارەش پێویست بوو ڕادەی خوێندەواری و تێگەیشتوویی لە کۆمەڵگەدا گەشە بکا. بۆیە هەم لەسەردەمی پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان و هەم لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە

فکری دامەزراندن و کردنەوەی قوتابخانەدا بووە بۆ ئەوە منداڵان و تەنانەت گەورەساڵانیش تێیدا بخوێنن و بە چرای زانست پەروەردە بن و ڕێگای بەختەوەریی خۆیان و ژیان بدۆزنەوە. تەنانەت لەو بابەتەدا مەهاباد و ناوچەی موکریان بە هۆی بڕیارێکی گرینگی پێشەوا هەنگاوێک لە پێش ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە بوون، کە ئەویش ئیجباریکردنی خوێندنی کچ وکوڕ کە تەمەنیان گەیشتۆتە قۆناخی خوێندن و، تەنانەت ڕادەگەیەندرێ کە دایک و باوکی سەرپێچیکار لەو بڕیارە بەرەوڕووی سزا دەبنەوە. مەرج و بنەمایەکی دیکە لە پێویستییەکانی سەرکەوتن کە پێشەوا هەستی پێ کردبوو ئەوە بوو کە گەل دەبێ یەکگرتوو بێ، بە واتایەکی دی کلیلی سەرکەوتنی لە یەکگرتوویی نەتەوەیی دا بەدی دەکرد و بۆ ئەو مەبەستەش بە هەموو تواناکانی خۆیەوە کاری بۆ دەکرد. ئەو بابەتە لە وتاری پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبەندان)دا ئاوا ڕەنگی داوەتەوە:... "لە پێش هەموو شتێکدا ئیختیلاف و دووبەرەکیی عەشایەری کە بە دەسیسە و حیلەبازیی ئیستعمارچی و دیکتاتۆران بۆ ئیستیثمار و خواردن و کرووساندنەوەی ئەو میللەتە بە قەولی خۆیان (تفرقه بینداز و حکومت کن) دەبەینی ختسبوون و تا ئەندازەیەک ئەو ئاورە بڵێسەی سەندبوو، برای دایک و بابی لە یەک بەزاندبوو؛ لە گۆڕێ هەڵگیرا، نێوی عەشیرەت و تەوایف و هەرچی ئەسبابی ئەو نیفاق و پەرشوبڵاوییە بوو فڕێ درا و عمووەمەن لەژێر عینوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان تێکرا بەرەو ئامانجی ئازادی کەوتنە ڕێ."

پێشەوا لەگەڵ ئەوەدا ناسیۆنالیست بوو و هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئەوە بوو کە نەتەوەی کورد چارەنووسی بە دەستی خۆیەوە بێت، بەڵام ناسیۆنالیستێکی بەرچاوتەنگ نەبوو، بەڵکوو باوەڕی تەواوی بە پێکەوەژیانی گەلان هەبوو، و ئەوە لە قسە و نووسینی هەموو ئەو کەسانەدا دەردەکەوێ کە ئەوکات لە نزیکەوە ناوچەی ژێر دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان و شێوەی هەڵسوکەوتی مەئموورەکانی کۆمار و شەخسی پێشەوایان بینیوە. پێشەوا کەسێکی ئاشتیخواز بوو. لە ماوەی حوکمرانیی کۆماری کوردستان وەک سەرکۆمار و کەسی یەکەم و بڕیاربەدەست، هەموو کات لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ناکۆکییەکان لەگەڵ فیرقەی میللیی ئازەربایجان و تەنانەت حکوومەتی تاران لە ڕێگای ئاشتییانە و لەسەر مێزی وتووێژ و دانوستان چارەسەر بکا.

پێشەوا ڕێبەرێکی کرداری و نوێخواز و نەریتشکێن بووە، و هەموو کات هەوڵی دەدا لە خۆی و بنەماڵەکەیەوە دەست پێ بکا؛ بە تایبەتی ئەو کردارانەی پێوەندییان بە شکاندنی کۆمەڵێک سوننەتی کۆمەڵگەوە هەبووە. پێشەوا خۆی دەستپێشخەریی دەکرد بۆ ئەوە خەڵکی دیکەش بە دوایدا بین و ئەو شێوە ڕەفتارە جۆرێک لە متمانەی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمی بە پێشەوا دروست کردبوو. لە هەمان کاتدا پێشەوا باوەڕی تەواوی بە دێموکراسی هەبووە و لە قسە و وتارەکانیدا بە ڕوونی ئیشارە بە باوەڕمەند بوونی بە دێموکراسی دەکا و ئەوە خۆی شتێکی دەگمەنە. بۆ؟ چونکە ٧٥ ساڵ لەوە پێش پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان پێکهاتەیەکی بە تەواوی عەشیرەیی و سوننەتی بوون دەسەڵاتدارەتیی

لە دەوڵەت و حکوومەتدا پاشایەتی بووە بە واتایەکی دیکە چەمکی دێموکراسی بە گشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەک جێ نەکەوتبوو بەڵکوو شتێکی نامۆ بوو. بەڵام ئەمە بۆ پێشەوا نامۆ نەبوو، چونکی باش تێگەیشتبوو کە لە هەر وڵاتێکدا بەبێ بوونی حکومەتێکی دێموکراتیک کۆمەڵگە ناتوانی بە ئازادی و سەربەستی بگا و ئەوە لە وتارەکەی ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستاندا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ: ... "دیارە مەوفەقییەتی ئێمە سەراسەر لە عەینی مەرامی دێموکراسی و لە نەتیجەی فەعالییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پشتیوانیی عالەمی دێموکراتە.... ئەوڕۆ لە نمایندەگانی تەواوی نەواحی ونوقاتی کوردستان بێڕیعایەتی تەبەقات ئەعەم لە ئاغا و ڕەعیەت و گەورە و بچووک کۆ بوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان هاواری دێموکراسی دەکەن و بە ڕێی دێموکراتدا دەڕۆن و ئەوە قودرەت و قووەتی دێموکرات نیشان دەدا."

پێشەوا کەسایەتییەک بوو کە وەفادار بە بەڵێن و پەیمانەکانی بوو. ڕۆژی ئیعلانی کۆمار لە مەیدانی چوارچرا بەڵێنی دا بە خەڵکی کوردستان و سوێندی خوارد کە هەتا دواهەناسەی ژیانی بە ئامانجەکانی گەلی کورد وەفادار بێ و بە پێی بەڵگەکان و قسەی دۆست و دوژمن کاتێک لە زیندانی شادا لەگەڵ برا و ئامۆزاکەی (سەیفی قازی و سەدری قازی) دەستبەسەر بوو و لە دادگای نیزامی‌دا دادگای دەکرا، ئەو پەیمان و بەڵێن و سوێندەی هەر لەبیر بوو و پێی وەفادار مایەوە. ئەو بۆ یەک چرکەش لە دیفاعکردن لە ماف و ئامانجەکانی گەلی کورددا تووشی دوودڵی و دڵەڕاوکێ نەبوو و لەو ڕێیەدا مەرگی سەربەرزانەی هەڵبژارد و گیانی بەخشی بە ئامانجەکانی گەلی کورد لە حاڵێکدا ئەگەر بیویستبا زۆر ڕێگا هەبوو بۆ ئەوە بتوانێ گیانی خۆی و تەنانەت برا و ئامۆزاکەی لە مردن ڕزگار بکا. لە لایەکی دیکەوە خەڵکی کوردستانیش دوای هەرەس‌هێنانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدرانی پێشەوا و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بیر و ڕێبازی پێشەوا و حیزبی دێموکراتیان بەر نەداوە و لەو ڕێگایەدا بێوەچان خەباتیان کردووە و شەهیدیان داوە و تووشی کارەساتی ماڵوێرانکەر بوون. بەڵام نەترساون و ئازایانە ئەو ڕێگایەیان درێژە پێ داوە. بۆیە بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە پێشەوا لەو سەردەمەدا نوێنگەی ئیرادەی بەرزی نەتەوەیەکی بەشمەینەت بوو، بۆیە ئێستاش لە مێژووی نەتەوەی کورددا لە ڕیزی هەرە پێشەوە و بە خۆشەویستترین ڕێبەر و سەرکردەی نەتەوەیی دادەنرێ.

لە کۆتایی‌دا پیرۆز بێ ١٢٠ساڵەی لەدایک بوونی پێشەوا و بەو هیوایە کە ئامانج و ئاواتەکانی پێشەوا بێنە دی و ڕۆژی لەدایک بوونی بکرێ بە ڕۆژی هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان، چونکە پێشەوا بۆ کورد ژیا و بۆ کورد گیانی بەخت کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## تێپەڕینی کات و گۆڕانی ڕێژیمەکان جینایەت و قڕکردنی میللەتان لەبیر ناباتەوە

لە بەرەبەری ١٠٦ ساڵەی، تاڵیادی کوشتاری ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩١٥ی زایینی بە دەستی سپای عوسمانی، جۆ بایدن، سەرکۆماری ئەمریکا لە بڕیارێکدا بەفەرمی ئەو کۆمەڵکوژییەی بە ژینۆساید ناساند. هەرچەند دەوڵەتی ئەمریکا یەکەم دەوڵەت نییە کە ئەو کۆمەڵکوژییەی بە ژینۆساید ناسیووە و، پێشتریش چەند وڵاتێکی زلهێزی ئورووپاییش ئەو کوشتارەیان بە ژینۆساید ناسیوەو و لە هەمان کاتدا زیاتر لەسەد ساڵ بە سەر ئەو کارەساتەدا تێدەپەڕێ؛ بەڵام دیسان ئەو بڕیارەی سەرکۆماری ئەمریکا لە سەردەمی ئیستادا زۆر گرینگ و لە دوو ڕوانگەوە بایەخی خۆی هەیە:

**یەکەم**. ئەوەی کە دەوڵەتەکان بەتایبەتی دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا ماوە بە ماوە و بەدوای یەک ئەو کارەساتە تاوانکارییە مەحکووم دەکەن و بە ژینۆسایدی دادەنێن، ئەمە سەڵمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە بە تێپەڕبوونی کات تاوان بە دژی مرۆڤایەتی و کوشتاری بە بەرنامەی میللەتێک لەبیر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناچێتەوە و ڕۆژێک هەر دێ کە ئەو کردەوەیە مەحکووم بکرێ و دەوڵەتان داوای لێبوردن لەو نەتەوانە بکەن کە تووشی کارەساتی قڕکردن بوون و قەرەبوو بکرێنەوە.

**دووهەم**. بڕیاری لەو شێوەیە دەچێتە خانەی کۆنڤانسیۆنی "قەدەغە و سزادانی تاوانی ژینۆساید" کە لە ٩ی دیسامبری ١٩٤٨م واتا ڕۆژێک دوای پەسندکردنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بە پەسندی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتووە. ئەم کۆنڤانسیۆنە ساڵی ١٩٥١وەک قانوونێک کە بەرپرسایەتی دەخاتە سەر شانی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

ڕافائیل لمکین قانوونزانی لەهێستانی و مامۆستای زانکۆ بۆ یەکەم جار دەستەواژەی ژینۆسایدی بەکار هێنا دوای ئەوەی گوێی لە چەرچیل، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بریتانیا بوو کە لەبارەی ئەو کوشتارە بێبەزەییانەی خەڵکی لەهێستان بە دەستی سپای ئاڵمان قسە دەکرد و لە قسەکانیدا بۆ ئەوەی گەورەیی تاوانەکانی سپای نازی دەر بخا گوتی: "ئێمە لە ئیستادا شاهیدی بەڕێوەچوونی تاوانێکین کە هیچ ناوێکی نییە". ڕافائیل لمکین دەڵێ مەبەستی ئێمە لە دەستەواژەی "ژینۆساید" لەنێوبردن و فەوتاندنی دەستە یا گرووپێکی میللی یا ڕەگەزییە. ئەو دەستەواژەیە لە ڕاستیدا لە تێکەڵکردنی دوو وشەی یونانیی کۆن (genes) بە مانای تایفە یا ڕەگەز و (cide)بەمانای کوشتن پێک هاتووە و ناوبراو بە هێنانی

ئەو دەستەواژەیە لە سەردەمی ئیستادا مانایەکی نوێی پێ بەخشی کە بەرپرسایەتیی نێودەوڵەتیی بۆ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان لە پانتایی کۆی زەوی پێک دێنێ. هەڵبەت ژینۆساید بەو واتایە نایە کە میللەتێک یا گرووپێکی ئیتنیکی لە یەک چرکەساتدا لە نێو بچێ بەڵکوو ژینۆساید خۆی لەو گەلاڵە و بەرنامەیەدا دەبینێتەوە کە بە کرداری جیاواز لایەنی بەڕێوەبەر بە دژی ساختاری ئەو نەتەوەیە کە مەبەستی قڕکردنی هەیە بە شێوازی جۆراجۆر بەڕێوە دەچێ. بە پێی بڕیارنامەی ژمارە ٩٦ی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١١ی دێسامبری ١٩٤٦م بە کۆی دەنگ پێداگری دەکا لەسەر گرینگیدان بە بەربەرەکانی لەگەڵ تاوانی ژینۆساید و لە بەشێکی ئەو بڕیارنامەیەدا بە کردارێکی تاوانکارانەی دادەنێ و دەڵێ: "ژینۆساید بە پێی ڕێوشوێنەکانی قانوونی نێونەتەوەیی جینایەتە و دنیای پێشکەوتوو مەحکوومە و بکەرانی ئەو جینایەتە چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە تاوانەکە بەشدار بووبن، دەبێ سزا بدرێن". هەر بەو جۆرە کە لە سەرەوە باس کرا جینایەت و تاوانی ژینۆساید بە تەواوی لەگەڵ تاوانەکانی دیکە جیاوازیی هەیە، چونکە بەڕێوەبردن و بە ئەنجام گەیاندنی تاوانی ژینۆساید پێویستی بە "نییەتی تایبەت" هەیە کە قڕکردنی بەشێک یا تەواوی نەتەوەیەکە کە لە بەرنامەی لایەنی تاوانبارادایە. دیارە دەبێ ئەوەش بزانین کە بەڕێوەبردنی ژینۆساید بێ دەستتێدابوونی دەوڵەت جا چ ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئیمکانی نییە، بۆیە هەر تاوانێکی ژینۆساید لە هەر وڵاتێکدا ڕوو بدا دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بەرپرسیارن و بە پێی قانوونی نێونەتەوەیی لە سەریانە لەو دادگایانەدا کە بە مەبەستی لێپرسینەوە لە تاوانی ژینۆساید پێک دێن، وەڵامدەر بن و بەرپرسیارەتی هەڵبگرن.

لانیکەم لە مێژووی هاوچەرخدا بە تایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەتا کۆتایەکانی ئەو سەدەیە نەتەوەی کورد یەکێک لەو نەتەوانە بووە کە کەوتۆتە بەر شاڵاوی قڕکردن (ژینۆساید) لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی حوکمڕانییان بەسەر کوردستاندا کردووە جا چ سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی و ڕێژیمی پاشایەتی ئێران بووبێ یا سەردەمی ئەو دەوڵەتانەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە لەسەر کەوڵی ئیمپراتوریی عوسمانی پێک هاتن و کوردستانیان بەسەردا دابەش کرا، دەستیان لە سەرکوت و ئەزیەت وئازاری گەلی کورد نەپاراستووە و بە هەموو شێواز و ئامرازێک بۆ تواندنەوە و قڕکردنی نەتەوەی تێکۆشاون. چەند نموونەیەک:

کوشتاری کوردانی دێرسیم لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٧ - ١٩٣٨ز کە بە پێی سەرچاوەکان باس لە کوشتن و قڕکردنی ٥٠ هەتا٧٠ هەزار کورد لە لایەن سپای عوسمانییەوە دەکرێ و یەکێک لەو نموونە بەرچاوانەیە لە ژینۆسایدکردنی گەلی کورد. هەروەها ئەنفال یان بە واتایەکی دیکە ژینۆسایدی ئەنفال بە کۆمەڵکوژیی کوردانی باشووری کوردستان دەگوترێ کە لەلایەن ڕێژیمی بەعسی عێراق لەژێر ناوی کەمپەینی ئەنفال، لە ساڵی ١٩٨٦.ز دەستی پێ کرد و لە ساڵی ١٩٨٩.ز کۆتایی پێ هات. بە پێی سەرچاوەکان لەو کۆمەڵکوژییەدا باس لەکوژرانی و بێسەروشوێنکرانی ١٨٢,٠٠٠ کەس لە پیر و لاو و ژن و پیاو دەکرێ کە لە زێدی خۆیان ڕاگوێزران و قڕ کران. هەرچەند هەتا ئیستا وڵاتانی

سوئێد، نۆروێژ و بریتانیا بە شێوەیەکی ڕەسمیی کۆمەڵکوژیی ئەنفالیان بە ژینۆساید ناو بردووە، بەڵام ئەم پرسە تا ئێستا نەچۆتە نێو بەرنامە و پلانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی بە بڕیارێکی ئەو ڕێکخراوەیە ژینۆسایدی ئەنفال بە نێودەوڵەتی بکرێ.

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران گەلی کورد لەو پارچەیە لە کوردستانیش بێبەش نەبوون لە کوشتاری بەکۆمەڵ کە نییەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی بە دواوە بووە و لەو بارەوە دەتوانین کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعی قارنێ وەک یەکێک لەو نموونانە بێنینەوە کە نزیک بە ٧٠ کەس لە خەڵکی ئەو گوندە بێ هیچ تاوانێک لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێکدا بە دڕندانەترین شێوە کوژران.

ئەو چەند نموونەیە ئاماژە بەو ڕاستییەن کە گەلی کوردیش هاوچەشنی گەلی ئەرمەن لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی تاوانی ژینۆسایدی بە بەربەرینی و بەبەرنامە و ئامانجی دیاریکراوەوە دەرحەق کراوە، بەڵام بەداخەوە هەر وەک باس کرا لە گەڵ بوونی قانوونی نێونەتەوەیی سەبارەت بە تاوانی ژینۆساید، بەڵام کەمتر لە لایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئاوڕ لەو تاوانانە دراوەتەوە کە دەرحەق بە نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان کراوە و بەهۆی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بەڕێوەچوون و بە داخەوە ئەو وەچەکوژییانە نەبۆتە پرسێکی نێودەوڵەتی کە ڕەنگە بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجەی بەسەر کورددا داسەپاوە. بەڵام بەشێکیش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی کورد بۆ خۆی کە هەتا ئێستا بۆ ناساندنی هەموو ئەو جینایەت و تاوانانەی دەرحەقی کراوە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بە دیکیۆمێنتکراو و یەکگرتووانە لە سەردەمی ئێستادا کاری بۆ بکا و بیروڕای جیهانیی و نێودەوڵەتی بۆ ئەو پرسە ڕاکێش بکا.

گرینگیی بە نێودەوڵەتی کردنی تاوانی ژینۆسایدی کورد لەوەدایە کە گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئێستاش ئەو ترسەی لەسەرە کە بە هۆی زاڵبوونی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر جووڵانەوەکانی کوردستاندا و بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی تاوانەکانی ئەو دەوڵەتانە کە دەرحەق بە کورد وکوردستان، کراوە و دەکرێ، دەرگای ژینۆسایدێکی دیکە بە ڕووی خەڵکی کوردستاندا بکرێتەوە و لە سەرەتاکانی سەدەی ٢١دا دیسان کورد لە زێد و نیشتمانی خۆی دەربکرێ و ڕووبەڕووی قڕکردنێکی دیکە بێتەوە. بۆیە پێویستە کورد هەموو تواناکانی خۆی بەکار بێنێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تووشی کارەساتی ژینۆساید لە هەر شکڵ و وێنەیەک دابێ، نەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## هەڵبژاردنەکان لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

هەڵبژاردن و هەڵبژێرانی ئازاد یەکێک لە بنەماکانی دیموکراسییە، بەو مانایە سیستمی بەڕێوەبەری هەر وڵاتێک کە لە ڕێگای هەڵبژاردن و هەڵبژێرانی ئازادەوە بەڕێوە بچێ، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەو سیستمە سیاسییە لەسەر بنەماکانی دیموکراسی دامەزراوە و هێز و دەسەڵاتی خۆی لە خەڵک وەرگرتووە و لەبەرامبەر خەڵکیشدا بەرپرسیار و وەڵامدەرە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٢٨ی مانگی جۆزەردانی ئەمساڵدا بۆ دەوری سێزدەهەمی سەرکۆماری و دەوری شەشەمی شوراکانی شار و گوندەکان بەناو هەڵبژاردنێک بەڕێوە دەبا کە پتر لەوەی پرۆسە بێ، پرۆژەیەکە و هەر لەجێدا هەموو نیاز و مەبەست و تەنانەت میکانیزمەکانی تێدا دەخوێندرێتەوە. ئەوەش کە ئەو هەڵبژاردنانەی جۆزەردان لە هەڵبژاردنەکانی دیکە کە ئەم ڕێژیمە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بەڕێوە بردووە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە، لایەنگرانی تەحریم و بەشداری‌نەکردن لەو بەناو هەڵبژاردنانەدا ڕێژەکەی چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە نێو ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی بە ڕادەیەک بەرچاوە کە تەنانەت دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تەواو هەراسان کردووە. ئەوان لەبەرامبەردا بە هەموو توانای ماددی و تەبلیغیی خۆیان هەوڵی ئەوە دەدەن خەڵکێکی زیاتر لە ڕۆژی دەنگداندا بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. بەڵام گەلانی وەزاڵەهاتوو لە دەست سیاسەتە هەڵە و چەوت و ڕووخێنەرەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە ئێستا ئیدی باشتر لە هەموو کاتێک دەزانن کە چوونیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان تەنیا یارمەتی بە مانەوەی ئەو نیزامە سەرەڕۆیە دەدا و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیان و داهاتووی ئەوان نابێ.

٤٢ ساڵ حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی و مێژووی بەناو هەڵبژاردنەکان لەو ماوەیەدا جێی هیچ شک و گومانێکی بۆ کەس نەهێشتووەتەوە کە پرۆژەی هەڵبژاردن لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لەبەر ئەوە کە هەڵبژاردنەکان ئازاد و دیموکراتێک نین و لە نێوەرۆک بەتاڵن، بۆیە ناتوانێ خاڵی گۆڕان و شوێنی ئاڵوگۆڕ بێ لە کۆمەڵگەدا و لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵک بشکێتەوە.

لە سەردەمی ئێستادا و لەو وڵاتانەی کە بە شێوەی دیمۆکراتێک بەڕێوە دەچن، خەڵک لە ڕێگای دەنگدان و بەشداریی چالاکانە لە ڕەوتی هەڵبژاردندا ئیرادەی خۆیان نیشان دەدەن و نواندنی ئەو ئیرادەیە، نیشانەی هاوبەشی و بەشداری‌کردنی خەڵکە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. بە واتایەکی دیکە لە هەڵبژاردنی ئازاددا خەڵکی زیاتر لە پرۆسەکەدا بەشداری دەبن و

بەشداریکردنی خەڵکیش بەمانای ئەوەیە کە کۆمەڵگەکە زیندووییە و دەیهەوێ چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی بێ. لە جۆرە کۆمەڵگەیانەدا دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە ئارامی و لە ڕێگای دەنگی خەڵک و ئاکامی هەڵبژاردنەکانەوە دەکرێ.

بەڵام بەڕێوەبردنی پرۆسەیەک بە ناوی هەڵبژاردن ناتوانێ نیشانەی دێمۆکراتبوون و ئیرادەی بەربەرینی خەڵک بێ، ئەوی دەرخەری دێمۆکرات بوونی هەر هەڵبژاردنێکە، شێوەی بەڕێوەچوون و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەو هەڵبژاردنەیە. لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازاددا، بێجگە لەو مەرجانەی بە قانوون بۆ هەر دەنگدەر یا بەربژێریک دیاری کراوە وەک تەمەن، ڕادەی خوێندەواری و نەبوونی پێشینەی تاوان، بابەتی دیکەی وەک دین، مەزهەب، بیروبۆچوونی سیاسی و ڕەگەز و... ناتوانی ڕێگر بن لە بەردەم دەنگدان یا خۆ پاڵاوتندا. لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازاددا دامەزراوە سەربەخۆیەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیەنە گشتییە ئازاد و سەربەخۆکان هاوشان لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان چاوەدێری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن.

لەو وڵاتانەش کە بە شێوەی دێمۆکراتیک بەڕێوە دەچن، پرۆسەی هەڵبژاردن وەک یەکێک لە سەرەکیترین بنەماکانی دێموکراسی چاو لێ دەکەن و بۆیان گرینگە کە بە باشترین شێوە ئیرادەی خەڵکی تێدا بەرجەستە ببێتەوە. لە سیستمی دێموکراسیدا ڕوانگەکە ئەوەیە کە بەو ڕادەیە کە هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیک بۆ سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی وڵات گرینگە، بەو ڕادەیەش کاریگەری هەیە لەسەر پێوەندییەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی. چونکە شێوازی بەڕێوەچوون و دەرکەوتەی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن، سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتە نیشانی کۆمەڵگەی جیهانی دەدا و لە هەمان کاتدا ئەو کەس یا کەسانە، یا نوێنەرانی حیزبەکان کە ناویان لە سندووقەکانی دەنگدان هاتووەتە دەرێ و بۆ ماوەیەک دەبنە دەسەڵاتدار و بەڕێوەبەری وڵات، لە داڕشتنی سیاسەتی خاریجیدا ڕۆڵ و نەقشی بەرچاویان دەبێ. لە سەردەمی ئێستاشدا کە کۆمەڵگەی جیهانی لە بواری ئابووری و سیاسییەوە بە تەواوی گرێدراوی یەکترە و پێوەندی خاریجیی هەر وڵاتێک ڕاستەوخۆ بە لایەنی باش یا خراپدا کاریگەری هەیە لەسەر ژیان و پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵک، ئەمەش وەک فاکتەری گرینگ لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەخوێندرێتەوە.

بەو خوێندنەوەی سەرەوە لە هەڵبژاردنی ئازاد و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی و پێکگرتنی لەگەڵ هەڵبژاردن و شێوازی بەڕێوەچوونی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە ڕوونی بۆمان دەر دەکەوێ کە هەڵبژاردنەکان لە ئێران و شێوەی بەڕێوەچوون و جێگە و پێگەیان لە گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا هیچ تەبایی و لێکچوویەکی نییە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئازاد کە لەودا ئیرادەی خەڵک خۆی تێدا بەرجەستە دەکاتەوە وبە ئاشکرا دەبیندرێ. بەشێکی بەرچاوی ئەو کەمایەسییە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی تێڕوانینی دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەتایبەتی داڕێژەرانی قانوونی بنەڕەتیی وڵات.



سەرچاوە
Serchawe

چونكه كورد گوتەنی ئاو له سەرچاوەكەی لێڵه.

قانوونی بنەڕەتیی كۆماری ئیسلامیی ئێران پڕە له ناتەبایی لەگەڵ یەكتر، بۆ نموونه هەر لەسەر هەڵبژاردن له ئەسڵی ٥٦ی قانوونی بنەڕەتیدا قانووندانەر دەڵێ:... "خوا ئینسانی بەسەر چارەنووسی كۆمەڵایەتیی خۆیدا حاكم كردووە و هیچ كەس ناتوانێ ئەو مافه كه خوا پێی بەخشیووە لێی بستێنێ یا بینێته خزمەت بەرژەوەندیی كەسێک یا تاقمێک." بەڵام دەبینین لەو جیگایه كه باس له سەڵاحییەتەكانی شوڕای نیگابان دەكرێ به تەواوی ئەو مافانه كه له ڕوانگەی ئەسلی ٥٦وە دراوە به تاكەكان، زۆر به ئاسانی لێیان دەستێندرێتەوە و پێچەوانه لەلایەن قانووندانەرەوە مافی ڕەها دەدرێ به تاقمێكی چەند كەسی له شوڕای نیگەهبان. ئەو شوڕایه بەپێی ئەسڵەكانی ٩٨ و ٩٩ی قانوونی بنەڕەتیی كۆماری ئیسلامیی ئێران هەم شیكردنەوە، واتا تەفسیری ئەسڵەكانی قانوونی بنەڕەتیی له ئەستۆیه و هەم چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەكانی (سەركۆماری، مەجلیسی شوڕای ئیسلامی، مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری، گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی و ڕاپرسیی گشتی)دا دەكا. بەپێی خوێندنەوەیەک كه شوڕای نیگابان له چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەكاندا كردوویەتی، چاوەدێریی ئیستسوابیی (نظارت استصوابی) وەک ئەرک و هاوكات سەڵاحییەت بۆخۆی دەستنیشان كردووە و هەر ئەو شێوە چاوەدێرییه دەسەڵاتێكی ڕەهای داوە به شوڕای نیگابان بۆ وەلانانی بەربژێرەكان له هەڵبژاردنەكاندا. چونكه مانای چاوەدێری ئیستسوابی ئەوەیه كه بڕیاری چاوەدێر هەرچی بوو لەسەر بەربژێرەكان دەبێته قانوون و هیچ دامودەزگایەكی دیكه نییه بتوانێ تانه لەو بڕیاره بدا و هەر ئەوە خۆی پێچەوانەی ئەسلی ٥٦ی قانوونی بنەڕەتی وڵاته كه له سەرەوە باسمان لێ كرد. له هەمان كاتدا لەپێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی سەركۆماریدا، له ئەسلی ١١٥ی قانوونی بنەڕەتی و ماددەی ٣٥ی قانوونی هەڵبژاردنەدا دیسان ئەسلی ٥٦ی قانوونی بنەڕەتی هاتۆته ژێر پرسیار. چونكه له هەردوو لەو بڕگه قانوونییانەدا تەنیا مافی كەمینەیەكی بچووک له ئێران لەبەرچاو گیراوە و مافی زۆرینەی خەڵكانی ئێران نەک لەبەرچاو نەگیراوە بەڵكوو به قانوون پێشێل كراوە. ئەسلی ١١٥و ماددەی ٣٥ی قانوونی هەڵبژاردن دەستنیشانی ئەوە دەكەن كه سەركۆمار دەبێ ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێ: پیاو بێ، له هەمان كاتدا مەزهەبی و سیاسیی بێ و هەر ئەو بڕگەیه خۆی به ڕوونی دوو توێژ له كۆمەڵگەدا ڕاستەوخۆ له مافی بەربژێربوون بێبەش دەكا: ژنان و هەموو ئەوانەی باوەڕیان به مەزهەبی ڕەسمی بەتایبەتی ویلاتی ڕهای فەقیه نییه.

خاڵێكی دیكه له هەڵبژاردنەكانی سەركۆماری تیشک خستنەسەر ئەو ڕاستییەیه كه سەركۆمار لەو وڵاته خاوەنی ئەو سەڵاحییەتەش نییه كه بتوانێ لەسەر كێشه سەرەكییەكانی وڵات بڕیار بدا یان بیەوێ له بەرژەوەندیی تەنانەت دەنگدەرانی خۆیدا هەنگاوێک هەڵێنێتەوە. سەركۆمار له ئێران نەک لوتكەی هەرەمی دەسەڵات نییه، بەڵكوو له باشترین حاڵەتدا "خاتەمی" گوتەنی دەتوانێ تەداروكاتچییەكی باش بێ و ئەوە ڕێبەری و بازنەی دەرەوەی قانوون لەو وڵاتەن كه



سەرچاوە
Serchawe

بێ گەڕانەوە بۆ قانوون بەسەر چارەنووسی خەڵک و وڵاتدا زاڵ کراون.

٤٢ ساڵە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێ و لە هەموو ئەو ماوەیەدا دەسەڵاتی سیاسیی وڵات کارتی هەڵبژاردنەکانی بۆ ڕەوایەت پێدانی ڕواڵەتی بە حکوومەت بەکار هێناوە. بەڵام ئێستا ڕەوتی ڕووداوەکان و سیاسەتی هەڵنەکردن و نەحەملێنی ئەو نیزامە لەگەڵ دنیای دەرەوە و سووربوونی لەسەر سەرکوتی بەردەوامی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی -چ سەرکۆماری و چ شوراکانی شاروگوند- بەرەو ئاقارێکی دی بردووە. بەجۆرێک کە نەک هەر ئۆپۆزیسیون و دژبەرانی ئەو نیزامە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کردووە، بەڵکوو بایکوت و دەنگی ناڕەزایەتیی لە شێوەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و هەڵسوکەوتی شورای نیگەهبان، چۆتە نێو بازنەی تەسکی دەسەڵاتداران و کاربەڕێکارانی کۆماری ئیسلامییش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠٢١

---

## لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئاو لە سەرچاوەڕا قوڕاوە

لە سەردەمی ئیستادا هەر وڵاتێک کە لەسەر ڕووبەری نەخشەی سیاسیی جیهان قەراری گرتووە، دێموکرات بن یا غەیرە دێموکرات خاوەنی قانوونی نوسراون و سەرچاوەی هەموو قانوونەکان لە هەرکام لەو وڵاتانە، قانوونێکە بە ناوی قانوونی بنەڕەتی. بە واتایەکی دی قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێک بەرزترین بەڵگەی قانوونییە کە سەرچاوەی سەرەکییە بۆ داڕشتنی قانوونەکانی دیکە و پێناسەیە بۆ پێکهاتەی سیاسیی ئەو وڵاتە و شێوازی دابەش کردنی دەسەڵات و جێگەوپێگەی خەڵک لەو پێکهاتە سیاسییەدا پێشان دەدا. لەو کۆمەڵگەیانەی کە بە شێوازی دێموکراتێک بەڕێوە دەچن خەڵک و دەسەڵات جێگە و پێگەی خۆیان لە حاکمییەتی وڵاتدا بە باشی دەزانن، بەڵام لەو وڵاتانەی کە بە شێوازی غەیرە دێموکراتێک بەڕێوە دەچن یان پێکهاتەی سیاسییان سەرچاوگرتووە لە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتە، ئەسڵ و بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتی وا دادەڕێژن کە خەڵک لە بەرامبەر دەسەڵاتدا تەنیا ئەرکیان بۆ دەستنیشان کراوە و مافیان لەنێو بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتیدا ون کراوە. قانوونی بنەڕەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو قانوونە بنەڕەتییانەیە کە لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ باوەڕدار بە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی داڕێژراوە و ئەگەر لە ئەسڵێکدا باسی مافی خەڵکی ئێرانی کردبێ، بێونەبێ لە ئەسڵی دواییدا بەربەستی بۆ داناوە. بە واتایەکی دیکە کاتێک چاو بە نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا دەخشێنین، هیچ ئەسڵ و بڕگەیەکی ڕوونی تێدا نییە کە باس لە حاکمییەتی خەڵک بکا و ڕۆڵ و نەخشی خەڵک لە ئیدارەدانی وڵاتی تێدا بەرجەستە و دیاربێ، خۆ ئەگەر لە جێیەک ئاماژەیەکیش بووبێ، حەتمەن قانووندانەر بەربەستی بۆ داناوە و ئەوە بە پێچەوانەی نیزامی دێموکراتیکە کە تێیدا ڕۆڵی بەردەوامی خەڵک لە ئیدارەدانی وڵات و دیاریکردنی چارەنووسی کەسی وکۆمەڵگە بە گشتی لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادوە، وەک بەرزترین ئامانج بۆ نیزامی سیاسی دێتە ئەژمار. لەم ڕووەوە دەگوترێ کە مافی ئازادیی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دێموکراسییە و لەو ڕێگایەوە خەڵک هەست بە بەردەوامیی حاکمییەتی خۆی لە سیستمی سیاسی و ئیدارەدانی وڵاتدا دەکا و لەو حاڵەتەدا خەڵک خۆی بە خاوەنی وڵاتەکە دەزانێ و لە بەرانبەر چارەنووسی وڵاتدا بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت دەکا.

قانوونی بنەڕەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتاڵە لە بەها و بایەخەکانی دێموکراسی و لە هەمان کاتدا لە نێوەرۆکیشدا ئەسڵەکانی لە زۆر جێگادا پێکەوە ناتەبان، هەر ئەوش وایکردووە کە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا گەلانی ئێران هەست بە بوون و ڕۆڵی خۆیان لە دەسەڵاتداری و بەڕێوەبردنی وڵاتدا نەکەن.

لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا و لە پەراوێزی باسە تا ڕادەیەک ئازاد و کراوەکانی پێوەندیدار بە بەناو هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و لە هەمانکات هەڵبژاردنەکانی شوڕای شار وگوندەکاندا، دەزگای پروپاگەندەی ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی موونازیرە و لێدوانی بەرەوڕووی بەربژێرەکانی پۆستی سەرکۆماری کە پەسندکراوی شوڕای نیگەهبانن ئەو دەرفەتەیان پێدرا کە هەر کام لەوان باس لە بەرنامەکانی خۆیان لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بکەن. ئەوەش وایکردبوو کە هەر کام لەوان کۆمەڵێک باس و بابەت بەرووژێنن و وادە و بەڵێنی کۆن و نوێ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک ڕیز بکەن. پرسی ئابووری، ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها مافە نەتەوەیی و ئاینییەکانیش بەشێک لەو باسانە بوون کە بەربژێرەکان بە دوورودرێژی لەسەریان دووان و خەرمانێک وادە و بەڵێنیان لەسەر هەڵدانەوە. کە دیارە لە بنەڕەتڕا هیچ کام لەو بەربژێرانە ناتوانن بەشێکی زۆر کەم لەو قەول و بەڵێنانەش جێبەجێ بکەن، وەک پێشتریش زۆر لەوە خەستوخۆڵتر بەڵێن ڕیز کراون و دواتر پشتگوێ خراون. چونکە لە ئەساسدا باشکردنی وەزعییەتی ژیانی سیاسی و ئابووریی خەڵک بە گشتی پێوەندی بە کۆمەڵێک فاکتەرەوە هەیە کە بەپێی قانوونەکانی ئێران، بە تایبەتی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتی ئەو کەسانە بەدەرە هەتا ئەگەر بەرپرسایەتیی پۆستی سەرکۆماری یا هەر کام لە پۆستەکانی وەک پارلەمان یان دەزگای دادوەرییان هەبێ، بتوانن چارەسەریان بکەن و ئاوڕیان لێ بدەنەوە. هۆکاری ئەمەش ڕوونە: چونکە لە لایەک لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵات بەپێی ئەسڵەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئەو نیزامە وا داڕێژراوە کە هەموو دەسەڵاتەکان لە پاوانی یەک کەسدا بە ناوی ڕێبەر (وەلی فەقیهـ) کۆ بۆتەوە کە لە ئەسڵی ١١٠ی قانوونی بنەڕەتیدا بە ڕوونی لە ١١بڕگەدا دەستنیشان کراون؛ لە لایەکی دیکەشەوە بەپێی هیندێک لە ئەسڵەکانی ئەو قانوونە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران لە مافی خۆبەربژێر کردن بۆ بە دەستەوەگرتنی یەکێک لە پۆستەکانی بەڕێوەبەریی وڵات بێبەش کراون. بۆ نموونە: لە ئەسڵی ٥ دا ڕێبەری و سەرۆکایەتیی وڵات هەتا سەرهەڵدانی ئیمامی زەمان دەسپێردرێ بە کەسێک کە پێگەی ئایینی و مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامیی هەبێ و لە ئەسڵی ١٢دا بە ڕوونی دەڵێ: دینی ڕەسمیی وڵات ئیسلام ومەزهەبی ڕەسمی شیعەی دوازدە ئیمامییە و پێداگرە لەسەر ئەوەی کە ئەو ئەسڵە هەتاهەتایە نەگۆڕە. یان لە ئەسڵی ١٧٧دا کە باس لە پێداهاتنەوە بە نیوەرۆکی قانوونی بنەڕەتی دەکا، سەرلەنوێ وەبیرمان دێنێتەوە کە ئەو ئەسڵانەی پێوەندییان هەیە بە دین و مەزهەبی ڕەسمی و بوونی ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ قابیلی گۆڕان نیین و تاهەتایە هیچ ئاڵوگۆڕێکیان بەسەردا نایە. ئەو لە حاڵێکدایە بوونی دینی ڕەسمی لە لایەک و مەزهەبی ڕەسمی لە لایەکی دیکەوە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران لە مافی خۆپاڵاوتن بۆ هەر پۆستێک کە بەشێوەی هەڵبژاردن کەسێکی بۆ دەست نیشان بکرێ، بێبەش کردووە.

لە ئەسڵی ٦٢ و ١١٤ی قانوونی بنەڕەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا کە باس لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی و سەرکۆماری دەکا دەڵێ: هەڵبژاردن بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک بەڕێوە دەچێ. هەرچەند لە خوێندنەوەی

سەرەتاییدا نێوەرۆکی ئەو دوو ئەسڵە بەڕواڵەت زۆر دێموکراتیک و خەڵکین، واتە ئەوە خەڵکە لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیەوە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشداری دەکا، بەڵام لە ڕاستیدا نێوەرۆکی ئەو دوو ئەسڵە بەپێی ئەو سێ ئەسڵە (٥ - ١٢ - ١٧٧) بەتاڵ دەبێتەوە؛ چونکە خەڵکی ئێران ئازاد نین لە هەڵبژاردن و بە تایبەتی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستەکانی لوتکەی دەسەڵاتداری ئەگەر باوەڕیان بە مەزهەبی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەری ویلایەتی ڕهای فەقیهـ نەبێ. ئەوەتا نێوەرۆکی ئەسڵەکانی ٦٧ و١٢١ کە سوێندی نوێنەرانی مەجلیس و سەرکۆماری تێدا باس کراوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. بەپێی نێوەرۆکی ئەو دوو ئەسڵە چ نوێنەرانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی و چ سەرکۆمار دەبێ پێبەند و باوەڕدار بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات و نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتی بن. لە هەمان کاتدا بەپێی ئەسڵی ٩٣ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، مەجلیس شوڕای ئیسلامی بەبێ بوونی مەجلیسی شوڕای نیگەهبان ئێعتباری قانوونیی نییە، لە حاڵێکدا نوێنەرانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی هەروەک باس کرا بە پێی ئەسڵی ٦٢ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. واتە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی ئێران دەکەن بەڵام ئەندامانی شوڕای نیگەهبان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستنیشان کراوی ڕێبەرن و هیچ پێوەندییەکیان بە دەنگی خەڵکەوە نییە. سەبارەت بە پۆستی سەرکۆمارییش دەتوانین بڵێین ئێعتباری دەنگی خەڵک هەر بەو ڕادەیەیە کە بۆ نوێنەرانی مەجلیس ڕەچاو دەکرێ چونکە بەپێی برگەی ٩ و١٠ لە ئەسڵی ١١٠ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، حوکمی دەستبەکاربوونی سەرکۆماری دوای هەڵبژاردن یان لابردنی سەرکۆمار لە سەلاحییەتی ڕێبەر دایە، واتا دەنگی خەڵک هیچ کاریگەرییەکی نییە و ئیعتبار نادا بە سەرکۆماری، بەڵکوو ئەوەی ئێعتباری پێ دەدا ئیمزا و پشتگیری ڕێبەری نیزامە.

ئەو نموونانەی لە سەرەوە باس کران ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن کە لەگەڵ ئەوەی قانووندانەری نیزامی کۆماری ئیسلامی لە هێندێک جێگای قانوونی بنەڕەتیدا هەوڵی داوە ئەسڵی نوێنەرایەتیی خەڵک بەرجەستە بکاتەوە بۆ ئەوە لە گەڵ مانای کۆماری یەک بکرێتەوە، بەڵام برگە و ئەسڵەکانی دیکەی قانوونی بنەڕەتی ئەسڵی نوینەرایەتیی خەڵکیان بە تەواوی بەتاڵ کردۆتەوە و لایەنی فکری و ئیدۆلۆژیی نیزام بە سەر نێوەرۆکی ئەو قانوونەدا زاڵ بووە و بووەتە هۆکاری سەرەکی کە هەموو دەسەڵاتەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتی یەک کەسدا کۆ بکرێنەوە. ئەو کەسەش بەپێی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی و تێگەیشتنی لە دەسەڵاتداری و حوکمڕانی لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا ئەسپی خۆی لە مەیدانی دەسەڵاتدارییی ئێراندا تاو داوە و بەبێ حوکم و بڕیاری ئەو کەسە واتە ڕێبەر هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکرێ و ئەوەی لە پڕوپاگەندەی بەربژێرەکانی شوڕای نیگەهبان بۆ پۆستی سەرکۆماری گوتران، هەمووی بەتاڵن لە ڕاستی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠٢١

## ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، نیزامێکی سیاسیی تاوانبار

ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی کاتێک ڕژێمی پاشایەتیی پەهلەوی ڕووخا، هیچ کەس لە خەڵکی ئێران کە سەرمەستی سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان بوون بیریان لەوە نەدەکردەوە کە نیزامێک لە دوای نیزامی پاشایەتی لە ئێران دەسەڵات دەگرێتە دەست کە بناخەی لەسەر خوێن و تێرۆر و ئێعدام و زیندان و ئەشکنجە دادەمەزرێ. هەروەها سنووری ئەم جینایەتانەی دەباتە ئەو دیوی چوارچێوە جوغرافییەکەی وڵات و هەموو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت نێودەوڵەتییش بە مەبەستی لەبەینبردنی جیابیرانی خۆی ژێرپێ دەنێ. خەڵک خافڵ لەوە بوون کە دامەزرێنەران و دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە تازە بەدەسەڵاتگەیشتووە کوشتن و ترس و تۆقاندن دێننە نێو قانوونی ئەساسیی وڵات و ڕەواییەتی دەدەنێ بۆ ئەوەی دەستیان ئاوەڵاتر بێ بۆ بە ئەنجامگەیاندنی مەرامە نائینسانییەکانیان.

لە پێشەکیی قانوونی ئەساسیی ئەو نیزامەدا کە باس لە ئەرتەش و سپای پاسداران دەکا، هاتووە: "ئەرتەش و سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بێجگە لە پاراستنی سنوورەکانی ئێران، ئەرکی گرینگ و سەرەکییان جیهاد لە ڕێگای خوا و خەبات لە ڕێگای پەرەپێدانی حاکمییەتی قانوونی خوا لە سەرانسەری جیهاندایە". ئەمە بەو مانایە دێ کە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گەشەپێدانی بیر و هزری خۆی دەست لە هیچ تاوانێک ناپارێزی و پابەندی هیچ یاسا و ڕیسایەک نەبووە و ناشبێ. بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ لەنێوان ساڵەکانی ١٣٥٧ - ١٣٩٩ی هەتاوی، واتا لە ماوەی ٤٢ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ئەم ڕژێمەدا زیاتر لە ٤٤٦٠٠ کەس لە خەڵکی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆری وەک تێرۆر، ئێعدام و ڕەشەکوژی لە نێوخۆی وڵات گیانیان لێ ئەستێندراوە و بەشێک لەوانیان لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتوون. نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو ئەو تاوانگەلەی بە بیانووی بێبنەما و تەنیا بەهۆی جیابیری و دژایەتیی ئەو کەسانە لەگەڵ دەسەڵاتەکەیان کردووە.

لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش هەر بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٩٩دا بڵاو بۆوە، کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٢ ساڵ دەسەڵاتی ڕەشی خۆیدا لە ٤٠ وڵاتی دنیادا جێپەنجەی بە ٣٦٠ کردەوەی تێرۆریستیی ئامانجدارەوە دیارە. هەڵبەت بە خاترجەمی دەتوانین بڵێین ئەو ڕاپۆرتە، ئەم نزیک بە ٤٠٠ کردەوە تێرۆریستیە لە خۆ ناگرێ کە تێرۆریستەکانی ئەم ڕێژیمە لە هەرێمی کوردستان - عێراق بەدژی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوویانە. سێ حەوتوو لەوە پێشێش ناوەندی مافی مرۆڤی "عەبدولڕەحمان

برووممەند" بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و بەڵگەنامەیەک نووسیی کە بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە بەردەوامەکانی خۆی توانیویەتی زیاتر لە ٥٤٠ کەسایەتیی ئێرانی دەستنیشان بکا کە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە کوژراون یا ڕفێندراون.

ئەوەی لەو ڕاپۆرتەی بنیاتی برووممەنددا گرینگە ئەو بەشەیە کە دەڵێ لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بەم لاوە، بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جیاجیادا سەدان هێرشیان کردووەتە سەر چالاکانی سیاسیی دژبەری خۆیان و چونکی هیچ کۆسپ و بەربەستێکی ئەوتۆیان لەبەردەم نەبووە و لەو سۆنگەیەوە تووشی هیچ لێپێچینەوە و سزادانێک نەبوون، لەو پارێزراوییەدا لە هێرش و پەلامارەکانیان بەردەوام بوون.

ئەو شێوە کار و سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر بنەمای بڵاوکردنەوە و سەپاندنی ترس و تۆقاندن دامەزراوە، ئەگەر لە نێوخۆی ئێران توانیویەتی تەمەنی ڕێژیم بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵ درێژ بکاتەوە و ڕێگە بدا هەتا ئیستاش بەسەر گەلانی ئێراندا حکوومەت بکا، بەڵام ئێستا ئیدی گڵۆڵەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە کەوتووەتە لێژی. دەبینین لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا نارەزایەتیە جەماوەرییەکانی گەلانی وەزاڵەهاتوو لە دەستی ئەو نیزامە هەر جارێ لە گۆشەیەکی ئێران سەر هەڵدەدا و سنووری پیرۆزییەکانی ئەو نیزامە دەبەزێنێ. لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات و بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پێگەی ئەو نیزامە سیاسییە لاواز و لاوازتر دەبێ و هاوکات پەروەندەی کردەوەی تێرۆریستی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ئەو نیزامەوە لەسەر مێزی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و دادگای دەوڵەتەکان ئەستوور و ئەستوورتر دەبێ. لە ئێستادا بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی ئەو ٤٢ ساڵەدا پۆستە گرینگەکانی حکوومەتییان بەدەستەوە بووە، لە دادگای وڵاتانی ئوروووپایی و ئەمریکایی و هیندێک وڵاتی دیکە بە تاوانی جینایەتی جەنگی و کردەوەی تێرۆریستی حوکمی دەستبەسەرکردنیان لەلایەن دادگای ئەو وڵاتانەوە بۆ دەرچووە. ئەوانەش فاکت و بەڵگەی ڕەسمیین بۆوەی بتوانی بڵێی کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕێژیم و نیزامێکی تاوانبارە.

ئەگەر حوکمی دادگای میکۆنووس (٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦) بۆ ماوەیەک توانی دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی - لانیکەم لە وڵاتانی ئوروووپایی - بوەستێنێ، یان گۆڕانکارییەک لە فۆڕمی کار و کردە تێکدەری و تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی سنوورەکانیدا پێک بێنێ، دەبینین کە دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی ماوەی چەند ساڵێکە دەستبەکار بۆتەوە و توانیویەتی قوربانیی تازە لە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ئەم وڵاتە بستێنێ. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و وردبوونەوەیە ئەوەیە، کە کۆمەڵگەی جیهانی وەک دەیەکانی ٦٠ و٧٠ی هەتاوی لەسەر ئەو پەروەندانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵسوکەوت ناکا. هەر لە دوو ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لانیکەم لە چەند وڵاتی ئوروووپایی وەک: دانمارک، هۆلەند، ئەڵمان،

نۆرویژ، ئوتریش، فەڕانسە و بێلژیک بە تاوانی دەستتێدابوون لە کردەوەی تێرۆریستی ناوی هاتووە و کەس یا کەسانی سەر بە ئورگانە دەوڵەتی و نیزامییەکانی ئەو ڕێژیمە لە لایەن پۆلیس و دەزگای قەزایی ئەو وڵاتانەی لە سەرەوە ناویان هاتووە، دەستبەسەر یا داوا کراون.

بۆ نموونە: ڕۆژی ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی دادگای جینایی شاری ئەنتورپ لە وڵاتی بێلژیک ئەسدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆماتکاری کۆماری ئیسلامیی بە هۆی پلاندانان بۆ کردەوەی تێرۆریستی و دانانەوەی بۆمب بە ٢٠ ساڵ زیندانی حوکم دا. ئەو بۆمبە قەرار بوو لە کۆبوونەوەیەکی بەربەرینی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق لە دەوروبەری پاریس لە پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاویدا بتەقێتەوە کە زووتر پۆلیس پێی زانی. هەروەها ماوەیەکە کە دادگایەک لە ستۆکهۆلمی سوئێد بۆ لێپرسینەوە لە تاوانەکانی حەمید نووری، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسیی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی پێکهاتووە. ئەو دادگایە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە دادپرسی لە تاوانەکانی ناوبراو کە بە تاوانی کوشتنی بەئانقەست و جینایەتی ئاشکرا گیراوە، بەپێی ئەسڵی سەلاحییەتی جیهانیی دادگاکان بۆ پێڕاگەیشتنی بەو تاوانانەی دەچنە خانەی جینایەتی شەڕ بە دژی مرۆڤایەتی لەئارا دایە. هەر لەو پێوەندییەدا و لە سەرەتای ئەم مانگەشدا کە تێیدایین، لقی دووی دادگای تاوانەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق (هەولیر) دوای نزیک بە سێ ساڵ لێکۆڵینەوە و دادگایی‌کردنی تاوانباران لەسەر تێرۆری قادر قادری، فەرماندەیەکی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان حوکمی ئیعدامی بۆ تاوانبارانی ئەو کردەوە تێرۆریستیەدا دەرکرد. لەو پەروەندەیەدا و لە ئیدیعانامەی دادئەستێندا بەڕوونی باس لەوە دەکرێ کە کوشتنی قادر قادری دەستی دەزگای ئەمنی دەوڵەتێکی دراوسێی هەرێمی کوردستانی لە پشتە، دیارە هەرچەند بە هۆکاری جۆراوجۆر ناوی ئەو دەوڵەتە نەهاتووە، بەڵام وەک ئاشکرایە و لە زمان دەستەی پارێزەرانی بنەماڵەی قوربانیی ئەم پەروەندەیەوە بەردەوام گوتراوە، ئەو دەوڵەتە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

ئیستا ململانێی ویژدانی و ئەمنیی کۆمەڵگەی جیهانی و دەزگاکانی دادوەری لە وڵاتانی دێموکراتیک لەلایەک و بیرتەسکی و دژەمرۆڤایەتی بوونی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە نەک هەر لەنێو سنوورەکانی ئێران بەڵکوو لە سەرانسەری جیهان بە جۆرێک لە جۆرەکان لەئارا دایە. ویژدانی کۆمەڵگەی جیهانی دەیهەوێ بەگژ کردەوە نامرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی کردەوە تێرۆریستیەکانی ئەو نیزامەدا بێتەوە کە ئەوە بەخۆشییەوە ماوەیەک بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لانیکەم دامودەزگاکانی پۆلیس و دادوەری هێندێک لە وڵاتانەوە دیارە. بەڵام چونکە ئەو نیزامە پایەکانی لەسەر تێرۆر و تۆقاندن و خوینڕشتن دامەزراوە، وا بە ئاسانی سندم ناکرێ. وەک چۆن تەنیا حەوتوویەک دوای دەرچوونی حوکمی تێرۆریستەکانی پەروەندەی تێرۆری قادر قادری لە دادگای تاوانەکانی هەولێر، شەوی ١٤ لەسەر ١٥ی گەلاوێژ دەستەیەکی دی لە تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی، مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە نێو

شاری هەولێردا تێرۆر کرد.

ڕاستە کە تێرۆر و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاوەڵدووانەی یەکترین، ئەوەش ڕاستە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە هیچ جینایەتێک بەدژی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەی نەپرینگاوەتەوە، بەڵام ئێستاش خافل لەوەن کە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەوانە بەچۆکدا نایە، بەڵکوو بەوە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان زۆرتر بێزیان لەو نیزامە هەڵدەستی و ڕقئەستوورتر و مکوڕتر لە جاران لە دژایەتیکردنی ئەو ڕێژیمە بەردەوام دەبن. هاوکات لەنێو بیروڕای گشتیی جیهانی و نێودەوڵەتییشدا بێزراوتر دەبن و پتر جیگە و پێگەی خۆیان لەدەست دەدەن و زیاتر و زیاتر شمشێری داد پەروەری لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامی نزیک و نزیکتر دەبێتەوە.

بە هەموو نیشانەکان ئەو ڕۆژە نزیکە کە ئەو هەموو خوێنە بەناحەق ڕژاوە بناخەی حوکمرانیی ئەو نیزامە دژە مرۆڤایەتییە لە بناخەوە هەڵتەکێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢١

## قانوون و ئیرادەی خەڵك، كامیان پیرۆز و لەپێشترن؟

قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێك لەگەڵ ئەوەدا سەرچاوەی هەموو قانوونە بەركارەكانی دیكەی ئەو وڵاتەیە، لە هەمان كاتدا دەرخەری جۆری سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتەشە. بە واتایەكی دی بە خوێندنەوە و كاركردی قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێك دەردەكەوێ كە سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەریی ئەو وڵاتە لە سەردەمی ئێستادا چەندە بنەماكانی دێموكراسی وپاراستنی مافی شارۆمەندیی تێدا ڕەچاو كراوە.

لە سەردەمی ئێستادا كە سەردەمی پێشكەوتنی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، لە هەموو بوارەكانی ژیاندا پێویستە هەر سیستمێكی سیاسی لەهەر وڵاتێك كە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ، قانوونێكی نووسراو هەبێ كە هەموو لایەك لەسەری كۆك بن، واتە بە پەسندی كۆمەڵانی خەڵكی ئەو وڵاتە گەیشتبێ. ئەو قانوونە بە قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتە دادەنرێ كە لەژێر ڕووناكیی ئەودا وڵات بەڕێوە دەچێ. قانوونی بنەڕەتی مادام دەسەڵاتی خۆی لە ئیرادەی خەڵكەوە وەردەگرێ، ناتوانێ هەڵگری بڕگە و ئەسڵی و نێوئاخنێكی وابێ كە دەسەڵاتی خەڵك بەرتەسك بكاتەوە، چونكە ئەوە بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵەیە كە ئیرادەی زۆربەی خەڵك لە هەر سیستەمێكی سیاسیدا و لە هەر سەردەمێكدا بێ دەتوانی نەزمی بنەڕەتیی ئەو سیستەمە سیاسییە لە بەریەك هەڵوەشێنی و نیزامێكی دیكەی سیاسی بێێتە سەر كار و لە جێگای نیزامی پێشووی دابنێ. بەڵام قانووندانەران لە قانوونی بنەڕەتیی نیزامی كۆماری ئیسلامیدا ڕاست بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵە جووڵاونەتەوە و چەند ئەسڵێكیان بۆ نموونە ئەسڵەكانی ٥ و ١٢ نێوئاخنی قانوونی بنەڕەتیی ئێران كردووە، بەو جەوهەرە كە ئەو ئەسڵانە هەتاهەتایە نەگۆڕن و كەس بۆی نییە بە نیەتی لابردن یا گۆڕانكاری و هەمواركردنەوە دەستیان بۆ بەرێ. ئەمە لە ئەسڵی ١٧٧یشدا كە باس لە پێداچوونەوە بەو قانووندا دەكا بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە. لەو ئەسڵەدا كە باس لە پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتیدا دەكا و دوای دەستنیشان كردنی ڕێكارەكان بۆ پێداچوونەوە باس لەوە دەكا كە هەموو گۆڕانكارییەك بخرێتە بەر دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵك و بە زۆرینەی دەنگی خەڵك پەسند بكرێن؛ بەڵام لە كۆتاییدا زۆر بەڕوونی دەستنیشانی دەكا كە ئەو ئەسڵانەی لە نێوەرۆكدا باس لە بنەما ئیسلامییەكان دەكەن بەتایبەتی ئەو ئەسڵانەی كە دین و مەزهەبی ڕەسمی (ئەسڵی ١٢)، ویلایەتی ڕەهای فەقی (ئەسڵەكانی ٥ و ٥٧)یان تێدا باس كراوە بەهیچ جۆر قابیلی ئاڵوگۆڕ و دەستكاری نین و لە پێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتییشدا پارێزراو و لەجێی خۆیانن و گۆڕانكارییان تێدا پێكنایە.

مرۆڤ وكۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەرچەندە بتوانێ گەشە بكا و پێش بكەوێ، دیسان ناتوانێ بۆ داڕشتنی قانوون پێش

سەردەمی خۆی بکەوێ و بڕیاری بۆ بدا، چوونکە نیازو پێداویستی هەر نەسڵێک لە مرۆڤەکان لەگەڵ نەسڵی پێش خۆی جیاوازیی هەیە و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەپێی زەمەن و سەردەمەکان لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا ڕوو دەدەن کە زۆربەیان قابیلی پێشبینیش نین. بە واتایەکی دیکە بە ڕووداوی هەر ڕووداوێک کە کاریگەریی هەبێ لەسەر کۆمەڵگە، دەروازەیەکی نوێ بەڕووی کۆمەڵێک بابەتی نوێی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا دەکاتەوە و هەر ئەو کرانەوەیە، لە دەسەڵات دەخوازێ کە قانوونەکان بەتایبەتی قانوونی بنەڕەتیی وڵات پێویستییان بە پێداچوونەوە و لابردنی یەکجاری ون ووسینەوەی دووبارە هەیە. ئەوەی هەتا ئێستا سەلمێندراوە هیچ قانوونێک، تەنانەت قانوونی بنەڕەتیی وڵاتیش نەیتوانیوە لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا کە خەڵک تێیاندا ڕۆڵگێڕی سەرەکی بوون، خۆڕاگری بکا. بەکورتی قانوونی بنەڕەتیی زیندوو و کارا ئەو قانوونەیە کە بتوانێ ئەو نەرمییەی تێدابێ کە بەردەوام خۆی لەگەڵ ئیرادەی سیاسیی خەڵک و ویستی نەسڵە جیاوازەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگە ڕێک بخا، چونکە حاکمییەتی ڕاستەقینە لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێ کە ناتوانرێ ئیرادەی نەسلێک بەسەر نەسڵەکانی دیکەدا بسەپێندرێ. ئەوەی لە ئەسڵی ١٧٧ی قانوونی بنەڕەتیدا هاتووە جۆرێک پیرۆزی بەخشینە بە چەند ئەسڵێک لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، کە خۆی لە بنەڕەتەوە پێچەوانەی حاکمییەتی خەڵکە. مافی حاکمییەتی خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیدا مافێکی سروشتییە، هەربۆیە هیچ قانوونێک تەنانەت قانوونی بنەڕەتیی وڵاتیش ناتوانێ ئیرادەی سیاسیی خەڵک کە خۆی خولقێنەری وڵات و قانوونە لێی زەوت یان سنوورداری بکا.

ئەگەر بەباشی سەرنج بدەینە کێشە و ململانێی خەڵک و دەسەڵات لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە سەرچاوەی زۆربەی کێشەکان ئەوەیە کە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای بڕگە و ئەسڵەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئەو نیزامەوە دەسەڵاتەکانیان بۆ خۆیان و هاوبیرەکانیان لە بازنەیەکی تەسکدا قۆرغ کردووە. بۆ نموونە ڕێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامی کە لە لوتکەی دەسەڵاتدایە بەپێی قانوونی بنەڕەتی دەبێ باوەڕدار بە دینی ئیسلام و مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی و ویلایەتی ڕەهای فەقی بێ. ئەو ئەسڵە یا ئەو بڕگەیە کە لەو قانوونەدا هاتووە خۆی ڕێگری دەکا لە هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕدار بە ئاینێکی دیکە، جیا لە ئاینی ئیسلامن و لە هەمانکاتدا ڕێگری دەکا لە باوەڕداران بە ئاینی ئیسلام ئەگەر شیعەی ١٢ ئیمامی نەبن و باوەڕیان بە ویلایەتی ڕەهای ڕێبەریش نەبێ و، هەروەها ژنانیش بە هیچ جۆر ناتوانن بۆ ئەو پۆستە خۆیان بەربژێر بکەن. هەر لەو قانوونەدا ئەسلەکانی ١١٥ و ١٥٧ کە باس لە دیاریکردنی سەرۆککۆمار و سەرۆکی دەزگای دادی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەکەن، ئەو ڕێکار و مەرجانەی کە بۆ ڕێبەریی باس کران هەمان ڕێکار بۆ ئەوانیش دەستنیشان کراوە و هەروەک باس کرا ئەوە ئەو مانایە دەبەخشێ کە دامەزرێنەرانی نیزامی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنیان هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کە چەندی دەتوانن جێگە و پێگەی خۆیان لە ڕێگای بڕگەکانی قانوونەوە قاییم بکەن. هەربۆیە لە ئەسلەکانی ١٢ و ١٧٧ی قانوونی بنەڕەتیدا زۆر بە



سەرچاوە
Serchawe

پێداگرییەوە باس لەوە دەکەن کە دین و مەزهەب و ویلاتی ڕەهای فەقی بۆ هەتا هەتایە قابیلی ئاڵوگۆڕ و پێداچوونەوە نین. لە حاڵێکدا قانوونی بنەڕەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ شەرعییەتدان بە نێوەرۆکی خودی قانوونەکە لە ئەسلی یەکەمدا پشت بە دەنگی زۆرینەی خەڵکی ئێران دەبەستێ کە دەنگیان پێی داوە و لە ئەسڵی ١٧٧ی هەمان قانووندا قانووندانەر دەڵێ هەر پێدا چوونەوەیەک بە قانوونی بنەڕەتی بیجگە لەوانەی باسمان کردن بۆ پەسندی کۆتایی دەبێ لە ڕێگای ڕیفراندۆمێکەوە بخرێتە بەر دەنگی خەڵکی ئێران، واتا کاتێک ئەو پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی شەرعییەت پەیدا دەکا کە خەڵک لە دەنگدانێکدا دەنگی پێ بدەن. ئەگەر وایە بەو ئاکامە دەگەین کە قانووندانەر و دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامییش ئەو ڕاستییە دەزانن کە سەرچاوەی دەسەڵات و قانوون خەڵکە و هیچ بڕگە و ئەسلێکی قانوونی ناتوانێ ئەو پیرۆزییە پەیدا بکا کە خەڵک نەتوانن دەستکاری بکەن یا تەنانەت لایبەرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## بەرپرسایەتیی دەوڵەت و دەسەڵات لە بەرانبەر سڵامەتیی کۆمەڵگەدا

لە سەردەمی ئیستادا ئیدارەدانی برگەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری کۆمەڵگە جیاوازەکان لە چوارچێوەی سیستەمێک بەناوی دەوڵەت یا حکومەتدا ڕێک دەخرێن. لە لایەک ئەم قەوارە سیاسییە بە نوێنەری خەڵک لە ئیدارەدانی وڵات دادەنرێ و لە لایەکی دیکەوە ئەو نوێنەرایەتییەش بەرپرسایەتیی قورس و گەورە دەخاتە سەر شانی دەوڵەت، چونکە دەوڵەت بە سەرنجدان بە دەستڕۆیشتوویی سیاسی و ئابووری کە هەیەتی، دەتوانێ بەرگری لە پێشهاتنی ئەو ڕووداوانە بکا کە زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنن، یان دەتوانێ خەسارەکان بە لانیکەمی خۆی بگەیەنێ.

ماوەی دوو ساڵە پەتای جیهانداگری کۆرۆنا بەرۆکی کۆمەڵگەی جیهانیی گرتووە. حکوومەتە دێموکراتیکەکان کە بایەخ بۆ بەرپرسایەتیی سەرشانیان دادەنێن، لە سەرەتاوە بە گرتنەبەری زۆر ڕێکار هەوڵیان دا ڕێ لە هاتن و تەشەنەسەندنی ئەم ناخۆشییە لە وڵاتەکەیاندا بگرن. هاوکات وێڕای پێدانی زانیاری و وشیاری بە خەڵکەکەیان، لە زۆر شوێن بۆ پێشگیریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە، کۆمەڵێک قانوون دەرچوون بۆ ئەوەی هەرکەس ڕێکارە تەندروستییەکان وەبەرچاو نەگرێ، سزا و تاوانەکەی بگرێتە ئەستۆ؛ کە ئەوەش هەر بۆ هەست بە بەرپرسایەریی خەڵک و کۆمەڵگە لەهەمبەر یەکتر دەگرێتەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە هەوڵە پزیشکییەکان بۆ دۆزینەوەی واکسەنی نەخۆشییەکە لە زۆر وڵات دەست پێ کرا و ئاکامیشی لێ وەرگیرا. ئەو وڵاتانەش کە توانای زانستی پزیشکیی دروستکردنی واکسێنەکەیان نەبوو، کەوتە بەستنی گرێبەستی کڕین و دەستکردن بە کوتانی خەڵکەکەیان؛ ئەمانەش هەمووی ڕووی بەرپرسایەتیی حقووقیی حکوومەتەکان بەنیسبەت خەڵکی وڵاتەکانیان دەردەخەن.

بەڵام لە ئێرانی ژێر حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیدا هەر لە سەرەتاوە بەهۆی کەمتەرخەمی و بەهێند نەگرتنی ئەو ڤایرۆسە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامەوە کۆرۆنا بە شێوەیەکی بەربەرین هەموو وڵاتی داگرت و ئێستاش لەکاتێکدا زۆر لە وڵاتان پەتای کۆرۆنایان سندم کردووە، بەڵام لە ئێران دۆخەکە کارەساتبارە و مرۆڤەکان وەک گەڵای پاییز هەڵدەوەرن.

لە ڕەهەندێکی دیکەوە لە هەموو وڵاتان ڕێکارە خۆپارێزییەکان بوونە هۆی داخستنی دووکان و بازار و ڕاگیرانی کار و کاسبیی ورد و درشت و بەوەش سروشتییە کە زیانی ئابووریی زۆر بە کۆمەڵگە و وڵاتەکان بکا کە ئەگەر بێتوو دەوڵەتێکی بەرپرسیار و بەبەرنامە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵاتدا نەبێ، ئاسەواری ئەو زیانە ماددی و مەعنەوییانە بۆ ساڵانێکی

دوورودرێــژ دەمێــنن. لەو ڕوانــگەیەوە کە ئەو نەخۆشـییە زیــانی گەورە بە کـۆمەڵگە دەگەیەنـێ، دەوڵەت بەرپرسـیارە لە پێشگیریکردن و چارەسـەرکردنی نەخۆشـەکان و قەرەبـووکردنەوەی ئەو زیـانە کە بەگشـتی بەهـۆی نەخۆشیی کۆرۆنـاوە لە کۆمەڵگە کەوتووە. بۆ دەرخستنی ڕادەی بەرپرسیارەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی خۆ ئەگەر هەڵسەنگاندنێک بـۆ کـارکردی دەوڵەت لە مـاوەی ئەو دوو سـاڵەدا بکەیـن کە نەخۆشـیی کۆرۆنـا هاوکـات لەگەڵ کـۆمەڵگەی جیهـانی بەرۆکـی کـۆمەڵگەی ئێرانیشـی گرتەوە، دەبینـین کە ئەو نیزامە لە تەواوەتیـی خۆیـدا هەم لە پێشگیری و هەم لە چارەسـەری ئەو نەخۆشییەدا نەک کەمتەرخەم، بەڵکوو تاوانباریشە. کەمتەرخەم و تاوانەکەش بەر لەهەموو کەس بەرپرسایەتییەکەی لەئەستۆی وەلیـی فەقیهـ، ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە. ئەو کەمتەرخەمییە بەپێی بڕگەکانی قـانوون دەچێتە خـانەی تـاوان کە دەرحەق بە تـاک تاکی کۆمەڵگەی ئێران کردوویانە. خۆ ئەگەر ئەو ئەسڵە بـاوە لە قانووندا لە نەزەر بگرین کە دەڵێ: "کردن یـا نەکردنی کردارێک کە قانوون دەستنیشـانی کـردووە دەچێتە خـانەی تـاوان"، بەئاشکرا دەبینین کە کۆمـاری ئیسلامی هەم لە کـرداری پێشـگیریدا و هەم لە چارەسـەری نەخۆشـیی کۆرۆنـادا سـووچبار بـووە و بەرپرسـایەتیی گیانلەدەسـتدانی نزیـک بە ٢٠٠ هەزارکەس و کۆی زیانە ئابوورییەکان لە ئەستۆی حکوومەتە؛ بەو هۆیانە:

- لەوکـاتەدا لە سـەرەتاکانی مـانگی ڕەشـەمەی ١٣٩٨ی هەتـاوی کە دەنگوبـاسی سـەرهەڵدانی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا لە شـاری "یوهان"ی چین بڵاو بۆوە و ئاسەوارەکانی لە شاری قـوم دەرکەوتـن، دەوڵەتـی ئێران سنووری ئاسمانیی خۆی لەگەڵ چین دانەخست و بە بیانووی جۆراجۆر هاتوچۆی نێوان ئێران و چین هەر بەکراوەیی مایەوە.

- لەو کـاتەدا کە ڤایرۆسی کۆرۆنـا ئـارام ئـارام دەبـوو بە پەتـایەکی جیهانـداگر و دەبـوا لە کۆبوونەوەی خەڵکی لە دەوری یەکتر پێشگیری کرابا، لەو ئانوساتەدا کۆماری ئیسلامی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی مەجلیسـی بەڕێوە دەبـرد و بە پروپاگەندە خەڵکی هان دەدا بۆ بەشداریی گشتی و کۆبوونەوە لەسەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەو ڕەفتـارەی ڕێـژیم لە زۆر بۆنەی مەزهەبی و حکوومەتی وەک ناشتنی قاسم سولەیمانی دووپات بەبەردەوامی چەندپاتە بوونەوە.

- گوێنەدانی دەسەڵات بە وریاکردنەوەکانی کەرتی تەندروستی و کارناسانی پزیشکی و لە هەمانکاتدا نیشـاندانی نەخۆشیی کۆرۆنا وەک نەخۆشییەکی ئاسایی. وەک چۆن ڕوحانی، سەرۆککۆمار باسی لە بەسۆخرەگرتنی مەترسییەکان کرد و ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ٦ی ڕەشەممەی ١٣٩٨ گوتی لە شەممە هەموو شتێک ئاسایی دەبێتەوە و ئەوە شەممەیە ئێستاش نەگەیشتێ.

- سەرباری هەموو ئەوانە بێ لەبەرچـاوگرتنی بەرژەوەنـدیی گشـتی و سلامەتی خەڵـک، "خـامنەیی" بە بڕیـارێکی حکوومەتی هـاوردەکردنی ڤاکسێنی بیـانی (ئەمریکـا و بریتانیـا)ی قەدەغە کـرد کە ئەو بڕیـارەی خـامنەیی نەک ناتەبـا لەگەڵ بنەمـا ئەخلاقییەکـان، بەڵکـوو پێشـێلکەری بەرپرسـایەتییە قـانوونییەکەی بـوو. ڕاگرتنـی هـاوردەی واکسـەن لەو دوو وڵاتە کە

تەنانەت ڕێکخراوەکانی خێرخوازی بێبەرامبەر بۆ ئێرانیان دەنارد، قەیرانێکی قووڵی لێ کەوتەوە و ژیانی بە میلیۆن کەس لە ئێرانی خستە مەترسییەوە کە هەموو ڕۆژێک ئاسەوارەکانی دەبینین.

خامنەیی کە ڕەفتاری ڕێژیمەکەی لەهەمبەر ئەو نەخۆشییە و ڤاکسینی کۆرۆنا لە چوارچێوەی ڕوانگەی داتاشێنی پیلانگێری بەدژی کۆماری ئیسلامی بەرتەسک کردۆتەوە، هەر لە سەرەتاوە ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە کە ئەمریکا و بریتانیا دەیانهەوێ ڤاکسێنەکانیان لەسەر خەڵکی وڵاتانی دیکە تاقی بکەنەوە، یان لە ڕۆژی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٨دا لە کۆبوونەوەکەیدا گوتی: "ئەو ڤایرۆسە بیانوویەکی باش بوو بەدەستی دژبەرانی نیزامی کۆماری ئیسلامی کە خەڵک هان بدەن ئەو قسانەی خامنەیی لەکاتێکدا دەکران کە هەموو وڵاتانی دنیا بە نیزامە نادێموکراتیکەکانیشەوە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پەتای کۆرۆنا کەوتبوونە ئامادەباشی و کۆمپانیا پزیشکی و دەرمانسازییەکانی وڵاتان بە تاک و کۆ و، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان شەو و ڕۆژیان بۆ دروستکردنی واکسێنی کرۆنا خستبووە سەر یەک. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەر بەوەندە ڕانەوەستا و چەند ڕۆژ دواتریش - ١٣ی ڕەشەمەی ٩٨ - گوتی پەتای کۆرۆنا ئەوەندە مەترسیدار نییە کە لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە گەورە کراوەتەوە و لە وتاری نەورۆزیی خۆی بەبۆنەی دەسپێکی ساڵی ١٣٩٩دا ئیدیعای کرد ئە کۆرۆنا ئەمریکا دروستی کردووە بۆ دوژمنایەتی لە گەڵ خەڵکی ئێران!

نەزەردان لەسەر بابەتی تەندروستی و لەشساغی کە پێوەندی ڕاستەوخۆی هەبێ لەگەڵ سلامەتیی کۆمەڵگە، بەپێی هەموو پێوەرە جیهانییەکان تەنیا لە سەلاحییەتی کەسانی پسپۆر و شارەزا لەو بەشە دایە. بۆیە بۆ خامنەیی یا هەر خاوەن بەرپرسایەتییەکی دیکەی حکومەتی ڕێگاپێدراو نییە لەسەر ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە سلامەتی کۆمەڵگەوە هەیە نەزەر بدەن، چونکە نەزەری خامنەیی لە پلەی وەلی فەقیهـ لە نیزامی سیاسیی ئێراندا دەبێتە فتوا و بەپێی بنەماکانی مەزهەبی ڕەسمیی ئێران، حوکمی قانوون وەردەگرن و هیچ سەرچاوەیەکی قانوونیش نییە بتوانی ڕەدیان بکاتەوە. لەو سۆنگەیەشەوە بەرپرسایەتی ڕاستەوخۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و گیانلەدەستدانی نزیک بە ٢٠٠ هەزار کەس لە ئێران بە هۆی ئەو ڤایرۆسەوە و بەرکەوتنی زیانێکی زۆری ماددی بە ئابووریی وڵات ڕاستەوخۆ لەئەستۆی خامنەییە. خۆ هەر بەپێی ئەسڵی ٥ی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەلی فەقیهـ ئەوکەسەی لە نەبوونی ئیمامی زەماندا ڕێبەریی جیهانی ئیسلامی دەکەوێتە ئەستۆ دەبێ کەسێکی "...دادپەروەر و دوور بێ لە گوناح و ئاگا بەسەردەم....بی." واتە کەسێک دەتوانێ بگاتە پلەوپایەی ڕێبەری کە بتوانێ لەژێر سێبەری حکومەتداریی ئەودا دادپەروەری لە وڵاتدا حوکم بکا و کەسێک دەتوانێ ئەو دادپەروەرییە لە کۆمەڵگە دا پیادە بکا کە ئاگا بە زانستی سەردەم بێ، واتە بەپێی ئەو سەردەمەی تێیدا دەژی لەگەڵ نیاز و پێداویستیەکانی کۆمەڵگە ئاشنا بێ و بڕیار و فتواکانی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدا بێ نەک بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و دەوروبەرەکانی. لەلایەکی دیکەوە بڕگەی ١٢ لە ئەسڵی ٣ی قانوونی بنەڕەتی دەوڵەت ئەرکدار دەکا لە بەرانبەر سلامەتی

کۆمەڵگە. هەروەها قانوونی "شێوازی پێشگیری" لە نەخۆشییە گواستراوەکان کە ساڵی ١٣٢٠ لە ئێران پەسند کراوە و هەتا ئێستا هیچ قانوونێک لە ڕەدی ئەو قانوونە لە ئێران دەرنەچووە، لە مادەی ١٢یدا دەڵێ: "کەسانێک کە پێشی بەرێوەچوونی ڕێکارە تەندروستیەکان دەگرن یان کەمتەرخەمیی دەبێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گواستراوەکان بە حەبس یا جەریمەی نقدی سزا دەرێن." بەپێی قانوونە نێونەتەوەییەکانیش لە پێوەندی لەگەڵ ئەو نەخۆشیانەی بەخێرایی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێنەوە و زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئێرانیشەوە ئیمزایان کردووە و بوونە بەشێک لە قانوونی نێوخۆییش، ئەگەر کەسێک ببێتە هۆکاری نەخۆشکەوتنی کەسێکی دیکە دەبێ قەرەبووی زیانی ماددی و مەعنەویی ئەو کەسە بکاتەوە. ئەگەر ئەو ئەسڵەش لەبەرچاو بگرین کە بەڕێوەبردنی قانوون و ئەرکە قانوونییەکان دەبنە ژێرخانی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و بناغەی مانەوەی کۆمەڵگەیان لەسەر ڕادەوەستێ، پێویستە لەگەڵ ئەو کەس و کەسانەی سروشتی و قانوونی (حەقیقی و حقووقی) کە دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی نەزمی کۆمەڵگە لە بواری سڵامەتییەوە تێک بچێ، لەلایەن ناوەندە خاوەن سەڵاحییەتەکانەوە پێشیان بگیرێ و بەپێی قانوون سزا بدرێن. لە یەک ڕستەدا تاونباری سەرەکی لە دۆخی ئێستای کۆرۆنا لە ئێران نیزامی سیاسیی و ئیداریی وڵات و لە سەرووهەموویانەوە شەخسی خامنەییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

## هۆکار و ئاکامی هەڕەشە و هێرشەکانی سپای پاسداران

یەکێک لە کەرەسە بەردەستەکانی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی نادێموکراتیک بۆ ڕاکردن لە دەستی قەیرانەکانی نێوخۆ، دروستکردن یان زەقکردنەوەی مەسەلەکانی پێوەندیدار بە بواری سیاسەتی دەرەکی و بەناو ئەمنییەتیی وڵاتە. بە واتایەکی دیکە بەئەمنییەتیکردنی مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەکی دەیانەوێ کەشوهەوایەک بخوڵقێنن کە بتوانن فەزای نێوخۆی وڵاتی پێکونترۆڵ بکەن و دەستیان ئاوەڵاتر بێت بۆ سەرکوتی جیابیران و دژبەرانیان و لەو حاڵەتەدا حکوومەت دەبێتە خاوەنی هێزی ڕەها و هەرچی پێی خۆش بێت لە نێوخۆی وڵات بە قازانجی مانەوەی لە دەسەڵاتدا دەیکا.

دۆخی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا بەو شێوەیە بووە کە بە خوڵقاندنی قەیرانی دەرەکی، قەیرانە نێوخۆییەکانیان داپۆشیوە و دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵکیان پێ سەرکوت کردووە. هەر بۆیە دەبینین دوای دەستبەکاربوونی دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسی، سپای پاسداران لە قەیرانخوڵقێنییەکانی لە ناوچە بەردەوام بووە و شەپۆلێکی نوێی لە هەڕەشەکردن لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەوانیشەوە هەڕەشەکردن لە هەرێمی کوردستان - عیراق، بەڕێوەبردنی مانۆڕی جۆراوجۆری سەربازی لەسەر سنوورەکانی وڵاتی ئازەربایجان و لێدوانی توندی فەرماندەکانی سپا دەست پێ کردووە کە لە هەموواندا بۆنی شەڕ و ئاژاوەیەکی نوێ دێ.

بێجگە لەوانە ماوەی چەندین ساڵە بەهۆی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، دەسەڵاتدرانی ئەو نیزامە بۆ هەڵاتن لەدەست قەیرانە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکان لە نێوخۆی ئێران، هاتوون کۆمەڵێک قەیرانی دیکەیان لە ناوچەکەدا خوڵقاندووە، وەک بوونی لقەکانی سپای پاسداران و لاینگرەکانیان لە سووریە، لوبنان، یەمەن، عیراق و.... کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگای دەستوپێوەندەکانیانەوە دەستێوەردان لە هەموو جومگەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئەو وڵاتانەدا دەکەن و ئیزن نادەن خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن و سەقامگیری لەو وڵاتانە و بە گشتی لە ناوچەکەدا دەستەبەر بێ.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا دەرسیان وەرنەگرتووە کە بە درێژەدانی سیاسەتی حاشا و پەردەپۆشکردنی ویستی گەلانی ئێران و خوڵقاندنی قەیرانە دەرەکییەکان ناتوانن هەتا سەر لەو یارییەدا سەرکەوتن بەدەست بێنن، بەتایبەتی لە حاڵی ئیستادا کە ڕەوتی ڕووداوەکانی وڵاتانی دەوروبەری ئێران لە درێژخایەندا ڕەنگە لە

قازانج و بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیدا نەبێ و ئەو قەیرانانەی کە خۆی خوڵقێنەریان بووە لە هەر ئان و ساتێکدا بەڕووی خۆیدا بشکێنەوە.

سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی بەپێی نێوەرۆکی یاسای بنەڕەتیی ئەو نیزامە لەسەر هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دامەزراوە و ڕەچاوکردنی ئەو سیاسەتە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا وای لە ئێران کردووە نەک لە ناوچەکەدا بەڵکوو لەنێو کۆمەڵگەی جیهانیشدا تەریک بکەوێتەوە و بە چاوی وڵاتێک سەیر بکرێ کە سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامگیرییە لە وڵاتانی دەوروبەر. ئەو ڕێژیمە ناوەندی هەناردەکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتییە لە سەرانسەر جیهاندا و لە هەمان کاتدا ئەو ستراتیژییەی ڕێژیم و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی کۆمەڵگەی ئێرانی لە بواری ئابووری و فەرهەنگی و سیاسییەوە تووشی دارمان کردووە. لەو سۆنگەیەوە ڕۆژ بە ڕۆژ قەیرانە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگەی ئێران لەسەر یەکتر کەڵەکە دەبن و دەسەڵاتدرانی کۆماری ئیسلامییش لە ئاستی چارەسەرکردنیان داماو و داماوتر دەبن.

یەکێک لەو پرس و بابەتانەی کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەو نیزامە بەدەستیەوە داماون، پرسی چارەسەرکردنی پرسی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانە. بەتایبەتی گەلی کورد کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی نیزامی پاشایەتی و بەدوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیشدا ویستیاری وەدەستخستن و دانپێدانانی دەسەڵاتدارانی تارانە بە ماف و ئازادییەکانی. ئەم نەتەوەیە لەو ڕێگایەدا خوێن و قوربانیی زۆری داوە و هەموو کات پشتیوان و پشتگیریی حیزبەکانی خۆیان کردووە، بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ئەو ڕاستییەدا خۆیان گێل دەکەن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاو و هەڵگری ویستوداخوازیەکانی گەلی کوردن لەو بەشە لە نیشتمانەکەیان و بە زەبرلێدان و تیرۆرکردنی ڕێبەران و کادر وپێشمەرگە و ئەندامانی ئەو حیزبانە ناتوانن ڕەوڕەوەی خەباتی گەلی کورد بوەستێنن.

ئەوەی لەو ماوەیەدا لە زمانی کاربەدەستانی بەرزی کۆماری ئیسلامی و فەرماندەرانی سپای پاسدارانەوە دەرحەق بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگوترێ شتێکی نوێ نییە بەڵام دوو ڕاستی لەخۆ دەگرێ: یەکەم ئەوە کە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی ئەو نیزامە نەیتوانیوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەچۆکدا بێنێ و تەسلیمی سیاسەتە چەوتەکانی خۆی بکا. دووهەم نیشانەی ئەوەیە کە لەو ماوە دوور و درێژەدا سیاسەتەکانی نیزام نەک نەیتوانیوە پێگەی حیزبەکان لەنێو خەڵکی کوردستان لاواز بکا بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ پێگەی جەماوەریی ئەو حیزبانە لەنێوکۆمەڵگەی کوردەواریدا بەهێز و بەهێزتر بووە و هەست و شعووری نەتەوەیی لە ئاستێکی بەرزدا گەشەی کردووە، هەربۆیە لە نێوەرۆکی وتە و لێدوانەکانی کاربەدەستانی تاراندا دەتوانین ئەو ڕاستییە بخوێنینەوە کە چەندە لە پێگەی

جەماوەریی ئەو حیزبانە لەنێو خەڵکی کوردستان ترسیان هەیە کە ئامادەن سنووری ئاسمانی و زەویی وڵاتێکی دیکە ببەزێنن و بە قسەی خۆیان بنکە و بارەگای حیزبەکان کۆ بکەنەوە و غافڵ لەوەن یان خۆیان گێل دەکەن کە پێگەی ڕاستەقینەی ئەو حیزبانە لەنێو خاک و دڵی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە نەک لە بنکە و بارەگاکانی حیزبەکان.

هەروەک مێژوو سەلماندوویەتی ڕێگا چارەی پرسی نەتەوەکان بە تایبەتی نەتەوەی کورد تەنیا و تەنیا بە ڕێگای ئاشتیییانەیە و لوولەی چەک و تۆپخانە ناتوانی ئەو پرسە چارەسەر بکا. کاتێک نیزامی پاشایەتی بە هێزی نیزامی هێرشی کردە سەر کۆماری کوردستان و کۆماری جوانەمەرگ کرد و پێشەوا و ڕێبەرانی کۆماری دەسبەسەر و زۆریانی لە سێدارە دا، پێیوابوو کە خەباتی کورد دەوەستی، بەڵام دیتمان کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەیەکی کەمدا بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان خۆی ڕێک خستەوە و ڕێبەری خەباتی مافخوازانەی گەلی کوردی بەدەستەوە گرتەوە و هەتا ڕووخانی نیزامی پاشایەتی لە خەبات بەردەوام بوو. لە سەردەمی نیزامی کۆماری ئیسلامییشدا دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە کە لە دژمنکاری گەلی کورددا میراتگری نیزامی پاشایەتی بوون، هەر زوو شەڕیان بەسەر کوردستاندا سەپاند و دەستیان کرد بە کوشت و کوشتاری خەڵکی کوردستان و ڕێگای تێرۆری ڕێبەران و کادر و فەرماندەکانی حیزبی دێموکراتیان گرتەبەر، بەو تەمایە کە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بەچۆکدا دێن و واز لە خەباتی حەقخوازانەی خۆیان دێنن. بەڵام وەک دەبینین بە پێچەوانەی ویستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان هەروا لە مەیدانی خەباتدان و بۆ وەدەستخستنی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەنگەردان.

جێی شک نییە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٢ ساڵە بە چاوی ئەمنییەتییەوە دەڕواننە کوردستان و دەیان و سەدان بوختان و تۆمەتیان لەو ماوەیەدا ئاراستەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە کە خۆیان لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە هەموویان بێبنەمان. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێزێکی سەربەخۆی هەڵقوڵاو لە ئیرادەی گەلی خۆیانن و تەنیاوتەنیا پشتیان بە پشتیوانیی خەڵکی خۆیان گەرمە و ئەوە خەڵکی کوردستانە وزە و هێز لە هەموو بوارێکەوە دەدا بە حیزبەکانی خۆی. مانگرتنی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی١٣٩٧ دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانان لە لایەن سپای پاسدارانەوە، باشترین و نوێترین بەڵگەی پشتیوانیی خەڵکی کوردستانە لە حیزبەکان. هەربۆیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەو پێگە جەماوەرییە بەربەرینەی حیزبەکان لەسەردەمی ئێستادا ترسیان لێ نیشتووە و دەیانهەوێ بەو کردەوە و هەڕەشانەی فەرماندەکانی سپای پاسداران قەیرانێکی نوێ لە ناوچەکەدا بخوڵقێنن بۆ ئەوەی لە هەلومەرجی ئێستادا قەیرانە نێوخۆییەکانی بۆ ماوەیەک پێ داپۆشن و بیروڕای خەڵکی ئێران

بەرەوە ئەوە ڕابکێشن کە لەسەر سنوورەکان و لە ڕێگای حیزبە کوردییەکانەوە، ئێران مەترسیی لەسەرە و مادام ئەو مەترسییانە هەن خەڵک دەبێ بەو ژیانەی ئیستا قەناعەت بکا. بەڵام قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران ئەوەندە بەربڵاو و هەمەلایەنەن کە خوڵقاندنی ئەو جۆرە قەیرانانە نەک دادی کۆماری ئیسلامی نادەن بەڵکوو دەبنە هۆکارێک لە سەدان هۆکار کە نیزامی پێ لاوازتر و ناسەقامگیرتر دەبێ و لە هەمان کاتدا پێگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە نێو خەڵکی کوردستاندا پێ بەهێزتر دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## عومەر باڵەکی: ئەو قەیرانگەلەی کۆماری ئیسلامی لەپێناو مانەوەیدا دروستی کردوون، بەڕووی خۆیدا تەقیونەتەوە

### دیمانە: کوردستان

**سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخی ئێستادا، گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و چۆنیەتی خۆدیتنەوە و خۆگرتنەوەی ئێران لەم هاوکێشانەدا، گرژییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی و کێشە و ئاڕێشە و قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران کە کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتی میلیتاری دەیەوێ مودیرییەتیان بکا؛ چەند تەوەری سەرەکیی وتوویژی "کوردستان" لەگەڵ بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتن.**

**پرسیار: کۆماری ئیسلامی زیاتر لە چل ساڵە بۆ هەناردەی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دی خەرج دەکا و قەیرانخوڵقێنی دەکا. دەکرێ لە ڕوانگەی ئێوەوە دەسکەوتەکانی لەو کارە هەتا ئێستا چی بووە؟**

**وەڵام:** کۆماری ئیسلامی بە دروستکردنی ئەو قەیرانانەی کە لە دەرەوەی وڵات ناویەتەوە و مەبەستیشی بەهێزکردنی خۆی بووە، نەک سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو وردە وردە ئەو قەیرانگەلە خەریکن بە ڕووی خۆیدا دەتەقێتەوە. بۆ؟ چونکە قەیرانە نێوخۆییەکان بە ڕادەیەک قووڵ بوونەتەوە کە نیزام ئەگەر بیشیهەوێ ناتوانێ چارەسەریان بکا. قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەشی زیاتر بۆ هەڵدانی سەرنجەکان بۆ دەرەوەی وڵات و دوورخستنەوەی لە کێشەکانی نێوخۆییەکانە. بەڵام ئەمە ئێستا دادی نادا، چونکی لە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکاندا پێوەندییەکان لەگەڵ یەکتری و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. کاتێک کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار، دنیا دوو جەمسەریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کۆمەڵێک بەرژەوەندیی پێکناکۆکی لە ناوچەدا دروست کردبوو کە کۆماری ئیسلامی لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیدا کەڵکی خراپی لێ وەردەگرت. بەڵام بە نەمانی بلۆکی سۆڤییەت ئەوە پتر لە سێ دەیەیە کە هاوکێشەکان و تەنانەت بەرژەوەندییەکانیش گۆڕاون. تۆ دەبینی وڵاتێکی وەکوو تورکیە لە سەردەمانێکدا بێ ئەوەی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپاش بووبێ، دەبێتە ئەندامی ناتۆ، بەڵام بۆ ئەندامی ناتۆیە! چونکە ئەودەم جیهانی ڕۆژئاوا وای دەخواست دیوارێک هەبێ لە بەرانبەر بلووکی سۆسیالیستی و یەکیەتیی سۆڤییەتدا و هەڵکەوتەی ستراتیژی و ژیۆپۆلۆتیکی تورکیە وای کردبوو کە ئەو گرینگییەی بدرێتێ. بەڵام ئێستا چاو لێ دەکەی ئەو پێوەندییانە گۆڕاون و، تورکیە لەگەڵ ڕووسیە تا ڕادەیەک هاوپەیمانە و لەسەر هەندێ بابەت تەنانەت کێشەی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێشووی هەیە.

مەبەستم ئەوەیە کە گۆڕانی هاوکێشەکان ئاڵوگۆڕی لە بەرژەوەندییەکاندا دروست کردووە، مەسەلەن لە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئێران سەردەمانێک کە تازە کۆماری ئیسلامی هاتبووە سەر کار، شەڕی موجاهیدینی ئەفغان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت هەبوو. لەو کاتەوە دوو جار نیزامی سیاسی لەو وڵاتە گۆڕاوە و، ئێستا تاڵیبان دووهەم جارە بە ئایدیای تایبەت بە خۆیەوە دەبێتەوە دراوسێی ئێران. لە خوارەوە و لە باشووری وڵات لە کەنداو کۆمەڵێک وڵات دەبینین کە سیاسەت و ڕوانگەیان مەسەلەن لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا گۆڕاوە و ئێستا دەبنین خەریکن باڵوێزخانە و کۆنسوولگەری و پێوەندیی ئابووریی لەگەڵ دروست دەکەن. بۆیە هاوکێشەکان گۆڕدراون، مادام هاوکێشەکان گۆڕدراون ئەو قەیرانخوڵقێنانەی کە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی کردووینی و ئیستاش لە هەوڵی دروست کردنییان دایە، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەماوە. مادام کاریگەریی خۆیانیان لەدەست داوە، زۆر سروشتییە کە بە ڕووی خۆیدا دەتەقێتەوە و مادام بە ڕووی خۆیدا دەتەقێتەوە، کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەریاندا بەرگە ناگرێ و پێداگریی لەسەر ئەو سیاسەتە بە زیانی خۆی دەشکێتەوە.

**پرسیار**: باستان لەوە کرد کە هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕدراون، هاوپەیمانییەکان و بەرژەوەندییەکان گۆڕدراون، ئەدی کۆماری ئیسلامی نەگۆڕاوە؟

**وەڵام**: ئەگەر دەستەبەندییەک سادە بکەین لەنێو سیستەمە حکوومەتییەکاندا، دەتوانین بڵێین کە جیهان بە شێوەیەکی دێموکراتیک و نادێموکراتیک لە سیستەمە سیاسییەکاندا ئیدارە دەکرێ، ئەم وڵاتانەی کە بە شێوەی دێموکراتیک ئیدارە دەکرێن، لەو وڵاتانەدا دەستاودەست کردنی دەسەڵات هەیە، خەڵک بڕیار دەدەن، دەسەڵات لە بەرامبەر خەڵکدا بەرپرسیارن و دەوڵەتەکان بەوە دەروەستن. بەڵام لەو سیستەمانەی کە بەشێوەی نادێموکراتیک بەڕێوە دەچن، دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە مانای خۆی بەتاڵ کراوەتەوە و هەوڵەکان بەردەوام بۆ سەپاندنی هەیمەنە و هێژمۆنیی زیاترە ئەویش لە ڕێگای سەرکوت و زەبروزەنگەوە، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەوانە.

ئەو سیستەمە نادێموکراتیکانە یەکێک لە ڕێکارەکانیان قەیرانخوڵقێنییە لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوی سنوورەکانیان. بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە ئامرازیان بەچەنگەوە بێ، هێزیان بەچەنگەوە بێ. بۆ ئەوەی بە خەڵکەکە بڵێن، هەڕەشی نیزامیمان لەسەرە، هەڕەشەی ئەمنیەتی و فەرهەنگیمان لەسەرە و بە بیانووی جۆراوجۆر و دروستکردنی قەیران، ئەو جۆرە سیستەمانە دەیانەوێ هێزی سەرکوتی خەڵکیان بەدەستەوە بێ. کۆماری ئیسلامی یەک لەو ڕێژیمانەیە کە بۆ مانەوەی خۆیان بەردەوام ئەو سیاسەتەی گرتووەتە بەر. وەک باسم کرد زۆر لە هاوکێشەکانی ناوچە گۆڕاون، بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. ئەو ڕێژیمە بەردەوام دەیهەوێ خۆی یەکدەستتر و داخراوتر بکا و لە بەردەوامیی گۆڕانی

دەوڵەتەکانیشدا هەر بەدوای ئەوەوە بووە.

**پرسیار**: هاتوچۆیەکانی "ئەمیر عەبدوللاهیان"، وەزیری دەرەوەی ئێران لەو ماوەیەدا بۆ ڕووسیە و وڵاتانی دیکەی ناوچە زۆر بوون و هەست دەگرێ ئەوە لە مەترسییەکەوە سەرچاوە دەگرێ. لە زۆر شوێن، بۆ نموونە لوبنان، یەمەن، عێراق و سووریەدا ڕەوتی ڕووداوەکان بەدڵی کۆماری ئیسلامی ناچێتە پێش. هۆکارەکانی ئەو دۆخە چین؟

**وەڵام**: مەترسییەکانی سەر کۆماری ئیسلامی بۆ گۆرانی ئەو هاوکێشە سیاسییانە دەگەڕێتەوە کە باسمان کرد، بەڵام مەسەلەی ڕووسیە کەمێک جیاوازترە. ٣٠ ساڵ لەوە پێش یەکیەتیی سۆڤیەت بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی جۆرێک بوون و ئێستا بەرژەوەندییەکانی شتێکی دیکەن. هۆکارەکانیش ڕوونن:

**یەکەم**. ئەو وڵاتانەی کە پێشتر بەشێک لە یەکیەتیی سۆڤییەت بوون، ئەگەر نەڵێم هەمووی بەڵام بەشی زۆریان ئەگەرچی وڵاتی سەربەخۆی سیاسین، کەچی حەوشە خەڵوەتی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیەن. ڕووسیە ئێستاشی لەگەڵ بێ لە هەرکام لەم وڵاتانە پێگەی سەربازی و، بەرژەوەندی ئابووریی لەگەڵیان هەیە.

**دوویەم**. هەر لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک کێشە لە نێوان ئێران و ئازەربایجان سەریان هەڵدا کە ئێرانی تووشی ترس و نیگەرانی کردووە. کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا دوو کێشەی جیددی لەبەردەم دایە کە یەکیان پرسی نەتەوایەتیی نەتەوە نافارسەکانە، بۆ نموونە مەسەلەی کورد کە بەشێک لە ترسەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ فاکتەرە دەرەکییەکانی شوێندانەر لەسەر ئەو پرسە دەگەڕێتەوە. لە هەمان حاڵدا لە مەسەلەی هاوپێوەندیی نێوان تورکیە و ئازەربایجان و کێشەی ئازەربایجان لەگەڵ ئەرمنستاندا، ئێران دەیەوێ سوودی سیاسی و ئابووریی خۆی لێ ببینێ و هێژمۆنیی خۆی وەک هێزی ناوچەیی لەو هاوکێشانەدا بپارێزێ.

کۆماری ئیسلامی لە چەند مانگی ڕابردوودا بەردەوام هەڕەشەی لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بەتایبەت کوردەکان کردووە و بەردەوام مانۆڕ و جموجۆڵی نیزامیی بووە. ئەو مەترسییانە چین کە ڕێژیم لێیان تۆقیوە؟

کۆماری ئیسلامی بەو مانوڕانەی لەو ماوەیەدا بەڕێوەی بردن، یەکەم ویستی بە خەڵکی ئازەری زمان یان ئازەرییەکان بڵێ هەڕەشەی کوردەکانتان لەسەرە و ئەوە ئێمەین هەوڵ دەدەین ئەو هەڕەشانە نەهێڵین، چونکە کوردەکان دەیانەوێ خاکی ئێران دابەش ببێ و ئەوە پیلانی ئیستکباری جیهانییە و چی و چیی دیکە کە بۆخۆشیان دەزانن وا نییە. بەڵام ئەوە

دوژمنـایەتیی تەنیـا لەگەڵ کـوردی ڕۆژهەڵات نییە، بەڵکوو ئەوە دوژمنـایەتی لەگەڵ پرۆسەیەکە بەنـاوی پرۆسـەی مـاف و ئازدییەکـانی کـورد لە هەر چوارپـارچەی کوردسـتان. لە ئێسـتادا کۆمـاری ئیسـلامی لەسـەر سنوورەکانی لەگەڵ تـورکیە و باشـووری کوردسـتان نیزیـک بە ٦٠ پایەگـا و بـنکە و قەڵای گەورە و زەبەلاحـی دروسـت کـردووە کە بە درێژایـی مێـژوو، تەنانەت لە دەورانی عوسمانی و سەفەویشدا کە ئەم دوو هەرێمە پێکەوە شەڕیان هەبوو، ئەو ناوچانە سنوورییانە ئەوەنـدە میلیتاریزە نەبوون. بەڵێ پرسیارەکە دەقیقە کە هەڕەشە و مەترسییەکان چین؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە هەر ئاڵوگۆڕێـک دەترسـێ. وەک بە درێـژی باسـمان کـرد لە نێوخـۆدا نـوقمی قەیرانـی ئـابووری، فەرهەنگـی، سیاسـی و کۆمەڵایەتییە و ڕێژیم لە قووڵبوونەوەی ئەو قەیرانگەلە و پێکەوە تەقینەوەیـان زراوی چووە. پێشی وایە ئەو تەقینەوەیە ئەگەر ڕوو بدا، کوردستان لە هەموو جێگایەک لەسەرپێ تر و هەستیارترە و بۆ ئەوەی پێش بە ڕەوتی ڕووداوەکان بگرێ، هاتووە سنوورەکان بە هێزی نیزامی دەتەنێ. هێزی نیزامی ڕاستە ڕەنگبێ هەیمەنەیـک بسەپێنێ، بەڵام لە بەرامبەر دەریـای خرۆشانی خەڵکدا هیچی لە دەست نایە و مێژوو پڕە لەو ئەزموونانە.

ئامانجێکی دیکەی ڕێژیم وەک پێشتریش گوتم دروستکردنی کێشەیە لەنێوان کورد و ئـازەری لە نـاوچەدا، لەحاڵێکدا کـورد و ئازەری تـا پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەو جوغرافیـایەدا هیچ کێشـەیەکیان نەبـووە. بـۆیە یەکێـک لەو قەیرانـانە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی دروست کـردووە و پێشـتر باسمان کرد، کێشـەی کـورد و ئـازەرییە کە نـانی لـێ دەخوا. بـۆیە بە لانێکەوە دەیەوێ ئەو کەلێـنە قـووڵتر و قـووڵتر بکـا و بەلانێکـی دیکەوە لە کێشـە لەگەڵ ئازەربایجـانیش، ترسـێکی لە ئازەرییەکـانی ئێـران هەیە. ڕێـژیم دەترسـێ ئەو هەسـتە نەتەوایەتیـیەی ئازەرییەکـان گەشـە بکـا و، ڕۆژێـک بەڕوویـدا بتەقێـتەوە. بـۆیە ئێسـتا، بەهەر جۆرێـک بـێ دەیەوێ ئەو هەیـمەنەیە بسـەپێنێ و بڵـێ ئەوە خـاکی ئێـرانە و تەنـانەت ئازەربایجانیش بەشێک بووە لە ئێران و... . بەگشتی کۆمەڵێک پرسگەلی ئەوا لە ناوچەکەدا هەن، بۆیەشە کۆماری ئیسلامی ترسی ڕێ نیشتووە و ئەو ترسەی لە حیزبە کوردییەکـان و هەروەهـا وزەی خەبـاتگێڕی خەڵکی کوردستـان و گەشـەی هەسـتی نەتەوەیی لە نێو پێکهاتەکانی دیکەی ئێرانیشدا هەر دێ و زیاتر دەبێ.

**پرسیار**: یانی پێتان وایە کۆماری ئیسلامی مودیرییەتی ورووژانـدنی ئازەرییەکـان لەدژی کوردەکـانی لەدەست چووەتە دەرێ، بۆیەشە شوینیزم و پانتورکیزم بەو شێوەیە خۆی دەنوێنێ؟

**وەڵام**: هەستی نەتەوایەتیی ئەوکاتە کە گەشە دەکا، ئەوکاتە کە سەر هەڵدەدا، هەموو ئەو سنوورانە دەبەزێنێ. بۆیە ئازەرییەکانی ئێران یان بڵێین تورکەکان سروشتییە کە خۆیـان بە یەک نەتەوە دەزانـن. چ ئەوانەی لە نـاوچە ئازەرییەکـانی ئێـرانن و چ ئەوانەش کە لە وڵاتـانی دیکەن. بـۆیە ئەو هاوسـۆزییە لەنێـوان تورکەکـان لە ئێـران و کۆمـاری ئازەربـایجان

هەیە، ئەوە لە مەسەلەی شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمنستاندا هەر زۆر دیار بوو. ئەگەر سەرنج بدەینە وتاری ئیمام جومعەی شارە ئازەرییەکان، مەسەلەن ئەوانە کە هەر هەموویان نوێنەری ڕێبەری کۆماری ئیسلامین و لەلایەن ئەوەوە دانـدراون، کەچی ئەوان بە پێچەوانەی سیاسەتی ئێران کە دۆستایەتییەکی باشی ئابووریی لەگەڵ ئەرمنستان هەیە؛ بە پێچەوانەی سیاسەتی ڕەسمیی حکوومەت هەڵوێستیان گرت، هاتن لە خوتبەی نوێژی هەینیدا، پشتیوانییان لە ئازەربایجان کرد و تەنانەت ئەو کێشەیە چووە نێو مەجلیس.

ئەگەر وایە، نیزامی کۆماری ئیسلامی هەستی بەو مەترسییە کردووە. لێرەدا کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی دوو فاکتەر بۆتەوە کە یەکیان کوردەکانە و ئەوی دیکەش ئازەرییەکان. بۆیە ڕەنگبێ ئاسانترین شێوازی مودیرییەتی ئەو دوو پرسە پڕ مەترسییە بۆ کۆماری ئیسلامی نانەوەی ئاژاوە و ناکۆکی لەنێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا بێ. کە دیارە ڕووناکبیرانی هەر دوو نەتەوە و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر دوو نەتەوە بەخۆشییەوە زۆر بە وردبینی و سەرنجەوە لە مەسیرێکدا دەڕۆنە پێشێ کە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ کەنەوە. مەسەلەن زۆر باسی ڕێککەوتنی کۆماری کوردستان و کۆماری دێموکراتیکی ئازەربایجان لە تەورێز دەکرێ. بەڵام من باسی ئەوە ناکەم، باسی ئەوە دەکەم لە ڕۆژی ٢٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤، ئاڵای کوردستان لە نەغەدە هەڵکراوە و پێشوازییەکی گەرموگوڕیشی لێ کراوە، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک ڕوو بدا یان بەبێ ئەوەی هیچ ئازەرییەک گرفت بۆ کورد یان کوردێک کێشەیەک بۆ ئازەرییەک دروست بکا. دەمەوێ بڵێم ئەو دوو نەتەوەیە لە تەنیشت یەکتر ژیاون و لە تەنیشت یەکتر مەحکووم بە ژیانن لەگەڵ یەکتری، بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی هات ناکۆکیی لەنێواندا دروست کردن و ئێستاش دەیەوێ ناکۆکییەکان قووڵتر ببنەوە کە وەک گوتم نابێ بهێڵین پیلانەکانی ڕێژیم سەر بگرن.

**پرسیار**: ئەگەر هەڕەشەکانی ئەم دواییانە کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق ئاوا چاو لێ بکەین کە بیەوێ دەنگهێنانەوەی هێزەکانی سەر بە خۆی گوشارێکی زیاتر لەسەر حیزبە کوردییەکان دروست بکا؛ بە پێی ئاکامی هەڵبژاردنەکان چۆن شرۆڤەی ئەو بابەتە دەکەن؟

**وەڵام**: نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاریەوە هەتا ئێستا، لە دوژمنکاری بەنیسبەت کورد و بەنیسبەت حیزب و لایەنە کوردییەکان غافڵ نەبووە و ئەوەی لەدەستی هاتووە کردوویەتی. کەوایە، لە داهاتووشدا دەیکا. مەسەلەیەکی دیکە وڵاتێکی وەکوو عێراقە کە خەریکە خۆی دادەڕێژێتەوە و ئێرانیش بەئاشکرا دەستێوەردانی تێدا دەکا. دەستێوەردانەکانی ئێران لە دوای ڕووخانی سەددام حوسێنەوە بە میلیشیاسازی دەستی پێ کردووە و کاریگەریی زیانباریشی لەسەر پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ بووە کە لایەنەکان دەیانەوێ لەڕێگەی دێموکراسی، سندووقەکانی دەنگدان و



سەرچاوە Serchawe

لێکتێگەیشتنەوە هەنگاوی بۆ بنێن و کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆسپ بووە. هەڵبەت پرسی سیاسی لە عێراق و جۆری حکوومەت و سازان و هاوکێشە نێوخۆییەکانی ئەم وڵاتە پیوەندیی بە عێراقییەکانەوە هەیە کە بۆخۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن. بەڵام ئێران لێرەش شکستی خواردووە، ئەوە لە دەنگنەهێنانەوە و دابەزینی دەنگی ئەو لایەنانەی بەئاشکرا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە سپۆنسەری دەکرێن دیارە، لەحاڵێکدا هەزینەیەکی یەکجار زۆریشی بۆ کردووە.

مەسەلە هەر شکستی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق نییە، لە هەموو ناوچەیە. ڕێژیم دەیویست هیلالی شیعە دروست بکا کە بۆ دروست نەبوو. چونکە بەشێک لەو هیلالی شیعەیە عێراقە کە ڕەوتی سیاسی لە عێراق بە جۆرێک دەچێتە پێش کە ئیزن نادا ئەو وڵاتە بەشێک لە پرۆژەکانی کۆماری ئیسلامی بێت. یان شوێنێکی دیکەی هیلالی شیعە دەگاتە لوبنان، بەڵام کە سەیری گۆڕانکارییە سیاسییەکانی لوبنانیش دەکەی، دەبینی پێگەی ئەو هێز و لایەنانەی سەر بە کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەن، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لاواز و لاوازتر دەبێ. ئەوە جیا لەوەی کۆمەڵە فاکتەرێکی دیکەی وەک ئابووری و ئەمنییەتی جیهانی ڕێگر بوون لەوەی ئێران لەو ستراتیژییەدا سەرنەکەوێ و بارودۆخەکە بەسەریدا بڕووخێ.

**پرسیار**: بەڵام ئایا ئێران هەروا دەست لەسەر دەست دادەنێ؟ بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردییەکاندا؟

**وەڵام**: بەو ناسینەی لە کۆماری ئیسلامی هەمانە و بەپێی ئەم هەلومەرجە ئێران ڕەنگە دەست بۆ هێندێک کار ببا کە نە لە عورفی نێودەوڵەتیدا جێگای پەسندن و نە لە عورفی دراوسێیەتیی دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکتر دە8%

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

## زیندانیی سیاسی و ئەرکی کۆمەڵگە

لە سەردەمی ئیستادا کە سەردەمی پێشکەوتنی خیرای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیان دایە و بەشێکی زۆری وڵاتان لەو پێشکەوتنەدا، توانیوایانە بە باشترین شێوە بە قازانجی دابینکردنی خۆشبژیوی خەڵکی خۆیان کەڵک وەربگرن و کۆمەڵگەیەکی ئارام و سەقامگیر لەڕووی ئەمنیەتییەوە بۆ خۆیان بونیاد بنێن، شتێک بە ناوی تاوانی سیاسی نییە. خۆ ئەگەریش لە هەندێ لەو وڵاتانەش تاوانی سیاسی مابێ و هەبێ، لە قانووندا پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ کراوە و سزاکەشی لەلایەن قانووندانەرەوە بەوردی دەستنیشان کراوە. بەڵام بەداخەوە ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنە مرۆییانە هەموو وڵاتانی دنیای نەگرتووەتەوە و ئێستاش هەن و زۆرن ئەو دەوڵەت و نیزامە سیاسییانەی کە نایانەوێ خۆیان لەگەڵ ئەو نەزم و بایەخە جیهانداگرە ڕێک بخەن. لەبەر ئەوەش کە ئەو جۆرە نیزامانە لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵنەبژێردراون و ئیرادەی گشتی و متمانەی دەنگی خەڵکیان لەپشت نییە، هەربۆیە لە قامووسی دەسەڵاتداریی ئەو سیستمانەدا دەستەواژەی تاوانی سیاسیی بە بەربڵاوی بەرگوێ دەکەوێ و ئەو کەسانەی بە تاوانی سیاسییەوە لەلایەن دەزگا ئەمنییەتیەکانەوە دەستبەسەر دەکرین لە دادگاکاندا قورسترین سزایان بەسەردا دەسەپێندرێ. سزادانی بەندکراوان کە ئەکتیڤیستی سیاسین بە تاوانی سیاسی لە حاڵێک دایە کە ئەو کەسانە هەرچی کردوویانە و ئەوەی گوتوویانە و لەسەری سزا دەدرێن، بۆ قازانج و بەرژەوەندی تاکەکەسیی نەبووە؛ بەڵکوو لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەموو بوارێکەوە بووە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک نیزامی حاکم بەسەر ئێراندا دەکەوێتە دەستەی دووهەم لەو ڕیزبەندییە کە نەک هیچ پەرەسەندن و پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر نەکردووە، بگرە لە ماوەی زیاتر لە ٤٢ ساڵ لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا گرتن و ئەشکەنجە و حوکمدان و ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی هەواڵی ڕۆژانە و مانشێتی مێدیاکانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکات یەک لەو وڵاتانەیە کە سەبارەت بە پێشێلکردنی ڕەهای بایەخەکانی مافی مرۆڤ و ئەو گوشارانەی بەسەر چالاکانی سیاسییدا دەیسەپێنێ، لەلایەن شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕیپۆرتەری تایبەتیی بۆ دیاری کراوە. ڕۆژی دووشەممە، ٣ی خەزەڵوەر بوو کە جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتەری شورای مافی مرۆڤ لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تازەترین ڕاپۆرتی خۆی لەسەر پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافی زیندانیانی سیاسی پێشکێش کرد. ئەو لە ڕاپۆرتەکەیدا هەر هەموو پێکهاتەی قەزایی دەزگای دادی ڕێژیمی بردە ژێر پرسیار و قامکی لەسەر ئەو خاڵە هەستیارە دانابوو کە لە کۆماری ئیسلامیدا و سەرەڕای زەبروزەنگی زۆر لەسەر چالاکانی سیاسی، دژبەرانی

سیاسیی ڕێژیم یان ئەو کەسانەی بە تاوانی! ناڕەزایەتی لەدژی دەسەڵات دەگیرێن تاوانی شەڕ لەگەڵ خودا و فەساد لەسەر عەرز و "بەغی"یان دەدرێتە پاڵ و بەو هۆیەوە سزای ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێ. ڕێپۆرتەری تایبەتیی شوڕای مافی مرۆڤ بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران ئەوەشی گوت کە پێشێلکارانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا لەبری لێپرسینەوە و سزادان پلەیان بەرز دەکرێتەوە و بەرپرسایەتیی هەستیاریان دەدرێتێ کە برایم ڕەئیسی، سەرکۆماری نوێی ئێران کە نازناوی قازیی ئێعدامی دراوەتێ، یەک لەوانە.

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا ڕێژیمێکی سەرکوتگەر و پێشێلکەری مافی هاووڵاتیان لە سەرانسەری وڵاتە، بەڵام بەهۆی ڕوانگەی ئەمنیەتیی ڕێژیمەوە بۆ کوردستان چالاکانی سیاسیی کورد لەو "خۆشەویستی و مێهر و عتووفەتە ئیسلامی"یەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی پشکی شێریان بەردەکەوێ.

نیزامی سیاسیی دەسەڵاتدار لە ئێران بەگشتی و دەزگای دادوەری بە تایبەتی پەروەندەی هەموو ئەو تێکۆشەر و چالاکانەی بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەپارێزی لە کوردستان بە تاوانی ئەمنییەتی! چاو لێ دەکەن و ڕوون و ئاشکراشە کەسێک بە تاوانی ئەمنییەتی دەستبەسەر کرابێ حوکمی قورسی بەسەردا دەسەپێندرێ. دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا بە دانانی فەرق و جیاوازییی زۆر زەق ئەو ڕەخنانەی لە شوێنێکی دیکەی دەرەوەی کوردستان لە دەسەڵات یان کاربەدەستێکی ڕێژیم دەگیرێ، بە ئەکتی سیاسی دادەنێ و وەک تاوانی سیاسی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا؛ بەڵام هەمان ڕەفتار و کردەوەی چالاکێکی سیاسیی کورد بە تاوانی ئەمنیەتی پێناسە دەکرێ و کەسی گۆڕین بەرەورووی سزای قورس و تایبەت دەکرێتەوە.

بەپێی هەموو پێوەرە جیهانییەکان کەسی سیاسی لە کاتی دەستبەسەرکران و لە زیندان و لەبەردەمی دادگادا کۆمەڵێک مافی هەیە کە تاوانبارکراویکی ئەمنییەتی لەو مافانە بێبەشە. هەربۆیەشە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نزیک بە ٣٨ ساڵ گوێی خۆیان لە پێناسەکردنی تاوانی سیاسیی ئاخنی. ئەویش لە کاتێکدا کە ئەسلی ١٦٨ی قانوونی بنەڕەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی پەسندکراوی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، باس لە چۆنیەتیی پێڕاگەیشتن و دادگاییکردنی تاوانباری سیاسی دەکا: "پێڕاگەیشتن بە تاوانی سیاسی و چاپەمەنی و ڕاگەیەنەگشتییەکان دەبێ بەشێوەی ئاشکرا و بە ئامادەبوونی هەیئەتی مونسیفە لە دادگاکاندا بەڕێوە دەچێ. شێوەی هەڵبژاردن و مەرج و سەلاحییەتی هەیئەتی مونسیفە پێناسەی تاوانی سیاسی، قانوون بەپێی ڕێوشوێنەکانی ئیسلامی دەستنیشانی دەکا."

بەدەر لەوە کە ئەو ئەسڵە لە قانوونی بنەرەتیی ئێراندا خاڵی بەهێز و لاوازی چییە، ئەوەی دەبێ بگوترێ ئەمەیە کە لە

ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەسڵە قانوونییە کراوە. هەروەها دەبینین کە لە هیچ دادگایەکی تۆمەتبارکراوانی سیاسیدا نەک هەیئەتی مونسیفەیەک نەبووە، بەڵکوو قازی پەروەندە حوکمی لە پێشدا دیاریکراوی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی بەسەر تۆمەتباردا سەپاندووە. لە نیزامی دادی کۆماری ئیسلامیدا هیچ تاوانبارکراوێک دەستی بە پارێزەر ڕاناگا و ئەگەر دەستیان بە پارێزەریش ڕاگەیشتبێ، دادوەری لێکۆڵینەوە، یا قازیی پەروەندە بە بیانووی جۆراوجۆر ئیزن نادەن پارێزەر دەستی بە نێوەرۆک و هەموو وردەکاریی پەروەندەکە ڕابگا. تەنانەت کەم نین ئەو پارێزەرانەش کە لە سۆنگەی بەدواداچوون و پێداگرییان لەسەر مافی بریگرتەکانیان دەسبەسەر و زیندانی کراون و لە پەروەندەکە دوور خراونەتەوە.

بەپێی ماددەکانی ١٨ هەتا ٢٢ی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، هەموو ئینسانێک مافی ئەوەی هەیە ئازادانە بیر بکاتەوە و بۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێ و بانگەشەشی بۆ بکا. هەروەها مرۆڤەکان لە هەڵبژاردنی دین و مەزهەبدا ئازادن و مافی ئەوەیان هەیە بۆ بەشداری لە بەڕێوەبەری و ئیدارەدانی وڵاتدا ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئازادانە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن و مافی بێ ئەملاوئەولای هەر هاووڵاتییەکە ئەمنییەت و ئاسایشی لەلایەن دەوڵەتەوە پارێزراو بێ. ئێران کە لە ١٠ی دیسامبر ١٩٤٨یەکێک لەو ٤٨ وڵاتە بووە دەنگی بە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ داوە، بەپێی هەموو ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان نیزامی دەسەڵاتدار لەو وڵاتە دەبوایە پابەندی ئەو بەڵێن و ئیمزایە بن کە دواتر لە چەند کۆنڤانسیۆنی دیکەشدا ڕەگەڵی کەوتوون. بەڵام بەکردەوە یان خۆی لە نێوەرۆکی ئەو پەسندکراوانە دزیوەتەوە، یان بەزەقی و بەئاشکرا پێشێلی کردوون.

**پوختەی مەبەست:**

زیندانیی سیاسی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا خاوەنی کەمترین ماف نییە و لە دادگاکاندا وەک تاوانبارێک کە زیانی گەورە و قەرەبوونەکراوی بە کۆمەڵگەی خۆی گەیاندبێ، چاوی لێ دەکرێ و سزای توندی بەسەردا دەسەپێندرێ. ئەمە سیاسەتی نیزامی دەسەڵاتدارە، بەڵام ئەوە ئەرکی کۆمەڵگە و بەگشتی ڕووناکبیر و چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کۆمەڵگەیە کە خاوەندارەتیی لە پرسی بەندکراوانی سیاسی و ئەو مرۆڤە لەخۆبووردووانە بکەن کە ژیانیان لەپێناو پرسەکانی کۆمەڵ داناوە. زیندانیی سیاسی خۆی و بنەماڵەکەی نابێ لەبیر بکرێ، دەبێ بەردەوام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت بەندکراوانی سیاسی لەقاو بدرێ و بەدواداچوون بۆ ڕەوشی بەندکراوانی سیاسی و هەوڵدان بۆ پێڕاگەیشتن بە بنەماڵەکانیان بەردەوام بێ.

بەداخەوە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا ئەگەر لەلایەک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک دەنگی ئازادیخوازی و مافویستیی لە کۆمەڵگەی کوردستانی سەرکوت کردووە، کۆمەڵگە ئێران لە ئاستی گشتیی خۆیدا هەتا ڕادەیەکی زۆر لە بەرامبەر ئەو زوڵم و غەدرەی لە چالاکی سیاسیی کورد دەکرێ بێدەنگ بووە، ئەو بێدەنگبوونەش وای کردووە کە دەستی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بۆ سەرکوت لە کوردستان ئاوەڵا بێ. بۆ ئەمە نموونە زۆرن کە سەرەڕای ئەوەی گرتن و حوکمدانەکان لە کوردستان بەپێی حەشیمەت لە کوردستان چەندقاتی ناوچەکانی ئێرانن، بەڵام زیندانیی سیاسیی کورد پشتگوێخراو و لەبیرکراوترینیشە. تەنانەت مێدیای ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیش بەشێکە لەو کرۆماتییەی بەسەر کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستاندا سەپاندوویانە و زۆرجار ئەم ڕەخنە قورسەیان دێتەوە سەر کە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەکان و ئەکتی سیاسی بەتایبەت لە کوردستاندا، ڕوانگە و ڕەفتاری بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆن و مێدیاکانیان لەگەڵ نیزامی سیاسیی زاڵ بەسەر وڵاتدا هاوتەریبی یەکتر دەچێتە پێش.

ئەم دۆخە تراژیدیکە وا دەخوازێ کە تاک بە تاکی کورد، کۆمەڵگەی مەدەنی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بە هەموو توانا و ئەرکوەخۆگریی خۆیانەوە لە بەرانبەر زیندانیانی سیاسیدا هەست بە بەرپرسایەتی بکەن و ڕۆڵە بوێر و بەهەڵوێستەکانی خۆیان کە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییان کردۆتە سەنگەری خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەکەیان، بەخاوەن بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

# ئاڵا وەک سیمبول و ناسنامەی نەتەوە

لەو کاتەوە کە مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی نیشتەجی بووە و بەپێی هەلومەرجی ژیان کۆمەڵگەی بچووک بچووکی پێک هێناوە و لە ئاکامدا نەتەوەی جۆراوجۆر بە بەرژەوەندیی جیاواز سەریان هەڵداوە؛ هەر کام لەو نەتەوانە بۆ سەلماندنی بوون و شوناسی تایبەت بە خۆی و هەروەها ناساندن و نیشاندانی خۆی پێویستی بە کۆمەڵێک هێما هەبووە. بوونی هێماکان لەنێو نەتەوەکاندا بۆ ئەوە بووە لەو ڕێگایەوە هەر نەتەوە و پێکهاتەیەک خۆی لە نەتەوەکانی دیکە جیا بکاتەوە و تاکەکانی نەتەوەکەی خۆی لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی دەسکەوت وپیرۆزییەکانی پشت بە پشت بمێننەوە و نەوەکانی داهاتووش بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن. بۆیەشە نەتەوەکان بەدوای هێما و سیمبولسازیدا بوون و هەولیان داوە سیمبولەکانیان هۆکار بن بۆ یەکگرتن و سەلماندنی شوناسی نەتەوەییان. یەکێک لەو هێما و سیمبولانە بۆ هەر نەتەوەیەک کە بەدوای پاراستنی پێناس و هەویتیی خۆیدا بێ، بیجگە لە زمانی ئاخاوتنی دەتوانی ئاڵا بێت. بە واتایەکی دی ئاڵا یەکێک لەو هۆکارانەیە کە دەتوانێ نەتەوەیەک لە دوری خۆی کۆ بکاتەوە و لەنێو نەتەوەکانی دیکە و کۆڕ و کۆمەڵەی جیهانی و ناوچەیدا وەک هێمای نەتەوەیی بۆ خۆ دەرخستن کەڵکی لێ وەربگرێ.

ئاڵای هەر وڵاتێک جەوهەر و نێوەرۆکی سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتەش دەستنیشان دەکا و پێناسەیەکی ڕاستەوخۆیە لە ناساندنی مێژوو، جوغرافیا و ژینگەی ئەو وڵاتە، بە واتایەکی دی ئاڵا ناسێنەری شارستانییەت و باوەڕەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەیە. لە سەردەمی کۆن و ئێستاشدا بەرزکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ئاڵا نیشانەی بەهێزبوونی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیە بووە و لە هەر سەرکەوتنێکدا ئاڵای گەلی سەرکەوتوو بەرز کراوەتەوە و چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگە بە نیشانەی ڕێزدانان لە بەرامبەریدا ڕاوەستاون. لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی خێرای پیشەسازییە و بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی پێوەندیگرتن هەتا ڕادەیەک سنووری وڵاتان قەیدوبەندی لەسەر نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵا ڕۆڵ و نەخشی بنەڕەتیی خۆی هەر ماوە، بۆ وێنە: هەڵدانی لە سەربانی ئیداراتی دەوڵەتی، بەکارهێنانی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە ڕێوڕەسمی نیزامی و بەرزکردنەوەی لە بۆنە هونەری و وەرزشییەکان و... هتد.
لە هەموو وڵاتانی دنیا خەڵکی هەر وڵاتێک ڕێزی تایبەتی بۆ ئاڵای وڵات و نەتەوەکەیان دادەنێن بە جۆرێک کە لای هێندێک وڵات خەڵک ئاڵاکەیان لە بەر دەرگای ماڵەکەی خۆیان هەڵدەدەن، لە شوێنە گشتییەکان هەڵیاندەواسن، لەسەر کەرەسەکانی خوێندنگەی منداڵان دەینەخشێنن و یا لەکاتی جێژن و شادی و سەرکەوتنە وەرزشییەکاندا لەسەر ڕوخساری کچ و کوڕەکانیان دەیڕەنگێنن کە ئەو کارانە دەبنە هۆی بردنە سەری غروری نەتەوەیی و نیشاندانی هاوپێوندیی نەتەوەیی و

لە هەمان کاتدا دروستبوونی کولتووری ڕێزگرتن لە ئاڵا و هێما نەتەوەییەکان.

بەو کورتە پێشەکییە هەتا ڕادەیەک گرینگی ڕۆڵ و نەخشی ئاڵامان بۆ دەردەکەوێ لە پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەیماندا. بە خۆشییەوە نەتەوەی کوردیش خاوەنی ئاڵای خۆیەتی و ئەم ئاڵایە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بۆتە جێگای پەسندی زۆرینەی گەلی کورد و، لەسەر تاک تاکی کورد و هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە کە ڕێز لەو ئاڵایە بگرن کە لە ئێستادا بە ئاڵای کوردستان دەناسرێ. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ کە لە هەموو سەردەمە مێژووییەکاندا کوردیش وەک زۆربەی نەتەوەکان ویستوویەتی دەسەڵاتی سەربەخۆی سیاسیی و ئیداریی لەسەر خاکی خۆی هەبێ و لانیکەم لە مێژووی سەدساڵی ڕابردوودا بە چەندین جووڵانەوەی گەورە و بچووک لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان سەریان هەڵداوە، وەک ڕاپەرینی بەتلیس، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی ئارارات لە باکووری کوردستان، ڕاپەڕینی شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان، ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک و کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هەموویان خاوەنی ئاڵا بوون و ئاڵاکەیان دەرخەری بیروباوەڕەکانیان بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ یا دامەزراندنی هەرێمێک بوون کە ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردی تێدا پارێزراو بێ.
ئەو ئاڵایەی کە ئێستا بە ئاڵای کوردستان ناسراوە، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لە ساڵی ١٩٢٠م لە لایەن جەمعییەتی تەعالی و تەرەقی لە باکووری کوردستان بەکار هاتووە و پێناسی ئەندامەکانیان بەو ئاڵایە نەخشێندراوە. ئەو ئاڵایە کە خۆرێک لەسەر نێوەڕاستی ڕەنگە سپییەکەی قەراری گرتووە لەلایەن شۆڕشگێرانی، ڕاپەرینی ئارارات وەک ئاڵای کوردستان بەکار هاتووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستانیشدا کە لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، ئەو ئاڵایە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا وەک ئاڵای کوردستان وەرگیرا، بەڵام بەو جیاوازییە کە لەجیاتی خۆرەکەی نێوەڕاستی ئاڵاکە لە لۆگۆ یا هێمای حیزبی دێموکراتی کوردستان کەڵک وەرگیراوە و بەڕەسمی لە کۆبوونەوەیەکی نزیک بە دە هەزار کەسی لە سەربانی هەیئەت ڕەئیسەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەڵدراوە. لە درێژەدا دوای نزیک بە تێپەربوونی٥٤ ساڵ بەسەر ڕۆژی هەڵدانی ئاڵا لە شاری مەهاباد، لە ڕیکەوتی (١١ - ١١ - ١٩٩٩) هەر ئەو ئاڵایە لە لایەن پارلەمانی هەرێمی کوردستانی عیراقەوە وەک ئاڵای هەرێمی کوردستان پەسند کرایەوە، بەو جیاوازییە کە لۆگۆی نێوەڕاستی ئاڵاکە بە خۆرێک کە ٢١ تیشکی لێ دەبێتەوە نەخشێندراوە و دە ساڵ دواتر واتا (٢٠٠٩ز) ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزیش کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا لە کۆماری کوردستانە، هەر لەلایەن پارلمانی هەرێمی کوردستانی عیراقەوە وەک ڕۆژی ئاڵا پەسند کرایەوە.
وەک دەبینین ئاڵای کوردستان لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بەپێی بەڵگە مێژووییەکان لە سێ پارچەی کوردستان لەلایەن حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەڕێوەبەری جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەو سێ بەشەی کوردستان وەک یەکێک لە هیما و شوناسی نەتەوەیی کاری پێ کراوە و پیرۆزیی خۆی وەرگرتووە. بەڵام بەداخەوە هێندێک جاریش دەبینین کە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە بە ناوی نارەزایەتیدەربرین لە دەسەڵاتدارانی پارچەیەک لە کوردستان و یا نارەزایەتی لە

حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان ئاڵا دەکەوێتە بەر بێڕێزی و وەک هێمای حیزب یا دەسەڵات هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ؛ لە حاڵێکدا لە هیچ وڵاتێک نەیار و ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات و حوکمڕانی ئیزن بە خۆیان نادەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان بێڕێزی بە ئاڵای وڵاتی خۆیان بکەن. تەنانەت لە هەموو خۆپێشاندانەکان بەدژی دەسەڵات ئاڵای وڵاتەکەیان هەڵدەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیبەنە سەر شەقامەکان و بە دەستەوەی دەگرن و ئەو پەیامە دەدەن بە دەسەڵات و هێزە ئەمنییەتی و ئینتزامییەکانی وڵاتەیان کە ئەوانیش بەشێکن لە خەڵکی ئەو وڵاتە کە خاوەنی ئەو ئاڵایەیە. واتا وەک هاووڵاتی لەژێر سێبەری ئاڵای وڵاتدا ناڕەزایەتیی خۆیان نیشانی دەسەڵات دەدەن.

هەروەک پێشتر گوترا ئاڵای هەر وڵاتێک بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە پیرۆزیی خۆی هەیە و لە هەموو بۆنە نەتەوایەتیەکان و سەرکەوتنەکان بیجگە لە مەیدانی شەر لە مەیدانی جۆراجۆری وەرزشی و هونەری و کولتووریدا لە لایەن کەس یا کەسانی سەرکەوتوو بەرز دەکرێتەوە و بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەو سەرکەوتنە وەک سەرکەوتنی نەتەوایەتی ڕێزی لێ دەگیرێ و شانازیی پێوە دەکرێ. وەک گوتیشمان جاروبار و لێرەولەوێ لە کوردستان لە هەڵبەزینەوە و ناڕەزایەتییەکاندا بە بیانووی جۆراوجۆر بێڕێزی بە ئاڵای کوردستان دەکرێ و بە کوتەپەڕۆیەک ناوی دەبرێ، خافڵ لەوەن کە هەر شتێک چ بە عورف و چ بە قانوون لەنێو کۆمەڵگەدا جێگا و پێگەی دیاری بکرێ پیرۆزیی خۆی وەردەگرێ و لەسەر تاک تاکی ئەو کۆمەڵگەیە واجبە کە ڕێزی بۆ دابنین. ئەوە ڕاستە کە ئەو کەرەسەی ئاڵای پێی دروست دەکرێ خۆی پەڕۆیە بەڵام ئەوکاتەی پارلمانی وڵات بڕیار لەسەر دەدا لە حاڵەتی کوتەپەڕۆ دێتە دەر و دەبێ بە ئاڵای وڵات؛ واتا دەبێتە هێمای نەتەوەیی و مادام دەبێتە هێمای نەتەوەیی، ڕێزگرتن لەو هێمایە دەبێتە ئەرکی تاک تاکی کورد. لە بەر ئەو گرینگیە لە زۆربەی وڵاتانی سەربەخۆدا چۆنیەتی دروستکردن و هەڵدانی ئاڵا بە قانوون ڕێکخراوە و تەنانەت بۆ ئەو کەس یا کەسانەی بە هەر شێوەیەک بێحورمەتی بە ئاڵای وڵاتی خۆیان دەکەن، سزای زیندان یا قەرەبووی ماددییان لە قانووندا بۆ دەستنیشان کراوە، بۆنموونە لە وڵاتانی وەک یونان ٢ساڵ زیندانی، ئاڵمان ٥ ساڵ زیندانی، ئیسپانیا ٧ مانگ هەتا ساڵێک.... زیندانی کردن و فەڕانسە ٦ هەزار یۆرۆی جریمەی مادی لەبەرچاو گیراوە.

پوختەی مەبەست ئەوە کە ئاڵا هێمای ناساندنی خەڵک و شارستانییەتی وڵاتێکە، بە چەشنێک کە بە چاو لێکردن لە ئاڵای هەر وڵاتێک، هەتا ڕادەیەک دەتوانرێ ئایین و مەزهەب و کولتووری خەڵکی ئەو وڵاتەی لێ بخوێندرێتەوە و لە هەمان کاتدا دەردەکەوێ کە خەڵکی ئەو وڵاتە بەچ شتێکی خۆیان پتر شانازی دەکەن و بۆیان گرینگە. بۆیە بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە ئاڵا حوکمی ناسنامەیەی نەتەوەیی هەیە، و ئەرکی سەر شانی تاک بە تاکی کۆمەڵگەیە ڕێز لە ئاڵا بگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی ساڵی: ٢٠٢٢

### بووژاندنەوەی بەرجام، هەناسەی مەسیح بۆ ئابووریی وڵات یان درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیم؟

ئابووریی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا نەک هەر تاق ساڵێک سەقامگیر نەبووە، بەڵکوو ساڵ بە ساڵ و لە ئیستادا مانگ بە مانگ بەرەو دارِمانی زیاتر چووە و تەنیا وەک نموونە بایی دراوی نیشتمانی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ٣٥٠٠ هێندەی سەردەمی ڕێژیمی پێشوو دابەزیوە. هەروەها لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردووشدا کە ئابووریی ئێران بەهۆی سیاسەتی هەڵە و پاوانخوازییەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە گرەوی ڕێککەوتننامەی بەرجام، بە جۆرێک کە هەرکاتێک هەواڵێک لە بەرەوپێشچوونی وتووێژەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی (١+٥) بڵاو دەبێتەوە، بازاری نێوخۆی ئێران جموجۆڵێکی خێرای تێدەکەوێ و نرخی هێندێک لە پێویستییەکانی ژیانی خەڵک ئەگەر نەیەتە خوارێ لانیکەم سەقامگیرییەکی کورتخایەن بە خۆیەوە دەبینێ و، لە هەمانکاتدا بە پێچەوانە ئەگەر هەواڵەکە باس لە ناکۆکییەکی دەستەی وتووێژکار بکا، ئەو جار بازاڕ بە جۆرێکی دیکە دژکردەوە نیشان دەدا و نرخی کەلوپەل و پێویستیەکانی ژیان دەچێتەوە سەرێ.

لە ڕوانگەی ئابووریناسان و توێژەرانی سیاسی ئەوە تەنیا ڕووی ئاشکرای بابەتەکەیە، بەڵام ڕووی شاراوەی ئەو پرسە واتە گرێدانی ئابووریی ئێران لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بە ڕێککەوتنی بەرجام بە جۆرێکی دیکەیە، ئەویش ئەوکاتە زیاتر خۆی دەردەخا کە دوای ئەوەی لایەنەکان لەگەڵ ئێران ڕێکدەکەون، ئەو جار ڕوخساری شێواوی ئابووریی ئێران بەتەواوی دەردەکەوێ. سەرچاوەی دۆخەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی هەڵە و تێڕوانینی نادروست بۆ چەمکی ئابووری لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە.

لە سەردەمی ئێستادا کە کۆمەڵگەی جیهانی بۆ دابینکردنی نیاز و پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان هەموو وڵات و دەوڵەتەکان پێویستیان بە یەکتر هەیە و لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتێکدا ئابووری وەک ژێرخانی سەقامگیری و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە چاوی لێ دەکرێ، بەڵام بەپێچەوانەی تێروانینی دنیا بۆ ئابووری لە پێشەکی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا ئابووری وەک ژێرخانی کۆمەڵگە نایەتە ئەژمار، بەڵکوو وەک کەرەسەیەک چاوی لێ دەکرێ کە بتوانێ ئامانجەکانی

نیزامی کۆماری ئیسلامی بێنێتەدی. ڕەچاوکردنی ئەو سیاسەتە لە ماوەی ٤٣ ساڵی رابردوودا ئابووریی ئێرانی تووشی دارمانێکی گەورە کردووە کە سازان و ڕێکەوتننامەی بەرجامیش ناتوانێ نەفەسی مەسیحا بێ و ڕوح وەبەر جەستەی دارماوی ئابووریی ئەو وڵاتەدا بکاتەوە.

بە خوێندنەوەیەکی سەرپێیی لە ئابووریی ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، هەموو کات ئابووریی دەوڵەتی چارەنووسی گشتیی ئابووریی ئێرانی دیاری کردوە و نیزامی ئابووریی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لەسەر بنەمای هیچ کام لە سیستمە ئابوورییەکانی باو لە جیهاندا پێناسەی بۆ نەکراوە، بەڵکوو هەر وەکو پێشتریش ئێشارەی پێ کرا هەموو کات جووڵەی ئابووریی ئێران بەپێی باوەڕ و ئامانجی ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بووە و هەر ئەوە وای کردوە کە ئێران لەگەڵ ئەوەدا کە وڵاتێکی پڕ پیت و بەرەکەتە و خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەی کانگەی ژێرزەویی وەک زێڕ و نەوت و گازە، بە جێگای ئەوە ئابوورییەکەی گەشە بکا و خۆی لە ڕیزبەندی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا ببینێتەوە، هەروەک گوترا بە هۆی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتدارانی تاران، ئابووریی ئێستای ئێران لە ڕیزبەندی خوارەوەترین پلەی ئابووریی جیهانیدا جێ دەگرێ. بەو مانایە لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەدا ئابووریی ئێران لە پلەی هەشتەمەوە دابەزیوە بۆ نزمترین پلەی ئابووریی جیهانی.

کارناسانی بواری ئابووری لەسەر ئەو باوەڕەن کە هۆکاری لاوازبوونی ئابووریی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتداریی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانرێ ئەو سێ هۆکارە سەرەکییەی هەبێ:

**یەکەم**: دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو نیزامە کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ئێرانیان لەئەستۆ بووە، بێ ئەوەی لە زانستی ئابووری بزانن یان لە کارناسانی ئەو بوارە کەڵک وەربگرن. ئەو دەوڵەتانە بەردەوام پشتیان بە ڕێکاری ئەزموون و خەتا بەستوە و هەرکام لەو دەوڵەتانە بە ناوی چاکسازی کۆمەڵێک ڕێکاریان لەسەر ئابووریی ئێران بە تاقی کردۆتەوە کە دەوڵەتەکەی دوای ئەو هەموو ئەو ڕێکارانەی وەلا ناوە و ڕێکاری دیکەی لە مەیدانی ئابووریدا ڕەچاو کردوە و ئەوە بە جێگای ئەوەی سیاسەتی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئابووری لێ بکەوێتەوە، هەژاری و دەستکورتی لە کۆمەڵگەی ئێرانی پەرە پێداوە.

**دووهەم**: بەڕێوەبردن و درێژەدانی سیاسەتی هەڵەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و دامەزراندنی بەردی بناغەی دژمنایەتی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبووە لە سەر دارمانی ئابووریی ئێران. چونکە ئەو سیاسەتە هەڵە و دوژمنکاریانە بوونەتە هۆکار بۆ ئەوەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئابووریی ئێران لە

کەرتە جیاجیاکانیدا ئابلۆقەیەکی نێودەوڵەتی بەربەرینی بکەوێتە سەر کە لە هەنگاوی یەکەمدا خەڵکی ئێران لێی زیانمەند بوون.

**سێهەم**، لەم چەند ساڵەی دواییشدا کە پەتای کۆرۆنا جیهانی داگرتوە، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زۆر بە کەمتەرخەمییەوە بەرەو پیل و پێشگیری و چارەسەری ئەو نەخۆشییەوە چوون و تەنانەت لە چوارچێوەی دوژمنکاری لە گەڵ دنیای رۆژئاوادا رێبەری ئەو نیزامە فتوای دا کە هاوردەکردنی ڤاکسێنی دژە کۆرۆنا بۆ نێوخۆی ئێران قەدەغەیە. ئەوەش شوێنی راستەوخۆی لەسەر هەڵکشانی زیانی گیانی و ماڵی لەسەر خەڵکی ئێران هەبوو کە لەو حاڵەتانەدا ئەوە ئابووریی ئێرانە دەبێ باجی هەموو ئەو زیان و زەرەرانە بدات.

بێجگە لەو سێ حاڵەتە کە کاریگەریی راستەوخۆیان هەبووە لەسەر ئابووریی ئێران، کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش هەبوون و هەن کە بە نۆرەی خۆیان ئەوانیش کاریگەرییان لەسەر لاوازبوونی ئابووریی ئێران داناوە، وەک: دیاردەی ویشکەساڵی و کەمئاوی لە هێندیک ناوچەی ئێران کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی چارەسەریاندا بەهۆی سیاسەتی هەڵە و بەلارێدابردنی ئەسلی بابەتەکە لەپێناو پڕکردنی گیرفانی فەرماندەکانی سپای پاسداران و دەسەڵاتدرانی نزیک لە رێبەری کۆماری ئیسلامی، داماو و دەستەوەستانن.

بەو خوێندنەوە کورتە لە ئابووریی ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە ئەگەر رێککەوتننامەی بەرجام لە نێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١ بچێتە بواری ئیمزاکردنیشەوە، هێشتا ناتوانێ ئەو چرا ئومێدە بێ کە ئابووریی ئێران یەک شەوە لەو لاوازی و بێ سەرەوبەرەییە رزگار بکا. چونکە هەر بەپێی قسە و لێدوانی کارناسانی بوارە جۆراجۆرەکانی ئابووری ئەگەر بە هۆی بە ئەنجام گەیشتنی رێککەوتننامەی بەرجام، ئابلۆقە ئابوورییەکان لەسەر ئێران لابچێ و ئێران رێگای هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتیی هەبێ کە دوو کاڵای بنەڕەتین و لە ئێستادا بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئێران پێک دێنن، بەڵام بیرە نەوتیەکانی ئێران بەهۆی کۆنبوونیان توانای بەرهەمهێنانی ئەو رادە نەوتەیان نابێ کە دەوڵەتی ئێران بتوانی بیفرۆشێ و بۆ هەستانەوەی ئابوریی ئێران پشتی پێی ببەستێ. لە هەمان کاتدا دەبێ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەوە تێ گەیشتبن بۆ گەشانەوەی ئابووریی ئێران پێش ئەوە ئومێدیان بە رێککەوتننامەی بەرجام بێت، پێویستە لە نێوخۆی وڵات سیاسەتی ئابووری لە چوارچێوەی تەسکی ئیدئۆلۆژی و تێڕوانینی نیزامی کۆماری ئیسلامی بێننەدەرێ و رێگای دروستی ئابووری بگرنە بەر کە لەگەڵ سیستمی ئابووریی جیهانی بتوانێ خۆی سازگار بکا.

لێرەدا پێویستە ئەوەش وەبیر خۆمان بێنینەوە کە بێجگە لە رێککەوتننامەی بەرجام، نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی

بتوانێ ئابووریی ئێران لەگەڵ بازاڕی جیهانی ئاشت بکاتەوە، پێویستە دوو کۆسپی دیکەش لەسەر ڕێگای خۆی لابەرێ، ئەویش پرسی پەیوەست بوون بە کۆنڤانسیونەکانی FATF وGFTیە. چونکە بەپێی سیستمی ئابووریی جیهانی لە سەردەمی ئێستادا ئەگەر هەر وڵاتێک بە ڕێوشوێنەکانی ئەو دوو کۆنڤانسیونانە پێبەند نەبێ، ناتوانێ پێوەندی بە بانکی جیهانیی نێودەوڵەتییەوە هەبێ، کە هەتا ئێستا گەلاڵەی پەیوەستبوونی ئێران بەو کۆنڤانسیونانە لە ئێران پەسند نەکراون. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری بە ئەنجام گەیشتنی ڕێککەوتننامەی بەرجام چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە دەچنەوە نێو بازاڕی جیهانی کە کارێگەریی خێرای هەبێ لەسەر ئابووری ئێران و ژیانی خەڵک؟ لە لایەکی دیکەوە گەشانەوەی ئابووری پێویستی بە ئەمنییەتی نێوخۆیی و دەرەکی هەیە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەری دەرەکی بتوانێ بکا لە نێوخۆی ئێران کار و پرۆژەی وەبەرهێنان بباتە پێش و سەرمایەداری ئێرانی دەستوباڵی ئاوەڵە بێ کە بتوانێ بە دڵنیایەوە سەرمایەکانی خۆی لە کەرتە جیاجیاکانی ئابووریدا بخاتە گەڕ و بتوانی بەرهەمەکانی خۆی بە بازاڕ بکا، کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ نێوەرۆکی نیزامی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە بەرکارەکانی بە هیچ جۆر ویناچی بتوانری ئەو ئەمنییەتە ئابووری وسیاسییە بۆ سەرمایەدارانی نێوخۆیی و دەرەکی لە ئێران دەستەبەر بکا.

پوختەی مەبەست ئەوەیە کە هەڵپەسێردراو مانەوەی پرسی ناوکی و ڕێککەوتننامەی بەرجام بۆ دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆتە خێر و بەرەکەت هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا، چونکی بەئاشکرا بە هۆی خولقاندنی قەیرانی ناوکی خەریکی باجگیرییە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەم لە نێوخۆی ئێران بەو پرسە قەیرانە نێوخۆییەکانی داپۆشیوە و دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بە هەموو توانای تەبلیغی و پرۆپاگەندەی خۆیان هەوڵی ئەوەیان داوە کە بە کۆمەڵگەی ئێران بسەلمێنن کە باشبوونی ئابووریی ئێران پەیوەستە بە ڕێککەوتننامەی بەرجام؛ کە ئەویش دژمنانی کۆماری ئیسلامی ئیزن بە ڕێککەوتنی یەکجاری نادەن، بێ ئەوەی پێ لەو ڕاستییە بنێن کە ئەوە خۆیانن واتە کۆماری ئیسلامییە شەڕ بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و خەڵکی ئێران دەفرۆشێ، دەنا ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی بەرجام لە لایەن وڵاتانی ٥+١ لە لایەک و ئێران لە لایەکی دیکە ناتوانی نەفەسی مەسیحا بێ و ڕوح وەبەر ئابووریی دارماوی ئێران بێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٢

## میکۆنووس، جینایەتێک کە نابێ لەبیر بچێتەوە

٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی (١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧م) دادگای میکۆنووس کە لە شاری برلین پێتەختی ئاڵمان بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەر پەروەندی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و هومایونی ئەردەڵان، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان و نوری دێهکوردی، دۆستی حیزب و یەک لە ئەندامانی چالاکی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی پێک هاتبوو، دوای نزیک بە سێ ساڵ کاری بەردەوام لەو ڕۆژەدا حوکمی کۆتایی خۆی ڕاگەیاند. لەو حوکمەدا هاتبوو کە نیزامی دەسەڵاتدارەتی ئێران نیزامێکی "جینایەتکار"ە و ڕێبەرانی ئەو نیزامە لە "نزمترین پلەی ئەخلاقدا" هەڵسوکەوت دەکەن.

پاش تێپەڕینی ٢٥ ساڵ بەسەر مەحکومکرانی کۆماری ئیسلامی، چ ئەوکات و چ هەتا ئێستاش دەرچوونی ئەو حوکمە لە دادگایەکی سەربەخۆدا و بە تاوانبار ناساندنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە بکەری سەرەکیی تێرۆری میکۆنووس، هەم بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد و هەم بۆ ئۆپۆزیسیونی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسکەوتێکی گەورە بوو. ئەم بڕیارە مێژووییە ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕێژیمی تێرۆریست و تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی بە دنیای دەرەوە ناساند و غەدرلێکراوی و مافپێشێلکراوی گەلی کوردی لە ئێران بۆ دنیای پێشکەوتوو سەلماند. لە هەمان کاتدا ئەو بڕیارە بۆ وڵاتانی ئورووپاییش دەسکەوتێکی گەورە بوو، و بوو بە هۆکارێک کە ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی کە نیزیک بە ١٥ ساڵ بوو بۆ کوشتنی دژبەران و ئۆپۆزیسیۆنی خۆی تەڕاتێنی لە خاکی ئورووپادا دەکرد، بۆ ماوەی ساڵانێک بوەستێندرێ.

پاش ٢٥ ساڵ لە دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندنێک بۆ کاریگەری و شوێنەواری ئەو حوکمە بکەین، بەر لە هەموو شتێک بەو ئاکامە دەگەین کە ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەتی ئورووپاییەکان زووتر لەهەمبەر کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لەنێو خاکی ئورووپادا هەڵوێستێکی وەک دەزگای قەزایی ئاڵمانیان گرتبایە و حوکمێکی وەک دادگای میکۆنووس لەدژی تیمە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی دەرچووبا و بە خەمساری لە تەنیشت کردەوە تێرۆریستییەکانی دەسەڵاتدارانی تاران تێنەپەڕیبان و کاردانەوەی توندوخێرایان بە دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەبا؛ بە ئەگەری زۆر بەشی هەرەزۆری ئەو تێرۆرانەی پێش تێرۆری میکۆنووس لەسەر دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە خاکی ئورووپادا کران، نەدەکران و تەنانەت تێرۆری میکۆنووسیش ڕووی نەدەدا. چونکە



سەرچاوە Serchawe

حوکمی دادگای میکۆنووس سەلماندی کە بێتوو دەوڵەتەکان و بە تایبەتی زلهێزەکان بیانەوێ و ئیرادە بکەن، دەکرێ و دەتوانن هەر بە ڕێی قانوونی و دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێش بە سەرەڕۆیی ڕێژیمەکانی وەک کۆماری ئیسلامی بگرن، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆش لەگەڵیان تووشی شەڕ و لێکدان بن.

لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی دادگای میکونووس و دوای دەرچوونی ئەو حوکمە زۆر باس لەوە کرا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێش کارەساتی تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ڕێستورانتی میکۆنووس، لانی کەم شەش تیرۆری دیکەی لە دژبەرانی خۆی لە خاکی ئاڵماندا کردبوو، و لێکۆڵینەوەکانی دەزگای ئەمنییەتی و پۆلیسی ئاڵمان بەو ئاکامە گەیشتبوون کە ئەو شەش تیرۆرە یا ڕاستەوخۆ بەهۆی دامودەزگای ئەمنییەتیی ڕێژیمەوە، یا بە هاریکاریی حیزبوڵڵای لوبنان (بە شێوەی نیابەتی بۆ ئێران) کراون؛ بەڵام بەداخەوە ئیدارەی فیدراڵی پارێزگاری لە قانوونی ئەساسیی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەوەدا ڕاپۆرتی هەموو لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و دەزگای ئەمنییەتیی ئەو وڵاتەی لەسەر شێوازی جێبەجێکردن و سەرکەوتنی ئەو تیرۆرانە بەدەست گەیشتبوو، هیچ کات بڕیار یا فەرمانێکی ئیجرایی بۆ پۆلیس و دەزگای ئەمنی ئەو وڵاتە دەرنەکرد. هەروەها کار و کردەوەکانی دەزگای ئەمنییەتی و تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی نەخرانە ژێر چاوەدێری تا لە کاتی پێویستدا دژکردەوەیان هەبێ و ئیزن نەدەن تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێران خاکی ئاڵمان بۆ کردەوە تێرۆریستییەکانیان بەکار بێنن.

ئەگەرچی تا پێش دەرچوونی بڕیاری دادگای میکونووس لە کەس شاراوە نەبوو کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لەپێناو هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیدا سپۆنسەریی هەموو ئەو گرووپ و تاقمە توندئاژۆیانەی سەرانسەری جیهان دەکا، بەڵام دادگای میکۆنووس لەو بابەتەشدا سیاسەتی دەسەڵاتدارانی تارانی لەقاو دا. لە حوکمی دادگادا هاتبوو کە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لەو گرووپانە بە مەبەستی پێکانی ئامانجەکانی خۆیەتی، واتا ئەو گرووپانە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا وەک ئامراز بەکار دێنێ. کاتێک ئەو بابەتە بەتەواوی ڕوون دەبێتەوە کە دەبینین لە پێنج تاوانباری سەرەکیی تیرۆری میکۆنووس چواریان هاووڵاتی لوبنانین و لە هەموو ڕەوتی دادگادا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان دا خۆ لەو کەسانە بێبەری بکەن.

لە هەمان کاتدا بەپێچەوانەی لێدوانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی خودی ڕێبەری ئەو نیزامە کە لە لێدوانەکانی خۆیاندا هەوڵیان دەدا حوکمی دادگای میکۆنووس کەمبایەخ بکەن، بەڵام ئەو بڕیارە لە هاکێشە نێوخۆییەکانی ئێرانیشدا زۆرترین کاریگەریی دانا. هەر ئەوەش ئەو دەرفەتەی بۆ محەممەد خاتەمی (پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری) دروست کرد هەتا بە دروشمی ڕیفۆرمخوازی و گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەدا گرەوی هەڵبژاردنەکان لە ناتقی نووری، پاڵێوراوی ئەسڵیی بازنەی دەسەڵات بباتەوە. بە واتایەکی دی بڕیاری دادگای میکونووس بوو بە هۆکارێکی گرینگ

کە هەتا ڕادەیەک فەزای سیاسیی ئێران بەناچار بکرێتەوە. دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماتیکی خۆیان بۆ ماوەی حەوت مانگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕاگرت و ئەو قەیرانە دیپلۆماتیکەی ڕێژیم تووشی ببوو، پەیامێکی ڕوون بوو کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتی خەڵکی ئێرانیش دانا. بۆیە کۆماری ئیسلامی ناچار بوو هەتا ڕادەیەک لەژێر چەتری ڕیفۆرمخوازەکاندا فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێران بکاتەوە و لە هەمان کاتدا هەوڵ بدا لەسەر بنەمای بەڵێندان بە ڕاگرتنی کردەوە تێرۆریستییەکانی لە خاکی ئورووپادا، پێوەندییەکانی لەگەڵ ئورووپا ئاسایی بکاتەوە.

کۆماری ئیسلامی یەک لەو حکومەت و ڕێژیمە سیاسییانەیە کە لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵاتی وڵات لە چەکی تێرۆر و تێرۆریزم وەک کەرەسەیەکی کاریگەر بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بە شێوەیەکی بەربەرین چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوی وڵات کەلکی وەرگرت. تێرۆریزم لە چوار دەیەی ڕابردوودا بۆتە بەشێک لە جەستەی ئەو نیزامە بە چەشنێک کە بە فتوای دینیی ڕێبەری نیزام، تێرۆرکردنی دژبەران و تەنانەت ئەو هونەرمە نوسەر و جیابیرانەی کە بەدڵی دەسەڵاتدارانی نیزام نانووسن، ناجووڵێنەوە و بیر ناکەنەوە؛ ئەرکیکی شەرعی و دینییە و ئەنجامدانی وەک ئەرک و ئیلتیزامی دینی خراوەتە سەر شانی تاکی باوەڕدار بەنیزامی کۆماری ئیسلامی. بەڵام تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ڕێستورانتی میکۆنووس لەگەڵ ئەوەدا کە خەسارێکی گەورە بوو بۆ جووڵانەوەی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، بوو بە هۆی ئەوەی کە چیدی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیتسلامیی ئێران وەک جاری جاران نەتوانن بەئاسانی بۆی دەربچن. بەمجۆرە تێرۆری میکۆنووس بوو بە مەیدانی دادگاییکردنی ئەو نیزامە لەسەر کردەوە تێرۆریستیەکانی و بۆ یەکەم جار لە دادگایەکی دادپەروەردا پەردە لەسەر کردەوە تێرۆریستییەکانی دەسەڵاتدارانی تاران هەڵدەرایەوە و ڕوخساری ڕاستەقینەی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کۆمەڵگەی جیهانی دەرخرا و بڕیاری لەسەر درا.

لەساڵیادی دەرچوونی ئەو بڕیارە ئازایانەدا دەبێ بڵێین کە حوکمی دادگای مێکونووس لاپەڕەیەکی زێرینی لە مێژووی دادوەری و دادپەروەری لەم جیهانە ئاڵۆزەدا تۆمارکرد. ڕاستە ئەنجامدەرانی ڕاستەوخۆی کردەوە تێرۆریستییەکەی مێکونووس سزای خۆیان وەرگرت و بە زیندان مەحکووم کران، بەڵام ئەو پەروەندەیە هەتا ئێستا دانەخراوە و نەگەیشتۆتە دواقۆناغی خۆی؛ چونکە بڕیاردەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستیە کە لە حوکمی دادگادا ناویان هاتوە، لە بەردەم دادگادا ئامادە نەبوون و هێشتا سزای خۆیان وە نەگرتوە. لە هەمان کاتدا دادگا هێشتا ئەو بەڵگانەی نەخستۆتە ڕوو کە چ کەس یا کەسانێک زانیاریی ئاوا ڕوون و دەقیقیان لەسەر شوێنی کۆبوونەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی هەبووە هەتا پیلانی تێرۆرەکەی لەسەر دابڕێژرێ؟ ئەوەش ئەرک دەخاتە سەرشانی تێکۆشەرانی دێموکرات و هەموو ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان کە نابێ ئێزن بدەن کردەوە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی لەبیر بچنەوە. پێویستە

بەدایمە کار بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو کردەوە تێرۆریستیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بیر وزینی گەلانی ئێران و گەلی کورد و بیروڕای جیهاندا بەزیندووی بمێننەوە و تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی پتر و پتر لەقاو بدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢

## عومەر باڵەکی: پێشەوا کەسایەتیی کاریزما و تابۆشکێنی سەردەمی خۆی بوو

وتوویژ: کاروان مێراوی

### بەرایی:

٧٥ ساڵ لەوە پێش سەرکۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد بە بەخشینی سەر و گیانی خۆی، بەڵێنی گەورەی خۆی بە نەتەوەکەی بردە سەر. ئەگەرچی ١٠ی خاکەلێوە لە مێژووی نەتەوەی کورددا ڕۆژێکی تاڵ و کارەساتبارە، بەڵام هاوکات بوو بە ئیلهامدەری ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکرات تاکوو لە پێناو ئامانجە بەرزە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا شێلگرانەتر درێژە بەو ڕەوتە خەباتەی ڕێچەی کۆمار و ڕێبازی ئێسەوا بن. شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، دوو سکرتێری حیزبی دێموکرات لە دوای پێشەوا و شەهیدبوونی دەیان ئەندامی تری ڕێبەریی ئەم حیزبە بەڵگە ڕاستەقینەی ئەم ڕاستییەن.

"کوردستان" لە یادکردنەوەی ساڵڕۆژی ساڵەی شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیدا بۆ باس لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی نەمریان وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێکهێناوە و سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**پرسیار**: کەسایەتیی کاریزماتیکی پێشەوا بە ئەندامەتیی لە کۆمەڵەی "ژ - ک"دا گەشەی کرد. چۆن بوو دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە داوا لە پێشەوا کرد بێتە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە؟

**وەڵام**: بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە وا باشترە بەپێی سەرچاوە بەردەستەکان وێنای هەلومەرجی ئەو کاتی ناوچەکە و بەتایبەتی شاری مەهاباد بکەین، ئەو کات بەباشی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە بەر چ هۆکارێک کۆمەڵەی ژێ - کاف داوا لە پێشەوا دەکات ببێت بە ئەندامی کۆمەڵە و تەنانەت بەرپرسایەتیی ڕێکخراوەکەش بخەنە سەر شانی. لەو سەردەمدا بە هۆی هەبوونی سپای سۆڤیەت لە باکوور و باکووری ڕۆژاوای ئێران و بوونی سپای ئینگلیس و ئەمریکا لە باشووری ئێران، جۆرێک لە بۆشاییی دەسەڵاتی ناوەندی لە زۆر ناوچەی ئێران و بەتایبەتی لە موکریان ببووە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەتا ڕادەیەک ئاڵۆزی و پشێوی ساز ببێت، لەو هەلومەرجەدا قازی محەممەد بۆ پاراستنی شار (واتە مەهاباد) لە هێرشی عەشیرەتەکانی

دووروبەر، خەڵکی هان دا بۆ کڕینی چەک بۆ پارێزگاری لە خۆیان و بنەماڵەکانیان و بەگشتی پاراستنی شار. قازی محەممەد ئەو خەڵکەی ڕۆژانە لە شوێنێک کۆ دەکردنەوە و لەبارەی شێوەی پاراستن و بەرگریکردن قسەی بۆ دەکردن و شەوانەش خۆی سەردانی شوێنی ئێشکگرەکانی دەکرد، ئەمە بێجگە لەوە بوو کە ڕۆژانە لە دادگا دادەنیشت و بە کێشە و گرفتی خەڵک ڕادەگەیشت. بەو شێوەیە لەڕاستیدا شاری مەهاباد و دوروبەری بەتەواوەتی لە دەستی پێشەوادا بوو و کەسایەتیی پێشەوا بە چەشنێک بوو کە تەنانەت سەرۆک عەشیرەکانی ناوچەکەش ڕێزیان لێ دەگرت و لە قسەی دەرنەدەچوون.

هەربۆیە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی ژ- کاف بەباشی هەستیان بەوە کردبوو کە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵە پێویستیان بەوە هەیە کە کەسایەتییەکی وەک پێشەوا ڕێبەریی کۆمەڵە بەدەستەوە بگرێت و لەو تێڕوانینەشدا بە هەڵە نەچووبوون؛ چونکە هەر کە پێشەوا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژێ-کاف و دوای ماوەیەک وەک ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە لەنێو خەڵکدا دەرکەوت، خەڵکێکی زۆر لە چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی کوردستان و بە ایبەتی لە ناوچەی موکریان پەیوەست بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژ - کاف بوون.

**پرسیار**: پێشەوا بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان کامانە قۆناغی بڕی؟

**وەڵام**: پێشەوا دوای ئەوە بە فەرمی بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ-کاف، هەستی بەوە کردبوو کە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژ-کاف لە کار و تێکۆشانی خۆیدا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو لە کاری ڕێکخراوەیی و بەتایبەتی ئەندامگیری و تەبلیغاتدا، دوا خراوە و زۆر بە پارێزەوە دەجووڵێتەوە و ئەو شێوە کارە ناتوانێت وەڵامدەری ئەو هەلومەرجە بێت، بە واتایەکی دی کۆمەڵەی ژ-کاف لە توانایدا نەبوو کە بتوانێت ئەو هەلومەرجە تایبەتییە بە قازانجی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بقۆزێتەوە. بۆیە پێشەوا لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ-کاف، حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە شێوازی سەردەمیانە داڕشتەوە، حیزبەکەی پێشەوا کە خاوەنی بەرنامە و ڕێبەری بوو، بە شێوەی ئاشکرا دەستی بە تێکۆشان کرد و هەموو وزە و توانای خۆی بۆ پتەوکردنی نێومالّی کورد وەگەڕ خست، لە نێوخۆی کوردستاندا دەستی کرد بە کار و تێکۆشان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و لە هەمان کاتدا کەوتە وتووێژ و دانوستان لەگەڵ دوڵەتانی زلهێز و بەتایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەت کە لە ناوچەدا هەبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرگی حیزبێکی مودێڕندا هەوڵی دا مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سیستمێکی کۆماریدا وەدی بێنێت و بۆ ئەوە پێش دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات بە ڕێبەریی پێشەوا، هەموو ئەو پێویستییانەی کە دەوڵەت و سیستمێکی سیاسی و حوکمڕانیی پێ دەناسرایەوە، وەک ئاڵا، سپای نیشتمانی، سروودی نەتەوایەتی و سیستمی بەڕێوەبەری و پەروەردەیی ئامادەکارییان بۆ

کردبوون. هەربۆیە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی)دا هەموو ئەو هێمایانە دەبیندرێن و پێشەوا وەکوو سەرۆککۆماری کۆماری کوردستان وتاری پێشکەش بە ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە کرد.

**پرسیار: پێشەوا کەسایەتییەکی ئایینی بوو، ئەدی چ شتێک بوو بە هۆکاری ئەوەی کە نیشتمان و نەتەوە بخاتە پێش ئایینەوە؟**

**وەڵام:** باسکردن و لێکدانەوە لەسەر کەسایەتیی پێشەوا کارێکی دژوارە، چونکە زۆر لایەنی جۆراوجۆری کەسایەتیی پێشەوا دەکرێت توێژینەوەیی ئاکادیمیکی لەسەر بکرێت. ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستن و باس لە تایبەتمەندییەکانی پێشەوا دەکەن، هەموویان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە پێشەوا لەو کاتەوە کە توانیویەتی بنوسێت و بخوێنێتەوە، لە هەموو دەرفەتێک کەڵکی وەرگرتووە بۆ فێربوونی زانست و هەر ئەو هۆگرییەی بە زانستی سەردەم تواناکانی بە چەشنێک بردووەتە سەر کە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بە ماموستا ناسراوە. پاش تەواوکردنی زانستی ئایینی و ڕێپێدانی مەلایەتی، بە شێوەی مەلای مزگەوتێک نەجووڵاوەتەوە و لە حوجرە دانەنیشتوە، ؛ بەڵکوو چالاکانە خەریکی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕاپەڕندنی کاری خەڵک بووە، خەمی گەورەی پێشەوا دواکەوتوویی نیشتمان و گەلەکەی بووە، هەر بۆیە لە هەموو دەرفەتێک کەلکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی چەندی دەکرێت نەتەوەکەی لە زانست و پێشکەوتنی ئەو سەردەمە نزیک بکاتەوە، بۆ ئەو کارانەش کە دەیکردن چاوی لە هیچ پاداشتێکی ماددی نەبووە. بۆ نموونە بێ ئەوەی مووچەی مانگانە لە حکوومەتی ئەو کات وەربگرێت، بەرپرسایەتیی بەڕێوەبەریی فەرهەنگی مەهابادی گرتە ئەستۆ، بەردی بناغەی یەکەم نەخۆشخانەی لەو شارە لەسەر پارچە زەوییەکی خۆی دانا، هەروەها بە هەوڵ و تێکۆشانی پێشەوا یەکەم قوتابخانەی خوێندن بۆ منداڵانی کچ و کوڕ لە شاری مەهاباد دامەزرا. لەو بارەوە باشترین نموونە گۆڤاری "هەڵاڵە"یە کە لە ژمارە ٢ی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی و لە وتارێکدا بەم شێوەیە باسی پێشەوا دەکات: "هەر لە منداڵیەوە خاوەنی گیانێکی بەرز و دڵێکی بەهێز بووە و نیشانەی گەورەیی و ئازا و ڕەشیدی و لەخۆبوردوویی تێدا دیاری داوە، ئاکارێکی جوانی هەیە و لەگەڵ هەموو تەبەقەیەک تێکەڵی دەکات و بەتایبەتی نیشتمانپەروەری لەگەڵ ڕەگ و خوێنی تێکەلە. زۆری علاقە بە تەرەقی و عیلم و زانست هەیە، لەبەر ئەوە لە تافی جوانیدا چەند ساڵ بۆ خۆی ڕیاسەتی فەرهەنگی سابلاغی وەعودە گرت و دەرسی نیشتمانپەروەری و میللەتی بەتەواوەتی فێری نەسلی تازەکرد."

**پرسیار: کاک عومەر جەنابتان لە وتووێژێک لەگەڵ "کوردکاناڵ"دا پێشەواتان بە کەسایەتییەکی تابۆشکێن پێناسە کرد، لەم بارەیەوە زیاتر باس بفەرموون؟**

**وەڵام**: ئەوە کە دەڵێین پێشەوا تابۆشکێن بووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دژایەتیی هەندێک دابونەریتی کردووە کە بەربەست بوون لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە. لەسەردەمی ئەو کاتدا کە هێشتا سیستەمی عەشیرەیی و کۆمەڵێک دابونەریتی دواکەوتووانە باڵیان بەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەدا کێشابوو، پێشەوا بێ گوێدان بە سەرکۆنە و تەوس و پلاری کۆنەپەرستان لەگەڵ خەڵکی بیانی و غەیرە دینان هەستان و دانیشتنی هەبووە، هاتوچووی کردوون و لێیان فێری زمان و دابونەریتی ڕۆژاوایی بووە. بێجگە لەوە ئەو کارانەی پێشەوا لەو سەردەمدا کردنی نەک لە ئێران، بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش نموونەی نەبیندراوە، وەک: بە ناچاریکردنی خوێندن بۆ منداڵان بەبێ جیاوازیدانانی ڕەگەزی، یان خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی هەینی بە کوردی و کەڵکوەرگرتن لە خوتبە بۆ ئاگاکردنەوەی خەڵک و دورکەوتنەوە لە خورافات و لە هەمان کاتدا پەرەپێدانی هەستی نیشتمانپەروەری لەنێو خەڵکدا. یان دەستەبەرکردنی بەستێنی ئەوەی کە ژنان و لاوان بێنە نێو گۆڕەپانی کاری سیاسی و لەو پێناوەشدا دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی لاوان و حیزبی یایان کە لە دوایەدا بوو بە یەکیەتیی ژنان. هەروەها ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان چ نەتەوەیی و چ ئایینی، بۆ نموونە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان، بەشداربوون لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات و پەرەپێدانی کولتوور و فەرهەنگی خۆیان.

**پرسیار**: ڕەهەندێکی دیکەی دەرکەوتنی کەسایەتیی پێشەوا لە دادگاییکردنەکەی و بەرگرییەکانی بوو، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو بابەتە چییە؟

**وەڵام**: جارێ پێش هەموو شتێک پێویستە بڵێم کە بەپێی ئەو بەڵگانەی هەتا ئێستە کەوتوونەتە بەردەست، ئەو بەناو دادگایە هیچ پێوەرێکی دادوەرانەی بۆ دادگاییکردن تێدا بەدی نەکراوە. یەکەم ئەو دادگایە بەپێی ئەوەی کە دادوەر و دادئەستێنەکانی هەموو سەبازی بوون، کەواتە دادگاکە سەربازی بووە، لە کاتێکدا پێشەوا و هاوڕێیەکانی هیچ کامیان کەسایەتیگەلێکی سەربازی نەبوون و لە بەرەی شەڕدا دەستبەسەر نەکرابوون؛ تەنانەت هیچ بەڵگەیەک بە دەستی ئەو دادگایەوە نەبوو کە پێشەوا لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیشیدا وەک سەرۆککۆمار فەرمانی هێرشی بۆ سەر هێزە سەربازییەکانی ئێران دەرکردبێت، بۆیە پێشەوا هەر لە سەرەتاوە لەهەمبەر سەڵاحییەتی دادگا ناڕەزایەتی دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە کە ئەو دادگایە سەڵاحییەتی نییە، چونکە ئەوان کەسی مەدەنین و ئەگەر هەر دادگایی دەکرێن، دەبێت لە بەردەم دادگایەکی مەدەنیدا وەڵامدەر بن.

ئەوەی کە دەوترێت پێشەوا دادگای دادگایی کردووە، تەنیا قسەیەک نییە لەخۆڕا کرابێت، بەڵکوو ئەوە بەڵگەیەکی مێژووییە لە ئازایەتی و بوێریی پێشەوا کە لەو کات و ساتە دژوارەدا چارەنووسی ژیانی خۆی و برا و ئامۆزاکانی بەند بوون بە هەڵسوکەوتی ئەو لە بەرانبەر ئەفسەرانی ڕێژیمی پاشایەتی کە بە ڕووالەت لەسەر کورسیی دادگا دانیشتبوون و

پێشەوا و هاوڕێیەکانیان دادگایی دەکردن، بەڵام پێشەوا هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەسەرکردنی بە چارەنووسی خۆیانی دەزانی و دەیزانی کە مەرگ چاوەڕوانیانە، کەچی بەو حاڵەش لە هەر دوو جار دادگاییکردنیدا و لە هەموو ماوەی بەندیخانەدا لەبەر دوژمن نەپاڕایەوە و داوای بەخشینی نەکرد؛ بەڵکوو ئازایانە بەو سوێندە وەفادار مایەوە کە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، لە بەردەم ٢٠ هەزار کەس لە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا خواردبووی. پێشەوا باش دەیزانی ئەوە قازی محەممەد نییە دادگایی دەکرێت، بەڵکوو جووڵانەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستانە دادگایی دەکرێت، ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستانە کە دادگای سەربازی بە تاوانیان دادەنێت؛ هەربۆیە وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو و وەفادار بە ئامانجەکانی لە دادگا و لە بەرانبەر ڕاسپێردراوەکانی شادا ڕاوەستا و ئازایانە بەرگریی لە کۆماری کوردستان کرد.

**پرسیار**: دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونەیەک بکەن؟

**وەڵام**: بۆ نموونە، پێشەوا لە وەڵامی داواکاری گشتیی سەبازیدا کە دەڵێت بۆچی نەڕۆیشتی و مەهابادت جێ نەهێشت، دەبێژێت: یەکەم لەبەر بەڵێنێک کە داومە بە نەتەوی خۆم و پەیمانم داوە لەنێویاندا بژیم. دووهەم بۆ ئەوەی بەر بە خوێنرێژی بگرم و تەنیا لەبەر زیندوومانەوەی من، کۆمەڵکوژی نەکرێت. سێهەم ئەگەر من ڕۆیشتبام زۆر کەستان لە خەڵکی مەهاباد و نەتەوەی کورد لەجیاتی من لەنێو دەبرد. باشترین نموونەش بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بێجگە لەوانەی کە باسمان کردن، دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی سەروان شەریفی کە حکوومەتی پاشایەتی وەک پارێزەری تەسخیری بۆ پێشەوا دیاریی کردبوو بکەین. دیارە ناوبراو لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی دادگا ڕواڵەتییەکەدا بەشدار بووە، بەڵام نە ڕێگەی ئەوەی پێ دراوە کە دەستی بە پەڕاوەکانی دادگا ڕابگات و نە ڕێگەی پێ دراوە کە لە پێگەی پارێزەردا بەرگرییەکانی خۆی پێشکەش بکات، تەنانەت لە سۆنگەی گێڕانەوەکانی دادگاوە نەیانهێشت پلەی سەربازیی بچێتە سەرەوە، لە کاتێکدا ئەو ساڵە ساڵی بەرزکردنەوەی پلەکەی بوو. ناوبراو ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی (دە ساڵ دواتر) لەسەر پێشەوا و دادگاییکردنەکەی ئاوا دەدوێت:

"بەداخەوە بۆ قازی محەممەد، ئەو پیاوە گەورە و دانایە، قازی محەممەد لە بەردەم دادگادا بەوپەڕی ژیری و بێ ترس دەدوا. لەڕاستیدا ئەوە ئەو بوو دادگای دادگایی دەکرد..."

**پرسیار**: کەواتە لەخۆڕا نییە کە د. قاسملوو دەفەرموێ پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو؟



سەرچاوە
Serchawe

**وەڵام**: ئەوە کە شەهیدی ڕێبەرمان د. قاسملوو فەرمووی پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو، بەپێی هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمی کۆمەڵگەی کوردستان بەتەواوەتی ڕاستە، چونکە چەندی بە ناخی ئەو مێژووەدا دەچیە خوارێ، کەسایەتیی پێشەوا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە زیاتر و زیاتر بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی کە کۆمەڵگەی کوردستانی نزیک بە ١٠٠ ساڵ لەوەپێش وێنا دەکەی کە هێشتا زانستی سەردەم بەو شێوە بەربڵاو ڕووی تێ نەکردوە، قوتابخانەکان دانەمەزراون، ڕایەڵکەی عەشیرەیی بە هەموو یاسا و ڕێساکانی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە، دنیای دەرەوە بۆ تاکی کورد نامۆیە و کەمترین زانیارییان لە دەرەوی کوردستان هەیە و زۆر بابەتی دیکەی بواری کۆمەڵایەتی و کولتووری کە زاڵن بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵام دەبینین کە پێشەوا لە سەردەمدا هەر وەک باسمان کرد بۆ فێربوونی زمان و زانست گوێ بە سەرکۆنە و تەوس و پلاری کۆنەپەرستانی ناوچەکە نادات و ڕووی لە خەڵکی بێگانە و غیرە دین کردووە و توانیویەتی بە زمانەکانی فارسی، تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی و ڕووسی قسە بکات. ئەو باوەڕی قووڵی بە دێموکراسی و دەنگی خەڵک و ڕاوێژ هەبووە و لە دنیای سیاسەتدا کەسێکی ڕیئالیزم بووە و هیچ کات ئاوات و ئارەزووی لە جێی ڕاستییەکان دانەناوە، هەموو کات ویستیاری یەکیەتی و تەبایی نێوماڵی کورد بووە و هەموو هەوڵێکی داوە یەکیەتیی نەتەوەیی لە کوردستان پێک بهێنێت. جیا لەوانە بە دەیان تایبەتمەندیی دیکە پێشەوای لە کەسانی سەردەمی خۆی جیا کردووەتەوە، بۆیە د. قاسملوو لە کتێبی "چل ساڵ خەبات"دا دەیەوێت بە واتای ڕاستەقینە کەسایەتیی پێشەوا بۆ نەوەکانی داهاتوو نیشان بدات: "شەخسییەتی قازی محەممەد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازەپێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو. بەڵام پێشەوا قازی محەممەد ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو ڕۆژگارەدا وێنەی لەنێو نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا.... لەگەڵ ئەوە کە ڕووناکبیرێکی پایەبەرز بوو، لەنێو خەڵکێکی ساویلکە و بەداخەوە بەشی زۆری نەخوێندەواردا دەژیا. گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو. بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نیزیک بوو، دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێگەیشتبوو، لە هێنانەگۆڕ و دەرخستنی ئەو دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بەخۆڕایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا خەڵک نازناوی پێشەوای پێ دابوو".

زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو وتووێژە تەرخان کرد.

ئێوەشماندوو نەبن کە بایەخی تایبەتیتان بەو بابەتە دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## توندوتیژی و بەرهەمهێنانەوەی لە کۆمەڵگەدا

لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی پێشکەوتنی مرۆڤە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، پاراستنی ژینگە و ژینگەپارێزی یەکێک لە بابەتە گرینگەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە. بە بەرچاوی مێدیاکانەوە ساڵانە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆڕبەند لە ڕادەی جیاوازی سیاسیی و زانستی لە ئاستی وڵاتان و نێودەوڵەتییشدا لەسەر گرینگیی پاراستنی ژینگە دەگیرێ و هەروەها سروشتپارێزی و ڕێگەگرتن لە تێداچوونی تۆرەمەی زیندەوەرە جۆراوجۆرەکان بایەخێکی جیهانداگرە. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەو بابەتەش وەک زۆربەی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان جۆرێکی ترە و ئاوێتە بە توندوتیژییەکی زۆرە. بەو واتایە کە لە سۆنگەی سیاسەتی هەڵە و تێڕوانینی ئەمنییەتی و پەرەپێدانی فەرهەنگی توندوتیژی، ژینگەی وڵاتیش گەلێک خەساری بەرکەوتوە کە قەرەبووکردنەوەیان زۆر زەحمەتە.

یەکیک لەو بابەت و دیمەنە قێزەونانەی کە ماوەبەماوە لە ڕاگەیاندنەکان بڵاو دەبێتەوە و ویژدانی مرۆڤ دەهەژێنێ، ئاژەڵئازاریی هەمەچەشنە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتەدا. دیاردەی ئاژەڵئازاری لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا لە حاڵێکدا پەرە دەستێنێ، کە ئەم دیاردەیە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا بە تاوان داندراوە و سزای قورسیش بۆ کەس یا کەسانی تاوانبار دەستنیشان کراوە. بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا ئەو بابەتە نەک لە قانووندا وەک تاوان تیشکی نەخراوەتە سەر، بگرە هیچ هەوڵێکی ئەوتۆش نابینین کە بەرەنگاری ئەو دیاردە ناسروشتی و قێزەونە بێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەپێی سەلماندنی زانست و ئەزموونی ژیانی مرۆیی دەزانین کە ئاژەڵ و زیندەوەران بەشێک لە سروشت و ژینگەکەمان پێک دێنن و لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نیزامی سروشتیدا ڕۆڵی گرینگ و چارەنووسسازیشیان هەیە؛ هەربۆیە ئەزیەت و ئازار و لەنێوبردنیان ڕاستەخۆ زیانێکی قەرەبوونەکراوە بە ژینگەی مرۆڤ دەگەیەنێ.

ئەو توندوتیژی و ئەزیەت و ئازاردانی ئاژەڵان لە ئێران بەپێی هەموو لێکۆڵینەوەکان ڕەگی لە کولتوور و جۆری ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەلایەن نیزامی سیاسیی دەسەڵاتدار لە وڵاتدا داکوتاوە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر ڕێژیمی پاشایەتیی پاڵەویدا کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە، سیاسەتی سەرکوت و توندوتیژیی دەسەڵات دژی جیابیران بوو بە پێناسە و شوناسی سەرەکیی ئەو نیزامە. لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا ڕێژیم لە دوو ڕەهەندەوە لەو بوارەدا کاری کردوە. یەکەم، سیستماتیک هەوڵی داوە توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا برەو پێ بدا تا ئەو جێیە



سەرچاوە
Serchawe

کە ببێتە بەشێک لە کولتووری زاڵ و ببباتە نێو هەناوی کۆمەڵ و بنەماڵەکانەوە. دووهەم، ویژمانی هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و هەوڵی بەکردەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە کە دەستێوەردان و قەیرانخوڵقێنی لە وڵاتانی ناوچە و دراوسێیدا لێ کەوتۆتەوە. پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکان و دژایەتیی ڕۆژاوا و کولتوورەکەی یەک لەو هۆکارانە بووە کە کۆماری ئیسلامی لە زۆر بواردا بکەوێتە ژێر گوشار و سزای ئابووری و، ئەو سزا ئابوورییانەش کە خەڵکی وڵات دەبێ باج و تێچووەکەی بدەن؛ خۆی یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بنچداکوتانی توندوتیژییە لە کۆمەڵگەدا.

لە کۆنەوە گوتراوە کە سفرەی پڕ تەبایی خێزانە. دەبینین و دەبیستین و هەستی پێ دەکەین کە لە ئێستادا خەڵکی ئێران لە بواری دابینکردنی بژیوی ژیانەوە چەندە لە تەنگانەدان و ئەو کیشە و ئاریشانە زۆر جاران دەبنە هۆی لێکهەڵوەشانی بنەماڵە، یا خوڵقانی توندوتیژی لە خێزاندا تا ئەو ئاستەی کە هەژاری و دەسکورتی بگاتە جێگەیەک کە بەکۆمەڵ خۆیان بکوژن. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی پزیشکی قانوونیی ئێران لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویدا ٦٠٠ هەزار کەس لە ئێران بەهۆی شەڕ و پێکهەڵپڕژان سەردانی ناوەندەکانی پزیشکی قانوونییان کردوە و ئەو ئامارە ئەو بەشە لە شەڕ و پێکهەڵپڕژان و توندوتیژییانە ناگرێتە خۆی کە بەهۆی دوورەدەستی، بنەماڵەیی و عەشیرەیی، لایەنەکان سەردانی ئەو ناوەندانیان نەکردوە. بۆیە توندوتیژیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی سیاسی، ئەمنییەتی و ئابووری دەرحەق بە گەلانی ئێران، خوڵقێنەری توندوتیژیی تاکەکان لەنێو کۆمەڵگە و بنەماڵەشی لێ کەوتۆتەوە. مخابن زۆر جاریش ئەو توندوتیژیانە لە بازنەی مرۆڤەکان تێدەپەڕێ و دەبنە هۆی ئەزیەت و ئازاردانی ئاژەڵ و گیانلەبەران، واتە کەسی توندئاژۆ و بەگێرەوکێشە ئەگەر ڕێگای نەبوو ڕق و تووڕەیی خۆی بە سەر بەرانبەرەکەیدا بەتاڵ بکا، ڕقەکەی بە سەر کەرەستە و کەلوپەلی دەوروبەریدا دەڕێژێ و خۆ ئەگەر هەر نەبوو هروژمی ئاژەڵ و گیانلەبەری بێزمان و بێدەسەڵات دەدا.
نیزامی سیاسی و پەروەردەیی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا وای لە کۆمەڵگەی ئێران کردوە بە جیگای ئەوەی لە قوتابخانە و پۆلەکانی خوێندندا وانەی مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی فێری منداڵان بکرێ، تۆوی شەڕ و دوژمنکاری و دووبەرەکییان لە دڵ و دەروون و مێشکیاندا دەچێنن و ئەو شێوە پەروەردەیە زۆر سروشتییە کە مرۆڤی تووڕە و شەرەئەنگێز بەرهەم دەهێنێ. مرۆڤێک کە بە هەر بیانوویەک هەڵدەچێ و بە دەوروبەری خۆی هەڵدەپرژێ و ئەگەر هیچی دەست نەکەوت بەردەبێتە گیانی ئاژەڵان؛ بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو ئاژەڵە گیاندارە و سروشت مافی ژیانی پێ داوە و بەبێ ڕێوشوێنی قانوونی و ڕێگەپێدراو، هیچ کەس و لایەنێک مافی ئەوەی نییە ئازاری بدا و گیانی لێ بستێنێ. ئەوەش لەجێی خۆی کە لە ڕوانگەی دەروونناسانەوە کەسانێک کە خووی ئاژەڵئازارییان هەیە و بەو کار و ئاکارەی خۆیان دڵخۆش دەبن و ڕقوتووڕەیی خۆیانی پێ دادەمرکێنن، نەخۆشیی دەروونییان هەیە و بەداخەوە ژمارەی ئەو کەسانەش لە ئێرانی ئێستادا لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ڕێژیمەوە کەم نین.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش پێگەی کۆمەڵگەی کوردستانە لەو باسەدا. ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەک چۆن هەر لە سەرەتاوە بە ژێربی سیاسیی خۆی و بە دەنگی "نا" یەکەی هێڵی فیکری و سیاسیی خۆی لە ڕێژیمی ئیسلامی جیا کردەوە؛ لە هەموو ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا لە بەربەرەکانییەکی توندوتیژ بۆ بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی و کولتوور و فەرهەنگی خۆی بووە. هاوکات کارکردی کولتووریی کۆمەڵگە و شوێندانەریی حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان جۆرێکی جیاوازی لە پەروەردە و بارهێنان هێناوەتە ئاراوە. لە کوردستان ڕوانگەکان بە نیسبەت کوشتنەوە، بەندکران و ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندەکان، پاراستنی ژینگە و ژینەوەران لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران ئەوەندە جیاوازە کە مرۆڤی کورد ئامادەیە بۆ دامرکاندنی سووتمانی دارستانەکان، ڕزگارکردنی گیانلەبەران لە فەوتان و تێداچوون گیانی خۆیشی دابنێ و بۆ نموونەش چ زۆرن "شەریف باجوەر"، "ئومید کۆنەپۆشی"، "ڕەحمەت حەکیمی‌نیا" و "محەممەد پەژووهی"یەکان....

دروستبوونی دوو جۆرە فەرهەنگ و ڕوانگەی جیاواز لەمەڕ ژینگە و ژینگەپارێزی لە جوغرافیای ئێران لە حاڵێکدایە کە ماوەی ٤٣ ساڵە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرکوتی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد دەکا و لە دژایەتی و دژمنایەتیی ئەو بزووتنەوەیەدا هیچکات دەستی لە تێکدان و فەوتاندن و زیان پێگەیاندنی ژینگەی کوردستان نەپاراستوە و ئەوەندەی بۆی کراوە لەو دژمنایەتییەدا کردوویەتی. ڕاستە کۆماری ئیسلامی ئەوەی لە دەستی هاتوە دەرحەق بە کۆمەڵگەی کورد و ژینگەی کوردستان کردوویەتی و سەرەڕای داخوازی و بەدواداچوونی زۆر کەس و لایەن قەت خۆی لە بەرامبەر پرسی کورد و جوغرافیای سروشتیی کوردستاندا بە بەرپرسیار نەزانیوە، بەڵام بە خۆشییەوە کوردستان کولتوور و جیاوازییەکانی خۆی بە باشترین شێوە پاراستوە و هەبوون و چالاکیی دەیان ڕێکخراوی مەدەنی و ژینگەپارێزیی چالاک ئەو جیاوازییانە بەباشی دەسەلمێنن.

لە دەرەوەی سیاسەتی ئاسیمیلە و دژایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ژین و ژیار و ژینگەی کورد، بەڵام ڕەفتار و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ژێرپێنانی قانوونەکانی سروشتە و بە زانست و ئەزموونی سەردەمیش دەرکەوتوە کە ژێرپێنانی قانوونەکانی سروشت لە دواجاردا هەر بە زیانی کۆمەڵگەی مرۆیی دەشکێتەوە، واتا ئەوەی زیانی زۆرتری بەر دەکەوێ هەر ژیان و ئاسایشی مرۆڤەکانە. بۆیە لە هەر حاڵەتدا ئەوە ئەرکە لەسەر هەموو دەوڵەت و وڵاتان - بە ئێران و کۆماری ئیسلامیشەوە- کە بە داڕشتنی قانوونەکانی ژینگەپارێزی و جێبەجێکردنیان خۆیان لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان بگونجێنن و پەروەردەی کۆمەڵگە و تاکەکان لەسەر ڕێزدانان بۆ ئەو بایەخانە لە سەرووی هەموو شتێک دابنێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## عومەر باڵەکی: کۆمەڵگەی کوردستان زیندانیی سیاسی بە قارەمان، ڕێبەر و سەرچەشنی خەباتیان دەزانێ

(وتاری کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ناودێرکردنی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

زیندانییە سیاسییەکان و بنەماڵەی سەربەرزیان!

نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و میوانانی بەشدار لەو ڕێوڕەسمەدا!

ئەمڕۆ ١٢ی جۆزەردان هاوکاتە لەگەڵ تاڵیادێکی مێژوویی جووڵانەوەی کورد. ٣٩ ساڵ لەوە پێش لەو ڕۆژەدا لەلایەن فەرمانداری ئەوکاتی مەهاباد ڕاگەیەندرا کە ٥٩ کەسی دەسبەسەرکراوی شاری مەهاباد بەکۆمەڵ گوللەباران کراون. لەو کۆڕەدا ناو و یادی ئەو شەهیدانە بەرز ڕادەگرین و لەگەڵ ڕوحی نەمریان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان کە ڕزگاریی کوردستانە، لە خەبات و بەربەرەکانی لەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی نەوەستین. هاوکات پێشوازی و پشتیوانی لە ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی ئێعدامی ئەو ٥٩ بەندکراوە بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەڕێزان!

دیاریکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکانی کورد لە چەند ڕووەوە گرینگیی خۆی هەیە. چونکی ئەو ڕۆژە بیرهێنەرەوەی جینایەتێکی سامناکی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستانە. لەو ڕۆژەدا دەسەڵاتدارانی تاران ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهابادیان بێئەوەی لە دادگایەکی عادڵانەدا دادگایی کرابن، لە بەندیخانەیەکی شاری تەورێز گوللەباران کرد. پێش ئەوەش کە بچمە سەر ئەو بابەتە کە بۆچی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی زیندانیی سیاسیی کورد دەستنیشان کردوە، پێم باشە بە کورتییش بووبێ پێناسەیەک لە زیندانیی سیاسی بکەم.

کە باس لە زیندان و زیندانی دەکرێ، وا دێتە بەرچاو کە کەسی گیراو حەتمەن دەبێ کەتنێکی کردبێ و زیانی بە کەس یان کەسان و لە نیهایەتدا بە کۆمەڵگە و بەرژەوەندییەکانی گەیاندبێ؛ هەربۆیەشە سزاکەی بەندکرانە و بەندیخانەش شوێنی ڕاگرتنی کەسانی تاوانبارە. بەڵام کە لە بابەتی زیندانیی سیاسی ورد دەبینەوە، دەبینین ئەو کەسانە نەک هەر لە ڕوانگە خۆیانەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەی کۆمەڵگە و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانیشەوە هیچ تاوانێکیان نەکردوە کە لەو سۆنگەیەوە بەند بکرێن. هەربۆیەشە ئەو کەسانە کۆمەڵگە بە زیندانیی سیاسیی دەیانناسێ و زیندانیی سیاسیی بریتییە لەو کەسەی لەسۆنگەی ڕۆشنگەری و ئاشناکردنی کۆمەڵگە بە مافەکانیان و تێکۆشانی بەکردەوە بۆ ئەو ئامانجانە لەلایەن دەسەڵاتەوە گیراوە، دەسەڵاتێک کە بیر و هزر و جمۆجۆڵ و چالاکیی ئەو کەسە لەدژی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێ. تاوانی! نەکردووی ئەو کەسانە لە هەندێک سیستمی سیاسیی وەک کۆماری ئیسلامیدا بە بەندکردن نابڕێتەوە، بەڵکوو وەک دەزانین هەزاران کوردی ئازادبیر و ئازادیخوازی لەو چەشنە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و گیانیان لێ ئەستێندراوە. ڕێژیم ئەو کەسانە بە تاوانبار دەناسێ، بەڵام کۆمەڵگە بە قارەمان، ڕێبەر و سەرچەشنی خەباتیان دەزانێ. بۆیەشە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی پێزانینی پتری کۆمەڵگە بە زیندانیی سیاسی، پشتیوانی لە پێشنیاری ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان دەکا.

**ئامادەبووانی هێژا!**

ئێستا کە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردان بەرز ڕادەگرین، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە تێپەڕینی کات نابێ کوژرانی بەناحەقی ٥٩ لاوی مەهابادی و هیچ کام لە تاوانەکانی دیکە کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا دەرحەق بە ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان کراون لەبیر گەلی کورد بەرێتەوە. پێویستە حیزبەکانی مەیدانی خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەنجومەن و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ بەردەوام بەدوای لەقاودان و بەدواداچوونی قەزایی بۆ هەموو ئەو جینایەتانەی ڕێژیم بن؛ بۆوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان و دادگا و ناوەندەکانی پێوەندیدار بە پرسی مافەکانی مرۆڤدا، بەرەوڕووی بەرپرسیارەتی و وەڵامدانەوە بکەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ سزای ئەو تاوانە گەورەیە وەربگرێ کە چۆن لە یەک چرکەساتدا و بەبێ هیچ پاساوێکی قانوونی گیانی لە ٥٩ کەسی بێتاوان ستاند و دواتر تەرمەکانیشیانی شوێنبزر کرد؟

**لە پێوەندی لەگەڵ جینایەتی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا ئاماژە بە چەند خاڵ دەکەم:**

- پێویستە بگوترێ کە ئەو تاوانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەپێی هەموو پێوانەیەکی ئینسانی، ئەخلاقی و

قـانوونی دەچێـتە خـانەی جینـایەتی جەنگییەوە. چـونکە ئەو ٥٩ کەسـە هـیچ کامیـان بە چەکەوە، یـا لە مەیـدانی شـەڕ و پێکدادانی دوو لایەنی بەرەی شەڕدا دەستبەسەر و بە دیل نەگیرابوون، تەنـانەت ئەگەر بە دیلیش گیرابـان، دیسـان بە پێـی قـانوون و عـورفی بـاو و جێگـای پەسندی کـۆمەڵگەی جیهـانی مافیـان هەبـوو و لەسـەر دەسـەڵاتە کە مـافی دیلەکـانی شـەڕ پارێزراو بێ.

- هیچ کام لەو ٥٩ کەسە لە دادگایەکی دادپەروەردا دادگایی نەکراون، هیچ کامیان پارێزەریان نەبووە و بۆخۆشیان لە هیچ بەڵگەیەکدا دانیان بە هیچ تـاوانێک دانەناوە.

- بە پێی هەموو سەرچاوەکان و بەتـایبەت زانیاریی بنەماڵەکانیان ژمارەیەک لەو ٥٩ کەسە تەمەنیان لە خوار ١٨ سـاڵ بـووە و قـوتـابیی قـوتابخانەکـانی مەهابـاد بـوون. بە پێـی جاڕنـامەی جیهـانی مـافی مـرۆڤ و یـاسـا نێونەتەوەییەکـانی دیـکەی پێوەندیدار بە مافە جیهانداگرەکان و تەنانەت قانوونە بەرکارەکانی وڵاتـان، هەر کەسێکی خوار تەمەن ١٨سـاڵ لە سۆنگەی هەر تـاوانێکەوە دەستبەسەر کرابێ، هەتـا تێپەڕبوون لە تەمەنی ١٨سـاڵی بۆ بریـاری کۆتـایی لەسەر پەروەنـدەکەی لە بەردەم دادگـادا ئامادە نابێ.

- بە پێی ڕێوشوێنە پەسندکراوەکانی دادگاییکردن، مـاف بە هەموو تۆمەتبارێـک دەدرێ تـانە لە بریـاری دادگـا بـدا، بەڵام ئەو ٥٩ کەسە تەنـانەت دەرفەتی ئەوشیان نەدراوەتێ تـا بتوانن تـانە لە بریـاری دادگا بدەن.

- ئەو ٥٩ کەسـە لە ڕۆژ و شـوێنی جیاجیـا و بە شـێوەی ڕەشـبگیر و هەڕەمەکـی لە مـاوەی نزیـک بە دوو مانگـدا لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر کراون و پاشان لە زیندانی مەهابادڕا بۆ ورمێ و لەوێشەوە بۆ تەورێـز ڕاگـوێزراون. بە پێی هەموو پێوەرە قـانوونییەکـان ئەگەر هەرکـام لەو ٥٩ کەسـە تـاوانێکیشـان کردبێ، دەبـوا دادگـای شوێنی ڕوداوەکە بەو پەروەنـدەیە ڕابگـا، نەک دادگـایەک لە تەورێـز کە تەنـانەت لە بـواری دابەشـکردنی ئیداریشـەوە شـاری مەهابـاد سـەر بە پارێزگای ورمێیە نەک تەورێز و؛ ئەوە جێگـای پرسیارە کە بـۆچی ئەو ٥٩ کەسـە وا بە پەلە بـۆ تەورێـز ڕاگـوێزران و لەوێ گوللەبـاران کران؟

- هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسەی خەڵکی مەهاباد بێجگە لە ڕاگەیەندراوی فەرمانداری کە لە شـاردا بڵاو کـراوە، لـە هـیچ ڕۆژنامەیـەکی ڕەسـمیی وڵاتـدا بـڵاو نـەکرایەوە؛ تەنـانـەت ڕۆژنـامـەکانی "اطلاعـات" و "کیهـان" کـە ڕوومـاڵی ڕووداوەکـانی کوردستانیان کردوە، خۆیان لە باسی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە بواردوە. دەبێ چ شتێک لە ئارادا بووبێ کە ئێعدامی ئەو ٥٩

کەسە بێتاوانەی مەهاباد ئاوا پەردەپۆش کراوە؟

- بەپێی هەموو سەرچاوەکانی بەردەست ئیعدامکردنی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ کەسە دژکردەوەی ناوەندە ئەمنییەتی و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرابەر تێکشکاویی هێزەکانی خۆیان لە ڕووبەروبوونەوەیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بووە. بۆ نموونە لە ڕۆژی یەکەمی جۆزەردانی ساڵی ٦٢دا و، پێش ئەوەی ئەو ٥٩ کەسە بۆ زیندانی تەورێز ڕابگوێزرێن، "بروجردی"، قائیممەقامی قەرارگای هەمزە لە ڕێگای مەهاباد - نەغەدە کوژرا. ناوبراو کە لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان، دروستکردن و ڕێکخستنی هێزی جاش لە کوردستاندا ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو، کوژران و لەدەستچوونی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی برینێکی بەژان بوو. هەربۆیە کوژرانی بروجێردی دەنگی لە بەرپرسانی حکوومەتی تاران بەرز کردەوە. مێرحوسێن مووسەوی (سەرۆکوەزیری ئەوکات) بە توندی هێرشی کردە سەر حیزبەکانی کوردستان و داوای کرد هێزە نیزامییەکان بە توندترین شێوە تۆڵەی بروجێردی بکەنەوە. هاشمیی ڕفسەنجانی، موحسین ڕەفیقدوست و زۆر بەرپرسی پایەبەرزی دیکەی ڕێژیمیش هەڵوێستی توند دەگرن و هێرش دەکەنە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی کوردستان.

- حەمیدڕەزا جەلالیپوور (فەرمانداری ئەوکاتی مەهاباد) لە وتووێژێکدا کە ڕێکەوتی ٢٣ - ١ - ١٤٠٠ لە "پایگاه اطلاع رسانی و خبری جماران"دا بلاو بۆتەوە بەو شێوەیە پاساو بۆ ئەو جینایەتە دێنێتەوە: "وەزعییەتی ئەمنییەتی چەندی بلێی خراپ و لاواز بوو. بۆ گاڵتە نابێ، بەلام لە ماوەی یەک ساڵدا لەو میحورە ٥٠٠ پاسدار کوژرا. دابینکردنی ئەمنییەتی ناوچەکەش لە دەستی فەرمانداریدا نەمابوو، بەڵکوو کەوتبووە دەست قەرارگای هەمزە کە سەیياد شیرازی و محەممەد بروجێردی بەڕێوەیان دەبرد." جەلالیپوور ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ لە وتووێژێکدا کە لە دەنگوڕەنگی مەهاباد بلاو بۆوە، دەڵێ: "ئێمە هەرچی هەوڵ دەدەین ناتوانین ئەمنییەت و هیمنایەتیی شار بپارێزین و بەتەواوی دۆشداماوین، بۆیە ناچارین چاکەکاری وەلا بنێین و ئەو کارە بکەین کە دەبووا چوار ساڵ پێشتر کردبامان..." ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "خەڵکی شاری مەهاباد بە ورد و درشت، پیر و لاو، بازاری و مووچەخۆر هەموویان دژی شۆڕشن..." ئەوە قسەی کەسێکە کە فەرمانداری شار بووە و دوای تێپەڕینی ٣٩ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە سامناکەدا کە دەروانینە نێوەرۆکی قسەکانی ناوبراو، بەتەواوی هەستی ڕق و کین و دوژمنکارانەی لێ بەدی دەکرێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا جەلالیپوور لە گێرانەوەی دۆخی ئەو کاتەشیدا هیچ پاساوێکی قانوونی پێ نییە تا بۆ ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ لاوە بیهێنێتەوە و سەرباقی ئەوە هەر بۆخۆی لە درێژەی وتووێژەکەیدا دانی بەوە داناوە کە "لەنێو ئێعدامکراوەکاندا کەسانێک هەبوون کە نەدەبووا ئیعدام کرابان"!

- بەدوای بلاوبوونەوەی هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە سەرتاپای شاری مەهاباد خەم و ماتەم دایگرت. بەرپرسانی ڕێژیم

ترسیان ڕێ نیشت کە خەڵکی دڵبرینداری شار بەدژیان بخرۆشن، هەربۆیە لەشار دا لەلایەن فەرمانداریەوە حکومەت نیزامی ڕاگەیەندرا و فەزای شەڕ بەتەواوی باڵی بە سەر شاردا کێشا. جەلایی‌پوور هەر لەو وتووێژەدا دان بەوە دادەنێ کە نەدەبووا ئەو ٥٩ لاوە ئێعدام کرابان و دەڵێ: "کاتێک هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە لە شاردا بڵاو بۆوە، شار بۆ نارەزایەتی‌دەربرین بە کارە کە هیچ پاساویەکی قانوونیی نەبوو، یەکپارچە داخرا. خەڵک هەقیان بوو ناڕازی و تووڕە بن.

- دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەفتەری سیاسیی سازمانی ئینقلابیی زەحمتکێشان کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٦ی جۆزەردان لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ لاوەیان بەتوندی مەحکووم کرد. لەو بەیاننامەیەدا هاتوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو پەڕی بێ‌شەرمییەوە فیلمی لەو جینایەتە سامناکە هەڵگرتۆتەوە و بۆ چاوترسێن‌کردنی خەڵکی ناوچەکە پاش‌نیوەڕۆی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان لە تەلەڤیزیۆنی مەهابادا بڵاوی کردۆتەوە. ئەم دوو حیزبەی کوردستان لە بەیاننامەکەدا ڕۆژی ١٧ی جۆزەردان بە ڕۆژی ماتەمینیی گشتی لە سەرانسەری کوردستاندا ڕادەگەیەنن و داوا لە خەڵک دەکەن لەو ڕۆژەدا بە مانگرتنی گشتی ڕق و بیزاری و نارەزایەتیی خۆیان لەو جینایەتەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرببڕن. خەڵکی کوردستان بەپیل ئەو بانگەوازەوە هاتن و ڕۆژی ١٧ی جۆزەردان لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان مانگرتنی گشتی بەڕێوە چوو.

## پێویستیەکانی دەستنیشان‌کردنی ڕۆژێک بە ڕۆژی زیندانیی سیاسی

- کاتیک ڕۆژێک بەو ناوە دیاری کرا، هەموو ساڵێک ئەو دەرفەتە دەخوڵقێ تا لەو ڕۆژەدا یادی زیندانییانی سیاسیی تێدا بکرێتەوە.

- ئیعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ کەسە کاریگەریی لەسەر ڕوح و ڕەوانی کۆمەڵگەی کوردەواری هەبوو. دوای تێپەربوونی ٣٩ ساڵ بەسەر ئەو جینایەتە سامناکە ئەو ئاسەوارە ئێستاش هەر بەدی دەکرێ.

- لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەیەکی دەیان کەسی لە بەندییە سیاسییەکان لەو ڕۆژەدا بەکۆمەڵ ئێعدام کران، بەڵام هەتا ئێستاش دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بێدەنگییان لە هەمبەر ئەو تاوانە و وردەکاریی چۆنیەتیی جێبەجێ‌کردنی جینایەتەکە و شوێنی ناشتنی تەرمی ئەو شەهیدانە کردوە. ئەوەش زوڵمێکی دیکەیە دەرحەق بەو زیندانییانە و بنەماڵەکانیان و خەڵکی کوردستان بەگشتی کە دەبێ بەردەوام لەقاو بدرێ.

- ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ کەسە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە، نیشانەی بەچۆکدانەهاتن و بەرگری‌کردنی ئازایانە



سەرچاوە
Serchawe

لە ئامانج و داخوازە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان سەرەڕای ئازار و ئەشکنجەدانیان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون. ئەو ئازایەتی و خۆڕاگرییە شایانی ئەوەیە کە بەردەوام لەسەری بنووسرێ و بگوترێ، بۆوەی ببنە سەرمەشق بۆ هەموو زیندانییانی سیاسی.

- ئەو ٥٩ لاوە ئەگەر هەمووشیان سەر بە حیزب یا ڕێکخراوەیەکی سیاسیی دیاریکراو نەبوون، بەڵام لە یەک شتدا هاوبەش بوون؛ ئەویش باوەڕ و شعووری نیشتمانپەروەری وگەڵدۆستییە کە دوژمنی گەلی کوردی ناچار کرد هەر هەموویان پێکەوە ئیعدام بکا. ئەوە میراتێکی مەعنەوەیی بەهێز بۆ جووڵانەوەی سیاسیی کوردە کە پێویستە بە بەردەوامی بە هەموو نەوەکانی کۆمەڵی کوردەواری ببڕێ.

لە کۆتاییدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای پێشوازی و پشتیوانی لەو ناودێرکردنە کە ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکان بۆ دیاریکردنی ڕۆژی زیندانیی سیاسیی کورد پێشنیاری کردوە، وەک هەمیشە پابەند دەبین بەو ئەرک و بەرپرسایەتییەی لە پێوەندی لەگەڵ زیندانییانی سیاسیدا دەکەوێتە سەر شانی حیزب.

**بەرز و بەڕێز بێ یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد و هەموو بەندکراوانی سیاسیی شەهید.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

# خوێندنەوە بۆ لێکدانەوەیەکی سیاسی و ئاکامەکانی

ئەگەر بمانەوێ لەسەر هەر بابەتێک کە لە ڕابردوودا چ دوور و چ نزیک لێکۆڵینەوە بکەین، ڕێگەی دروست و زانستی ئەوەیە کە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بارودۆخە کە ئەو ڕووداوەی تێدا ڕووی داوە. چونکە ئەگەر بمانهەوێ ڕووداوەکانی ڕابردوو بەپێی ئەو سەردەمەی کە خۆمانی تێدا دەژین هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین، نەک بە ئاکامێکی دروست ناگەین، بەڵکوو ئاکامەکەش بە هەڵەماندا دەبات.

ئەو کورتە پێشەکییە بۆ ئەوە بوو کە زۆر جاران لەسەر شەهیدبوونی ڕێبەرانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی تێرۆرکردنی شەهید د. قاسملوو ڕەخنە و گازندەی وا بەرچاو دەکەوێ کە لەڕاستیدا لەجێی خۆیاندا نین. بۆ ئەوەی بزانین لەبەرچی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خودی د. قاسملوو ڕازی بوون وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بکەن، باشتر وایە ئاوڕێک لە هەلومەرجی سیاسیی ئەوکاتی ناوچەکە و ئێران بدەینەوە و هەڵسنگاندن و لێکدانەوەیەکی کورتی لەسەر بکەین.

هەموو لایەک ئەوە دەزانین کە دەسەڵاتدارانی ئێران و عێراق بۆ ماوەی هەشت ساڵ شەڕێکی بێئاکامیان تووشی گەلانی ئەو دوو وڵاتە کرد کە دواجار بە بڕیارنامەی ٥٩٨ی شورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتایی بەو شەڕە هات. دوای تێپەڕینی نزیک بە ساڵێک بەسەر خواردنەوەی جامی ژەهرەکەی لەلایەن خومەینییەوە، ناوبراو کە لەو ماوەیەدا نەخۆش بوو، مردنەکەی لە ١٤ی جۆزەردانی ١٣٦٨ی هەتاویدا ڕاگەیەندرا. ئەم دوو ڕووداوە واتە کۆتاییهاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و مردنی خومەینی، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر لێکدانەوەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و خودی دوکتۆر قاسملوو بۆ ئەوەی وەڵامی ئەرێنی بدەنەوە بە پێشنیاری حکوومەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ وتوویژ و دانیشتن بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران.

بە هەموو پێوانەیەکی لۆژیکی و ئەقڵی، وا دەهاتە بەرچاو کە ئێرانی دوای شەڕی هەشت ساڵە، ماندوو و شەکەتە و پێویستیی بە ئارامی و سەقامگیریی سیاسی لە نێوخۆدا هەیە و بۆ ئەوەش کە بتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا جێگە و پێگەیەک بۆ خۆی بکاتەوە و لە بواری ئاوەدانی و ئابوورییەوە هەستانەوەیەک بە خۆیەوە ببینێ. بەڵام لە نێوخۆی وڵات خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد کە ماوەی زیاتر لە دە ساڵ بوو سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و کوشتار و وێرانییەی

ڕێژیم بەسەر کوردستانی هێنابوو، هەر وا لە ئارادا بوو. هاوکات سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا وزە و هێزێکی زۆری ماددی و نیزامی و سیاسیی ئەو ڕێژیمەی بەخۆیەوە خەریک کردبوو کە دەکرا لە شوێنێکی دیکە و بە مەبەستی ئاوەدانی و خۆشبژێویی گەلانی ئێران بەکار هاتبا. ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری نوێی ڕێژیمیش کە هەوڵێکی بەربڵاوی بۆ دیپلۆماسیی گشتی هەڵگرتبوو، وێنایەکی تری لە کەسایەتیی خۆی بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانی سیاسیی ڕێژیمەکەی پێشانی دنیای دەرەوە دەدا. بەگشتی ڕەوتی ڕووداوەکان لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا (٦٨-٦٧) وا چووبوونە پێش کە مردنی خومەینی ئەو لۆژیکەی زیاتر بەرجەستە کرد کە ڕەنگە ململانیی باڵەکانی ڕێژیم لەسەر جێگرتنەوەی خۆمەینی وا لە دەسەڵاتداران و بەتایبەتی دەوڵەت بکا کە بە جدی بەدوای چارەسەریی پرسە ئاڵۆزەکانی نێوخۆی ئێراندا بڕۆن.

لەبارەی ئەم تێڕوانینە پێم باشە لێرەدا ئاماژە بە چاوپێکەوتنێکی دوکتۆر سادق شەرەفکندی بکەم کە ساڵێک دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ڕادیۆ دەنگی کوردستان کردی و دواتر لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا چاپ و بڵاو بۆوە. د. شەرەفکەندی لەو وتووێژەدا لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێ: "لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا لەلایەن ڕێژیمەوە پێشنیار بۆ وتووێژ لەسەر پرسی کوردستان بە حیزب کرا. ئەو پێشنیارە لەو هەلومەرجەدا دوو زەمینەی قەبووڵکردنی لەلایەن حیزبەوە هەبوو.

**یەکەمیان**، خەتێکی گشتی لە سیاسەتی حیزب کە بریتییە لەوەی پرسی کوردستان لە ڕێگەی نیزامییەوە چارەسەر ناکرێ و ئەو پرسە دواجار دەبێ لە ڕێگەی ئاشتی و وتووێژەوە چارەسەر بکرێ.

**دووهەمیان**، هەلومەرجی تایبەتیی کاتی پێشنیارەکەیە. چونکە ڕێژیم کە ئەو پێشنیارەی دەکرد، بەپێی قاعیدە دەبوایە لە حاڵی پێداچوونەوە بە ڕابردووی خۆی و هەڵسەنگاندنی دۆخی گشتیی ئێستەدا بێت و تێ بکۆشێ ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە جۆراوجۆرەکانی ببینێتەوە. پاش شەڕی ئێران و عێراق - کە دیارە شەڕی کوردستان لە سەرەوەی هەموو گیروگرفتەکانی ڕێژیمدا بوو و ئاسایی بەنەزەر دەگەیشت ئەگەر ڕێژیم بیر لە چارەسەرکردنی بکاتەوە - بە هۆی ئەو دوو زەمینەیە پێشنیارەکەی ڕێژیم لەلایەن ئێمەوە قەبووڵ کرا."

بەم خوێندنەوەیە پێشنیاری وتووێژ لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لۆژیکی دەهاتە بەرچاو، و لەوەدا فاکتەری هاوکێشەکانی نێوخۆی ئێران دیار و بەرهەستە؛ بەڵام فاکتەری دەرەکییش نابێ چاوپۆشیی لێ بکرێ، چونکە لەو سەردەمەدا هەموو ئەو بابەتانەی کاریگەرییان لەسەر پێوەندیی نێوان ئێران و عێراق دەبوو و بەتایبەتی پرسی سنوورەکانی نێوان دوو وڵات کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە دادەنا. چونکی شەڕی نێوان ئێران و عێراق کۆتایی پێ هاتبوو، پشتی جبهەیەک کە بە هۆی ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و عێراق بۆ هێزی پێشمەرگە پێک هاتبوو، ئەو پشتی



سەرچاوە Serchawe

جبهەیە هەتا ڕادەیەکی بەرچاو کۆسپی بۆ دروست دەکرا، هەروەها بەپێی ڕیککەوتنی ئێران و عێراق، نێوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی "جزائیر" لەسەر سنووری نێودەوڵەتیی هەردوو لا زیندوو ببۆوە. عێراق هەر بە دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە، بەئاشکرا دەستی کردبوو بە ڕاگواستنی ئەو گوند و شارانەی کوردستان کە لەسەر سنوور هەڵکەوتبوون. شار و گوندەکان یەک لە دوای یەک بە بەرچاوی ئێمە و خەباتگێڕانی باشووری کوردستان و دنیاشەوە تەخت دەکران و ئەوە بۆ ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و خودی دوکتور قاسملوو، وەک سکرتێری ئەو حیزبە زۆر سەخت و دژوار بوو. ئەگەر لە باشووری کوردستان بۆ بەرگرتن بەو دۆخە حیزبی دێموکراتی کوردستان هیچی لەدەست نەدەهات، بەڵام دەبوایە هەوڵ بدرێ کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو دەرد و ئازارەوە نەتلێتەوە و یەکێک لەو ڕێگەیانە ئەوە بوو کە ئەوەندەی دەکرێ پرسی کورد لە ڕێگەی وتووێژەوە چارەسەر بکرێ و لەو ڕێگەیەوە پێش بە چۆڵبوونی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بگیردرێ. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەوپیری ئەو پێشنیارەوە چوو، بەڵام دیتمان کە ڕێژیمی کەلکی خراپی لە نیازپاکیی حیزب وەرگرت و دەستی بۆ قێزەونترین کەرەستەی سەدەکانی نێوەڕاست واتە تێرۆر برد و لەسەر میزی وتووێژ و دانوستان بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ئێران، داوی تێرۆرکردنی د. قاسملوو و هاوڕێیانی داڕشت.

کاتێک چاو بە ڕەوتی دانیشتنەکانی هەیئەتی حیزبی دێموکرات و ڕێژیمی ئیسلامیدا دەخشێنین کە دوو قۆناغ بووە و لە هەر قۆناخێکدا دوو دانیشتنیان لە ڤییەن بەڵام لە دوو شوێنی جیاوازدا بووە، زۆر بەڕوونی دیارە کە هەیئەتی حیزبی دێموکرات زۆر بەرپرسانە هاتووەتە مەیدانەکە و داواکانی ڕوون و ئاشکران. بەڵام لە قسە و دەربڕینەکانی هەیئەتی وتووێژکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر زوو بۆت دەردەکەوێ کە لەڕاستیدا هیچیان پێ نییە و تەنیا کات تێپەڕ دەکەن و لە هەلی گونجاو دەگەڕێن بۆ ئەنجامدانی کردەوە نامرۆڤانەکانی خۆیان کە هەر لە سەرەتاوە ئامانجیان تێرۆرکردنی د. قاسملوو بووە.

ڕێژیمی ئێران هەر لە سەرەتاوە دوو کردەوەی تێرۆر و بارمتەگرتنی مرۆڤەکانی کردە کەرەستەی مانەوەی خۆی و گوشارهێنان بۆ سەر لایەنەکانی بەرانبەر بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی. دەبینین دوای تێپەڕبوونی ٤٣ ساڵ بەسەر تەمەنی ئەو نیزامەدا ئەو دوو کردەوە قێزەونە و دوور لە هەموو پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و نێودەوڵەتی، بەردەوام کەلکیان لێ وەردەگرێ. ئەگەر لە سەردەمانێکدا دەوڵەتەکان هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە بە پشتیوان و هۆکاری کردەوەی تێرۆریستی تاوانبار نەکرێن چونکە بۆیان دەبوو بە جێگەی شەرمەزاریی نێودەوڵەتی، بەڵام لە سەردەمی ئێستەدا نیزامێکی وەک ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نەک شەرمی لێ ناکا، بەڵکوو وەک ئامرازێکی زۆر کاریگەر لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا کاری پێ کردووە. بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییەوە هەتا دەرکردنی حوکمی دادگای مێکۆنووس لە بەهاری ١٣٧٦ی هەتاوی، واتە نزیک بە ١٨ ساڵ، ڕادەی ٨٩ کەس لە دژبەرانی ئەو نیزامە لەسەر خاکی ئورووپا بە دەستی تێرۆریستەکانی

ڕژێمی ئیسلامیی ئێران تیرۆر کراون، ئەوە بێجگە لەو تیرۆر و کردەوە تیرۆریستییانەیە کە لە باقی شوێنەکانی دیکەی ئەو جیهانە ئەنجامی داوە. ئەوە لە لایەک و لایەکی دیکەوە تەنیا لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٢ هەتا ١٤٠٠ی هەتاوی، نزیک بە ٦٩ کەس لە هاووڵاتییانی هەڵگری ناسنامەی دەوڵەتانی ئورووپایی و ئەمریکایی و کانادایی و ئوسترالیایی لەلایەن دەزگا بەناو ئەمنییەتییەکانی ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانەوە بەبارمتە گیراون و لە بەرانبەر جێبەجێکردنی مەرجێکی ئەو ڕژێمەدا کە زۆرتر لایەنی ماددی هەبووە ئازاد کراون، نموونەکانی ئەو دواییانەش خۆیان هاوار دەکەن، لە تێرۆرکردنی د. قاسملووشدا لەو ڕێکارە کەڵکیان وەرگرتوە.

جەعفەری سەحراڕوودی یەکێک لە تێرۆریستەکانە کە لە تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانیدا بە وندی بریندار بوو، یەک دوو ساڵ پێشتر لە یۆنان وەک نێردراوی ڕاوێژکاری نیزامی لەژێر نازناوی "ڕەحیمی" مامەڵەیەکی قورسی چەکوچۆلی لەگەڵ دوڵەتی ئوتریش کردبوو کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، ئوتریش مافی ئەوەی نەبووە چەک بە هیچ کام لە لایەنەکانی شەڕ بفرۆشێ و لە کاتی کڕینی ئەو چەکانە کە تۆپخانەی قورس بوون، لایەنی ئێرانی بەرتیلێکی زۆری داوە بە لایەنی ئوتریشی. کاتێک جەعفەر سەحراڕوودی دوای کردەوە تێرۆریستییەکە بە برینداری دەکەوێتە دەستی پۆلیسی ئوتریش، بوونی ناوبراو لە نەخۆشخانە دەبێتە هۆی ترس و دڵەراوکێی کاربەدەستانی پلەبەرزی ئوتریشی کە ناوبراویش ئەوە باش دەزانێ، بۆیە لەلایەن باڵوێزی ئەوکاتی ئێران لە ڤییەن بە دەسەڵاتدارانی ئوتریشی ڕادەگەیندرێ کە ئەگەر ناوبراو واتە جەعفەر سەحراڕوودی بکەوێتە بەر لێکۆڵێنەوەی پۆلیس، ڕەنگە بۆ بەرگریکردن لە خۆی بابەتی چەکفرۆشتنەکە ئاشکرا بکا کە ئاشکرابوونی ئەو بابەتە لە نێوخۆی ئوتریشدا دەبوو بە قەیرانی سیاسی. ئەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە لە تاران باڵوێزی ئوتریش بانگ کرایە وەزارەتی دەرەوەی ئێران و بەفەرمی پێی ڕاگەیەندرا کە ئەگەر پۆلیس لەو بابەتە بکۆڵێتەوە، ئێمە ناتوانین زەمانەتی پاراستنی هاووڵاتییانی ئوتریشی لە ئێران بکەین و ئەوانە هەڕەشەی ڕاستەخۆ بوون لە دەوڵەتی ئەو کاتی ئوتریش. دەبینین کە دوڵەتی ئوتریش زۆر زەبوونانە تەسلیم بوو و بکوژانی د. قاسملوو و هاوڕێیانی بە سڵامەتی و دوودەستی ڕادەستی ئێران کردەوە.

ئەوەی کە دەبێ لە ئێستەدا سەرنجی بخەینە سەر و چاوپۆشیی لێ نەکەین، ئەوەیە کە هەموو هەوڵی خۆمان چڕ بکەینەوە کە پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ئوتریش کارا بکرێتەوە و ئەوەش هاوکاریی هەموو لایەکی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و کوردستانی پێویستە، هەر وەکوو لە سەردەمی خۆیدا لە پەروەندەی مێکۆنووس لە ئاڵمان و لەو ماوەیەدا لە پەروەندی "حەمید نووری" لە سوئید ئەو هاوکارییە هەمە لایەنەی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و کوردستانی توانییان لە سەرکەوتنی دادپەروەرانەی ئەو دادگایەدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و دادگا بڕیاری دادپەروەرانەی خۆی بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گەشە کردنی هەستی نەتەوەیی

٢٥ی گەلاوێژی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی ڕووداوێکی گەورەیە لە ژیانی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەڵام ئەمساڵ لە ساڵانی ڕابردوو جیاوازترە، چونکە هاوکاتە لەگەڵ مزگێنیی هیوابەخشی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکرات، ئەمەش هیوایەک دروست دەکا کە لەوە بەدواوە وزەو تواناکانی دوولایەنی دێموکرات (تا ئێستا) لە داهاتوودا بە یەکیەتی و یەکڕیزی بخرێتە خزمەت ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەبارەت بە پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژ ساڵە لە زمانی ڕێبەرانی شەهید د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی و نووسەران و توێژەرانی مێژووی حیزب باس لەوە دەکرێ کە "دروستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستییەکی مێژوویی بوو". ئەوە تەنیا دەربڕینێکی سادە نییە، بەڵکوو ئەنجامی لێکدانەوەیەکی درووستە لەو هەلومەرجەی کە حیزبی دێموکراتی تێدا درووست بوو و لە هەمان کاتدا دەرخەری لێکدانەوەی درووستی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتە بەتایبەتی پێشەوا قازی محەممەد لە قۆستنەوەی ئەو هەلومەرجەی لەو سەردەمدا هاتبوو ئاراوە بە قازانجی بزوتنەوەیی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتە وا باشە ئاورێک لەو سەردەمە بدەینەوە کە حیزبی دێموکراتی تێدا پێکهات. ئەوکات بۆمان دەردەکەوی کە پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پێویستییەکی مێژوویی بووە و لە هەمان کاتدا ئەو حیزبە لە کوردستانی گەورە بەگشتی و لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەتی لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی چ کاریگەرییەکی هەبووە؟

هەموو ئەوانەی ئاشنا بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانن ئاگاداری ئەوەن کە حیزبی دێموکرات لە ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی بە ڕاگەیەندراوێک بوونی خۆی ڕاگەیاندوە. بەڵام وەک دەبینین ئەندامان و لایەنگرانی حیزب ماوەی ٧٧ ساڵە لە ٢٥ی گەلاوێژی هەر ساڵێک یادی دامەزرانی حیزبەکەیان دەکەینەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆ دەردەخا کە بۆ ٢ی خەزەڵوەر (١ی جۆزەردان) نەبۆتە ڕۆژی دامەزرانی حیزب و لەبەرچی ٢٥ی گەلاوێژ بۆتە ڕۆژی دامەزرانی ئەو حیزبە؟ ئەو ٢٥ی گەلاوێژە لە کوێ‌ڕا هاتووە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سێ ساڵ پێش لە دەرچوونی یەکەم ڕاگەیەندراوی حیزب واتا ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠کە بەهۆی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان (یەکیەتیی سۆڤییەت، ئینگلیز و



سەرچاوە
Serchawe

ئەمریکا) بە بیانووی یارمەتیگەیاندن بە سپای یەکیەتیی سۆڤییەت لە بەرانبەر سپای ئاڵماندا لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بۆ نێو خاکی ئێران، حکوومەتی ڕەزاشا ڕووخا. ڕووخانی حکومەت لە تاران دەرەتانێکی پێک هێنا و بۆشایی دەسەڵات و هەروەها کرانەوەیەکی سیاسیی لە کۆمەڵگەی ئیراندا دروست کرد. ئەو کرانەوەیەش بوو بە هۆکارێک کە حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر لە ئێران سەر هەڵبدەن و لەو نێوەشدا ڕۆژهەلاتی کوردستانیش لەو دیاردەیە بێبەش نەبوو. لەنێو هەموو ئەو ڕێکخراوانەدا کە لە کوردستان هەبوون، ژێکاف ڕۆڵی بەرچاوتری هەبوو لە کۆکردنەوەی خەڵکی کوردستان بە دەوری بەرنامەکەی خۆیدا کە بەرنامەیەکی بەتەواوی نەتەوایەتی بوو، بەڵام بۆ بەرێوەبردنی خەباتی گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان و ئەو هەلومەرجەی هاتبوو ئاراوە، پێویستی بە حیزبێکی ئەوتۆ بوو کە بەرنامەیەکی پێشکەوتووی بۆ سێ مەبەست هەبێ:

١- حیزبێک کە بتوانی هەموو چین و توێژەکانی کومەڵگەی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.
٢- حیزبێک کە بتوانی خەباتی گەلی کورد بە خەباتی گەلانی دیکە لە سەرانسەری ئێران گرێ بدا.
٣- حیزبێک کە بتوانی پشتیوانیی گەلانی جیهان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری دنیا بۆ لای خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ڕابکێشێ. ئەو ئەرکەش بە ڕێکخراوی ژێکاف نەدەکرا، چونکە بەپێی هەموو سەرچاوە مێژووییەکان ئەوەمان بەڕوونی بۆ دەردەکەوی کە ژێکاف بە ڕووی دەرەوەی خۆیدا زۆر داخراو بووە، بۆیە دەبینین دوای ئەوەی پێشەوا دەبێتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە، هەوڵ دەدا ئەو ڕێکخراوەیە لە داخراوی بێنێتە دەرێ و بە هەستپێکردن بە دۆخی ئەو سەردەم و ئەو پێویستییانەی لە سەرەوە بۆ بوونی حیزبێک لە کوردستان باس کرا، ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف بڕیار دەدەن پێکهاتەی ڕێکخراوەکە بگۆڕن بە پێکهاتەی حیزبێک کە بوونی وەک پێویستییەکی مێژوویی خۆی دەنواند؛ بەڵام بە پابەندبوون بە بیروباوەڕە نەتەوایەتییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف. بۆیە دەبینین هەتا ئیستای لە گەڵدا بێ، حیزبی دێموکرات دوای تێپەربوونی ٧٧ ساڵ بەسەر ئەو ڕێکەوتە هەر وەفادارە بەو ڕێبازە. هەربۆیەشە لە ڕۆژی یەکەمی پێکهاتنی بۆ ئەوەی لەو مێژوویە دانەبڕێ، ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافی بە ڕۆژی دامەزرانی خۆی پەسند کردوە. بەڵگە بۆ ئەوە یەکەم جێژنی یادکردنەوەی ڕۆژی دامەزرانی حیزب لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥ی هەتاوی لە ماڵ و بارەگای پێشەوا بەرێوە چووە و لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی ٧٩ی بە ڕێکەوتی ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥ی هەتاوی بە ڕاپۆرتێک بڵاو بۆتەوە کە تێیدا دەگوترێ "مۆمی پێنج ساڵەی تەمەنی حیزب داگیرسا"، واتا حیزبی دێموکرات مێژووی تێکۆشانی کۆمەڵەی ژێکافی بە مێژووی خۆی داناوە.

ئەو سەردەمەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی خۆی لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژێکاڤ ڕاگەیاند و بە کردار هاتە مەیدانی سیاسیی کوردستان، سەردەمێک بوو کە دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ بوو لە قاجارەوە بۆ

پەهلەوی گۆڕابوو. ئەو نیزامە پاشایەتییە نوێیە بە بیروبۆچوونی نوێ لە تاران دەسەڵاتی ئێرانی بەدەستەوە گرتبوو. ڕێژیمی سیاسیی نوێ سیاسەتەکانی بە ئاراستەی پێکهێنانی دەوڵەت - نەتەوە لەسەر بنەمای سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بوو، و ئەوە هۆکارێکی بەهێز بوو کە کەلێن بکەویتە نێو دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ گەلانی پێکهێنەری ئێران. قووڵبوونەوەی ئەو کەلێنە و پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا کارکردن بۆ وەدستهێنانەوەی مافە نەتەواتییەکان پێویستیی بە ڕێکخراوە و ڕێکخستنێک هەبوو کە کاریگەریی هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەو پێویستیە خۆی لە پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سەردەمیانە لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دیتەوە؛ واتا درووستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانین بڵێین پەرچەکردارێک بوو بەدژی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی کە بە پێکهێنانی دەوڵەت- نەتەوە هەولی ئەوە بوو گەلانی پێکهێنەری ئێران لە فەرهەنگ و کولتووری گەلی باڵادەستدا بتوێنێتەوە. بۆیە بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا خاڵەوەرچەرخانێکی بەهێزە لە چۆنیەتیی پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی. حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو ئامانجەی کە بۆی دروست ببوو، لە ماوەیەکی کەمدا توانی پێکهاتەیەکی دەوڵەتداری هەرچەند لە ناوچەیەکی بەرتەسک لەژێر ناوی کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. بەڵام ناوبانگ و کارتێکەریی ئەو کۆمارە وای کرد کە لە ماوەیەکی زۆر زۆر کەمدا ببێتە ڕوانگە و جێگای ئومیدی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان. هەر بۆیە دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین لە مێژووی هاوچەرخماندا گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەیەکەم گوتاری نەتەوەیی و دەستپێکی خەباتێکی هەمەلایەنەی نەتەوەیی دادەنرێ.

لەو سەردەمدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی خۆی ڕاگەیاند، ماوەی چەند ساڵێک بوو دەنگی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەهۆی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و دژەکورد سەرکوت کرابوون و ئەو سەرکوتە هەتا ڕادەیەک وای کردبوو کە هەناسە و پشووی لە هەموو تاکێکی نیشتیمانی کوردان بڕیبوو. بۆیە سەرهەڵدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو هەلومەرجەدا زۆر بەخێرایی لەنێو دڵی هەموو ئازادیخوازانی کوردستانی گەورەدا جێی خۆی کردەوە و هەرزوو بیروئەندێشەی حیزبی دێموکرات بوو بە نموونە و وێنەیەکی کاریگەر لە پارچەکانی دیکە کوردستان. خۆ ئەگەر بمانەوێ سەرنج بدەینە کارکردی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا، دەبینین کە هەموو کاتێک هەوڵی داوە گەلی کورد وەک نەتەوەیەک کە خاوەنی خاکی هاوبەش، زمانی هاوبەش و کولتوور و مێژووی هاوبەشە وەک ستراتیژیی سیاسیی لە کاروکردەوەی خۆیدا ڕەنگدانەوەی هەبێ و بە گەلانی دیکەی ئێران، ناوچە و جیهانی وەک نەتەوە بناسێنێ. ئەو تێڕوانینە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبدا بەڕوونی دەردەکەوی کە خۆی وەک حیزبێکی نەتەوەیی دەناسێنێ و داوا لە خەڵکی کوردستان دەکا لەپێناوی بەدیهێنانی مافی ڕەوای نەتەوایەتیدا لە دەوری حیزب کۆ ببنەوە و فیداکاری بنوێنن.

بەپێی ئەو ستراتیژییە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە یەکێک لە ئامانجەکانی پاراستنی خاکی کوردستان بووە و بەکردەوە هەوڵی داوە تۆوی خۆشەویستیی خاک لە ناخی تاکی کورددا بە چەشنێک بچێنێ کە بۆ پاراستنی ئەو خاکە گیانی خۆی بەخت بکا. لە شانۆی "دایکی نیشتمان" لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەتا شانۆی ڕاستەقینەی خوێن و قوربانیدان لە پێناو پاراستنی نیشتمان و ژینگەی کوردستان لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن. ئەم حیزبە لە هەمان کاتدا کە بیری لە پاراستنی خاکەکەی کردۆتەوە، خەمی لەوەش خواردوە کە زمانی کوردی وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی دەبێ کاری بۆ بکرێ و گەشەی پێ بدرێ. هەربۆیە دەبینین لە دوای پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەم هەنگاوی یەم حیزبە کردنەوەی قوتابخانەکانە بە زمانی کوردی و تەنانەت لە کۆماری کوردستاندا زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمیی ئیداراتی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار کاری پێ کراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای بەرەسمیکردنی زمانی کوردی جگە لەوەی ویستوویەتی کورد وەک نەتەوە لە زمان وکولتوری نەتەوەی باڵادەست کە هێزی دەوڵەتی لەپشت بوو جیا بکاتەوە، هەوڵی داوە زمانێکی ستانداردیش لە ڕێی دەسەڵات و ئیلزامیکردنی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دروست بکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی گەلی کورد وەک نەتەوە دەربکەوێ و بتوانی لەلای نەتەوەکانی دیکەی ئێران و دنیا بەڕوونی پێناسەی خۆی بکا، دەبوا بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی لە گەلانی دیکە گەلی کوردیش خاوەنی هێماکانی خۆی بێت کە ئاڵا و سرودی نیشتمانی پێناسەیەکی گرینگی نەتەوەیین لە سەردەمی ئیستادا. حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو ڕیسالەتە مێژوویە دەبینین هەر پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ئاڵای کوردستان (٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤)بۆ یەکەمجار بەڕەسمی و لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بەرز دەکاتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەتا ئەمرۆش لەگەڵدا بێ لە فاکتەری هێزی چەکدار قەت خافل نەبووە، ئەویش بە دوو هۆکار: یەکەم، بەرگری لە خاک و نیشتیمان ودەسکەوتەکانی گەلی کورد. دووهەم، هیزی چەکدار فاکتەرێکی گرینگە لە پێکهینانی کولتووری نەتەوەیی بەو مانایە هەر نەتەوەیەک کە هێزی چەکدار، واتا سپای میللیی هەبێ بەهۆی تیکەڵبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە لەو سپایە کە هەرکامیان لە ناوچەیەکی نیشتمانەکەیانەوە هاتوون و لە ماوەی خزمەتیاندا جۆرێک لە ئینتیمای نەتەوەیی و خۆشەویستیی خاک و نیشتیمانیان لا درووست دەبێ و، ئەوە خۆی یەکێک لەو ڕێگایانەیە کە کولتوورێکی نەتەوەیی پێ چێ دەبێ. بۆیە دەبینین حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش ڕاگەیاندنی کۆمار سپای میللی دامەزرێنی و پاشان ناوی پێشمەرگە بۆ تاکەکانی ئەو سپایە دەست نیشان دەکا کە ئیستاش دوای ٧٧ ساڵ ناو و کارکردی پێشمەرگە بۆتە جێی شانازی تاک تاکی کۆمەڵگەی کوردەواری لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا.



سەرچاوە
Serchawe

پێکهاتنی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمدا هاوکات هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ یەکتر و لاوازکردنی ئینتیمای عەشیرە و خێڵ و بەهێزکردنی ئینتیمای نەتەوەیی. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار توانی عەشیرە و خێڵ و هۆزەکان لە دەوری تەوەری "کوردبوون" کۆ بکاتەوە. خۆ ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمار ئەوەندەیان دەرفەت نەبوو کە بتوانن ئەو هزرە سەقامگیر بکەن، بەڵام هەر ئەو دەرفەتە کەمەش بەس بوو بۆ بزاڤی ڕووناکبیریی کورد کە دوای هەرەسهێنانی کۆمار و لەسیداردان و زیندانیکرانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیش ئینتیمای نەتەوەیی نەک بەرەو لاوازی نەڕوا؛ بەڵکوو هەتا ئێستاش ڕۆژبەرۆژ لە گەشەکردن و پەرەئەستاندندا بێت.

مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٧ساڵی ڕابردوودا پڕە لە کار و تێکۆشان لە پێناو گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی و شوناسخوازیی کورد. دوای کۆماری کوردستانیش ئێمە دەبینین کە خەڵکی کوردستان بە پیر بانگەوازەکانی حیزبی دێموکراتەوە دەچن و هەر زوو ئەو حیزبە دەتوانێ بە پشتیوانیی خەڵک، خۆی بگرێتەوە و دەست بە خەبات و بەردەوامیی تێکۆشانەکەی بکاتەوە و بە پشتیوانیی خەڵک لە هەموو بەش و ناوچەکانی کوردستان ڕەگ داکوتێ. ئەگەر ٧٧ ساڵ لەوە پێش حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا لە پانتایی موکریان بە ناوەندێتیی مەهاباد پێناسە دەکرا، ئێستا لکوپۆی داری ئەو حیزبە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەتا باشووری داگرتوە کە ئەمە بەرهەمی ڕەنج و قوربانیدانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبەیە.

لە مێژووی هەشت دەیەی ڕابردوودا دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە حیزبی دێموکرات ئادەرسێکی بەهێز بووە بۆ پێناسەکردنی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەر حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا بە هۆکاری جیاواز نەیتوانیوە خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی بگەیەنێتە لوتکەی سەرکەوتن، بەڵام لە بەردەوامیی ئەو خەباتەدا پشوودرێژ بووە و هەر ئەو پشوودرێژییە هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ دەستەبەرکردنی ژێرخانێکی بەهێزی ماددی و مەعنوی بۆ پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

حیزبی دێموکرات دوای تێپەر بوونی ٧٧ ساڵ تێکۆشان ئێستاش هەر لە سەر ئەو ڕێبازەیە کە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بنیات نرا و د. قاسملوو گەشەی پێدا و د. شەرەفکەندی درێژەدەدری بوو. گوتاری حیزبی دێموکرات ئێستاش پێداگری دەکا لەسەر یەکیەتی نەتەوەیی، دانی سەنگ و قورسایی بە خەباتی مەدەنی، باوەڕمەندبوون بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد، پاراستنی سەروەرییە نیشتیمانییەکان، هاندانی خەڵک بۆ پاریزگاری لە ژینگە و کولتووتی نەتەوەیی و، بە پوختی هەر بابەت و ڕێکارێک کە بتوانی هەست و سۆزی نەتەوایەتی پەرە پێ بدا و کۆمەڵگەی کوردی لە پێناو بەرەوپێشچوونی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانیدا یەکگرتوو بکا.



سەرچاوە
Serchawe

ئێستاش کە بەخۆشییەوە هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکرات گەیشتووەتە ئامانجی کۆتایی و هەموومان لە ریزەکانی یەک حیزبدا بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکەین، وا باشە پێداگری بکەین لەسەر ئەو ئەسلە کە حیزبی دێموکرات حیزبیکی ئیدئولۆژێک نییە، حیزبی گرووپێکی تایبەت و حیزبی چینێکی دیاریکراو نییە، حیزبی هەموو تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە ژن و پیاو، خوێندەوار و نەخوێندەوار، بە هەموو ئایین و ئایینزاکان و، هی هەموو چین و توێژەکانە. ئەگەر وایە حیزبێکی لەو بابەتە بیروڕای جیاوازی سیاسیشی تێدا بەدی دەکری و بۆیە پێویستە ڕێز لە جیاوازیی تێروانینی سیاسی بە پاراستنی یەکڕیزی حیزب بگرین. جیاوازیی بیروبۆچوون، خوێندنەوەی جیاواز لە ڕابردوو، دەبێ بۆ نەخشەڕێگای داهاتوو بێ کە ئێمە چون بەرەورووی کۆماری ئیسلامی ببینەوە و، خوێندنەوەی جیاواز لە بابەتە سیاسییەکان دەبێ بۆ ئەوە بێ کە لە سیاسەتی کەلان و بەرژەوەندی نەتەوەییدا زۆربەی خەڵک تێیدا بەشدار بن. وەسەریەککەوتنەوە و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەبێ بە دەرفەتێکی گەورە چاو لێ بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە هەموو هێز و توانای خۆمان کەڵک وەربگرین بۆ خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی. ئەو فەرهەنگەی کە پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمێکی هەستیار، لە وڵاتێکی نەخوێندەواری ٧٧ ساڵ پێشدا هەوڵی بۆ دەدا، فەرهەنگی "وێکهەڵکردن" بوو. بۆیە هیوادارم ئێمە بتوانین بە خوێندنەوەیەکی دروست لە زیان و خەسارەکانی لێکدابران وەک میراتگری دامەزرێنەرانی حیزب و خوێنی شەهیدانی ئەو فەرهەنگە زیاتر و زیاتر لەپێناو پاراستنی یەکڕیزیی تەشیکیلاتی حیزبدا پەرە پێ بدەین.

کاروانی خەباتی حیزبی دێموکرات لەو ٧٧ ساڵەدا کاروانی خەبات و تێکۆشانی کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی ئە حیزبەیە و، ئەو کاروانە بە هیممەت و بەشداری و لێکتێگەیشتن و ئیرادەی یەکڕیزیی هەموو لایەک بە هێزی زیاترەوە بەرەوپێش دەچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## وتوویژێکەم لە گەڵ ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، سەبارەت یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات

**عومەر باڵەکی: کوردستان پێویستی بە"دێموکرات"ێکی بەهێز دەبێت، نیزامی ئێران لە کۆتاییەکانی تەمەنی نزیک دەبێتەوە!**

**دیمانە: محەمەد چاوشین**

ئەندامێکی ناوەندی بەڕێوەبەری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێت"یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکرات پێویستییەکی مێژوویی ئەو قۆناغە بوولە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە" نیزامی کۆماری ئیسلامی زیاتر و زیاتر بەرەو کۆتاییەکانی تەمەنی دەچێ، لە هەلومەرجی وادا ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە دێموکراتێکی بە هێز دەبێ کە ئەویش بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەستبەر بووە."

"عومەر باڵەکی" ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕێگای کوردستان و سەبارەت بە یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند" یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێ لەسەر خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەواوی ئێراندا.

**ڕێگای کوردستان**: هەردوو حزبی"دێموکرات" دوای ١٥ ساڵ لێکدابڕان یەکیان گرتەوە.چۆن بوو بیرتان لەوەکردەوە دوای ئەو هەمووساڵە ببنەوە یەک حزب؟

**عومەر باڵەکی**: کاتێک باسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و مێژووی ئەو حیزبە دەکرێ بە حەق دەگوترێ کە درووست بوونی حیزبی دێموکرات پێویستییەکی مێژوویی بوو، ئەو یەکگرتنەوەش لەو قۆناغە هەستیارەی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی مێژوویی بوو. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە خۆشەویستی و جیگەوپێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی ١٥ساڵی ڕابردوودا قەت ئەو لەت بوون و لێک دابڕانی ئەندامانی ئاشکرای حیزبی قەبووڵ نەکرد و هەر لە ڕۆژی یەکەمی ئەو لێک دابڕانە بیروڕای گشتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو ڕێگایەکی مومکین کەوتە خۆ بۆ ئەوەی پێش بە زیانەکانی دابڕان بگرێ و



سەرچاوە Serchawe

لە هەمان کاتدا هەوڵی یەکبوونەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتیان دەدا. هەروەکی لە ڕاگەیێندراوەی ڕۆژی یەکگرتنەوەدا بە حەق و لە جێی خۆی داهاتووە"ئەگەرچی ڕۆڵەکانی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا بەسەر دوو حیزبی جیادا دابەش ببوون، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچ کات ددانی خێریان بەم لێک جیابوونەوەیەدا نەنا و بە ڕەسمییان نەناسی. هیچ کات لە ڕەخنەلێگرتن و سەرکۆنەی ڕۆڵە دێموکراتەکانی خۆیان سڵیان نەکردەوە. هیچ کاتیش لە گوشارهێنان بۆ سەر ڕێبەران و تێکۆشەرانی هەر دوو لای دێموکرات و وەبیرهێنانەوەی پێویستیی یەکگرتنەوە، ماندوو و ناهومێد نەبوون. ئەوان لەنێو زەبروزەنگ و هەڕەشەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە هەر بۆنە و دەرفەتێک بۆ دەربڕینی داوای یەکگرتن و پەیامی یەکگرتنەوەخوازیی خۆیان سوودیان وەرگرت و سەلماندیان کە حیزبی دێموکرات، ئەمانەت و سەرمایەی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لەلای ڕێبەران و تیکۆشەرانی ئەو حیزبە و، قبووڵ ناکەن ئەم ئەمانەت و سەرمایە، لەمە زیاتر بە دووپارچەیی و لێکدابڕاوی بمێنێتەوە".

هۆکارێکی دیکە کە ئەو دوو حیزبە مەحکووم بە یەک بوونەوە بوون ئەوەیە کە هەر دوو لایەن خاوەنداریەتییان لە مێژووی پێش لێک دابران دەکرد، کە ئەوە خۆی لە دواڕۆژی کوردستانی ئازاد دا دەیتوانی سەرەتایەکی بە هێز بێ بۆ خوڵقاندنی کیشە و ململانێی نێوان ئەو دوو حیزبە، واتا بەجیا بیرکردنەوە لە پاراستنی دەسکەوتەکانی ئازادی، بەشێکی زۆری هێزوتوانای هەر دوو حیزب دەکەوتە خزمەتی ئەو بابەتە کە کام لا خاوەنی ئەو مێژوو پڕ لە سەروەرییەیە، بە خۆشییەوە لە حیزبی یەکگرتوو دا ئەو بابەتە چارەسەر بووە و ئێستا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەمووما‌ن بە یەکەوە خاوەنداریێتی لە مێژووی پڕ لەشانازی حیزب دەکەن.

جگە لەو هۆکارانەی سەرەوە، دەتوانین لێکدانەوەی درووست و بەجێی ڕێبەری هەر دوو لایەنی دێموکرات لە ڕەوتی ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران و ناوچەکە بە هۆکاریکی گرینگ دابنێین بۆ پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان. چونکە بە پێی وەزعییەتی نێوخۆی ئێران و هەڵویستی دنیای دەرەوە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی بازنەی گەمارۆکان لەسەر دەسەڵاتدارانی تاران ڕۆژ بە ڕۆژ بەرتەسکتر دەبێتەوە و نیزامی کۆماری ئیسلامی زیاتر و زیاتر بەرەو کۆتاییەکانی تەمەنی دەچێ، لە هەلومەرجی وادا ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە دێموکراتێکی بە هێز دەبێ کە ئەویش بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەستبەر بووە.

**ڕێگای کوردستان**: ئەو یەکگرتنەوەیە دەتوانێ چ ئاڵۆگۆڕێک بە سەر خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێنێت؟

**عومەر باڵەکی**: یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێ لەسەر خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، چونکە لە ماوەی ۱٥سالی رابردوو دا وزە و هێزی خەباتکارانەی دێموکراتەکان بەسەر دوو حیزب دا دابەش ببوو، گومانی تێدا نییە ئەگەر حیزبی دێموکرات بە یەکگرتوویی مابایەوە و لە هەمووی ئەو مەیدانانەدا کە لەماوەی ئەو ۱٥ساڵەدا کار و تێکۆشانیان تیدا بەرێوەچووە و هەل و دەرفەتێکی تێدا هاتبێتە پێشەوە، بە یەکپارچەیی بەشدار و ئامادە بووایە، دەرفەتەکانی باشتر دەقۆزتەوە، دەسکەوتی زۆر گەورەتری لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەدەست دەهێنا و بەردەنگەکانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە کوردستان، زیاتر بە دەنگ داخواز و پەیامەکانییەوە دەهاتن. لە لایەکی دیکەشەوە کورد بە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەتوانێ سەنگ و جیگە و پێگەی خۆی لە جووڵانەوەی سەرانسەری گەلانی ئێران بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی وەدەست بخاتەوە و لە هەر ئالوگۆڕێکی سیاسیی لە نێوخۆی ئێراندا ڕۆڵی تایبەت و دیاری هەبێ. بەواتایەکی دیکە، ئەو یەکگرتنەوە ڕۆڵی میحوەری وکاریگەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە نێو خۆی ئێران و کوردستان زیاتر لە جاران بەدیار دەخات.

**ڕێگای کوردستان**: کەی کۆنگرە دەبەستن و بەچ میکانیزمێک ئەندامانی کۆنگرە هەڵدەبژێرن؟

**عومەر باڵەکی**: بە پێی ڕێککەوتننامەی نێوانمان هەر دوو حیزب ماوەی گرتنی کونگرە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزب بۆ ماوەی شەش مانگ هەتا ساڵێک بۆ بەستنی کونگرەی هاوبەش دیاری کراوە کە بۆ جێبەجێ کردنی میکانیزمەکانی دەستەی ئامادەکاری کونگرە دەست نیشان کراوە کە هەڵبژاردنی ئەندامانی کونگرە و پەسندکردنی بەرنامە و پەیرەوی نێوخۆی حیزب و چۆنییەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە. بەڵام پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە هەتا بەستنی کونگرەی هاوبەش، دەستەیەکی ۱۲کەسی (لەهەر حیزبە ٦کەس)لە ژێر ناوی"ناوەندی گشتی بەڕێوەبەری" حیزب بەرێوە دەبەن کە بەرپرسیارێتی ئامادەکارییەکانی کۆنگرەشیان لەئەستۆیە..

**ڕێگای کوردستان**: هەردوولایەنی حزبەکە پێشبینی دەکەن کە ئەو یەکگرتنەوەیە درێژخایەن و هەتاهەتایی بێت؟ چونکە پێشتریش لێکدابڕان و یەکگرتنەوە ڕووی داوە و حزبی دێموکرات ئەزموونێکی تاڵی لەوبارەوە هەیە.

**عومەر باڵەکی**: ڕێبەری هەر دوو لایەنی دێموکرات لە رەوتی وتووێژەکان بۆ یەکگرتنەوە هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کە ئەو یەکگرتنەوە درێژخایەن بیت هەر بۆیە پرۆسەی یەکگرتنەوە لە گەڵ ئەوەدا لەسەر ڕێبەری هەر دوولا گوشاری زۆری خەڵک و ئەندام و لایەنگرانیان لەسەر بوو، بەڵام لیژنەکانی دانوستانکار بە پشوودرێژی هەوڵیان داوە هەموو کەلێن و کەلەبەرەکانی ژیانی سیاسیی و تەشکیلاتی و بەڕێوەبەری حیزبی یەکگرتوو ببینن بۆ ئەوەی لە دوارۆژی یەکگرتنەوەدا

تووشی گرفت و کیشەی تەشکیلاتی نەبن.

بە کورتی ئەزموونی تاڵی ڕابردوو بکەین بە چرای داهاتوومان. هەموو لایەکمان هیواخوازین ئەو یەکگرتنەوە بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان و هەموو ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەستپێکی قۆناغێکی نوێی کار و تێکۆشانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت.

**ڕێگای کوردستان**: پرسیارێک لەدەرەوەی یەکگرتنەوەی هەردوو حزبی دێموکرات... چ پێشبینییەک دەکەن بۆ گفتووگۆی ئەتۆمی ئێران و ڕۆژئاوا؟ ئایا ئەو وتووێژانە هیچی لێ شین دەبێتەوە؟

**عومەر باڵەکی**: لە پێشدا پێم باشە ئەوە وەبیر بێنمەوە کە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر پێش کیشەی ئەتۆمی ئێران لە گەڵ دنیای ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا، لە ئارا دابووە و لەبەرامبەر شەر فرۆشییەکانی کۆماری ئیسلامی بە خەڵکی کوردستان ، بەربەرەکانی کردووە. بەو مانایە وتوویژەکانی ئەتۆمی ئێران و ڕۆژئاواییەکانی چ سەر بگرێ و یا سەر نەگرێ، خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەتا گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان درێژەی دەبێت.

دوو لایەنی کیشەکە واتا ئێران لە لایەک و وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکا لە لایەکی دیکە هەر کام بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەگەرێن. کۆماری ئیسلامی ئێران وەدست خستنی چەکی ئەتۆمی وەک ستراتیژی دیفاعی خۆی چاوی لێ دەکا. خوێندنەوەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئەگەر ببنە خاوەنی چەکی ئەتۆمی هیچ وڵاتێک ناتوانێ هێرشیان بۆ بکا و تەنانەت وەک وڵاتێکی ئەتۆمی دەتوانێ ڕۆڵی جۆرێک لە زلهێزی نیزامی ناوچەکە بگێرێت. وڵاتانی ڕۆژئاواییش بە خوێندنەوەیەک کە لە سیستمی سیاسیی ئێران هەیانە ترسیان لە ئەتۆمی بوونی ئێران هەیە چونکە بە پێی ئایدیۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی ، شۆرشی ئیسلامی هەناردەی وڵاتانی ئیسلامی بە گشتی و وڵاتانی ناوچە بە تایبەتی دەکات، ئەوەش ماناکەی ئەوەیە کە دەست لەکاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانە وەردەدات و بە بوونی چەکی ئەتۆمی دەسەڵاتدارانی تاران متمانەی زیاتریان بە خۆیان دەبێ لە درێژەدانی ئەو سیاسەتە.

لە هەمان کاتدا ئەگەر ڕێگە بدەن ئێران ببێتە وڵاتێکی ئەتۆمی گریمانەی ئەوە هەیە کە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش بکەونە بیری وەدەست خستنی تکنۆلۆژیای درووست کردنی چەکی ئەتۆمی، ئەوکاتە ناوچەکە دەبێتە ناوچەیەکی ئەتۆمی و بەبوونی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ و ئەو هەموو کیشەوململانی ئایینی و نەتەوەیی، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لەوەی کە

هەیە زیاتر تووشی شێواوی و ئالۆزی دەبێ کە ڕەنگە ئەوەیان لە درێژخایەن دا بە قازانجی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و تەنانەت خەلکی ناوچەکەش نەبێ.

**ڕێگای کوردستان**: ئایا لەسەر مێزی وڵاتانی بڕیاربەدەستی ڕۆژئاوا شتێک هەیە بەناوی ڕوخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران؟

**عومەر باڵەکی**: هەتا ئێرە ڕوخانی نیزامی کۆماری ئیسلامی نەبۆتە دەستووری کاری ئەو وڵاتانە، چونکە خوێندنەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەتائێستا ئەوە بووە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی "کۆنترۆڵ و جڵەوگیر" بکەن، چونکە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە دوو ڕوانگەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی گرینگە، یەکەم سەرچاوی وزەیەکی (نەوتی خاو)ی زۆرە کە بە نرخێکی هەرزان دەستیان دەکەوێ، دووهەم ژێۆپۆلیتیکی ئەو ناوچەیە وا هەڵکەوتووە کە ئالقەی پێوەندی لە بواری سیاسیی و ئابووری نیوان دوو کشوری ئاسیا و ئەوروپا پێک دێنێ و لە حالی ئیستا دا خودی ناوچەکە بە دەست ئالۆزییەکی زۆرەوە دەناڵێنێت. لە ڕوانگەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی وا لێکدەدرێتەوە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بروخێ کیشەو ململانێەکان لە ناوچەکە زیاتر دەبن و ناوچەکە بەرەو ئالۆزی زیاتر دەچێ. هەموو لایەک باش دەزانین ئەو ناوچەیە واتا ڕۆژهەڵاتی نێوەراست کە ئێرانیش دەگرێتەوە بە درێژایی مێژوو چەقی ململانێی نەتەوە و دین و ئایینە جیاوازەکان بووە کە لەو ناوچەیە سەریان هەڵداوە و لە مێژووی هاوچەرخماندا ئەو ناکۆکی و ململانێیانە بەقازانجی دنیای ڕۆژئاوا تەواو بووە، بوونی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ تەشەنەسەندنی ئەو ململانێیەی نێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکە و ڕاکێشانی زیاتری دەوڵەتانی ناوچەکە بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی کەنارەکانی کەنداوی فارس بۆ لای وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکای لێ کەوتۆتەوە. بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا مانەوەی کۆماری ئیسلامی زیاتر بە قازانجی دنیای ڕۆژئاوایە هەتا ڕووخانی!. بە تایبەتی ئەگەر بتوانن کۆنترۆڵی بکەن. ئەوە بەو مانایەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئێستا ڕوخانی نیزامی کۆماری ئیسلامییان لە دەستوری کاردا نییە، بەڵام ڕەوتی ڕوداوەکان لە نێوخۆی ئێران پەیامی دیکەیان هەیە کە ئەویش نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گەیشتۆتە تەقینەوە و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەموو لایەک شاهیدی سەر هەڵدانی ئەو نارەزایەتیانەی خەڵکی ئێران لە دژی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بووین، کە ئەو نارەزایەتیانە ڕۆژبە ڕۆژ لە پەرەستاندن دان و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵکدا لە پاشەکشە دان، ئەگەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی ئێران هەر بەو ئاقارەدا بچێتە پێشەوە، دەرنگ یا زوو شاهیدی ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی ئاگۆستی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# مانگی خەرمانان و خەرمانی خەمان

ئەو وتارە بۆ دووساڵەی یادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات نوسراوە وبە هێندیک دەستکاری کورت بۆ ڕێزدانان لە هەموو شەهیدانی مانگی خەرمانان پێم باش بوو،جارێکی دیکە لێرە دایبنێمەوە.

لە ماوەی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا بە هۆی خەباتی بێوەچانی خەڵکی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی هەموو ڕۆژ و مانگەکانی ئەو ساڵانە پڕن لە کارەساتی سامناک و دڵهەژێن و خوێناوی کە بەدەستی دوژمنانی خاک و خەڵکی کوردستان خوڵقێندراوەن. هێندێک لەو ڕووداوانە بە ڕادەیەک زاڵمانەو خوێناوی بوون کە لە بیروزینی خەڵکی کوردستاندا نەخشیان بەستوە، بە چەشنێک کە بەتێپەربوونی ساڵانی زۆریش لە یادەوەرییەکاندا هەر زیندوون.

یەکێک لەو مانگانەی ساڵ کە هەڵگری کۆمەڵێک کارەسات و ڕووداوی ناخۆش وجەرگبڕە، مانگی خەرمانانە و ئەگەر بمانەوێ هەموو تاوانەکانی لانی کەم چل ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کە لەو مانگەدا دەرحەق بە گەلی کورد و خەباتگێرانی ئەو گەلە کردوونی کۆیان بکەینەوە خۆی لە سەدان لاپەرە نووسین دەدا، بەڵام ڕەنگە لە نووسینێکی ئاوادا نەتوانرێ هەموو ئەو ڕوداوانە بێنە بەرباس، تەنیا بەهێنانەوەی سێ نموونە لە جینایەت و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو چل ساڵە لە مانگی خەرمانانددا دەتوانین وەک ئاوێنەی باڵانوێن، شەڕئەنگێزیی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قووڵایی هەستی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە دەربخەین.

هەر لەسەرەتای بەدەسەلات گەیشتنی نیزامی کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە چ بە لێدوان و نووسین و چ بە کردە و کردەوە بەئاشکرا دژایەتیی خۆیان لەگەڵ مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاندوە و بەڕێوەیان بردوە. باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە فیتوای ڕاگەیاندنی جیهاد بە دژی خەڵکی کوردستان لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی بوو. ئەوە سەرەتایەک بوو، بۆ بەشەرعی کردنی کوشتاری خەڵکی کوردستان، چونکە هەر ١٥ ڕۆژ دوای دەرچوونی فتوای جیهادی خومەینی بەدژی خەڵکی کوردستان لە ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاویدا هێزە دژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاوایی قارنێ جینایەتی شەڕیان خوڵقاند. لە تاوانی گوندی قارنێ خەڵکی بێتاوان و بێدیفاعی ئەو ئاواییە بێ جیاوازیی تەمەن و ڕەگەز کەوتنە بەر شاڵاوی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و نیزیک بە

٧٠ کەس بوونە قوربانیی سیاسەت و ڕەفتاری دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی.

یەکی دیکە لەو کارەساتانەی لە مانگی خەرمانانددا تووشی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان هات، ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بوو کە لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕێستورانتی میکۆنووس لە شاری بێرلین، پێتەختی دەوڵەتی ئاڵمان بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران. واتا ١٣ ساڵ دوای تاوانی گوندی قارنێ پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی تاوانی میکۆنووسیان ئەنجام دام بەڵام بەو جیاوازییە ئەگەر لە تاوان و جینایەتی گوندی قارنێدا غەیری خۆمان کەس بەدەنگمانەوە نەهات، لە تاوانەکەی مێکونووسدا بۆ دنیا ڕوون بۆوە کە کۆماری ئیسلامی چ ڕێژیمێکی جینایەتکارە و لە دادگای مێکۆنووسیشدا ئەرکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە جینایەتکار ناسران و لە ڕادەی هەرە سەرووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە تاوانبار داندران.

٢٦ ساڵ دواتر، واتا ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی دوژمنکاریی کۆماری ئیسلامی لەو پەڕی بێئەخلاقیی سیاسیی و نێونەتەوەیی بۆ جارێکی دیکە دەرحەق بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی نواندەوە و بنکە و بارەگای ئەو حیزبە لە قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان کەوتە بەر ئاوری مووشەکە دوور هاوێژەکانی سپای پاسدارانی ئەو ڕێژیمە. لە ئاکامدا ١٦ کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات شەهید و زیاتر لە ٧٠ کەس بریندار بوون، کە لە نێویاندا ژن و منداڵیش دەبیندران.

ئەگەر هەر ئەو سێ نموونەیە کە ناومان بردن و تەنیا لەمانگی خەرمانان بەڵام لە مەودای زەمەنیی جیاوازدا ڕوویان داوە بکەین بە پێوانەی هەڵسەنگاندنی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە لایەک و زەبروزەنگی بێ بەزەییانەی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکە؛ لە ئاکامدا دەگەین بە دوو هەڵویستی دژ بە یەک. هەڵویستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ماوەی زیاتر لە چل ساڵە ڕوون و ئاشکرایە، ئەوان دوژمنایەتیی گەلی کورد دەکەن و بە پاساوی بێ بنەما لە هەموو کەرەسەیەکی سەرکوت و کوشتار بۆ بەچوک داهێنانی شۆڕشگێرانی ئەو گەلە کەلک وەردەگرن و لە هیچ جینایەتێک دەرحەق بە گەلی کورد دەست نەپارێزن. هەڵویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و کوشتار و ئیعدام و کاولکاریی ژیان و سروشتی کوردستان بە دەستی سپای دڵڕەقی کۆماری ئیسلامی ڕوون و ئاشکرایە، کە هەر لە سەر داوا ڕەواکەی سوورە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە کردار دەبینین کە هەست و شعووری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەشە کردندایە و ئەو سەڵمێندراوە کە بە کوشتن و ئیعدام و زیندان، گەلی کورد و خەباتکارانی ئەو گەلە مەیدانی خەبات بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چۆل ناکەن.

کاتێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی فیتوای جیهادیان بە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند، مەبەستیان ئەوە بوو بە هاندانی خەڵکی نەزان و نەفامی خۆیان بە ناوی دینەوە کوشتاری خەڵکی کوردستان حەڵاڵ بکەن و بە خوڵقاندنی جینایەت و تاوانی گوندی قارنێ و دەیان شوێنیتر؛ خەڵک و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی حیزبی دیموکرات چاوترسین و لە مەیدان بەدەریان بکەن. ڕێژیم ئەو سیاسەتەی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا و بە شێوازی جۆراوجۆر درێژە پێی داوە؛ وەک کوشتاری بەکۆمەڵ لە شار و گوندەکانی کوردستان، تیرۆری ڕێبەران و تێکۆشەران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بێ لەبەرچاوگرتنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت بە هێزی پیادە و فرۆکەی شەڕکەر و بۆمبهاوێژ و مووشەکی بالستیک بۆ سەرکوتی تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی سنووره نێو دەوڵەتییەکانی بەزاندوە. بەڵام هێزی لەبڕاننەهاتووی حیزبی دێموکرات کە سەرچاوەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە هەروا لە مەیدانی خەباتدا قورس و قایم ماوەتەوە.

چوارساڵ لەمەوبەریش لە ١٧ی خەرماندا سپای پاسداران بە نیازی پاکتاو کردنی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە حەوت مووشەکی بالستیک قەڵای دیموکراتی کردە ئامانج .لەگەڵ ئەوەی ئەو هێرشە نابەرابەر و دوور لە هەموو پرەنسیپی سیاسی و تەنانەت نیزامی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان خەساری گەورەی لێ کەوتەوە، بەڵام دیتمان دوای چوار ڕۆژ خەڵکی کوردستان بەو مانگرتنە سەرانسەرییەی وەڕێیان خست؛ بوونە وزە و توانا بۆ شۆڕشگێرانی دێموکرات و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییان تووشی سەرسووڕمان کرد کە پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان نەک لە کەمی نەداوە، بەڵکوو پێگەی زۆر لە ساڵی پێشووتر بەهێزتر بووە و ئەو نیشاندەری ئەو ڕاستییە کە جووڵانەوەی نەتەوایەتی کە حیزبی دێموکرات ڕێبەریی کردوە و دەیکا؛ هەڵقوڵاو لە ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستانە.

ئاکامگیرییەکی کورت لەو باسە دەکرێ ئەوە بێ ئەگەر مانگی خەرمانان بۆ خەباتگێرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەرمانی خەم بووە، لە هەمان کاتدا لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا خەرمانان مانگی سەلماندنی خۆڕاگری و بەربەرەکانی خەباتگێرانی گەلی کوردە بەدژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## توانای مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و پێگەی حیزبی دێموکرات!

لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا شەقامی شارەکانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بوونە چەقی ململانێی نێوان خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە چەنگ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو نیزامە لەلایەکی دیکە. ئەو نارەزایەتییانە بە بڵاوبوونەوەی کوشتنی حکوومەتیی کچە کوردێک لە تاران بە ناوی ژینا ئەمینی لە سەردەستی پۆلیسی "گشت ارشاد" دەستیان پێ کرد.

کوشتنی ژینا ئەمینی بەپێی هەموو پێوەرەکانی یاسایی "قەتڵی حکومەتی"یە، چونکە ئەو تیمەی لەژێر ناوی پۆلیسی ئەخلاق (گشت ارشاد) بە شەقامەکانی تاران و ئێراندا دەخولێنەوە و کچ و ژنان بە بیانووی ڕەچاونەکردنی "حیجاب" دەسبەسەر دەکەن، خۆیان بەپێی نێوەڕۆکی یاسا و ڕێسای بنەڕەتیی ئێران ناقانوونین و لە هەمان کاتدا لە هیچ بڕگەیەک لە یاساکانی بەردەست لە ئێراندا "حیجاب" واتا ڕووپۆشی ژنان پێناسەی بۆ نەکراوە کە بگوترێ و بنووسرێ مەبەست لە "حیجاب" ئەو خاڵانەیە. هەرچەند بەپێی عورف و شەرعیش ناتوانرێ پێناسەیەکی وا گشتگیر بۆ "حیجاب" بکرێ، چوونکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، جیاوازیی دابونەریت و تەنانەت شێوازی تێڕاونین بۆ دین و ئاینییان تێدا بەڕوونی بەرچاو دەکەوێ، بۆیە هیچ یاسادانەرێک ناتوانێ بۆ ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە دابونەریتی کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە هەیە لە یەک بڕگەی قانوونیدا جێگایان بۆ بکاتەوە و چاوەڕوانیی هەبێ کە خەڵکیش ڕەچاوی ئەو قانوونانە بکا و پەسندیان بکات.

لەو قۆناخەی مێژووی ئێراندا خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئەم جوغرافیا پانوبەرینە بە چەندین نەتەوەی جیاوازەوە کە ماوەی ٤٣ ساڵە بە دەست سەرکوت و زوڵم وزۆرداری دەزگای ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییەوە دەناڵێنن، مەرگی ژینا بوو بە چەخماخەی ڕاپەرینی سەرانسەری لە نزیک بە تەواوی شار و شارۆچکەکانی ئێران، کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕاپەرینە جەماوەرییەدا وەک هەموو کات ئاوانگارد و پێشەنگ بووە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاکانی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە وەک جارانی پێشوو هەوڵیان دا لە ڕێگای دەزگای پروپاگەندە و تەبلیغی خۆیانەوە ڕیزی گەلانی ڕاپەریو لە زوڵم و زۆری درز وکەلێنی تێ بخەن و بە بیانووی نەتەوە و مەزهەبی جیاواز تەفرەقە و دڕدۆنگی بخەنە نێو ڕیزی تاکەکانی گەلانی ئێران. بەڵام بەخۆشیەوە بە هۆی تێگەیشتوویی و

پێگەیشتوویی کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی، کۆماری ئیسلامی نەیتوانی لەو پیلانەدا سەرکەوتن بەدەست بێنی و کورد، ئازەری، بەلووچ، فارس، عەرەب و ئایین و ئایینزاکانی جۆراوجۆر بەیەک دەنگ و بێ جیاوازی کەوتنە پشتگیریکردنی یەکتر و ئەو یەکگرتووییە بە تەواوی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنگەتاو کردووە. ئەوجار هێزەکانی سەرکوت هاتنە مەیدان و بە پێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێسایەک بەتوندترین شێوە بەگژ خۆپێشاندەراندا چوونەوە و بە تەقەی ڕاستەوخۆی چەکی گەرم، گازی فرمێسکرێژ، ئاوی کوڵیو و هەموو کەرەسەیەکی سەرکوت و داپڵۆسین دەستیان لە هیچ کەس نەپاراست و شەقامەکانی ئێران و کوردستانییان کە بە شێوەیەکی هێمنانە و ئاشتیخوازانە لەسەر شەقامەکان بوون، بە خوێن سوور کرد و هیچ ڕێگایەکیان بۆ خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام نەهێشتۆتەوە بێجگە لەوە کە بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە دار و بەرد و مشت بەرگری لە خۆیان بکەن. خاڵی جێی سەرنج ئەمەیە هەتا پەرچەکرداری هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی توندوتیژتر دەبێ، هەڵوێستی خەڵکی ڕاپەریویش لە ڕووبەڕووبوونەدا توندتر و ڕادیکاڵتر دەبێ و تەنانەت حەشیمەتی ڕاپەڕیویش زیاتر دەبن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا هەموو کات هەوڵیان داوە قەیرانەکان بە خوڵقاندنی کێشە و ئاڵۆزی چارەسەر بکەن و لە هەمان کاتدا گەلانی ئێران لە دوژمنی دەرکی بترسێنن، بەتایبەتی لەکاتی تەنگانەی وەک ئێستایاندا دەنگۆی جیابوونەوە و مەترسی لە سەر تەواوییەتی ئەرزی ئێران بڵاو دەکەنەوە و تەنانەت وەک پاساو بۆ هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆمبڕێژکراو بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کاری بێنن. ئەوە لە حاڵێکدایە بە قسەی خۆیان سپای زەفەرمەندی پاسداران! زیاتر لە ٣٠ ساڵە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی مونحەل و تەفروتونا کردووە و ئاسەواری لێ نەهێشتۆتەوە و بە دروستکردنی دەیان فیلم و سریال و کتێب و بیرەوەری پڕ لە درۆ و دەلەسە باس لە جێگەوپێگەی نەبووی خۆیان لە کوردستان دەکەن. بەڵام لە ماوەی چوار ساڵدا سپای پاسداران -باڵی نیزامیی کۆماری ئیسلامی- دوو جار بۆ لێدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات هەموو یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی لەژێر پێ ناوە و بە پێشکەوتووترین چەکی سەردەم کە تەنیا لە شەڕی سپای نێوان دوو دەوڵەتی دژ بەیەک بەکار دەبرین، شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبانە دەکاتە ئامانج. هەر ئەوە خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی ئەو سەدەیە لە ئارادا بووە ویستی کۆمەڵگەی کوردستان بووە و حیزبەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتییان دەکا، ئەو ڕاستییە ئەوکاتە زۆر خۆی دەردەخا ڕێبەران و فەرماندەرانی سپای پاسداران بەئاشکرا لە لێدوانەکانی خۆیاندا دەڵێن، خۆپێشاندان و ڕاپەرینی ئەوجارەی گەلانی ئێران کە دەستپێکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بوو، بە هاندانی حیزبە سیاسییەکان بووە. بە واتایەکی دیکە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوایان لە خەڵکی

کوردستان کردووە کە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بە کوشتنی ژینا ئەمینی بڕژێنە سەر شەقامەکان و دەنگی نارەزایەتی بە ڕادەیەک بەرز بکەنەوە بە گوێی هەموو گەلانی ئێران و جیهان بگا. لەوەدا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەڵەیان نەکردووە کە ناوەندەی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران داوایان لە خەڵکی کوردستان و ئێران کردووە نارەزایەتی خۆیان بەو کردەوە قێزەونە و دوور لە هەموو پێوەرەکانی ئینسانی دەربڕن، ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تێیدا ناڕاستن و نایانهەوێ دان بەو ڕاستییە دابنێن ئەوەیەکە دوای ٤٣ ساڵ بەو هەموو کوشتن و تیرۆر، ئێعدام و دەسبەسەرکردن و داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا نەیتوانیوە لە کوردستان دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بسەپێنن و لە بواری ئەمنییەتییەوە سەقامگیر بن لە هەمان کاتدا جێگە و پێگەی حیزبە سیاسییەکان لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بکەن.

هەروەک پێشتر باس کرا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیان هەر کاتێک لە نێوخۆی ئێران تووشی قەیران بووبن، هەوڵیان داوە بە خوڵقاندنی کیشە و ئاڵۆزی و ئاژاوە لە دەرەوەی سنوورەکان بیروڕای گشتی ئێران بۆ لای ئەو قەیرانە دەستکردانە ڕاکیش بکەن. لەو قۆناخەدا کە کۆمەڵگەی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانی زیاتر لە بیست ڕۆژە بەدژی تەواویەتیی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە سەر شەقامەکان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" پایەکانی ئەو نیزامەیان وەلەرزە خستووە، حاکمانی تاران بە جێگای ئەوەی گوێ لە قسەی خەڵک بگرن و ویست و داخوازییە ڕەواکانیان وەدی بێنن، لە لێدوان و قسەکانیان خەڵکی ڕاپەڕیو بە یاخی و گێرەشێوێن و دوژمنی دین و دنیا ناویان دەبەن و فەرمان بە هێزی سەرکوتکەر دەدەن بە توندترین شێوە بەرەنگاری خەڵکی مافویست و ئازادیخواز ببنەوە، لەگەڵ ئەو سەرکوتە بێبەزەیانەی خەڵک، دامودەزگای ئەمنی و پۆلیسی کۆماری ئیسلامی لە پڕۆپاگەندەی خۆیاندا هەوڵیان داوە ئەو ڕاپەرینە جەماوەری و سەرانسەرییە بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئیسرائیل و ئەمریکا ببەستنەوە و بە بیانووی ئەوە کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەیانهەوێ تەواویەتیی ئەرزی ئێران بخەنە مەترسییەوە هێرش دەکەنە سەر بنکە و بارەگاکانیان کە ئەم قسە و باسانە بەتەواوەتی لای هەموو لایەک سواویتنەوە و کەلکیان نەماوە و ڕاستییەکان لای خەڵک روون و ئاشکران. بە قسە و لێدوانە فەرمییەکانی فەرماندەرانی سپای پاسداران لەو هێرشانەدا زیاتر لە حەفتا مووشەکی دوورهاوێژ و درۆنی خۆتەقێن کەڵکی وەرگرتووە و بە خەیاڵی خۆی هەر وەک چوارساڵ لەوە پێش کە لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧بە حەوت مووشکی بالستیک و دەیان هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگا و شوێنی نیشتەجی بوونی ژن ومندالانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوەستێنێ، بەڵام دیتمان هەم ئەوکات لە ٢١ی خەرمانان و هەم ئەم جارە لە ٩ی ڕەزبەر خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بە گوڕوتینەوە پێشوازییان لە بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کرد و بە داخستنی دووکان و بازار و نەچوونەسەر کار، گشتپرسی "نا" بە کۆماری ئیسلامییان دووپات کردووە.

لەم دوو مانگرتنەدا و هەروەها مانگرتنی ٢٨ی خەرمانان بۆ مەحکوومکردنی کوشتنی ژینا ئەمینی بە سەرجەم دنیا نیشان درا بە هەموو ئەو سەرکوت و زەبروزەنگەی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا دەزگای ئەمنی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان کردوویەتی و دەزگای تەبلیغی ئەو نیزامە هەوڵی داوە پێگەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستان و ئێران لاواز بکا، سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ هەستی نەتەوایەتی، نیشتمانپەروەری، خاک خۆشەویستی و گەلدۆستی لە گەشەکردندا بووە و هاوکات لەگەڵ ئەو گەشەکردنە پێگەی جەماوەریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەربەرینتر و سەقامگیرتر بووە و ئەوە نیشانەی سەرکەوتنی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە لە دوارۆژێکی نزیکدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## چەواشەکارییەکانی ئێران بەڵگە بۆ ڕەوایی خەباتی میللەتێکن

سایتی فەرمیی سپای پاسداران "تەسنیم" لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناوی "هۆکار و ئامانجەکانی کردەوەی نیزامیی ئێران بەدژی تاقمە تێرۆریستییەکانی باکووری عیراق" باس لە نامەی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا کە بۆ سەرۆکی دەورەیی شورای ئەمنییەتی ئەو ڕێکخراوەی ناردووە و هۆکاری هێرشە مووشەکی و پەهبادییەکان بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا ڕوون کردووەتەوە.

ئەوەندەی سایتی تەسنیم لە نێوەرۆکی نامەی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی بڵاوی کردۆتەوە بە دەردی کورد گوتەنی تفی بەرەوژووره و هەر ڕووی خۆیان دەگرێتەوە و تەواوی ئەو تۆمەتانەی جەنابی نوێنەر بۆ تۆمەتبارکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو نامەیەدا باسیان دەکا، لە ڕاستیدا ڕێک پڕ بە پێستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە نموونەیەک لە نێوەرۆکی نامەکەی جەنابی نوێنەر لێرەدا دێنینە بەر باس و بە پێی ئایدۆلۆژیا و کردار و ڕەفتاری ئەو چل ساڵەی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین.
نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لەو نامەیەدا باس لەوە دەکا کە "کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا خۆی یەکێک لە قوربانییەکانی ئەسڵیی تێرۆریزم بووە"، ئەگەر هەر سووکەئاوڕێک لە مێژووی پێش هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە دەبینین کە تێروانینی دەوڵەتەکان لە ئێران و ناوچەکە بۆ تێرۆر و تێرۆریزم بە چەشنێک بوو کە هەوڵیان دەدا لە کار و کردەوەیاندا لە کۆمەڵگەی جیهانی بە لایەنگری تێرۆریزم نەناسرێن بەڵام زۆر بەڕوونی و ئاشکرا بەپێی هەموو بەڵگەکانی بەردەست بۆمان دەردەکەوی لەو کاتەوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە جوغرافیای ئێران دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە، نەک تەنیا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڵکوو بە بوونی سیاسەتی تیرۆریستپەروەریی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا تێرۆریزم پێناسەی دەوڵەتیی بە خۆیەوە گرتووە و لە هەر جێگایەک لەو جیهانەدا کردەوەیەکی تێرۆریستی ڕوو بدا، لە یەکەم چرکەدا هەموو ڕوانینەکان بەرەو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەبێ، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە ڕێبەرانی تەنانەت پێش دامەزرانی ڕێژیمەکەیان تێرۆریان بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان بەکار هێناوە و دوای گەیشتن بە دەسەڵاتیش لەپێناو ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیاندا بە بەربڵاوی کردەوەی تێرۆریستیان وەک ئامرازی لەنێوبردنی دژبەرانیان گرتۆتە دەست کە ئەوەش بۆ بنەما فیکرییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم دەگەڕێتەوە و لە پێکهاتەی دەسەڵاتیشدا نەهادینە کراوە و جێ خراوە.

نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبوایە پێش ئەوەی ئەو نامەیە بنووسێ و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تێرۆریست ناو بەرێ و حکوومەتەکەی خۆی بێبەری بکا لە کردەوەی تیرۆریستی، باش بوو وەک کەسێکی دیپلۆماتکار چاوێکی بە کارنامەی مەحکوومییەتی دەوڵەتەکەی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتی لەمەڕ کردەوە تێرۆریستییەکانی، خشاندبایە و ئەوکات دەستە چەورەکەی خۆیانی بە لایەنەکانی دژبەری سڕیبا. لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە لە ڕێگای دامودەزگای جۆراوجۆرەوە بە سەدان کردەوەی تێرۆریستییان ئەنجام داوە کە زۆربەی ئەو تێرۆرانە، تێرۆری جیابیران و دژبەرانی ئەو نیزامە بوون، لە گەڵ ئەوەشدا زۆربەی تێرۆریستەکان دوای کردەوە تێرۆریستیەکە توانیویانە لە دەستی پۆلیس و دامودەزگای قەزایی هەڵێن، بەڵام بەو حاڵەش هەتا ئێستا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە دادگاکانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهاندا پەروەندەی کردەوەی تێرۆریستییان بۆ کراوەتەوە؛ بۆ نموونە: لە دەزگای دادی فەڕانسە، ئاڵمان، سویس، ئارژانتین، ئۆتریش و بێلژیکدا کار لەسەر کردەوە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی کراوە و هەتا ئێستا لانیکەم سێ حوکمی نێودەوڵەتی لە لایەن ئەو دادگایانەوە سەبارەت بە کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەو نیزامە بۆ دەسبەسەرکردنی بڕیاردەرانی ڕەدە باڵای تاران و بکەرانی ئەو تێرۆرانە دەرچووە.

بە پێچەوانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، حیزبەکانی بەرهەڵستکاری ئەو نیزامە لە مێژووی ئەو ٤٣ ساڵەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و لێدانی دژبەرانیان، تێرۆر و تێرۆریزمیان لە ستراتێژیی خەباتی مافخوازانەی خۆیاندا نەگونجاندووە و کاریان لەسەر نەکردووە. بۆ وەبیرهێنانەوە باشە لێرەدا ئاماژە بە نامەی شەهیدی دەستی تێرۆر د. قاسملوو بکەین کە لە کاتی ئاگربەستی شەڕی ئێران-عیراق لە ڕێکەوتی ٣ - ٨ - ١٩٨٨زایینی، ڕوو بە سکرتێری گشتیی ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکان "پرز دوکوێلار" نووسیویەتی. د. قاسملوو لە بەشێک لە نامەکەدا ئاوا باسی ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە تێرۆر و تێرۆریزم دەکا: "... ئاغای سکرتێر، حیزبی ئێمە کە ٤٣ ساڵە ڕابردووی تێکۆشانی سیاسیی دژی تێرۆر، بارمتەگرتن، فڕۆکە ڕفاندن و بەگشتی هەموو ئەو کارانە بووە کە گیانی کەسانی غەیرەنیزامی و بێدیفاع بخاتە مەترسییەوە، حیزبی ئێمە هەمیشە لایەنگری ئاشتی و دژی شەڕ بووە، ئێستا کە دەتانەوێ ئاشتی و هێمنایەتی باڵ بەسەر سنوورەکانی ئێران - عیراقدا بکێشێ ئەوە ئامانجی ئێمەشە."...

هەر لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆر و تێرۆریزمدا، د. قاسملوو لە وتارێکدا لە ئەنستیتۆی هاودەردی لەگەڵ ئەمریکای لاتین و ئەفریقا کە لە ڕێکەوتی ٦ - ١٠ - ١٩٨٨ لە مادریدی پێتەختی ئیسپانیا پێکهاتبوو، دەڵێ: "... حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی دێموکرات بەپێی ئوسووڵ و ڕێبازی خۆی، هەموو کات تێرۆریزمی لە فڕۆکە ڕفاندنەوە بگرە تا دەگاتە بۆمب دانانەوە و بارمتەگرتن، ڕەت کردووەتەوە و بەگشتی حیزبی ئێمە هەر کردەوەیەکی کە ژیان و

هێمنایەتیی ئەفرادی غەیرەنیزامی و بێدیفاع بخاتە مەترسییەوە ڕەت دەکاتەوە."...

بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٩٦ی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی بریتانیا، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٩٦ واتا نزیک بە ١٧ ساڵ، دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا لەسەر یەک، ٢٢٠ کەس لە ئۆپۆزیسیونی ئێرانیی دانیشتووی وڵاتانی دەرەوەی ئێران لەلایەن تێرۆریستە نێردراوەکانیەوە تێرۆر کردوون. ئەوە بێجگە لەو کردەوە تێرۆریستییانەیە کە لەسەر کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەنێو خاکی باشووری کوردستان لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی دەزگاکانی ئیتلاعات و ئەمنییەتی ئێرانەوە بەڕێوە چوون، کە بەداخەوە ڕادەیان خۆ لە ٤٠٠ کەس نزیک دەکاتەوە. کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا پڕە لە کردەوەی تێرۆریستی کە لە نووسینێکی وادا ناتوانرێ هەموو ئامار و ڕەقەمەکان بهێنرێنە بەر باس. هەر ئەو چەند نموونەیە بەباشی ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە تێرۆر و تێرۆریزم وەک کەرەستەی مانەوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیان بەدژی دژبەرانیان بەکار دێنن و بەخۆشییەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی لە هیچ جێگایەکی ئەو جیهانە و لە هیچ دادگایەکدا بە، بەکارهێنانی تێرۆر و پەرەپێدانی تێرۆریزم تۆمەتبار نەکراون.

لێرەدا باشە وەبیر نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێتەوە کە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەڵێک یاساوڕێسای نێودەوڵەتیی پەسند کردووە کە هەموو ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لەسەریانە پابەندی جێبەجێکردنیان بن و هیچکام لە ئەندامەکان ناتوانن بەپێچەوانەی ئەو یاساوڕێسایە بجووڵێنەوە، بۆ نموونە پاراستنی سەروەریی سیاسی و جوغرافیایی وڵاتان، واتا دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی و نەبەزاندنی سنووری ئەو وڵاتانە. بەڵام لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەک سەروەریی دەسەڵاتی سیاسی و جوغرافیایی وڵاتانی هاوسنووری خۆیان نەپاراستووە بەڵکوو بێ سڵەمینەوە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان هەر کردەوەیەکیان ئامانج بووبێ، بەڕێوەیان بردووە کە نزیک بە تەواوی ئەو کردەوانەی کۆماری ئیسلامی، ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتانەیان خستووەتە مەترسییەوە و ئاخرین نموونە بۆمبارانی مووشکی و پەهبادیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و کەمپی نیشتەجێبوونی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بەداخەوە بوو بە هۆی شەهیدبوونی ١٧ کەس کە لە نێو شەهیدەکاندا منداڵی تەمەن یەک ڕۆژەش هەبوو.

لە کۆتاییدا ئێستا کە گەلانی ئێران بێ جیاوازیی نەتەوایەتی و ئایینی و سیاسی، زیاتر لە مانگێکە بەدژی زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕاپەریون و دروشمی نەمانی کۆماری ئیسلامی دەدەن کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەی پێوەندییە سیاسیی و دیپلۆماتیکەکانیان لەگەڵ



سەرچاوە Serchawe

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوازێک بێننە خوارێ کە کۆماری ئیسلامی نەتوانی بە ئێعتباری سیاسی لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا بەشدار بێ و ئەوە دەتوانێ باشترین پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ خەڵکی ڕاپەریو و وەزاڵەهاتووی ئێران بێت.

بە دڵنیاییەوە بە نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تێرۆریزم گەورەترین پشتیوانی خۆی لەدەست دەدا و ئەوە دەتوانێ ئارامی و ئاسایش بۆ دەوڵەتانی ناوچەکەش بگێڕێتەوە. نەمانی کۆماری ئیسلامی یانی نەمانی تێرۆریزمی دەوڵەتی، نەمانی بەبارمتەگرتنی دەوڵەتی، نەمانی سەرکوت و زەبروزەنگ بە ناوی دینەوە، نەمانی تەفرەقە و دووبەرەکیی نێوان گەلانی ناوچەکە و....

بە هیوای یەکگرتنی زیاتر لە پێناو سەرکەتنی گەلانی ڕاپەریوی ئێران و ڕماڵینی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## شەهیدبوون لە پێناو ئازادیدا شانازی و جاشایەتی و نۆکەرییش سەرشۆڕییە

ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە وشەی جاش هاتۆتە نێو ئەدەبییاتی سیاسیی بزوتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کوردەوە. لە فەرهەنگی دەستەواژە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کورددا جاش بەو کەسانە دەگوترێ کە بە ڕەگەز کوردن و کوردستان نیشتمانیانە، بەڵام بە دژایەتیی بزوتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەونە بەرەی دوژمن و دەبنە چاوساغی هێزە سەرکوتکەر و داگیرکەرەکانی دوژمن و لە پێناو کەمەپارە و پارووە نانێک ڕەحم بە برا و خۆشکی هاوخوێن و هاوزمان و هاوشار و هاوگەڕەک و هاوگوندیی خۆیان ناکەن و تەنانەت زۆر جاران لە دوژمن زیاتر دەبنە دوژمنی گەل و نیشتمانی خۆیان.

دیاردەی جاشایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەداخەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەر هەیە. لەو ماوەیەشدا کە بە هۆی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی، کچە کوردی سەقزی لە تاران بە دەستی پۆلیسی بەناو گەشتی ئیرشاد، شۆڕشێک لە کوردستان و ئێران بەدژی دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی سەری هەڵدا کە لە ٤٣ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بێوێنەیە و ماوەی زیاتر لە مانگ و نیوێکە سەرانسەری ئێرانی گرتووەتەوە و لەلایەن خەڵکی ناڕازی لە شەقامەکانی ئێران دروشمی پێکهاتەشکێنی وەک مەرگ بۆ ڕێبەری نیزام و بڕووخێ نیزامی کۆماری ئیسلامی لە پاڵ دروشمی ئەسلی ژن، ژیان، ئازادی دەگوترێنەوە؛ بەشی زۆری سەرکوتی خەڵک لە کوردستان لەلایەن هێزی جاشەکانەوە دەکرێت.

سروشتی ڕاپەڕینەکە لە کوردستان جیاوازترە، لە کوردستان بێجگە لەو دروشمانەی لە هەموو شار و ناوچەکان بەرز دەکرێن، دروشمی نەتەوەییش بە زەقی دەبیسترێت کە دەرخەری ویست و داخوازە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هاوکات لە پاڵ ئەو دروشمانەدا بە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروشمی "جاشی حرامزادە، ڕەنجی کوردی بە با دا" و زۆر دروشمی دیکە کە ئەوپەڕی بێزاری و نەفرەتی خەڵک لە کەسانی جاشیان لێ دەخوێندرێتەوە، لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا دەبیسترێت. ئەمە لەلایەک جێگەی داخە کە بۆ دەبێت لەو هەلومەرجە ناسکەدا کە ورد و درشتی خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی بە دژی نادادپەروەریی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕژاونەتە سەر شەقام، دەستەیەک خۆوڵاتی لە جلوبەرگی جاشایەتیدا ڕووبەڕووی خەڵکی خۆیان ببنەوە و سیلە لە خەڵک بگرن. لەلایەکی دیکەشەوە جێگەی تێڕامانە کە خەڵکی کوردستان وریا و وشیارن و بە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمانە دەیانەوێت پەیامێک بدەن بەو کەسانە کە بە هەر هۆکارێک بوونە هاوکاری هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

شیکردنەوەیەکی کورتی ئەو دروشمانەش کە ڕوو لە جاشەکان و لەدژی ئەوان دەگوترێت، هەڵگری ئەو پەیامەیە کە ئەی ئەو کەسەی بوویەتە هاوکاری هێزە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵات! ئەگەر باوەڕت بە ئەسڵ و نەسڵی خۆت هەیە دەبێت ڕیزی خۆت لە ڕیزی دوژمن پاک و جیا بکەیەوە، دەنا لەو نەتەوە بێبەریت و حاشات لێ دەکرێت. لەو بەشەی دروشمەکەشدا کە دەڵێت "ڕەنجی کوردی بە با دا"، ڕاست دەیهەوێت وەبیر ئەو کەسانەی بەرگی جاشایەتییان کردووەتە بەر بێنێتەوە و بڵێ، ئەگەر ئەتۆ نەبی بە کەواسووری پێش لەشکر، هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم لە کوردستان ناتوانێت بەرەنگاری خەڵکی وەزاڵەهاتووی سەرشەقام بێتەوە. واتە ئەوە ئەتۆی کە سیخوڕی بۆ دەکەی و دوژمن بە کەلێن و کەلەبەری شار و گوند و کوێستانەکانی کوردستانی ئاشنا دەکەی!

ڕەنگە لە ماوەی ئەو مانگ و نیوەدا ئەو کوردانەی چەکی جاشایەتییان لە شاندا بووە بەو دروشمانە زۆر تووڕە بووبن، بۆیە واباشترە بە جێگەی تووڕەبوون و هەڵکوتانە سەر خەڵک و شەهید و بریندارکردنی گەنج و لاوی ئەو کوردستانە، ڕیزی خۆیان لە ڕیزی دوژمن جیا بکەنەوە و ئەگەر لە کاتی ئێستادا بە هەر هۆکارێک ناتوانن ئەو بڕیارە قورس و یەکلاکەرەوەی ژیان و چارەنووسیان بدەن، خۆ دەتوانن لە سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکدا بەشدار نەبن، تەنانەت گەلێک جاران بتوانن یارمەتیدەری هاوولاتی و هاونیشتیمانیی خۆشیان بن. واتە لانی کەم ئەگەر ناتوانن چەک دابنێن، بە کردار و هەڵسوکەوتیان وا بکەن چەند خاڵێکی باش لە کارنامەی ژیانتاندا تۆمار بکەن کە لە دواڕۆژدا بەکاریان بێت.

ئەو کەسانە جا بە هەر هۆکارێک بوونەتە جاش و هاوکار و چاوساغی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، دەبێت بەو یاسا سروشتییە بزانن کە دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکان ماوەی بەسەرچوونیان هەیە، جا دەرنگ یان زوو لەسەر دەسەڵات نامێنن و دەبن بە بەشێک لە مێژوو، بەڵام نەتەوە و خەڵک دەمێنن، ئەویش لە سەردەمی ئێستادا زەحمەتە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەک لەنێو بچێت و لە ئاکامدا سەرکەوتن هەر هی گەلە. بۆیە ئەگەر بیر لە خۆیان و چارەنووسیان ناکەنەوە، لە فکری خێزان و منداڵەکانیاندا بن. ئەو منداڵانە ناچارن هەر لەنێو ئەو نیشتمانەدا بژین و لەگەڵ ئەو خەڵکە هەڵسوکەوت بکەن، جا با لە ڕوویان هەڵبێت نازناوی باوکیان هەڵبگرن و بە ئاسوودەیی بژین، نەک هەتا مردن ئەو ناونیشانە دزێوە بە ناوچاوانیانەوە بێت.

هەموو مرۆڤێک بەشی خۆی هەست و سۆزی مرۆڤایەتی هەیە، ئەگەر لە بەرانبەر خەڵکی دیکەشدا نەیبێت و کردەوەی دڕندانە دەرحەق بە هاونیشتمانییانی بکات، لەو کاتەدا کە خۆی تووشی کارەسات دەبێت ئەو هەست و سۆزە مرۆڤایەتییەکان سەر هەڵ دەدات، باشە ئەو جۆرە کەسانە بۆ جارێکیش بێ وێنەی ئەو هەموو گەنج و لاوە کەم تەمەنانە کە لەو ماوەدا بەدەست و فیەشکی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید و بریندار و نقوستان بوون، بێنە بەرچاوی

خۆیان و پرسیار لە خۆیان بکەن، چۆنیان لە ڕوو هەڵدێت وەک هاونیشتمانی و هاوشاری و هاوگەڕەک و هاوماڵی چاو لە چاوی بنەماڵەی ئەو شەهیدانە بکەن. پرسیارە و بەرەورووی ئەوان دەکرێ کە ئێوە چیتان بەسەر هاتووە و دەسکەوتتان چ بووە کە بێبەری بوون لە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی؟ بۆیە با جارێکی دیکەش پێیان بڵێین کە ئێستا لە هەموو کات گونجاوترە وێژدانی نووستووتان وەخەبەر بێت و خۆتان لە شەرمەزاریی گەل و نیشتمان ڕزگار بکەن. بەڕاستی ئێوەی چەکی دوژمن لەشان ئەو دەنگە دڵێرانەی سەر گۆڕی شەهیدە جوانەمەرگەکانی دەستی زۆرداری نابیستن؟ نابینن کە دایکی جەرگسووتاو و باوکی ڕۆڵە لەدەستچوو چۆن لەنێو ئاپۆڕای هەراوی خەڵکی ماتەمگرتوو و و دڵ پڕ لە قینندا هاوار دەکەن و دەڵێن شانازی دەکەین ڕۆڵەکانمان لە ڕێبازی بەختەوەریی خەڵک و نیشتماندا شەهید بوون! گوێتان لە هاواری ئەو پیاوە نییە لەسەر گۆڕی ژنە شەهیدەکەی پڕ بە گەرووی هاوار دەکات و دەڵێت "فریشتە" چ شانازییەکی گەورەیە کە تۆ چوویە نێو کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە! گوێتان لە دەنگی ئەو باوکە نییە کە لەسەر گۆڕی کوڕە شەهیدە جوانەمەرگەکەی بە شانازییەوە دەڵێت لە بەر خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات و ٢٥ی گەلاوێژ ناوم ناوبوو "کۆمار".... . ئەگەر ئێوەی نازناوی جاشایەتیتان بۆ خۆتان بە خۆتان بڕاندووە تۆزقاڵێک وێژدانتان بجووڵێت و گوێی بیستنتان بکرێتەوە، حەتمەن ئەو دەنگانە دەبیستن کە لە گەرووی تاک بە تاکی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و کوردستان دێنە دەرێ و نەک پانتاییی ئێران، بەڵکوو سەرانسەری جیهانی تەنیوەتەوە. دڵنیا بن ئەو ڕۆژەش دێت گەردەلوولی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان تاج و تەختی کۆماری ئیسلامی تێکەوە پێچێت.

لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی دیاردەی جاشایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا بنەبڕ یان ڕوو لە کزی بدات، تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان لە سەریانە لە هەموو ئەو کەسانە نزیک ببنەوە کە کەوتوونەتە بەرەی دوژمن و هەوڵیان لەگەڵ بدەن واز لەو کردەوە قیزەونە و دوژمنکاریی نەتەوەی خۆیان بێنن و لانی کەم ئەگەر ناتوانن هاوڕێ و هاوبەمەستی خەڵکی خۆیان بن، هاوکار و چاوساغی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیش نەبن و بەشداری ئەو جینایەتانە نەبن کە لە کوردستاندا لەسەر دەستی ئەو هێزانە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان لە ئارادایە. چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنیان هەوڵیان داوە تۆوی نیفاق و دووبەرەکیی لەنێو ڕیزەکانی گەلدا دروست بکەن و ئەگەر ئەو نیزامە توانیوویەتی ڕێژەیەکی یەکجار کەم لە خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بە جۆرێک لە نێوان ئەو ڕادە کەمە و خەڵکی کوردستان دوژمنایەتی دروست بکات، ئەو هەلومەرجەی ئێستە باشترین دەرفەتە بۆ ئەوانەی فریۆیان خواردووە تا بگەڕێنەوە باوەشی خەڵکی خۆیان، چونکە سبەینێ زۆر دەرنگ دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەقامەکانی ئێراندا کۆمەڵکوژین

ماوەی نزیک بە سێ مانگە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتوونەتە سەر شەقام و ڕاپەرینێکی سەرانسەریی پێکهاتوو لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئاییینزاکان بەدژی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە سەر پێ و لە ئەنجامی دژکردەوەی توندی هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ئەو نیزامە، خەڵک هەموو خەتە سوورەکانی نیزامیان تێپەڕاندووە و خوازیاری نەمانی ئەو نیزامەن. توندوتیژی و دژکردەوەی هێزە ئەمنی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرانبەر خەڵکی وەزاڵەهاتوو و لە هەمان کاتدا دەستبەتاڵ بە ڕادەیەک توند بووە کە لە هێندێک ناوچەی وەک کوردستان و بەلووچستان بەپێی پێناسەی کۆنڤانسیۆن و پەیمانە نێونەتەوەییەکان، دەچێتە خانەی کوشتاری بەکۆمەڵ و لەنێوبردنی نەتەوەیەک. کاتێک باس لە کوشتاری بەکۆمەڵ دەکرێ بابەتەکە پێوەندیی بە ڕادەی کوژراو برینداروەوە نییە، بەڵکوو نییەتی کرداری بابەتەکەیە دەبێتە هۆکاری ئەسڵیی خوڵقاندنی ئەو جینایەتە. ڕەنگە سەلماندنی ئەو نییەتە کارێکی ئاسان نەبێ، بەڵام کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا دەرحەق بە گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی کورد و بەلووچ خۆی سەلمێنەری جینایەتی کوشتاری بەکۆمەڵن. بە تێڕوانینێکی خێرا لە جۆری دژکردەوەی هێزە سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیک بە سێ مانگی ڕابردوو دەرحەق بە گەلانی ڕاپەریوی ئێران بەگشتی و گەلی کورد و بەلووچ بەتایبەتی دەتوانرێ باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی کوشتاری بەکۆمەڵی ئەو دوو گەلە کە تەنیا تاوانیان ئەوەیە داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن، و لەو شێوە سەرکوتکردنە دەتوانین ئەو نییەتە بخوێنینەوە کە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە هەر لە سەرەتاوە بە کردەوە دژەئینسانییەکانی خۆیان دوژمنایەتییان لەگەڵ گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی چەوساوەی کورد و بەلووچ بە ئاشکرا سەلماندووە.

لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا خەڵکی ناڕازی لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەدژی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە سەر شەقام و دەنگی ناڕەزایەتییان بە شوعاری "ژن، ژیان، ئازادی" گەیاندۆتە گوێی هەموو ئازادیخوازانی دنیا، بەڵام بەرپرسانی نیزام خۆیان لە ئاستی ئەو دەنگە بەرزە ئازادیخوازییە کەڕ کردووە و کەوتوونەتە پاکانە و دیفاع لە کردەوە دژەئینسانییەکانی هێزەکانیان. لەو پێوەندییەدا قسە و پاساوی ئەوەندە نامرۆڤانە و ناپاساییان بۆ کرداری هێزە نیزامییەکانی خۆیان هێناوەتەوە کە لە هەر دادگایەکی دادپەروەر و جێگای باوەڕدا، دەتوانن بەڵگەیەکی قورس و قایم بن بۆ مەحکوومکردنی دەسەڵاتدارانی تاران. بۆ مینـاک دەتوانین ئاماژە بە بەشیک لە قسەکانی علی بەهادوریی جەهرۆمی، وتەبێژی دەوڵەت بکەین کە لە بەرچاوی ڕاگەیەندکارەکاندا سەبارەت بە سەرکوتی ناڕەزایەتیەکان



سەرچاوە
Serchawe

دەڵێ: "بۆ دەوڵەت وەک ئاوخواردنەوە بوو کە لە یەکەم ڕۆژەکانی نارەزایەتییەکاندا بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ خەڵکی نارازیی سەرشەقام و زانکۆ و بازاڕ ئیزن بە هێزە ئەمنییەتی و نیزامییەکان بدا لە فیشەکی جەنگی کەڵک وەربگرن وهەرکەس بە نارەزایەتی هاتبایە سەرشەقام بە فیشەکی جەنگی لێیان درابا و هەر زوو دەنگی ئەو نارەزایەتییانەمان کپ دەکرد... ."

کاتێک ئەو شێوە قسەکردن و دەربڕینانە لە وتەبێژی دەوڵەت دەبیستین، ناخی ئەو دەوڵەت و نیزامە بەتەواوی خۆی دەردەخا کە چەند دژی گەلانی ئێرانن و بەڕوونی دەردەکەوێ کە ئەو نیزامە چەندە خۆسەپێن و ستەمکارە و دوور لە شەرعییەتی خەڵکە بەگشتی، چونکە هیچ دەوڵەتێک لە زمانی هیچ کاربەدەستێکەوە تەنانەت لە ڕەدەی خوارەوەی دەسەڵاتیشدا بێ ئیزن بە خۆی نادا بڵێ دەمانتوانی هێزە ئەمنییەتییەکان ئیزن بدەین ڕوو بە خەڵکی نارازیی سەرشەقام لە فیشەکی جەنگی کەڵک وەربگرن و شانازی بە دەسەڵاتداریی خۆیان بکەن کە ئەو ئیزنەیان نەداوە و لەسەر خەڵکیش بیکەن بە منەت و بڵێ دەمانتوانی بیکەین بەڵام نەمانکردووە.

لەنێو پەندی پێشینیانی کوردەواریدا پەندیەک هەیە کە دەڵێ "مەودای درۆ بەری کورتە"، "یا درۆزن زەینی کوێرە". وتەبێژی دەوڵەت لە کۆماری ئیسلامی وادیارە درۆزنێکی زەینکوێرە، چونکە درۆیەکەی بەپێی کردەوەکانی هێزەکانیان لە بەربەرەکانێ لەگەڵ خەڵکی نارازیی سەرشەقام مەودای ئەوەندە کورتە کە بە هیچ پاساوێک بۆیان ڕاست نابێتەوە، ئاماری شەهید و بریندارەکانی ڕاپەڕینی ئەوجارە بە پێچەوانەی قسەکانی وتەبێژی دەوڵەت شتێکی دیکە دەسەلمێنن؛ هەر بە قسەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئاماری گیان لێئەستێندراوەکان لە ماوەی نزیک بە سێ مانگی ڕابردوو خۆی لە ٣٠٠ کەس داوە کە ئاماری ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بە پێچەوانەی ئامارەی حکوومەت باس لە ٥٠٠ کەس شەهیدی بێتاوان دەکەن کە لەنێو ئەو شەهیدانەدا بە ڕادەیەکی بەرچاو مێرمنداڵ دەبیندرێن، ئەوە بێجگە لە برینداربوونی سەدان کەس و دەستبەسەرکردنی هەزاران کەسە. لە بۆڵتەنە لەقاودراوەکەی سپای پاسدارانیشدا باس لەوە کراوە کە ژمارەی کوژراوەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارە پتر لە ئاخێزەکەی خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوییە کە ئەوکات باس لەوە کرا پتر لە ١٤٠٠ کەس لە ماوەی چەند ڕۆژێکی ئەو مانگەدا گیانیان لێ ئەستێندرا.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە لەو کوشتارەی هێزە سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی کردوویانە بەشی شێری وەبەر کوردستان و بەلووچستان کەوتووە و ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نییەتی بەکۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کورد و بەلووچیان هەیە و ئەو دژکردەوەیەی دەسەڵاتدارانی تاران دژی خۆپیشاندەران بەپێی قانوونە نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی کۆنڤانسیۆنی مەنعی کۆمەڵکوژی دەچێتە خانەی جینایەتی دژی مرۆڤایەتی. ماددەی دووی کۆنڤانسیۆنی مەنعی کۆمەڵکوژی دەڵێ:" لەو کۆنڤانسیۆنەدا، پێناسەی کوشتاری بەکۆمەڵ بەو مانایەیە، کوشتاری بەکۆمەڵ

بە هەریەک لەو کردارانە دەگوترێ کە بە مەبەستی لەنێوبردنی بەشێک یا هەمووی گرووپێکی نەتەوەیی، قەومی، یا مەزهەبی بەڕێوە بچێ، دەگوترێ". لە ماددەی سێهەمیشدا ئەو کردەوانەی دەستنیشان کردوون کە ئەگەر ئەنجام بدرێن سزایان لەسەرە.

لە سەردەمی ئێستادا کە ئێران وەک وڵاتێک ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە بەپێی یاساوڕیسا نێونەتەوەییەکان دەبێ پابەند بێ بە هەموو پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنەکانی پەسندکراوی ئەو ڕێکخراوەیە. بەڵام بەئاشکرا و لەپێش چاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە دەبینین کە ماوەی ٤٣ ساڵە دەسەڵاتدارانی تاران نەک پابەند نەبوون بەو یاساوڕێسایانە بەڵکوو بوونەتە سەرئێشەیەکی گەورەش بۆ نەزمی جیهانی، بە چەشنێک لە هەر جێگایەکی ئەو جیهانە پان وبەرینە کردەوەیەکی تێرۆریستی و تێکدەرانە ڕوو بدا حەتمەن پەنجەی تاوان بۆ لای کۆماری ئیسلامی ڕادەکێشرێ.

لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ هەتا سنووری کوشتاری بەکۆمەڵ لە سەرکوتی ڕاپەرینەکانی ئەو سێ مانگەی ڕابردوو بکەین کە لە هەمان کاتدا ئەو شێوازە سەرکوتەی نارەزایەتییەکان پێشێلکردنی کۆنوانسیۆنی مەنعی کوشتاری بەکۆمەڵە کە لەسەرەوە باس کرا ئەو کۆنوانسیۆنە لە ٩ی دێسامبر ١٩٤٨ لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کراوە و کوشتاری بەکۆمەڵی بەپێی یاسای نێونەتەوەیی خستۆتە ڕیزی جینایەتی گەورە و ئێران بێ هیچ قەید و شەرتێک ژێر ئەو کۆنڤانسیۆنەی لە ساڵی ١٩٤٩دا ئیمزا کردووە و ئەو کۆنڤانسیۆنە وەک هەموو یاساوڕێساکانی نیونەتەوەیی بە گۆڕین و لاچوونی حکوومەتەکان لەنێو ناچێ و هەر دەوڵەتێک جێگای دەوڵەتی پێشوو بگرێتەوە ناچار بە پابەندبوونی بڕگە و ماددەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنەیە، بۆیە کۆماری ئیسلامییش وەک نیزامی دەسەڵاتدار لە ئێران بەپێی قانوونە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەریەتی پابەندی پاراستنی نێوەرۆکی ئەو کۆنڤانسیۆنە بێ. بوونی ئەو کۆنڤانسیۆنە و ئەندامبوونی کۆماری ئیسلامی لەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەدا لە هەلومەرجی ئێستادا دەتوانێ بۆ ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و حیزب و سازمانە سیاسییەکانی دژبەری ئێران و بەتایبەتی بنەماڵەی شەهیدانی دەستی تاوانی کۆماری ئیسلامی ڕێگاخۆشکەر بێ بۆ ڕووکێشکردنی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بۆ دادگا نێونەتەوەیەکان بەتایبەتی کە لەو ماوەدا شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکارێکی تایبەتیان بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوازی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خۆپیشاندەران پەسند کرد بە مەبەستی دەرکەوتنی ڕاستییەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## سنووربەزاندنەکانی ئێران لە وڵاتەکانی تر لە ڕوانگەی یاساوە. دیمانەیەک لەگەڵ عومەر باڵەکی ئەندامی ڕێبەریی حدکا

**دیمانە: شەهلا حاجیڕەحیمی**

**پرسیار**: لە ڕۆنگەی بەڕێزتانەوە چ لە ڕووی ئەمنی و چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی دۆخی ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ پێتان وایە ئێران وەک وڵاتێکی ئاسایی بەڕێوە دەچێ یان نا؟

**وڵام**: نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ئێران هەتا ئێستاکە نەیتوانیوە لە بواری سیاسیی وئابووری وتەنانەت کۆمەڵایەتیەوە سەقامگیربێ. هۆکاری ناسەقامگیری سیاسیی وئابووری نیزامی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی تێروانی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بۆ پرسە سیاسیی وئابوورییەکان کە ئەو شێوە تێڕوانینە لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوو دا هەم لە نێو خۆی ئێران وهەم دەرەوەی سنوورەکان کێشەی سیاسیی وئابووری بۆ گەلانی ئێران دروست کردووە بە چەشنێک کە لە بواری سیاسییەوە لە پێوندییە نێو دەوڵەتییەکان بە چاوی گومانەوە دەروانە کارو کردەوەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران وئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر باردۆخی ژیانی خەڵک لە نێوخۆی ئێران، بە واتایەکی دیکە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی هەناردە کردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکان و دەست وەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دووروبەر ودروست کردن و پێکهێنانی تاقمی تێرۆریستی بناژۆخواز وای کردووە کە سەرمایەگوزارانی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی هیچ هەنگاویەک بۆ سەرمایەدانان لە نێوخۆی ئێران هەڵنەگرن و لە هەمان کاتدا پرۆژەی دەست وێڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا وای لە کۆمەڵگەی جیهانی بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کردووە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئابلۆقەی ئابووری بخەنە سەر ئەو وڵاتە کە راستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر ژیانی ئاسایی خەڵک وبۆتە هۆی ناسەقامگیری ئابووری لە نێو خۆی ئێران بە چەشنێک کە بە پێی ئامارەکانی خودی حکومەت لە حالی ئێستادا نزیک بە ٧٠لەسەدی خەڵکی ئێران لە ژێر خەتی هەژاری دا دەژین و کۆمەڵگەیەکی بەو جۆرە بەهەزاران نەخۆشی کۆمەڵایەتی وەک جیابوونەوەی ژن ومێرد، گیرۆدە بوون بە مادده هۆشبەرەکان، پەرەگرتنی دیاردەی لەش فرۆشی، پەرەگرتنی شەروئاژاوەی جۆراوجۆر لە نێو تاک وکۆی کۆمەڵگە.... سەریان هەڵداوە. بۆیە ئێران وەک وڵاتێکی ئاسایی بەڕێوە ناچێ چونکە لە ڕاونگەی دەسەڵاتدارانی تارانەوە کۆمەڵگەی ئێران سەغیرە واتا پێویستی بە چاوەدێر وسەرپەرەست هەیە بۆیە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران نوێنەری ئیمامی زەمانەولە ڕێگای ئەوەوە نوێنەری خوایە لەسەر زەوی ووەلی

ئەمری موسوڵمانانە وتەنیا ئەوە مافی بیر کردنەوە وبریار لەسەر دانی بۆ چارەنووسی خەڵک هەیە.

**پرسیار**: سیستمی سیاسی کە لە ئێران کاری پێ دەکرەێ چ جۆر سیستمێکە؟ پێتان وایە ئەو سیستمە وڵامدەرە یان وڵامدەر بووە و دەبێ بۆ ئەو هەمو پێکهاتەیەی وا لە ئێران دەژین؟

**وڵام**: هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو سیستمە بۆ هەموو دنیا سیستمێکی نا ئاشنا بوو، بە چەندین هۆکار یەکەم لە گەڵ سیستمە جیهانی یەکانی باو لەو سەردەمەدا زۆر جیاوازی هەبوو بە چەشنێک کە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ناموو بوو. دووهەم بنەماکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە سەر پایەکانی ئاین ومەزهەبێکی دیاری کراو دارێژاوە کە ئەو جۆرە سیستمە بە چەندین سەدەیە لە لایەن کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە بە مێژوو سپێردراوە. واتا لە سەدەکانی ناوەراست ودوای شۆرشی ڕێنسانس لە ئوروپا ئاین ومەزهەب بە شێوازی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە هیچ وڵاتێک دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوە نەبووە. سێهەم لە نیزامی ئێستای ئێران دا سیستمی کۆماری وئیسلامی بەدوای یەک دا بوونە پێناسەی سیستمی سیاسیی ئێران کە هەر ئەو پێناسەیە لە بنەرەتەوە ناتەبایی تێدایە چونکە سیستمی کۆماری لە سەر ئەساسی باوەردار بوون بە دەسەڵاتی خەڵک دادەمەزرێ واتا لە سیستمی کۆماری دا دەسەڵات لە لایەن خەڵکەوە دەست نیشان دەکرێ ولە هەمان کاتدا هەر لە لایەن خەڵکەوە پرۆسەی دەستاودەست کردنی دەسەڵات بەڕێوە دەچێ، بەڵام لەو سیستمە کە لەسەر بنەماکانی دین ومەزەبێک دامەزراوە هەموو یاسا وڕێساکان کە کۆمەڵگە لەسەریەتی بەڕێوەیان بەرێ لە دەسەڵاتی مرۆڤەکان بەدەرە ولەو سیستمەدا قانووندانەر بە پێی ئەو یاسایانە قانوون دادەرێژێ کە بە هەزاران ساڵ لەوە پێش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کاریان پێ کردوون و لەبەر ئەوە بە قانوونی ئیلاهی ناسراون مرۆڤەکان مافی ئەوەیان نییە دەست کاریان بکەن ئەو لە حاڵێک دایە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە رادەیەک پێشکەوتووە کە بۆ تەنزیم کردن ونەزم پێدانی کۆمەڵگە هەموو ساڵێک پێویستی بە قانوونی نوێ دەبێ. چوارم سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بواری ساختاری دەسەڵاتەوە بە تایبەتی دەسەڵاتەکانی ڕێبەری ئەو نیزامە هیچ جیاوازیەکی لە گەڵ نیزامی پێش خۆی واتا نیزامی پاشایەتی نییە. لە هەر دوو نیزام دا ( پاشا وڕێبەر) بە پێی ئەسل ومادەکانی قانوونی بنەرەتی ئێران نوێنەری خوا لەسەر زەوین ولە بەرانبەر قانوون دا بەرپرسیار نین وقسە وکرداریان قانوونەو دەبێ جێبەجێ بکرێ وتەنیا خۆیان سەلاحییەتی ئەوەیان هەیە ئەو قانوونانە هەڵبوەشێننەوە. بۆیە ٤٤ ساڵ لەوە پێش گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی راپەرین وروخاندیان ولە حاڵی ئێستاش دا دەبێنین دوای ٤٣ ساڵ دەسەڵاتداریەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکە گەلانی ئێران ڕاپەریوەن وخوازیاری لابردنی دەسەڵاتداریەتی نیزامی کۆماری ئیسلامین، چونکە نیزامی کۆماری ئیسلامیش وەک نیزامی پاشایەتی وڵامدەری نیازەکانی گەلانی ئێران نەبووە.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەو نیزامە چییە؟ وەک دەزانین لە دوو نیزامی سیاسی یەک لە دوای یەکدا نەیانتوانیوە مەشرووعیەتی خۆیان لە کوردستان وەرگرن و حیزبی دێموکراتیش وەک حیزبێکی بە ئەزموونی نیزیک بە یەک سەدەی کاری سیاسی بە چ هۆکارێک لەگەڵ ئەو سیستمانە ناگونجێ؟

**وڵام**: حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزرانییەوە بە پێی هەموو بەڵگەکان ومێژووی پڕ لە هەورازونشێوی سەلمێنەرەی ئەوەیە کە باوەری بە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کورد بووە وهەیە وبە پێی هەلومەرجی خەبات لەو چوارچێوەدا ستراتیژی خەباتی خۆی دارشتووە وبۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەموو کات لەسەر ئەو باوەرە بووە کە چارەسەر کردنی پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە ڕێگای ئاشتیانە پێویستە چارەسەر بکرێ، بەڵام بە داخەوە دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستان بە گشتی ودەسەڵاتدارانی تاران بە تایبەتی بە جیگای ئەوە لە ڕێگای ئاشتیانەو لەسەر میزی وتووێژ پرسی کورد لە گەڵ لایەنی کوردی تاوتوی بکەن وڕێگا چارەی بۆ بدۆزنەوە، ڕێگای شەر وسەرکوتی نیزامیان دەرحەق بە ویست وداخوازییەکانی گەلی کورد گرتۆتەبەرو ماوەی ٤٣ساڵە بە فتوای خومەینی ئەو شەرەماڵویرانکەرە بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووە وهەتا ئیستا بەردەوامە وحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزی سەرەکی بزوتنەوەی کورد لەو پارچە لە کوردستان ئەرکی دیفاع لە مان ومەوجودییەتی گەلی کوردی کەوتۆتە سەر شان وهەتا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠٠ پێنج هەزار کادرو پێشمەرگە و ئەندامی لەو ڕێبازەدا لێ شەهید بووە و تەنانەت لە مەیدانی شەر وبەربەرەکانی زیاتر لە ٣٠ ئەندامی ریبەری حیزب شەهید بوون کە لە نێویاندا شەهیدانی ڕێبەر شەهید پێشەوا قازی مەحمەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرفکندی دەبیندرێ.

ئەگەر چاو بە مێژووی خەباتی ئەو ٤٣ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بخشێنین بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە ویست و داخوازیەکانی گەلی کورد هیچ جیاوازیەکیان لە گەڵ ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات دا نییە، هەر بۆیە لە دوای ڕوخانی حکومەتی پاشایەتی کاتێک خومەینی ودارودەستەکەی لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە پرۆسەیەک دا بە ناوی ڕێفراندۆم سیستمی سیاسیی ئێران بە هێنانی ئەو پرسیارە لە نێوان سیستمی پاشایەتی وکۆماری ئیسلامی، گەلانی ئێران کامیان هەڵدەبژێرن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبی پێشرەوی کورد ئەو پرۆسەییە بایکۆت کرد و گەلی کوردیش هاودەنگ لە گەڵی حیزبی دێموکرات پرۆسەی بە ناوی ڕیفراندۆم بۆ دیاری کردنی سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێرانی بایکۆت کرد و ئەوە سەرەتایەک بوو کە هەتا ئێستا نیزامی کۆماری ئیسلامی نەتوانی لە کوردستان سەقامگیری سیاسیی بۆ خۆی دەستەبەر بکا. بە واتایەکی دیکە لە لایەک نیزامی کۆماری ئیسلامی نیزامی دڵخوازی گەلی کورد نەبووە بۆیە ئەو نیزامە هیچ پێگەیەکی لە نێوکۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە و لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بە چاوی ئەمنییەوە هەتا ئێستا ڕوانیویانە بۆ پرسی کورد لە ئێران. هەر بۆیە ڕۆژلەگەڵ ڕۆژپێگەی حیزبی

دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان بە هێزوبەهێزتر دەبێ.

**پرسیار**: بۆچوونتان وەک حیزبی دێموکرات بە نیسبەت نیزامی سیاسی داهاتووی ئێران و کوردستان چییە؟

**وڵام**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجی دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵە کە لەو سیستمە سیاسییەدا مافی هەموو گەلانی ئێران بێ جیاوازی و بە پێی پێوەرە جیهانییەکان دابین بکرێ ودین وەک کرداریەکی تایبەت بە مرۆڤەکان چاوی لێ بکرێ ولە سیاسەت جیا بێ.

**پرسیار**: هەر وەک هەموو دنیا ئاگادارن کۆماری ئیسلامی ماوەی نیزیک پێنج ساڵە زیاتر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کردووەتە ئامانجی هاویشتنی درۆن و هاژەکی خۆی و لەم دوایانەدا لێدان لە حیزبەکانی تریش، بەڕای ئێوە ئامانجی ئەو لەو کارە چییە لەگەڵ ئەوەی تێچووی هەر مووشەکێک بتوانێ ئەم هەلاوەسین و کێشە ئابوورییەی نێو ساختاری خۆی پێ چارەسەر بکا؟

**وڵام**: هەروەکی پێشتر باس کرا ، نیزامی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کورسی دەسەڵاتداری ئێران هەر بە قەوانەکەی ڕێژیمی پاشایەتی سەبارەت بە پرسی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێداوە وبە جیگای چارەسەرکردنی پرسەکە بە ڕێگای ئاشتیانە کەوتنە دژایەتی گەلی کورد ولە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوودا لە هیچ کردەوەیەکی دژە مرۆڤانە دژ بە گەلی کورد خۆی نەپاراستووە ولە زیندانی وئیعدام وتێرۆرەوە بگرە هەتا کەلک وەرگرتن لە چەکی جۆراوجۆر کە هیندێکیان تەنیاوتەنیا لە شەری نێوان دوو دەوڵەت دا بەکاردێن و تەنانەت بەشێک لەو چەکانە بە پێی یاسای نێو دەوڵەتی چەکی قەدەغەکراوەن کە نابێ بە دژی خەڵکی بێ دیفاع بە کار ببردرێن، بەکاری هێناوە. کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتاوە جیاوازی لە نێوان حیزبی دێموکرات و گەلی کورد داناوە و ئەو ڕاستییە دەزانی کە ئامانجەکانی گەلی کورد لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات جیاواز نین بۆیە هەر جۆرە کردەوەیەک بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ ڕوو بدا، خیرا دەسەڵاتدارانی تاران پێوەندی دەدەن بە حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکانی دیکە، هەربۆیە بیجگە لە سەرکوتی خەڵک لە نێوخۆی کوردستان و بە هەموو توانای نیزامی خۆی دەکەوێتە مووشک بارانی بنکەوکەمپەکانی شوینی ژیانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بەو مەبەستە کە ڕێبەری هەر نارەزایەتییەک لە نێوخۆی کوردستان حیزبی دێموکرات وهێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

سەبارەت بەو بابەتە کە کە هێرشە مووشکییەکانی کۆماری ئیسلامی قەیرانی ئابووری بۆ ئەو نیزامە دەخوڵقێنی، ئەوە



سەرچاوە Serchawe

ڕاستە کە هەزینەی مالی بۆ حکومەت دەباتە سەرێ، بەڵام ئەوە لە نیزامێکی دێموکراتێکدا حەتمەن دەبوو بە بابەتی لێکۆڵێنەوە و لێپرسینەوە کە حکومەت بودجە وهەزینەی وڵات بۆ ئاوا بە فیرۆ دەدا، بەڵام لە حکومەتێکی وەک کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە قیوم و سەرپەرستی خەڵک دەزانێ بە فیرۆ دانی سەروت وسامانی خەڵک بە لایەوە گرینگ نییە وتەنیا وتەنیا ئامانجی ئەوەیە لە ڕێگای هێزەوە هژموونی خۆی بسەپێنێ و بۆ ماوەیەکی زیاترتەمەنی دەسەڵاتداری خۆی درێژ بکاتەوە.

**پرسیار**: بە ڕای ئێوە بیری گشتی لە ئاستی نیودەوڵەتیدا دەتوانن ببن بە بەربەستێک کە ئێران ئەو سنوورانە نەبەزێنێ یان هێرش نەکاتە سەر سەروەری عێراق و هەرێمی کوردستان؟

**وڵام**: کۆماری ئیسلامی ئێران بە پێی ئامانجی هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی هیچ پابەندیەکی بە یاساوڕیسا نێودەوڵەتیەکان بۆ خۆی قائیل نییە. کارو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوودا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو نیزامە بە خوڵقاندنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی هەموو قەیرانە نێوخۆیەکانی ئێرانی پەردەپۆش کردووە. کۆمەڵگەی جیهانی کە لە ماوەی ئەو ٤٣ساڵەدا بە دەست کردەوە قەیران خوڵقینەکانی کۆماری ئیسلامی دەناڵێنی و لە حالی ئێستادا دەیانهەوی بەربەستێکی بۆ دابنین. بەڵام نابێ لە بیرمان بچی کە سەردەمی ئێستا سەردەمی بەرژەوندیەکانە و لە پێوەندیە نێو دەوڵەتیەکان هەر دەوڵەتە بەرژەوەندی خۆی لە بەرچاو دەگرێ و بە پێی بەرژەوەندی سیاسیی و ئابووری خۆی بریار لەسەر ڕووداوە نێو دەوڵەتیەکان دەدا. ئەوەی ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەرحەق بە بەزاندنی سنوورەکانی عیراق کردوویەتی بە ئاشکرا پێشێل کردنی سەروەری عیراق و دەسەڵاتداریەتی هەریمی کوردستانە.

**پرسیار**: وەک دێموکرات هەزینە و تێچووی زۆرتان داوە لەو هێرشە هاژەکی و درۆنییانەی کۆماری ئیسلامی ئێوە تا چ ڕادەیەک پێتان وایە لەو خەباتەتاندا بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی سەرکەوتوو دەبن؟

**وڵام**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی تەمەنی ٧٦ساڵەی خۆی دا هەر وەکی پێشتر باس کرا بە هەموو ئەو هەورازونشیوانەی لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی هاتووە لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاوە. کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٣ساڵە بانگەوازی ئەوە دەکا کە حیزبی دێموکراتی لە مەیدانی خەبات دەرکردووە وئاسەواریەک لە تێکۆشانی لە کوردستان نەماوە، بەڵام دەبینین بە هاتنە ئارای هەر نارەزایەتیەک لە کوردستان، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای جوراوجۆرەوە دەکەوێتە خۆ و بە هەر ڕێگایەکی لە توانای دابێ بە دژی حیزبی دێموکرات و خەباتگیرانی کوردستان دەجوڵێتەوە، جا ئەو جوڵەیە بە تێرۆرکردنی ڕێبەران و کادر



سەرچاوە
Serchawe

وپێشمەرگەکانی حێزب بێ یا بە هەنارده کردنی ماددەی سەمی و تەقاندنەوەی بۆمب بێ و یا لە ڕێگای مووشک باران وبۆمبارانی هەوایی بێت بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی فەرق ناکا ئەو کردەوانە لە کوێ وله چ قۆناخێکی زەمەنیدا بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کار دێنن، تەنانەت لە کاتی زەربەلێدان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یادیان دەچی کە ماوەی زیاتر لە ٤٠ساڵە لە ڕاگەیاندنی خۆیاندا بە دائیم ڕایانگەیاندووە کە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد سەرکوت کراوە و بە یەکجاری تەواو بووە بەڵام دەبینین هەر لەو ماوەدا کە گەلانی ئێران ڕاپەرینێکی سەرانسەریان بە دژی دەسەڵاتدارانی تاران بە شوعاری» ژن، ژیان، ئازادی» دەست پێ کردووە و چەغماخەی ئەو ڕاپەرینە بە شەهید کردنی «ژینا ئەمینی» بە دەستی پۆلیسی ئەخلاق لە تاران و لە کاتی بە خاک سپاردنی لە شاری سەقز دەستی پێ کرد بە تایبەتی کە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بانگەوازیدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بە شەهید کردنی «ژینا» دوکان و بازار دابخەن و لە بە خاک سپاردنیدا بە شێوەیەکی بەربەرین بەشدار بن کە بەخۆشێییەوە خەڵکی کوردستان وەک هەموو جارەکانی دیکە پێشوازیان لە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ئەو ناوەندەیە وبەو جۆرە یەکەم هەنگاوی ئەو ڕاپەرینە لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و لە ماوەیەکی کەمدا سەرانسەری ئێرانی گرتەوە، بە چەشنێک کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران و کوردستان توانای بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕاپەرینە بەربەرینەیان نەبوو بۆیە کەوتنە خولقاندنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکان ویەکەم هەنگاویان مووشک بارانی بنکەوشوێنی ژیانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وحیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی بوو بەو ئامانجە کە حیزبی دێموکرات لە مەیدانی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەر بکەن و یا بە چەشنێک لاوازی بکەن کە توانای بەڕێوەبردنی خەباتی نەبێ و لە خەڵکی کوردستانی داببڕن، بەڵام مێژووی حیزبی دێموکرات پێچەوانەی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنی کە حیزبی دێموکرات سەرچاوەکەی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەتا ئەو گەلە زیندوو بێ حیزبی دێموکراتیش لە سەر پێیە و لە جاران بە گوروتینتر درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدا.

**پرسیار**: ئێران هەتا ئێستا هاژەکی زەمین بە زەمین و دوورهاوێژی هەیە بەڕای ئێوە ئەگە دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگا دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی بپێکێ وەک ئەوەی کە دەیهەوێ هیلالی شیعی دروست بکا و ئێستاش دەیهەوێ چەکی ئەتومی دروست بکا ئێوە پێتان وایە بۆ ئامانجە درێژخایەنەکانیان ئەو هەوڵانەیان بەسوود دەبێ یان وەک بەشێک لە لێکۆڵەران ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران خەریکە بەرەو لە نێوچوون دەچێ و ئەوە دوایین پەلەقاژەکانی ژیانێتی؟

**وڵام**: هەر وەکی پێشتر باس کرا نیزامی کۆماری ئیسلامی نیزامێکە لە بواری ساختارییەوە وەک هیچ سیستمێکی سیاسیی

دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە ناچی و لە بواری بەرپرسایەتیش مێژووی ئەو ٤٣ساڵەی دەسەڵاتدارایەتی ئەو نیزامە ئەوەی بۆ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی سەلماندووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران نیزامێکی بەرپرسیار نییە، واتا یاخی لە یاسا و ڕێساکانی باوی نێو دەوڵەتییە، بۆیە دەست ڕاگەیشتنی بە چەکی ناوەکی دەتوانی مەترسێکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی بە گشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوراست بە تایبەتی دروست بکا. بۆیە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە ئیزن نەدەن کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی بە چەکی ناوەکی بگا و هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە کۆمەڵگەی جیهانی لە گەڵ ئەودا بە هەستیارییەوە دەڕواننە نارەزایەتییەکانی نێو خۆی ئێران بە دژی کۆماری ئیسلامی، بەڵام چاوەروانی ئەوە ناکەن بزانن ئەو نارەزایتیانە دەبنە هۆکار بۆ ڕوخانی ئەو ڕێژیمە یانا، بەڵکوو پرسی چەکی ناوەکی و دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی ئێران بەو چەکە وەک پرسێکی سەربەخۆ ولە هەمان کاتدا مەترسی داردەبینن بۆیە ئیزن نادەن کۆماری ئیسلامی دەستی بەو زانستە ڕابگا.

**کاک عومەری بەڕێز سپاس بۆ ئامادەبوونتان**

**سپاس بۆ ئێوەش و سەرکەوتن بۆ گۆڤارەکەتان**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢**

## بابەتی ساڵی ٢٠٢٣

## حیزبی دێموکرات و پرسی نەتەوەیی

دوای تێپەڕبوونی ٧٧ ساڵ بە سەر مێژووی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئەو ڕاستییەمان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد باشتر بۆ دەردەکەوێ کە ئەگەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا پێویستییەکی مێژوویی بوو لە بەدەستەوەگرتنی جڵەوی خەبات، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانیش خاڵی وەرچەرخانی گەشەکردن و پەرەستاندنی هەستی نەتەوەیی بۆ تاکوکۆی کورد و خۆ دەرخستنی هاوپێوەندی نەتەوەیی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بوو. باشترین بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونەوەش ئەوە کە ئەو بیر وئەندیشەی کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزرا و ئەو هێما نەتەوەییانەی لە کۆماردا بوونە ناسێنەری نەتەوەی کورد، لە سەردەمی ئیستاشدا و لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد وەک هێما و پێناسە بۆ ناساندنی گەلی کورد ڕوو بە دنیای دەرەوەی کوردستان کاریان پێ دەکرێ و جێگای ڕێز و حورمەتی کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی و تاکی کورد بە تایبەتییە.

کۆماری کوردستان لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمێکدا پێک هات کە جووڵانەوە نەتەوایەتییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەلایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا سەرکوت کرابوون و ئەو دەوڵەت نەتەوانەی (فارس، تورک، عەرەب) خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابوو، دوای سەرکوتی بێبەزەییانەی جووڵانەوەکان هەستیان بە دەستئاوەڵاییەک دەکرد بۆ ئەوەی بە یەکجاری کورد لە بواری فەرهەنگی و زمانییەوە لەنێو فەرهەنگ و زمانی خۆیاندا بتوێننەوە کە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ئەو خەون و خەیاڵەی دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستانی کردە بلقی سەر ئاو. چونکە بە دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووناکبیران و نەتەوەخۆشەویستان لە چوارپارچەی کوردستانی گەورەوە ڕوویان لە ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان واتا شاری مەهاباد کرد و لەژێر ئالایەک بە ناوی ئالای کوردستان کۆ بوونەوە و بەو جۆرە هاوپێوەندیی نەتەوەیی خۆیان پێشان دا و لە هەمان کاتدا زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمی نوسین و قسەکردن لە هەموو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتە نەتەوایەتیەکانی ئەو کۆمارە دامەزرا. بەداخەوە هەلومەرج و پیلانیگێریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ماوەیان نەدا کۆماری کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی و نەتەوەیی لە ناوچەکەدا درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی بدا و دوای یازدە مانگ



سەرچاوە
Serchawe

هەرەسیان پێهێنا، بەڵام هەرسهێنانی کۆماری کوردستان نەبوو بە هۆکار بۆ لە نێوچوونی دەسکەوتە نەتەوایەتیەکان وهەروەکی پێشتر باس کرا دوای تێپەر بوونی ٧٧ ساڵ بەسەر ئەو مێژوویەدا ئێستاش کاریگەریی بیروئەندیشەی کۆماری کوردستان بەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دیار و بەرچاوە.

مێژووی جووڵانەوەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا پڕە لە کارەسات و خوین و قوربانیدان، بەڵام جووڵانەوەی نەتەوەیی و مافخوازانەی ئەو گەلە بۆ چرکەساتێکیش لە جووڵە نەکەوتووە. لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا یەکێک لە کارئەکتەرەکانی گۆرەپانی ئەو خەباتە دوورودرێژ و پڕ لە قوربانییە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا پێشەنگایەتیی خەباتی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردووە بی ئەوەی لەو بەها نەتەوایەتییانە لا بدا کە کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزراند.

لە مێژووی ئەو ٧٧ ساڵەدا گەلێک حیزب و ڕێکخراو لە دنیای سیاسەت و گۆرەپانی خەبات لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتن و هەتا ڕادەیەکیش گەشەیان کرد، بەڵام دوای تێپەربوونی چەندین ساڵ ئاسەواریکیان لە کار و تێکۆشان لێ نەمایەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو مێژووە پڕ لە هەورازونشێوە لە خەباتدا هەروا بەپێوە ماوە و خۆشەویستیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. لێرەدایە دروستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە حیزبی دێموکرات چۆن توانیویەتی لە گەردەلوولی ئەو مێژووە پڕ لە کارەساتەی دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بە سەربەرزی قەلافەتی بەپێوە ڕابگرێ و گەلێک سەروەری بۆخۆی و گەلەکەی لە مێژوودا تۆمار بکا؟ بۆ وڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین سێ هۆکار بکەین بە بنەمای مانەوەی حیزبی دێموکرات:

**یەکەم**. حیزبی دێموکرات لە ناخی ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد سەری هەڵداوە، بەو مانایە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامانج و خولیاکانی خۆیان لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتدا دەبیننەوە.

**دووهەم**. پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەو ڕابردووە دورودرێژە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەشنێک بووە کە دەتوانین بڵێین بۆ خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆتە فەرهەنگ و کار و، تێکۆشانی ئەو حیزبە هەموو تانوپۆی کۆمەڵگەی کوردستانی داگرتووە، بە واتایەکی دی ژیان و داهاتووی سیاسیی ئەوان ئاوێتەی حیزبی دێموکرات بووە.

**سێهەم**، کۆڵنەدان و فیداکاری و لە خۆبوردوویی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا لە بەرانبەر دوژمنە سوێندخواردووەکانی گەلی کورد لە ئێران. ئەو سێ هۆکارە هەروەکی پێشتر باس کرا دەتوانن کاکڵی مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەیدانی خەباتدا بن.

لە ماوەی ٧٧ ساڵی ڕابردوودا هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم لە ناوچەکانی دیکەی ئێران خەبات و دژایەتیکردن بەدژی نیزامی پاشایەتی و نیزامی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بووە و دەیان حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر بە بیر و تێڕوانینی جیاواز لە یەکتر لە نێوخۆ و دەرەوی ئێران دروست بوون و هەر کامیان بە شێوازی خۆیان لەدژی نیزامی پاشایەتی و نیزامی کۆماری ئیسلامی خەباتیان کردووە و لەو نێوەشدا بەشی شێری ئەو خەبات و بەربەرەکانییە بەدژی هەردوو نیزامەکان وەبەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووە کە حیزبی دێموکرات یەکێک لە کاراکتێرە سەرەکییەکانی ئەو خەبات و بەربەرەکانییە بووە. لەو خەبات و بەربەرەکانییە دژوار و سەختەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو کات هەوڵی داوە پێبەندی ئەو بنەما نەتەوەیی و دێموکراتیکە بێت لەسەری دامەزراوە.

حیزبی دێموکرات ڕوانگەی بەنیسبەت سیستمی سیاسیی ئێران چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ڕوون و ئاشکرا بووە. کە چاو بە دێکیومێنت و بەڵگەکانی تایبەت بەو بابەتەدا دەخشێنین، سیاسەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتمان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێ. ئەو حیزبە هەموو کات لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە ئێران وەک یەکەیەکی جوغرافیایی وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئەو ڕاستییە ڕووبەڕوو دەبین کە گیروگرفتی نیزامە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران، پرسی چارەسەرنەکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی ئەو نەتەوانە بووە. بەداخەوە دەسەڵاتدارانی تاران چ لە نیزامی پاشایەتی و چ لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا هەموو کات خۆیان لە ئاستی ئەو ڕاستییە گێل کردووە و هەوڵیان داوە لەبری چارەسەری ئاشتییانەی پرسەکە، لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە جووڵانەوە مافخوازییەکانی ئەو نەتەوانە بەتایبەتی گەلی کورد سەرکوت بکەن و ئەوە وای کردووە گەلی کورد ناچار بێت بکەوێتە پاراستنی مان و مەجوودییەتی خۆی و لەو سونگەیەوە پەنای بۆ بەرگریی چەکداری بردووە. کاتێک دوژمنی دەسەڵاتدار نەیتوانیوە بە زەبری هێز جووڵانەوەی کورد بە چۆک دابێنێ ئەو جار بێ کار دانەنیشتووە و پەنای بردووە بۆ پڕوپاگەندەی بێبنەما و لە ڕێگای دامودەزگای تەبلیغیی خۆیەوە هەوڵی داوە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئێران بەرەو ئەوە ڕابکێشێ کە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵ دەدەن بۆ جیابوونەوە لە ئێران. هەروەک باس کرا ئەوە خۆگێلکردن و خۆبواردنە لە بنەڕەتی پرسەکەیە، چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ئێراندا گەلانی زۆرلێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی ئێران پێک دێنن و خوێندن بە زمانی زگماکی، پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازیدانانی ئابووری و سیاسی و لە هەمووی گرینگتر دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان بەشێک لە مافە ڕەواکانی ئەو گەلانەن.



سەرچاوە
Serchawe

بەپێی هەموو پێوانە نێودەوڵەتییەکان لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو گەلانە بەپێچەوانەی ئیددیعای ژمارەیەک لە دوژمنـان، هانـدانی گەلان بـۆ جیـابوونەوە نییـە، بەڵکوو داننـان بە مـافە نەتەوایەتییەکـانی ئەو نەتەوانە دەتـوانی زامنـی دابینکردنـی یەکیەتیـی ڕاستەقینەی ئەو گەلانە لـە چوارچێـوەی ئێرانێکـی دێموکڕاتیکـدا بـێ. بەو مانـایە داننـان بە مـافە نەتەوایەتیەکـان و پاراسـتنی ئازادییـە دێموکراتییەکـان و چەسـپاندن و پتەوکردنـی مـافی شـارومەندی دەتـوانی بنـاخە و ژێرخانی ڕێژیمێکی گەلـی و دێموکرات بـێ کە ڕەواییەتـی خۆی لە خەڵـک وەرگرتبـێ. خۆ ئەگەر ئەو ئەسڵەش وەک بنەمای داهاتووی ئێران دابنێین کە بەبێ بوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیی ڕاستەقینە مافەکـانی گەلـی کـورد و گەلانـی دیکە لە ئێرانـی دوای نەمانی کۆماری ئیسلامیدا دابین ناکرێ؛ دەبێ ئەو ئەسلەش وەبیر هەموو لایەک بینینەوە کە هیچ ڕێژیمێک لـە ئێرانـدا ناتوانی لە بواری سیاسیی و ئابووری و ئەمنییەتییەوە سەقامگیر بێ بێتوو نەتوانێ پرسی نەتەوایەتیی گەلانـی ئێران وەک خۆی ببینێ و چارەسەریان بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی جانیۆیری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## بڕیاردان لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی سروشتی و یاسایی دانپێدانراو

کوژرانی ژینا ئەمینی کچەکوردی سەقزی کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١هەتاوی لە تاران بە دەستی پۆلیسی گەشتی ئیرشاد شەهید بوو، نارەزایەتی بەربەرینی خەڵکی ئێرانی لێ کەوتەوە، بە چەشنێک کە دەتوانین بڵێین شەهیدبوونی ژینا و ئاخێزی نوێی خەڵک بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستپێکی قۆناخێکی نوێ لە خەباتی خەڵکی ئێران بەدژی سیستمی سیاسی و دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامییە. بە چەشنێک کە نارەزایەتییەکانی بە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی شار و ناوچە جۆراوجۆرەکان لە سەرانسەری ئێرانی گرتەوە و بێ جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی، هەموو گەلانی ئێران تێیدا بەشدار بوون.

لەگەڵ ئەوەدا کە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە سەرکوتی خۆپێشاندەران لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بەتوندی دەستی پێ کرد، بەڵام تەوژمی ڕاپەرینەکە بە چەشنێک بوو کە وا بەئاسانی هێزە سەرکوتکەرەکانی نیزام نەیاندەتوانی نارەزایەتییەکانی سەرشەقام لە سەرانسەری ئێران سەرکوت بکەن و هەر ئەوە وای کرد کە دنیای دەرەوە بەتەواوی هەست بە پێگەی لاوازی نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات بکا و هەم هەست بە ئیرادەی گەلانی ئێران کرا کە تێکڕا خوازیاری نەمانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانن. لەلایەکی دیکەوە ڕاپەرینی ژینا سەلماندی کە بە ئۆپۆزیسیۆنی پرش‌وبڵاو ناکرێ بەهانای خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەستی کۆماری ئیسلامییەوە بچیت و ببیتە بەدیل و جێگرەوە. هەر ئەوەش وای کردووە کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات هەرکام بە شێوازی خۆیان بکەونە خۆ بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەک لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێک بێ و بە هاوکاریی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات بتوانرێ هەل و بواری باشتر بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی خۆش ببێت.

لەو نێوەدا چەغماخەی ڕاپەرینی ژینا بە شوعاری "ژن، ژیان، ئازادی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە و بە ئیرادەی گەلی کورد و لەسەر داوای ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لێ درا و ئەوجاریش کوردستان بوو بە ناوەندی نارەزایەتییەکان بەدژی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی و دەرکەوت لە خەبات بەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، کوردستان زۆر جیاوازترە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران. ویست و داخوازیی کۆمەڵگەی کوردستان جگە لە هەوڵدان بۆ ژیانی باش و خۆشبژێوی و ئازادییە تاکەکەسییەکان، خەباتێکی بەردەوام و خوێناوی لەو ماوەی ٧٨ ساڵی ڕابردوو دا بۆ دەستەبەرکردنەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی هەم لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و هەم لە سەردەمی نیزامی کۆماری ئیسلامی



سەرچاوە
Serchawe

سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن و بەپێچەوانەی پروپاگەندەی دەزگای ڕاگەیاندن و تەبلیغاتیی هەردوو ڕێژیم ئەو ویستە نەتەوایەتی و شوناسخوازییە، ویستی ڕەهای کۆمەڵگەی کوردستانە کە لە سیاسەت و بەرنامەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە بنەمای سیاسەتداڕێژی و خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئێستا پاش تێپەڕینی چوار مانگ بە سەر ڕاپەڕینی ژینا، هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لە بازنەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی فشاری زۆریان لەسەرە، بە ڕادەیەک کە هەموو لایەک هەست بەو دەکەن کە ئۆپۆزیسیونی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەبێ پەلە بکات لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەهێز کە هەموو لایەنەکان لە خۆ بگرێ، بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەتوانن لەوەندە زیاتر خوێنی ڕۆڵە بێتاوانەکانی ئەو وڵاتە بڕێژن و درێژە بە دەسەڵاتی کۆنەپەرەستانەی خۆیان بدەن. بە ڕواڵەتیش هەموو لایەک لە ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی هەستیان بەو دۆخ و زەروورەتە کردووە، بەڵام ئەوی جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەیە ئەوە کە بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی لە لێدوان و گوتاریاندا بەئاشکرا دژایەتیی گەلی کورد دەکەن و لەهەمبەر مافی ڕەوا و بەرحەقی ئەو نەتەوەیە کە ڕووبارێک خوێنی بۆ داوە، هەر بە تەشییە کۆنەکەی دەسەڵاتدارانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دەیرێسن. ئەوان بەبێ ئەوەی خەبات و بەربەرەکانیی ئەو ماوە دووروودرێژەی گەلی کوردیان لە بەرچاو بێ، تۆمەتی یەکسان و وەکیەک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە گەلی کورد و حیزبەکانی کوردستان دەبەشنەوە.

ئەگەر گەلی کورد و حیزبەکانی کوردستانی ئێران خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیون، ڕووخانی نیزامی کۆماری ئیسلامییە، بە اخەوە ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنیش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خاڵی هاوبەشیان ڕوو بە خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە هەر دووکیان بە تۆمەتی "تجزیەطلبی" هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر بزووتنەوەی کوردستان. ئەویش لە کاتێکدا کە لە سەردەمی ئێستادا و بەپێی قانوونە نێو نەتەوەییەکان، جیابوونەوەی نەتەوەیەک لەو وڵاتەی کە تەنیا نەتەوەیەک دەسەڵاتدارە و مافی تاکوکۆی نەتەوەکانی دیکەی تێدا پێخوست و بە ناوی قانوون و دین و مەزهەبەوە هەموو مافە سروشتی و ئینسانییەکانیان بەئاشکرا پێشێل دەکرێ، نەک تاوان نییە. بەڵکوو مافێکی سروشتی و قانوونیی ئەو نەتەوەیەیە کە لە هەموو مافەکانی بێبەش کراوە. بەڵام باشە وەبیر ئەو لایەنانە بهێنینەوە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی نوسراو و گوتراوی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە مەیدانی خەبات بۆ وەدەستخستنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستاندا هەبوون و هەن باسێکی لەو بابەتە کە کورد لە بەرنامەیدایە لە ئێران جیا ببێتەوە نەبووە و نییە. ئەدی هۆکاری چییە کە وا بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتۆتە بەر هێرشی هەر دوولایەنی دژبەری یەکتر؟ وڵامی ئەو پرسیارە دەتوانێ ئەمە بێت کە هەم ئەو بەشە لە

ئۆپۆزیسیون وهەم کۆماری ئیسلامی کە هێرش دەکەنە سەر بزووتنەوەی کورد، ئامانجی خۆیان هەیە. ئامانجی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیون بەتایبەتی لایەنگرانی زیندووکردنەوەی پاشایەتی ئەوەیە کە کورد بخەنە سەنگەری بەرگری و بە جێگای بەشداریکردنی چالاکانە لە پرۆسەی سیاسیی داهاتووەی ئێران لە هەوڵی سەلماندنی ئەوەدا بێ کە نایهەوێ لە ئێران جیا بێتەوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییش هەمان تێڕوانینیان هەیە بەڵام بەو ئامانجە کە گەلانی دیکەی ئێران لە بزووتنەوەی کوردستان بترسێنن، گوایە کوردەکان دەیانهەوێ لە ئێران جیا ببنەوە و بۆ تەکمیلکردنی ئەو سیناریویە دیسان دەست دەبنەوە بۆ ئەو تۆمەتە بێبنەمایە کە جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد دەستکیسی وڵاتانی دەرەکییە.

لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا مێژووی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەواشە دەکرا و دەگوترا سەر بە وڵاتانی کۆمۆنیستی و بەرەی یەکیەتیی سۆڤییەتە، لە نیزامی کۆماری ئیسلامییشدا تەنیا عینوان و ئادرەسەکەیان لە ماوەی ئەو ٤٣ساڵە دا گۆڕاوە و دەڵێین بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان سەر بە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا و ئیسرائیلە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی ئەو دەستە و تاقمە کە نایانهەوی تێ بگەن و لە هەمانکاتدا چاوی دیتنی ئەو ڕاستییەیان نییە کە حیزبەکان و جووڵانەوەی مافخوازانەی کورد هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەی کوردستانە و بە چەواشەکردنی ڕاستییەکان و سەرکوت و زەبروزەنگ ناتوانن گەلی کورد لە وەدەستختستنەوەی مافەکانی پاشگەز بکەنەوە و تەسلیمی بکەن.

لە سەردەمی ئێستادا مافی دیاریکردنی چارەنووس چ لە بازنەی مافەکانی نێوخۆیی و چ لە بازنەی مافەکانی نێونەتەوەییدا بۆتە چەمکێکی دیار و بەرچاوی قانوونە نێونەتەوەییەکان و مافی مرۆڤ. ڕەنگدانەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە قانوونە نێونەتەوەییەکان و مافەکانی مرۆڤ بە ڕادەیەک دیارە کە ناتوانرێ سەرنجیان پێ نەدرێ. چونکە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە قانوونە نێونەتەوەییەکاندا بۆتە قاعیدەیەکی ئەمری و بنەمای پاراستنی مافەکانی مرۆڤە بە چەشنێک لادان لەو قاعیدە بەرپرسایەتیی قانوونی بۆ دەوڵەتەکان دروست دەکا، بە واتایەکی دیکە ئەو ئەسڵە پابەندییەکی گشتی بۆ دەوڵەتەکان لە بەرانبەر کۆمەڵگەی جیهانیدا پێک دێنێ.

ئەسلی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی بنەڕەتی بنەمای مافەکانی مرۆڤ پێک دێنی کە بەپێی ئەو ئەسلە هەموو تاکوکۆی کۆمەڵگە، بێ لە بەرچاوگرتنی جیاوازییە نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبی و ڕەگەزی دەتوانن لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری پێوەندیدار بە خۆیان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بەشدار بن و بڕیاری لەسەر بدەن، بەو واتایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان ئاکامی کۆکراوەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی تاکەکانی کۆمەڵگەیە. مافی هەڵبژاردن و بڕیاردانی تاک لە بستێنی گشتی و نیشتمانیدا و لە ئاکامدا وەک

مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە خۆ دەنوێنێ.

گەلی کورد لەو بەشە لە کوردستان کە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تاران لانیکەم لە سەد ساڵی ڕابردوودا و لە دوای پێکهاتنی دەوڵەت نەتەوە لەسەر دەستی "ڕەزاخان" لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش کراوە. ماوەی ٧٨ساڵیشە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ وەدەستخستنی ئەو مافە سروشتییە زەوتکراوەی گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان خەبات دەکا و لەسەر ئەو باوەڕەیە بەبێ دانان بە مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران لەلایەن هەر دەسەڵاتێک کە لە تاران لەسەر کار بێ، ناکرێ و ناتواندرێ حکوومەتێکی سەقامگیر و هەموو لەو وڵاتەدا چێ بێ.

لە مادەی یەکەم و دووهەمی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە کە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدرالی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا و دروشمی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدایە. هەروەک لە ناوەڕۆکی ئەو دوو ماددەیە لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا دەر دەکەوێ کە تەنیا ڕێگای گەیشتن بە مافەکانی گەلی کورد خەباتی هاوبەشە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران کە باوەڕیان بە دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ تاک وکۆی کۆمەڵگەی ئێران هەبێ و ئەو ڕاستییەی کۆمەڵگەی ئێرانیان لا سەلمێندرا بێ کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و لە وڵاتێکی ئێرانی فرە نەتەوەدا بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتێک و سەردەمیانە پێویستی بە یەکیەتییەکی داخوازانەی هەموو گەلانی ئێران هەیە. هەموو کات حیزبی دێموکرات لە سەر ئەو باوەرە بووە و هەیە کە مافی بریاردان لە چارەنووس پێوەندییەکی دوولایەنەیەی هەیە بە دێموکراسی وپاراستنی مافەکانی مرۆڤ. واتا هەر سیستمێکی سیاسیی لە داهاتووی ئێراندا ئەگەر لەسەر بنەمای دێموکراتیک و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دانەمەزرابێ، ناتوانی پابەندی ئەو ئەسڵەبێ کە تاک لە کۆمەڵگەدا و کۆمەڵگە بەگشتی لەسەر چارەنووسی خۆی بتوانێ بڕیار بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣

## جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و کاریگەریی لەسەر ڕاپەرینی ژینا

زیاتر لە سەد ڕۆژە شەقامەکانی ئێران بوونەتە گۆڕەپانی ململانێی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە دەسەڵاتی ئاخوندی لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە هێزی سەرکوتگەری کۆک وپۆشتەی ڕێژیم کە لە بەرانبەر دەستی بەتاڵی خەڵک دەست لە هیچ جینایەتێک ناپارێزن.

لەو ماوەیەدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوشان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران لەو نارەزایەتییانەدا بەشداریی چالاکانەی هەبووە، بە چەشنێک کە دوور لە چاوەڕوانی دەسەڵاتدارانی تاران بووە. چونکە دەسەڵاتدارانی تاران لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو ئیمکاناتی نیزامی، سیاسیی، ئابووری و فەرهەنگی هەوڵیان داوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەچۆک دابێنن و لە ویست و داخوازییەکانیان پاشگەزیان بکەنەوە و کەلین و درز باوێنە نێوان گەلی کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام دیتمان دوای ئەوەی لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان پۆلیسی بەناو ئەخلاقی کۆماری ئیسلامی بەناحەق کچە کوردی شاری سەقز، ژینا ئەمینییان لە تاران شەهید کرد و بەدوای بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتنی گشتی و داخستنی دوکان و بازار، کوردستان تێکڕا وەڵامی ئەو بانگەوازەی دایەوە.

کوردستان کە ماوەی ٤٣ ساڵە بە هەموو شێوازەکانی خەبات دژ بە سیاسەتەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەبات و بەربەرەکانیدا بووە و لەو ماوە دوورودرێژەدا بە ڕووبار خوینی لە بەر ڕۆیشتووە، کەچی بۆ چرکەساتیکیش سیاسەتی سەرکوتکارانی ڕێژیم نەیتوانیوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەبات بۆ وەدەستخستنی مافەکانی سارد بکاتەوە. بۆیە لەو هەلومەرجەشدا چاوەڕوانکراو بوو کە خەڵکی کوردستان وەک ساڵانی پێشوو بەدەم بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە بین و ئەو بەدەم بانگەوازهاتنە کە بۆ دەربرینی نارەزایەتی بە شەهیدکرانی ژینا ئەمینی بوو، سەرەتای ڕاپەرینێکی جەماوەریی بەربەرین بوو لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ١٦٠ شار و شارۆچکەی ئێرانی گرتەوەهەر زوو دەنگی ئەو ڕاپەرینە جەماوەرییە سنوورەکانی ئێرانی بڕی و دەنگی نارەزایەتیی گەلانی ئێران بە گوێی گەلانی دیکەی جیهان گەیشت و شەپۆلێکی بەربەرین لە هەست و سۆز و پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی لە خەڵکی ڕاپەریوی ئێران دروست بوو، و پێ بە پێی چوونەپێشی نارەزایەتییەکان سەرکوتی بێبەزەییانەی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم توندوتوندتر دەبوو و ئەوە بیجگە لە بەرحەقبوونی داواکاریی خەڵکی



سەرچاوە
Serchawe

ناڕازیی سەرشەقام ئەو توندوتیژییانەی هێزەکانی ڕێژیم هۆکارێکی گرینگ بوون کە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانیدا زیاتر لە جاران تەریک بکەوێتەوە و خەڵکی ناڕازی سوورتر بکا بۆ مانەوەیان لەسەر شەقامەکان و دەربرینی ناڕەزایەتی.

ڕەوتی ڕووداوەکان بە ڕادەیەک خیرا بوو کە دەسەڵاتدارانی تارانی بۆ ماوەیەک تاساند، چونکە قەت لە باوەڕیاندا نەبوو کە ڕووداویکی وەک شەهیدکردنی کچە کوردێک لە تاران ببێتە سەرەتای ڕاپەڕینێکی جەماوەریی بەربەرین کە سەرانسەری خاکی ئێران بگرێتەوە و پایەکانی دەسەڵاتداریەتی ئەو نیزامە وەلەرزە بخا.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پێیان وابوو وەک ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو لە ماوەی چەند ڕۆژ یا حەوتوودا بە هۆی دەستێوەردانی هێزە نیزامی و ئینتزامییەکانەوە دەتوانن ئەو ناڕەزایەتییانە کپ دەکرینەوە و خەڵکی ناڕازی شەقامەکان چۆڵ دەکەن و دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان و دنیای دەرەوەش لە بەر ساتوسەودای ئابووری و بەرژەوەندییەکانیان چاوپۆشی لە سەرکوتی خەڵک دەکەن. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و درێژەکیشانی ناڕەزایەتییەکان و مانەوەی خەڵک لەسەر شەقامەکان و هاتنەئارای دروشمە پێکهاتەشکێنەکان کە بنەما و بنچینەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی کردبووە ئامانج و نیشانە، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی دەسەڵاتدارنی ڕێژیمی سەلماند. چونکە ڕق و بیزاریی پەنگخواردووی گەلانی ئێران لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوو بە چەشنیک بوو کە تەنیا پێویستی بە ڕووداویک بوو کە بە ڕووی دەسەڵاتدارانی تاراندا بتەقێتەوە. بە واتایەکی دیکە تەقینەوەی ئەوجارەی گەلانی ئێران بە ڕووی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا کە ڕوخساری ڕاپەڕینێکی بەربەرین و هەمەلایەنەی بە خۆیەوە گرتووە، بەرهەمی کۆمەڵێک سیاسەتە کە سەرچاوەگرتووە لە بنەماکانی نیزامی کۆماری ئیسلامییە. وەک ڕەچاونەکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران، بەرتەسککردنەوەی بازنەی دەسەڵات لە تاقمێکی دیاریکراودا، هەوڵدان بۆ کۆمەڵگەیەکی یەکدەستی فەرهەنگی و تواندنەوەی هەموو فەرهەنگ و کولتوورەکان لە فەرهەنگ و کولتووری دەسەڵات، سیاسەتی دەرەکیی دوژمنساز و تەریککەوتنەوەی ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانی، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان (هەناردەکردنی شۆرش) و...، ئاکامی هەموو ئەو سیاسەتە چەوت و هەڵانە لە نێوخۆی ئێران ڕەنگی داوەتەوە و کۆمەڵگەیەکی هەژار لە بواری ئابووری و تینوو بە ئازادیی بەرهەم هێناوە، بۆیە ڕووداویکی وەک شەهیدبوونی "ژینا ئەمینی" توانی ببێتە چەخماخەی ڕاپەرینێکی سەرانسەری لە ئێراندا.

کاتێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتنە خۆ بۆ ئەوە پێش بەو ڕاپەرینە بەربەرینە بگرن، بە جیگای ئەوە داوای لێبوردن لە خەڵک بکەن و هەوڵ بدەن بکەرانی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی بدەنە دادگایەکی دادپەروەر بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، وەک سیاسەتی هەمیشەییان دەستیان بۆ کەرەسەی سەرکوت برد و هێزە نیزامییەکانی خۆیان ڕژاندە سەر



سەرچاوە
Serchawe

شەقامەکان و بێسڵەمینەوە دەستیان لە هیچ جینایەتێک نەپاراست؛ بە چەشنێک هەتا ئێستا بەپێی ئامارە زانراوەکان زیاتر لە پێنجسەد کەس لە گەنج و لاوی ئێران و کوردستانیان لە شەقامەکان شەهید کردووە و زیاتر لە چەند هەزار کەس بریندار بوون و بە هەزارانیش دەستبەسەر و ڕاپێچی زیندانەکان کراون. هەر بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی تاران بیسەلمێنن کە ژینا ئەمینی یان نەکوشتووە! لە هەمان کاتدا لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژە ڕاپەڕینەدا شێوازی سەرکوت و بەرەنگاری هێزەکانی دەسەڵات لەگەڵ خۆپێشاندەران لە کوردستان و بەلووچستان زۆر جیاوازتر بووە لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئامارەی شەهید و بریندار و دەستبەسەرکراوەکان لەو دوو ناوچەیە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە سەرکوت لە کوردستان و بەلووچستان زۆر بێبەزەییانە و دوور لە هەموو پرنسیپێکی ئینسانی و حکومەتداری بووە.

سەرکوت و زەبروزەنگ نواندنی دەسەڵاتدارانی تاران لە کوردستان شتێکی نوێ نییە و چونکە هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئێران، ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی (خومەینی) فتوای جیهادی بە دژی گەلی کورد دەرکرد و شەڕێکی نەخوازراو و نابەرابەریان بە سەر گەلی کورددا سەپاند کە بەداخەوە هەتا ئێستاش ئەو شەڕە لە وێناوشکلی جیاوازدا درێژەی هەیە و ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەی حوکمرانیی ئەو نیزامە سیاسییە، کوردستان بە چاوی ئەمنییەتییەوە سەیری کراوە. بەڵام بەپێچەوانەی ویستی ڕێژیم گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا تەحەمولی هەموو سەرکوت و ئەزیەت و ئازارێکی کردووە و لە خەبات بۆ وەدەستخستنی مافەکانی هیچ جۆرە پاشەکشەیەکی نەکردووە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە گەلی کورد خاوەنی حیزبی ڕەسەن و بەئەزموونە بەو مانایە کە ویست و داخوازیەکانیان لە چوارچێوەی بەرنامەی حیزبەکاندا ڕێک کەوتووە و بە چەشنێک کە لە بواری سازماندەیی و ڕێکخستنەوە جیاوازییان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران هەیە، بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران لەگەڵ ئەودا کە ماوەی ٤٣ ساڵە لە دەزگاکانی تەبلیغی و ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا بە گوێی گەلانی ئێراندا دەچرپێنن کە توانیویانە حیزبەکانی کوردستان سەرکوت و لە مەیدان بەدەریان بکەن، بەڵام کردەوەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی درحەق بە حیزبەکانی کوردستان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای دژواربوونی مەیدانی خەبات هەروا بە گوڕوتین لە مەیدانی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامیدان. بۆیە دەسەڵاتدارانی نیزام و بەتایبەتی فەرماندەرانی سپای پاسداران ئەو جاریش هەروەک جارەکانی دیکە بە بیانووی پروپوچی وەک بەشداریی هێزی پێشمەرگە لە نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان و بوونی بنکەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەنێو بنکەوبارەگاکانی حیزبەکان، لە پێشنیوەڕۆی ٦ی ڕەزبەر، واتا تەنیا ٨ ڕۆژ دوای دەستپێکردنی ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستان و ئێران سپای پاسداران بە دەیان مووشک و درۆنی خۆکوژ بنکەوشوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نیشتەجی لە باشووری کوردستان کردە ئامانج؛ بەو خەیاڵە کە بە سەرکوتی درندانەی خەڵکی کوردستان لەسەر شەقامەکان و مووشەکباران کردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن پاشەکشە



سەرچاوە
Serchawe

بە خەڵک و حیزبەکان و لە مەیدان بەدەریان بکەن و لە هەمان کاتدا پەیام بدەن بە گەلانی دیکەی ئێران کە نەکەن هاودەنگی کوردستان بن ئەوە کورد خەریکە تەواویەتی ئەرزی ئێران دەخاتە مەترسییەوە بۆیە هێزی نیزامی سپای پاسداران ئاوا خیرا دژ کردەوەی لە خۆی نیشان داوە و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران ناوەندی کۆکردنەوە و سازماندەهی ئەو مەترسییە گەورەی لەسەر ئێران بە مووشک و درۆنی مووشکهاوێژ و خۆتەقێن کردۆتە ئامانج. پاساویکی بێبنەما بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد کە ماوەی ٤٣ ساڵە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرخواردی کۆمەڵگەی ئێرانی دەدەن. ئەگەر لە سەردەمانێکدا بە هۆکاری جۆراوجۆر و جیاواز بێجگە لە کوردستان، بەشەکانی دیکەی ئێران بە چاوی گومانەوە دەیانڕوانییە جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و لە بەرانبەر ئەو زوڵم و ناحەقیانەی لە گەڵی کورد دەکرا و بە جۆرێک لە جۆرەکان بێدەنگییان هەڵبژاردبوو، بەڵام ئەو جارەیان لە دوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، بە پێچەوانەی ڕابردوو کوردستان بوو بە پێشەنگی خەبات بەدژی دەسەڵاتدارانی ئێران و شوعاری ژن،ژیان،ئازادی بوو بە شوعاری سەرەکی هەموو نارەزایەتییەکانی سەرانسەری ئێران. بەو مانایە ئەو جار کوردستان بەتەنیا نەبوو، ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە خۆڕاگریی خەڵک و حیزبەکانی کوردستان لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەدا لە بەرانبەر سیاسەتی هەڵە و چەوتەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەو حەقانییەتەی بە خەڵکی کوردستان داوە کە گەلانی دیکەی ئێران هەست بە ڕەوابوونی داواکارییەکانی گەلی کورد بکەن و بەپێچەوانەی چاوەڕوانی دەسەڵاتدارانی نیزام کوردستان بوو بە "چشم و چراغ ایران" و لە ماوەی زەمەنیی خۆپێشاندانەکاندا ئەو دروشمە بە هەزاران جار لەسەر زاری خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە شوێنە جیاوازەکانی ئێران دووپات بووە.

بە دەنگەوە هاتنی خەڵکی کوردستان بە بانگەوازەکانی ناوەندی هاوکاری لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژەدا و بەشداری و پشتیوانیی گەلانی دیکەی ئێران لە ڕاپەرینی "ژینا" و گشتگیربوونی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوون کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتیی خۆیدا تووشی شکان و دارمان بووە و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروا پشتیوان و پشتگیری حیزبەکانی کوردستانن و حیزبەکان بە ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی و مافخوازانەی خۆیان دەزانن.

سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیووە لە کوردستان جیگەوپێگەیەک بۆ ئەو نیزامە دەستەبەر بکا و خەڵک و حیزبە سیاسییەکانی گۆڕەپانی خەبات لێک داببڕێ. بەو مانایە کە ڕووداوەکانی ئەو سێ مانگە سەلمێنەری ئەوە بوون کە ئامانجی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا نین لە ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان. بۆیە دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە بەربەرەکانی لەگەڵ خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد دوای ٤٣ ساڵ هێشتا لە خاڵی سفر دان و نەیانتوانیوە هیچ سەرکەوتنێک بۆ ئامانجەکانی خۆیان چ

لە بواری سیاسیی وچ لە بواری ئەمنییەتییەوە لە کوردستان دەستەبەر بکەن.

**پوختەی مەبەست:**

ڕاپەرینی "ژینا" ڕوخساری ڕاستەقینەی داپۆشراوی نیزامی کۆماری ئیسلامی کە وا وێنا دەکرا کە سیستمێکی سیاسیی سەقامگیرە و گەلانی ئێران پشتیوان و پشتگیریی دەکەن بەتەواوی دەرخست، لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژەدا کە لە مێژووی ئێراندا بە شۆڕشی ژینا دەنوسرێتەوە، سەلماندی کە سیستمی سیاسیی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەردەمی ئێستادا ناتوانی وەڵامدەری ویست و داخوازی و نیازەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ و لە هەمان کاتدا ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژەدا ئاڵوگۆڕێکی ئەوەندە بەربەرینی لە پێوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێو کۆمەڵگەی ئێران پێک هێناوە کە ڕەنگە لە هەلومەرجی ئاساییدا بە چەندین ساڵی پێویست بوایە کە ئەو هاوپێوەندییە لە گوتار و کرداری گەلانی ئێراندا پێک بێ، کە ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی ناڕازی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. لە هەمان کاتدا ڕاپەرینی "ژینا" بە هۆی بەردەوامی و هاوپێوەندییەکی سەرانسەری لەنێو گەلانی ئێران لە ماوەی سەد ڕۆژی ڕابردوودا توانی سەنگ و قورسایی خۆی بە کۆمەڵگەی جیهانی نیشان بدا و هەتا ڕادەیەکی بەربەرین توانیویەتی پشتیوانی وپشتگیریی کۆمەڵگەی جیهانی و نێودەوڵەتی بۆخۆی دەستەبەر بکا.

ڕاپەرینی ئەو جاری گەلانی ئێران بەدژی نیزامی دەسەڵاتداری تاران بە تێپەڕبوون لە ماوەی زەمەنی سەد ڕۆژە، پێی ناوەتە قۆناخێکی دیکەی خەبات و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پشتگیری و پشتیوانی زیاتر دەبێ و نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران تەریک و تەریکتر دەبێتەوە و دەبێ لە بیرمان بێ مێژوو سەلماندوویەتی کە زەبروزەنگ و توندوتیژی دەسەڵاتداران بەدژی خەڵکی ناڕازی لە دەسەڵات لە کۆتاییدا هەر بە ڕووی دەسەڵاتداراندا دەشکێتەوە و سەرکەوتن بۆ بەرەی خەڵکە.

ئەم وتارە لە کتێبی "سەد ڕۆژەی شۆڕشی ژینا"، چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبدا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠٢٣

## خامنەیی و بڕیاری لێخۆشبوونەکەی!

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی ژینادا نیزیک بە ٦٠٠ کەسی کوشت کە پتر لە ١٠٠ کەسیان منداڵ بوون، چەند هەزار کەسی بە فیشەکی شەڕ و ساچمە بریندار کرد و لەو سۆنگەیەوە دەیان کەس کوێر کران کە بەڵگەکان دەڵێن هەمووی بەئانقەست بوون؛ هەروەها بە هەزاران کەسیشیان دەسبەسەر و ڕاپێچی گرتووخانەکان کرد کە ژمارەیەک لەوان بەپەلە ئێعدام کران. ئێستا پاش هەموو ئەو دۆخە ڕێبەری ڕێژیم قایل بووە کە بەشێک لەو دەسبەسەرکراوانە بەر بدرێن، هۆکار چییە و ئامانجەکانی ڕێژیم لەو بڕیارە کامانەن؟

ڕوونە کە سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی ژینا و ڕەشبگیر و ئێعدامکردنەکان هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە ڕادەی نێونەتەوەییدا بە سەر کۆماری ئیسلامیدا قورس شکاونەتەوە. یەکەم ئەوە کە ئەم سەرکوت و زەبروزەنگە کە بۆ مەبەستی دروستکردنی خۆف و ترساندنی خەڵک بووە، بێئاکام بووە و نەک نەیتوانیوە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکان بوەستێنێ؛ بگرە بۆتە هۆی کەلێن و درزی گەورە لەنێو هەیئەتی حاکمەی ئێراندا. لە ڕادەی نێونەتەوەییشدا هەم زەبری قورسی لە پێگە و ئێعتباری سیاسیی ئێران دا و هەم ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ هێنانی گوشاری پتر بۆ سەر ڕێژیم زیاتر و یەکدەستتر کرد. کۆی ئەو دەرەنجامە وای کردووە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بکەونە بیری ئەوە کە بە ئازادکردنی بەشێک لە دەستبەسەرکراوەکان ڕوخسارێکی شەریف و ئینسانی! لە خۆیان پێشان بدەن و ڕوو بە بیروڕای نێوخۆ و دنیای دەرەوە بڵێن ڕێژیمەکەیان بەڕەحم و بەزەییە. بەڵام ئەوانەی کۆماری ئیسلامی دەناسن، دەزانن نە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی مرۆیییە و بایەخە ئینسانییەکانی بەلاوە گرینگە، نە قەت باوەڕی بە مافی ناڕەزایەتیدەربڕین و ئاشتەوایی نێوان خەڵک و دەسەڵات بووە، نە ئاڵوگۆڕێکیش لە بیرکردنەوە و عەقڵییەتی سیاسیی ڕێبەرانی ڕێژیمدا پێکهاتووە، کەواتە دەبێ نیازەکانی پشتی ئەو بڕیارە چ بن؟

ئەوەی لەو بڕیارەی خامنەییدا کە لەسەر داوای سەرۆکی دەزگای داد بۆ لێخۆشبوون لە ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوانی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەدا پتر لە خودی بڕیارەکە سەرنجی لەسەر بوو، ئەو مەرج و پێشمەرجانە بوو کە لەبارەی دەسبەسەرکراوان گەڵاڵە کرابوو بۆوەی ئاخۆ بەر لێبوردنەکەی ڕێبەر! دەکەوێ یان نا؟ بەپێی فەرمان لێخۆشبوونەکە ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە: "بەشداریی تاوانێکی نەکردبێ کە بەپێی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی دەچنە خانەی "مەحاربە"، "فەساد لەسەر عەرز" و "بغی"، هەروەها تاوانبار نەکرابێ بە سیخوڕی و پێوەندیهەبوون بە دەزگا ئەمنییەتی و هەواڵگرییە

بیانییەکان. مەرجەکانی دیکەش بریتین لەوە کە تاوانبار نەبێ بە کوشتنی بەئانقەست، بە سووتاندن و زیانگەیاندن بە دامودەزگای دەوڵەتی و ئەندامەتیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دژەشۆرشی! بە سەردا ساغ نەکرابێتەوە و پێشینەی تاوانی لە دووجار زیاتر نەبووبێ و کەسیش سکالای لەسەر نەبێ. پاش هەموو ئەوانەش کەسی بەندکراو پەژیوانی دەربڕیبێ و بەڵێننامەی نووسیبێ کە تاوانی! لەو بابەتە دووپات ناکاتەوە".

ئێستا پرسیار ئەوەیە مادام کەسێک یەکێک ئەو بەناو تاوانانەی نەکردبێ، لە ئەساسدا بۆ دەستبەسەر کراوە و کێ بەرپرسیار لە گرتنی ئەو هەزاران کەسەی لە ڕەوتی ڕاپەرینی ژینادا قۆڵبەست کران و لە کار و ژیانیان خستن و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەزیت و ئازار دران و ئێستا شانازیی ئەوە بە خەڵک دەفرۆشن ئەو هەزاران کەسە کەوتوونەتە بەر ڕوحم و بەزەیی ڕێبەری نیزام!

"

عفو" (لێخۆشبوون) لە واتای وشەییدا مانای جۆراوجۆری هەیە، بەڵام لە دەستەواژە حقووقی و یاساییەکاندا بە مانای ئەو کردارە دێت کە لەلایەن دامودەزگای حکوومەتی بەتایبەتی کەسی یەکەمی حکوومەت، مەجلیس بەپێی ئەو دەسەڵاتەی قانوون بۆی دەستنیشان کردووە حوکمی بەدواداچوونی تۆمەتبارێک ڕادەگرێ، یان بەشێک لە ماوەی زەمەنیی سزا یان هەموو ماوەی سزاکە لەسەر تاوانبار لا دەبا و لەو ماوە زەمەنییەی سزا کە تاوانبار ماویەتی و دەبێ بیکێشی، دەبەخشرێ. مافی دانی لێخۆشبوون و عفوو لە یاسای هەموو وڵاتاندا هەیە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەو مافە لە دەسەڵاتی کام کەسایەتی یا دەزگای دەسەڵاتداریی وڵاتدایە بە قانوون دیاری کراوە و مەبەستی قانووندانەر لە هێنانی ئەو برگەیە لە قانووندا ئەوەیە لەو ڕێگەیەوە واتا لێبوردنی گشتی بە تایبەتی بۆ زیندانییانی سیاسیی جۆرێک لە ئارامی و سەقامگیری بگێڕنەوە بۆ ئەو وڵاتانەی تووشی نائارامی و شڵەژانی نێوخۆیی بوون. لە هەمان کاتدا عەفوو یا بەخشینی تاوانبار یا تاوانباران و لادانی سزاکان لە سەریان جۆرێک وەڵامدانەوەی دەسەڵاتە بە ویستی کۆمەڵگە کە ناڕازییە بەو جۆرە سزادانە و بەردەوامیی ئەو جۆرە سزادان و زیندانیکردنە خوێندنەوەی ئەوەی لێ دەکرێ کۆمەڵگە بەدژی دەسەڵات دژکردەوەی توندتری هەبێت.

بەپێی ماددەی ٩٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامیی ئێران لەدوای دەرچوون و جێبەجێبوونی حوکمی لێخۆشبوون هەموو ئاسەواری قانوونیی مەحکوومییەت لەنێو دەچی، واتا ئەگەر پەروەندەی تۆمەتبارێک کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بێ وحوکمی کۆتایی وەرنەگرتبێ، هەموو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەک ڕادەوستی و پەروەندەکە دەبەسترێ و ئەو پەروەندانەی حوکمی کۆتاییان وەرگرتووە، ماوەی زەمەنیی سزاکە بە تاوانبار دەبەخشرێ و پەروەندەکە بە یەکجاری دادەخرێت. بەڵام کاتێک ڕاگەیەندراوی دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی لەپێوەندی لەگەڵ لێخۆشبوونی ڕێبەری ڕێژیم لە ماوەی چەند ڕۆژی

ڕابردوودا دەخوێنینەوە و ئەو مەرجانەی دەستنیشان کراون بۆ ئەوەی کەسێک ئەو لێخۆشبوونە بیگرێتەوە، بەتەواوی هەست بە جیاوازی لەنێوان نێوەرۆکی ماددەی ٩٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامی و ڕاگەیەندراوی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی دەکەین. لێرەدا چەندین پرسیار دێنە ئاراوە:

**یەکەم**. بە سەرنجدان بەو هەشت مەرجەی لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوون و وەک تاوان دەستنیشان کراون و گوتراوە ئەگەر کەسێک یەکێک لەو تاوانانەی لێ ڕوو نەدابێ، لێبوردنەکەی ڕێبەر دەیگرێتەوە؛ پرسیار ئەوەیە ئەو هەزاران کەس و لاوانەی لەسەر شەقامەکان هێزە ئەمنییەتییە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم گرتوویانن و بێ لێپرسینەوە ڕاپێچی زیندانیان کردوون لەسەر چی گیراون و کێ و چ دەزگایەکی خاوەن دەسەڵات لە ئێران لەهەمبەر ئەوان وەڵامدەرە؟ چونکە هەموو ئەو هەزاران دەستبەسەرکراوە بە قسەی کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ئەمنی و قەزایی بە تاوانی ئەو کردەوانە گیراون کە دەزگای قەزایی لە ڕاگەیەندراوەکەی خۆیدا بە مەرجی نەکردنی داناوە. ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هەموو ئەو کەسانەی لە ڕاپەرینی ژینادا دەستبەسەر کراون بێتاوانن و تاوانی ئەوان تەنیا بەرزکردنەوەی شوعاری "ژن، ژیان، ئازدی"یە و لەو پەروەندەیەدا تاوانباری سەرەکی دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامین کە لەسەر ئەو باوەڕەن تەنانەت هەناسەکیشانی خەڵکیش دەبێ بە ئیزنی ئەوان بێ .

**دووهەم** بابەت کە دەتوانین لە جیاوازیی نێوان ماددەی ٩٨ی قانوونی سزادانی ئیسلامی و ڕاگەیەندراوەی دەزگای دادی ڕێژیمدا تیشکی بخەینە سەر ئەوەیە نێوەرۆکی ئەو ماددەیە باس لەوە دەکا پەروەندەی هەر تۆمەتبار یان تاوانبارێک کە وەبەر عەفو-لێخۆشبوون کەوت ئەو پەروەندە دەبەسترێ و هیچ لێکەوتەیەکی یاسایی لە دوای خۆی بەجێ ناهێڵێ. واتا جارێکی دیکە بە هەر هۆکارێک ئەو کەسە لەسەر ئەو تۆمەت یان تاوانە دەستبەسەر و دادگایی ناکرێتەوە، مەگەر ئەوەی جارێکی دیکە تاوانێک بکات کە بەپێی ئەو تاوانەی کردوویەتی یاسا لێی بپرسێتەوە. بەڵام ڕاگەیەندرای دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە کۆتا خاڵی مەرجەکاندا باس لەوە دەکا تۆمەتبار یا تاوانبار بە دەربڕینی پەژیوانی و نووسینی بەڵێننامە دەروەست دەبێت کە تاوانی لەو بابەتە ناکاتەوە و، ئەو دڵنیایە بدا بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لەوە بەدواوە پابەندی هەموو یاسا و ڕێساکانی دەسەڵات بێت و لە هیچ برگەیەکی ژیاندا بەدوای مافە یاسایی و بنەڕەتییەکانی خۆیدا نەڕوات. بەکورتی ئەو بەڵێننامەیە جۆرێک لە تۆبەنامەیە کە لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوییەوە هاتۆتە نێو ئیجرائیاتی دەزگای دادی ئێران کە هەر خۆی لە بنەڕەتڕا پێچەوانەی بنەما قانوونییەکان و مافەکانی مرۆڤیشە. لە حاڵێکدا چاوەڕوانیی کۆمەڵگەی ئێران بۆ لێخۆشبوون لەو قۆناخەدا کە نارەزایەتییەکانی بەدژی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی هەموو کەلینوکەلەبەری کۆمەڵگەی ئێرانی گرتۆتەوە ئەوەیە لێخۆشبوون لە زیندانییانی سیاسی دەبێ بەکردەوە وەدیهاتنی ویست و داخوازییەکانی ئەوان بێت.



سەرچاوە Serchawe

**سێهەم**، هەر لەجێدا ئەو مەرجانەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی پێشێلکردنی ئەسڵێکی قانوونیی بنەڕەتیی وڵاتە. لە ئەسڵی ٣٧ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە کە بۆ هەر دەستبەسەرکراوێک هەتا سەڵماندنی تاوان ئەسڵ بێتاوانییە، واتا هەتا لەلایەن دادگایەکی دادپەروەرەوە حوکمی کۆتایی بەتاوانبار ناساندنی بۆ دەرنەچووبێ، ئەوکەسە بێتاوانە. ئەدی چۆنە دەزگای قەزایی بەڵێننامە لەو دەستبەسەرکراوانە وەردەگرێ کە هێشتا هیچ تاوانێکیان لەسەر ساغ نەبۆتەوە؟!

لە ڕاستیدا ئامانجی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندنی ئەو لێخۆشبوونەی خامنەیی ئەوە بوو لە نێوخۆی ئێراندا وا پێشان بدەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی چەندە هەست بە بەرپرسایەتی دەکا و چەندە دڵفراوانە لە بەرانبەر ئەو کەسانەدا کە دژایەتییان کردووە. لە هەمان کاتدا دەزگای قەزایی و ئەمنییەتیی نیزام بە وەرگرتنی بەڵێننامە لە بەندکراوان بەتایبەتی زیندانییانی سیاسی بەدوای شکاندنی کەسایەتیی ئەو بەندکراوانە لەنێو بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەدا بن کە بەخۆشییەوە زۆربەی ئەوانەی لە زیندان ئازاد بوون لە یەکەم دەرکەوتنیاندا ڕایانگەیاندووە کە قەت خۆیان پێ تاوانبار نەبووە و هیچ بەڵێننامەیەکیشیان پڕ نەکردۆتەوە کە ئەوەش بۆ بەرەی خەڵک سەرکەوتنە و بۆ بەرەی دەسەڵات شکان و پاشەکشەیە.

ئامانجێکی دیکەی ئەو لێبوردنە گشتییەی ڕێبەری ڕێژیم بە جۆرێک دامرکاندنەوەی تووڕەیی کۆمەڵگەی جیهانییە کە لە ماوەی ڕاپەرینی ژینادا هەڵویست و گوتاریان ڕوو بە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بەو مانایە کە دەسەڵاتدارانی تاران لە جاران زیاتر و بەئاشکراتر کەوتوونەتە ژێر فشاری دەرەکیی هەم دەوڵەتان و هەم بیروڕای گشتیی جیهان؛ بەڵام هەموو نیشانەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو جۆرە سیناریۆ و چەواشەکارییانە تازە دادی کۆماری ئیسلامی نادەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەشەمەی ٢٧٢٢ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٣ی زایینی**

---



سەرچاوە Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ عومەر باڵەکی بۆ نووسین و ئامادەکردنی  دیمانە و وتارەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

